Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەریی، روناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنوسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جیگری سەرنوسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەریی
ریبین مەحید

مۆتیڤ
ستار قادر

لۆگۆ
حەمیدی ئازمودە

سالّی سێیەم

یۆنیۆی ٢٠٠٨

ژمارە ٢٩

دەستەی نوسەران
سەلام فاتیح
مارف ئاسراو
کارزان عەبدوڵا
نەورۆز جەمال

هەڵەچن
ئاریان کامیل

تایپیێست
پەیام ئەحمەد

نەخشەسازی ناوەوە
مەهدی ئەحمەد

تیراژ
٥٠٠
چاپخانە
یاد

ناونیشان: سلێمانی - گردی ئەندازیاران - بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی
ژمارەی تەلەفۆن ٣١٨٠٩٩٤

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **لێکۆڵینەوە** | | |
| لەودیو کورسییەکانەوە چی ... | بەختیار عەلی | ٦ |
| وەڵامێك بۆ کاك لەتیف هەڵمەت | حەمە کاکەڕەش | ٥١ |
| دووکەرتبوون و دوودیوویی مرۆڤ | محەمەد کوردۆ | ٥٨ |
| **دەق** | | |
| گەڕان بەدوای خۆرئاوابوونێکی.. | ناڵە حەسەن | ٧١ |
| کێ مرۆڤە یان... | ئاریان ئەبوبەکر | ٧٨ |
| چرپەی دووەمی چەند... | زانا سامان | ٩٠ |
| مردن حەقیقەتی رەهایە | کەمال چۆمانی | ٩٣ |
| مناڵپەروەر | فاروق هۆمەر | ١٠٠ |
| دیدار لەگەڵ بەکر شوانی | ئاکۆ محەمەد شوانی | ١٣٤ |

## وەرگێڕان


| | | |
|---|---|---|
| نـــامە | و: مەریوان هەڵەبجەیی | ١٤٢ |
| هەڵبژاردە لەشیعری (یوسف خاڵ) | و. ئاوات حەسەن ئەمین | ١٤٤ |
| خۆکوشتنێکی ئەڤیندارانە | و. زێنەب یووسفی | ١٥٠ |
| خولیۆ کورتاسار خانووی داگیرکراو | و. عەبدوڵڵا قادر دانساز | ١٥٢ |


## هونەر


| | | |
|---|---|---|
| ١٢ دەقی شانۆیی لە ١٢ کتێبدا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ١٦١ |
| کەسێتی لەهونەری پۆرترێتدا | ستار قادر | ١٦٦ |
| دیدار لەگەڵ علی کەریم | دیداری: شاخەوان سدیق<br>چۆمان ئەبوبەکر | ١٧٤ |
| دیدار لەگەڵ سەردار عەبدوڵڵا | دیداری: چنور محەمەد | ١٦٨ |
| دیداری نێوان کیرۆساواو<br>کیارۆستەمی | و. دلێر محەمەد | ١٨٢ |
| دیدار لەگەڵ: روز بیٚ موصلح | دیداری: موحسین یاسین | ١٩٠ |



لەودیو کورسییەکانەوە
چی دەبینیت؟
بەختیار عەلی



وەڵامێک بۆ
کاک لەتیف هەڵمەت
حەمە کاکەڕەش



دووکەرتبوون و دوودیوویی مرۆڤ
لەنێوان
لەتیف هەڵمەت و حەمە کاکەڕەش ـ دا
محەمەد کوردۆ

# لێکۆڵینەوە

# لەودیو کورسییەکانەوە چی دەبینیت؟

**ڕوانینێك لەماناکانی کورسی**



**بەختیار عەلی**

**تاکە بەهەشتێك... کە هیچ کەس ناتوانێت لەوێ دەرمانکات،**
**جان پاوڵ**




**گوڵ دەلەرزێت، کە باڵندە بەسەریدا دەفڕێت**
**دڵ دەلەرزێت، کە یادەوەرییەکان بەنێویدا تێدەپەڕن**
**ساندۆر بێتۆڤی**

**ترسنوك ئەو کەسەیە کە لەیادەوەرییەکانی دەترسێت**
**ئەلیاس کانێتی**

## سەرەتایەک

لەسەرەتای نەوەدەکانەوە (کاتێك بۆ یەکەمجار شتێکم لەسەر ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەس نوسی) تا ئەمرۆ، ژمارەی دیوانەکانی شێرکۆ سالانە لەزیادبووندابوون. لەسەردەمی دەربەندی پەپولەوە بۆ ئەمرۆ شیعری شێرکۆ گۆرانی ناوەکی زۆری بەسەردا هاتووە کە لەو باوەڕەدام لەرێگای نیگای سادەو سەرپێییەوە ناخوێنرێنەوەو نابینرێن. شێرکۆ لەماوەی ئەو پازدە ساڵەدا بەجۆرێك فرەدیوان بوو، دواکەوتنی سەرجەم بەرهەمەکانی بۆ یەکێکی وەك من کە پسپۆڕێکی بواری رەخنەی ئەدەبی نیم کارێکی زەحمەتە. من پتر خوێنەری شیعر بووم لەوەی رەخنەگر و دۆزەری بم. دیارە منیش وەك زۆربەی خوێنەران چاوەڕوانی ئەوەبووم رەخنەگرانی ئەدەب شتێکی زیاتر لەسەر ئەزموونی شێرکۆو ئەزموونی نووسەرانی دیکەش بڵێن، بەڵام موخابن بێدەنگی رەخنەی ئەدەبی ئێمە بەئەندازەیەك قووڵ و بێمەودایە، زۆر ئەزموون لەبیردەباتەوە و لەئاست زۆر کاریگەردا دەخەوێت. کێشەکە ئەودەم دەست پێدەکات کە بڵێم: من لەسەرەتای ئیشکردنمەوە لەگەڵ شیعری شێرکۆدا، بۆ ئەو شتانە نەگەڕاوم کە شێرکۆ خۆی دەیەوێت بیانڵێت، بەڵکو لەراستیدا بۆ ئەو رەگەزانە گەڕاوم کە سوودێکی راستەوخۆیان بۆ ئەو بۆچوون و تێزانە هەیە کە من لەکۆی نوسین و وتارەکانی دیکەمدا رەنگرێژیم کردون. بەواتایەکی دی ئەوەی من لەسەر ئەزموونی شیعری شێرکۆ دەیڵێم شتێك نییە بۆشاییەکی گرنگ لەبواری رەخنەی ئەدەبیدا پربکاتەوە، هێندەی هەندێك وردە هێڵی گشتییە بۆ دامەزراندی جۆرێك لەسۆسیۆلۆژیای ئەدەب. دواجار مەبەستی من ئەوە بووە شێرکۆ لەناوکۆیی و رەوتی سەردەمێکی مێژوویدا بخوێنمەوەو پردێك لەنێوان ئەو رۆحە گشتییەی لەکۆمەڵگادا زاڵە لەگەڵ رۆحی بەرجەستەبووی نێو قەسیدەکانی ئەودا بدۆزمەوە. لێرەشدا کە لەسەر دوا ئەزموونی گرنگی شێرکۆ (کورسی) دەوەستم، لەئاست پێکهاتی شیعر و لە بونیادی شیعرییەت قسەناکەم. ئەم باسەم تەرخانە بۆ یەك مەبەستی زۆر بچووك، بەڵام سەخت: ئەویش ئەوەیە... ئاخۆ دەلالەتە گشتییەکانی پشت وێنەی کورسی لەم دیوانەدا چییە؟. بەقسەیەکی دی، تەواوی نوسینەکەم لەدەوری خودی کورسی گرێدەخوات، تەواوی باسەکەم وەلامی ئەو پرسیارەیە: بۆ کورسی، کورسی چ مانایەکی هەیەو بۆ لەو ساتەشدا لەنوسینی شێرکۆدا دەردەکەوێت؟. واتە خودی

لێکۆڵینەوەکەم پشکنینی کورسییەکەی شێرکۆیە، پشکنینی شوێنی ئەم کورسییەو مانایەتی لەمێژووی شیعری شێرکۆو شیعری کوردیدا، نەوەك پشکنینی ستاتیکای قەسیدە یاخود شێوازەکانی دارشتنی وێنەو سروشتی زمان بێت. بەکورتی ئەم نوسینە پشکنینە لەپەیوەندیی یادەوەری و زەمەندا لەئەزموونی شێرکۆدا، بەو مانایەی کە تێکستی کورسی خۆی پێشکەشماندەکات. گەرانە لەبونیادێکی قوولتردا بۆ مانای کۆی ئەزموونی شاعیر، بۆ گوازتنەوە لەروکاری شیعرەوە بەرەو چینە بنوەستێن و دامەزرێنەرەکان، ئەو چینانەی لەبنەوەرا سەرخانی زمان و وێنە دروستدەکەن. ئەوەی لەتەواوی ئەم باسەدا دەمەوێت دوایکەوم ئەوەیە: کەوێنەی کورسی، تەنیا بەرهەمێکی خێرای ساتێکی شیعریی نییە، بەڵکو فیگەرێکە لەقوولایی ئەزموونی شێرکۆو دوای تێپەرین بەکۆمەڵێك قۆناغدا دروستبوو، کە نەدەکرا پێشتر جۆرە فیگەرێکی وا لەئەزموونی شێرکۆدا دەرکەوێت. لێرەوە بەدوای ئەگەرەکانی ماناو سێبەرەکانی دەلالەتدا لەنیگار و وەزیفە و مانای کورسیدا دەکەوم. لەم باسەدا برگە برگە تێکستەکە بۆ مانا ناگەرێم (وەك لەخاچ و ماردا جۆرە کارێکی وەهام کرد)، بەڵکو ئەو ماناو دەلالەتە گشتیانە دەپشکنم کە کۆی تێکستەکە دەمانداتێ، بۆ مانایەك دەگەڕێم کە لەپارچەیەك، یان وێنەیەك یان نیگارێکدا نییە، بەڵکو تەنیا لەکۆی تێکستەکەدایە، لەبەشەکاندا نییە، بەڵکو لەو رۆحە گشتی و بزوێنەرە کۆییەدایە کە تێکستەکەی لەناوەوە خولقاندووە.

## لەهەوڵی تێگەیشتن لەیادەوەری کوردیدا

یادەوەری چەمکێکی پر ناکۆکییە، چەمکێك نییە، مرۆڤ تەنیا وەك شوێنی ئیشکردن و هەڵگرتنی یادگارییەکان تەماشایبکات. تەنیا خەزێنی ئەو وێنەو یادگارییانە نییە کە رۆژێك لەرۆژان تێیدا ژیاوین و دواتر بیرچوونەتەوەو بوون بەبەشێك لەرابوردوو، بەڵکو هەرێمێکی گرنگترە، شوێنی هەڵوێستگیرییە قووڵەکانی مرۆڤە لەژیان و کۆی بوون، هەڵوێستگایەکە لەرابردوو و داهاتووش، راستە یادەوەری هەمیشە شوێنگەی وێنەکانی رابوردووە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە یادەوەری (هەردەم) وەزیفەیەکی کۆنزەرفاتیڤانەی هەیە، بەو مانایە نییە مرۆڤی نوێگەرو داهاتووپەرست یادەوەرییان نییە. ئیشکردنی یادەوەری دیاردەیەکی مرۆڤانەیە، مرۆڤێك نییە بێ یادەوەری و ئایدیۆلۆژیاو مەزهەبێکی فیکریش

نییە بێ یادەوەری. لێرەوە یادەوەری چەمکێکی گرنگ و ترسناکیشە، ترسناکە چونکە دەشێت دەلالەت و مانای نوقمبوون بێت لەرابووردوودا، گرنگیشە، چونکە مردنی یادەوەری، بەمانای مردنی رەهەندە قووڵەکانی هۆشیارییە.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئاخۆ کاتێك ئێمە یاددەکەینەوە، دەبینەکۆیلەی رابووردوو، یاخود یادکردنەوەمان بەشێکە لەپرۆسەی خەونێکی گەورەتر؟ ئاخۆ یادەکانمان هەستێکی نۆستالژی رووتن و بەرەو رابووردوومان دەبەنەوە، یان جۆرە بیرکردنەوەیەکی هالاوێردکارن، کە پەیوەندیان بەپرۆژەو خەونەکانی سبەینێمانەوە هەیە. بەکورتی لەسەرەتای سەرەتاوە دەبێت دوو جۆر لەیادەوەری جیابکەینەوە: یادەوەری وەك ماشێنێکی کۆنزەرفاتیڤ، ئامێرێك کە یەکێکە لەکەرەستە گرنگەکانی کەسانی جارانپەرست بۆ زیندووراگرتنی دەسەلاتی سەردەم و زەمانە بەسەرچووەکان، لەگەڵ یادەوەرییەکی دیکەدا کە بریتییە لەو شوێنەگا ستاتیکی و رۆحییەی مرۆڤ لەوێوە شتە جوان و مانادار و بەبەهاکان لەمردن و فەوتان دەپارێزێت. دەبێت دوو جۆر یادەوەری لەیەکدی هەلاوێردین، یەکەمیان یادەوەرییەك ئێمە دەخاتە ژێر رکێفی رابووردووەوە، لەگەڵ یادەوەرییەك کە رابووردوو دەخاتە ژێر رکێفی ئێمەوە، یادەوەرییەك ئێمە دەکاتە کەناڵ بۆ رابووردوو و دەمانگۆرێتە سەر کەرەستەی گەڕانەوەی رابووردوو، لەگەڵ یادەوەرییەك کە رابووردوو دەکاتە هەرێمی تێرامان و تێفکرینی ئێمە لەژیان و مێژوو. یادەوەرییەك کە ئێستا دەگۆرێتە سەر خزمەتکاری مێژوو، لەگەڵ یادەوەرییەك کە مێژوو دەگۆرێتە سەر بابەتێکی تێفکرینی نوێ.

بەر لەوەی لەتێکستی کورسی شێرکۆدا لەسروشتی یادەوەری بروانم کۆمەڵێك پرسیاری دیکە هەیە دەبێت وەلامیبدەمەوە. سادەترین و جەوهەرترینیان ئەو پرسیارەیە: مرۆڤی کورد بۆ یاددکاتەوە؟. دەڵێم مرۆڤی کورد نەوەکو مرۆڤ، تا لەو فەزا بەرینەی کێشە ئەنتۆلۆژییەکانی مرۆڤەوە بگوازمەوە بۆ ئەو فەزا سۆسیۆلۆژییەی کێشەی مرۆڤی کورد تێیدا تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت. سەرەتا دەبێت بڵێم تەواوی ئەو میللەتە بچووکانەی لەژێر فشاری هێزە گەورەکاندا دەناڵێنن، کە رابوردوویەکی نوسراوەیان نییە، دەرهەق بە پاشەرۆژیش ئارام و دڵنیانین، یادەوەری دەبێتە کەرەستەیەکی گرنگی ژیان و بەردەوامییان. تا مێژووی نەتەوە ونتربێت،

نەنوسراوەتربێت، دوورتربێت لەرۆحی تۆماری دارێژراو و رێکخراو، ناچارە یادەوەری وەك کەرەستەیەك و ئەرشیفێکی گرنگی پاراستن بەکاربهێنێت. بەمانایەکی تر یادەوەری بەکۆی رەهەندە فەردی و کۆییەکانییەوە، بەتەواوی رووکارە مێژوویی و ئەفسانەییەکانییەوە دەبێتە شوێنی هەڵگرتن. دەبێتە ئەو خەزێنە دەستەجەمعی و شاردراوەیەی کە جگە لەوانەی لەرۆحی نەتەوەوە نزیکن دەستیان پیاناگات. بەڵام ئەم پرەنسیپە گشتییە هیچمان دەربارەی خسوسیەتی یادەوەری کوردی پێناڵێت، چونکە سادەترین شتێك لەسەر یادەوەری کوردی بیڵێین ئەوەیە کە یادەوەرییەکە لەژێر فشاردایە، پارچەپارچەیە، ئەگەرچی هەڵگری هەندێك سەمبول و هێمای کۆییە، بەڵام رۆحە ئەرشیفییەکەی، هەرێمگەرا و ناوچەگیرە. هۆی ئەم سنووردارییە ئەوەیە کە تراژیدیای کوردی لەوە گەورەترە یادەوەری بچووك و سەرقاڵی فەردەکان بتوانێت هەمووی هەڵگرێت، لێرەوە یادەوەری کوردی بەجەوهەر ئەرشیفێکی فەردییە کە تەنیا ئەو بەشە لەمێژوو هەڵدەگرێت کە نزیکە لەخۆیەوە. واتە کاتێك قسە لەیادەوەری کوردی دەکەین، زۆربەی کات زەحمەتە بتوانین لەسەر یادەوەرییەکی نەتەوەیی ساف و خالیس بدوێین، بەڵکو بەردەوام لەتێکەلاوبوونی یادەوەرییەکی فەردی بەیادەوەرییەکی مێژوویی قسەدەکەین. لەیادەوەریدا مرۆڤ هەوڵدەدات شتێکی بیرنەچێتەوە، شتێك راستەوخۆ پەیوەندی بەئەزموونی شەخسی و زیهنییەوە هەیە، یان هەر شتێك لەرووی رەمزییەوە نرخێکی دەرونی و رۆحی وەرگرێت. واتە بوونی یادەوەری خودی رابووردوو دەگۆرێت بۆ دوو هەرێم، هەرێمێکیان، هەرێمی ئەو شتانەیە کە دەمانەوێت لەبیرمان نەچنەوە، کە جەوهەری یادەوەری پێکدەهێنێت، لەگەڵ هەرێمێکی دیکەی دەرە– یادەوەری کە هەرێمی ئەو شتانەیە کە لەیادەوەری دەریان دەکەین و نامانەوێت بیرمان بکەونەوە. بەکورتی یادەوەری ئەگەرچی کەرەستەیەکە لە کەرەستەکانی پاراستنی مێژوو، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە کە بێلایەن نییەو واقیعیش نییە. مێژوونووس تارادەیەك هەوڵدەدات واقیعی و بێلایەن بێت، یاخود پرەنسیپی ئیشەکەی ئەوەیە ئەو دوو سیفەتە لەخۆی بگرێت، بەڵام یادەوەری بەجەوهەری خۆی ناتوانێت هەڵگری هیچ یەك لەو دوو پرەنسیپە بێت، پرەنسیپی واقیعییەت و بێلایەنی، لێرەوە یادەوەری چەند لەجەوهەردا وەزیفەی سۆسیۆلۆژی و سیاسی هەبێت، لەسروشتی بوون و ئیشکردنیدا لەشیعرەوە

نـزیکترە نـەوەك لەمێـژوو. مێـژوونوس ناتوانێـت تـەنیا پـشت بـەیادەوەری ببەسـتێت بـۆ نوسینەوەی مێژوو، بەڵام ئەدەب دەتوانێت پشت بەیادەوەری ببەستێت بۆ بەرهەمهێنانی تێکست. بەکورتی مرۆڤ لەیادەوەریدا حەقیقەتی شتەکان ناپارێزێت، یادەوەری مەڵبەندی حەقیقەت نییە، بەڵکو مەڵبەندی ئەو هەست و نیگار ئیحساساتانەیە کە هاوڕێی ئەزموونـە ئینسانییەکانن. یـادەوەری کەرەسـتەیەکی مەعریفەتـە، کـەناڵێکی مەعریفەتـە، بـەڵام نـە وێنەی واقیع دەپـارێزێـت و نـە دەبێتـە مـاڵی حەقیقـە. بـۆ ئـەوەی لەزانیارییـەکانی مـرۆڤ تێبگەین پێویـستمان بەخوێندنەوەیـەکی وردی یـادەوەری مـرۆڤ هەیـە، بـەڵام یـادەوەری وێنـەی شـتەکان و نـاوەرۆکی شـتەکان وەك خۆیـان هـەڵناگرێت بـەڵکو بـەوجۆرەی ئێمـە دەمانەوێت. بەهۆی ئەم رەهەندەشەوە یادەوەری بۆتە پانتاییـەك کـە لەپانتاییـەکانی تـر ئایـدۆلۆژیتر و شەخـسیترە. ئایـدۆلۆژییترە چـونکە مەڵبەنـدی وەهمـە سیاسـی و کولتوورییەکانی مرۆڤە، خەزێنـەی هـەڵگرتنی ئـەو شـتانەیە کـە مـرۆڤ هەلاوێردیانـدەکات، لەفلتەریان دەدات ئەوسا هەڵیاندەگرێت، شەخسیشە چونکە ملکەچی هەوای تاکە کەسە، لەئەزموونی ئەوەوە دێتە دەرێ و لەخەیالات و قاڵبە زیهنییەکانی ناو سـەری ئـەو ناچێتە دەرەوە. ئەو مێژووەی یادەوەری دەیپارێزێت، ئەو مێژووە نییە کە مافی هەموو دەنگەکان دەپارێزێت، بەڵکو ئەو مێژووەیە کە شتە وردو فەرامۆشکراوەکان و شەخسییەکان زینـدوو دەکاتەوە. یادەوەری ناتوانێت قـەوارەو نرخـی مێـژوویی و سیاسـی دیاردەکـان بپێوێـت، هیچ پێوەرێکی وردی لا نییە، لۆژیکی زانستی ناناسێت، بەڵام خولیایـەك دەجولێنێـت کـە خولیای لەبیرنەکردن و تێداژیانەوەیە. جیاوازی لەگەڵ عەقڵدا ئەوەیە کە عەقڵ دەتوانێت هـەڵگری لۆژیـك و زیرەکـی بێـت، بـەڵام یـادەوەری ناتوانێـت ئـەمین بێـت، هەمیـشە خیانەتکارە، تەنیا لەرێگای خیانەتکاریشەوە هەستە جوانەکان و هەستە تراژیدییـەکانمان بـۆ دەنوسـێتەوە. یـادەوەری شـاعیریترە، بـەڵام کەرەسـتەیەکی گرفتائـامێزتر و گومانـاگیرترە. بـەکورتی رەهەنـدە سـوبێکتیفەکانی (خودگـەراکانی) یـادەوەری، زۆر لەرەهەندە ئۆبێکتیفەکانی (مەوزوعییەکانی) گەورەترە.

کێشەی هەرە گەورە ئەوکات دەست پێدەکات کە یادەوەری شەخسی تەواو دەکەوێتە ژێـر فـشاری یـادەوەری دەسـتەجەمعییەوە. هـەموو ئـەو میللەتانـەی کـە یـادەوەری دەستەجەمعیان پـرە لەوێنـەی تراژیـدی، پـرە لەرووبەرگـەلێك کـە لەگـەڵ بیرچـوونەوەدا

لەشەردان. فشارێكی گەورە لەسەر یادەوەرییە شەخسییەكان دروستدەكەن تا ببنە كەرەستەو خەزێن و رێگای تەعبیر لەو تراژیدیانە. ئەدەب ئەو رووبەرەیە كە تیایدا یادەوەری شەخسی و یادەوەری دەستەجەمعی لەهەر شوێنێكی تر زیاتر لەیەك نزیك دەبنەوە. ئەو هەرێمەیە كە یادەوەری دەتوانێت لەپاڵ دیوە واقیعییەكانی خۆیدا، لەپاڵ ریشە قووڵ و پردە نهێنییەكانی خۆیدا لەگەڵ رابوردوودا، تێكەڵ بەخەیاڵ و سیحرو شتی نائاساییش بێت. لەئەدەبدا یادەوەری خەونی راستەقینەی خۆی دەهێنێتە دی، ئەویش ئەوەیە جگە لەیادەوەری شتێكی تریش بێت. یادەوەری خۆی بۆ خۆی و لە خۆیدا ئاماژەیەكی تەنیایە بۆ رابوردوو، بۆ شتێك كە لەجەنگێكی گەورەدایە لەگەڵ بیرچونەوەدا. بەڵام شتەكانی ناو یادەوەری ئەوشتانەن كە تەماحی ئەوەیان هەیە ئەبەدیبن، تەماحی ئەوەیان هەیە لەیادەوەریدا بمێننەوەو لەبەرگی دیكەو بەشێوەی دیكەو لەژێر پەردەی دیكەدا بەردەوامی بەخۆیان بدەن، شتەكان گەر تەنیا دیلی ناو یادەوەری بن دوای مردنی نەوەیەك یان چەند نەوەیەك دەمرن. لێرەوە ئەدەب دێتە مەیدان، ئەدەب دوورخستنەوەی رابوردووە لەفۆرمە سادە زەمەنییەكەی، لەئەدەبدا رابوردوو لەوە دەكەوێت تەنیا رابوردوو بێت و دەبێت بەبابەتێك بۆ ئەبەدییەت، بەكەرەستەیەكی سەرەتایی و مادەیەكی خاو بۆ بوونێكی جاوید، یادەوەری ناتوانێت بەبێ ئەدەب و هونەر شەری دژ بە بیرچوونەوە بباتەوە.

وەك گوتمان یادەوەری حەقیقەتی شتەكان ناپارێزێت. هەر شتێك رووی لەئەبەدییەت بێت یان چاوی لەوە بێت ژیانێكی درێژتر بژی و مەودایەكی زیاتر بمێنێتەوە، دەبێت واز لەحەقیقەتی خۆی بهێنێت و بەبوونێكی مەجازی و سەمبولی رازی بێت. ئەگەر وەزیفەی مێژوو پاراستنی چۆنایەتی و رابوردوو بێت وەك خۆی، جەوهەری ئەدەب گۆرینی ناوەرۆكی یادەوەرییە بۆ بوونێكی مەجازی و سەمبولی كە تێیدا شتەكان لەبری خۆیان سێبەرە مەجازی و بەلاغییەكان دەردەكەوێتەوە. هەر كات یادەوەری جولا یان مێژوو دروستدەبێت، یاخود ئەدەب و هونەر، چونكە ئەو پەیمان و ئاڵوگۆرەی لەنێوان ئەدەب و یادەوەریدا هەیە، هاوبەش و چوونییەكە، یادەوەری چەند ئەدەب دروستدەكات، ئەدەبیش هێند یادەوەری دروستدەكات. یادەوەرییەك نییە بتوانێت تا هەتاهەتایە لەدەرەوەی ئەدەب بژی، و ئەدەبێكیش نییە بتوانێت خۆی لەیادەوەری پاكبكاتەوە.

یادکردنەوە لەم روانگەیەوە بۆ نەتەوەیەکی وەك کورد ئەو ئەرشیفە خەیاڵییەیە کە لەڕێگایەوە تراژیدیاکان و سەمبولەکان هەڵدەگرێت. یادەوەری لەفۆرمە کوردییەکەیدا تاکە شێوەیەکی ئەرشیفکردنە، بەدیوێکدا خواستی نەفەوتانی هەڵگرتووە، بەدیوێکی دیکەشدا گەڕانی کۆمەڵێك مرۆڤە بۆ وێناکردنی رابوردووی خۆیان، هێندەش شوێنی گەڕان و دروستکردنی ئەو موقەدەساتانەیە کە نەتەوە پێویستی پێیەتی. لێرەوە شاندادانە سەر یادەوەری، خاڵی یەکدی بڕینی مێژووی شەخسییە لەگەڵ مێژووی نەتەوەییدا. تێکەڵبوونی بایۆگرافیای تاکە کەسە لەگەڵ ژیاننامەی نەتەوەدا.

## کورسی و گرفتی یادەوەری

تەمەنی راستەقینەی رۆشنبیری کوردی لەگەڵ تەمەنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا. رۆحی ئەم رۆشنبیرییە تەواو بەبەهاو مۆراڵ و خەونەکانی ئەو ناسیۆنالیزمە قاندراوە. رۆشنبیرەکانی کورد ناسیۆنالیستەکانن و ناسیۆنالیستەکانیشی رۆشنبیرەکانن. ناسیۆنالیزمێکیش نییە بێیادەوەری، یادەوەری بەشێکی گرنگی کولتووری ناسیونالیزمە، بەڵام ناسیونالیزم رووی لەدورستکردنی یادەوەرییەکی سەمبولییە کە تێیدا رووداوە گەورەکان و رەمزە گەورەکانی نەتەوە دەپارێزرێن. رۆشنبیری کوردی لەسەرەتای سەرەتاوە خۆی بۆ ئەم جۆرە یادەوەرە مەزنپارێزە تەرخانکردوە. ئەوەی یادەوەری نەتەوەیی ئێمە خواستویێتی بیپارێزێت، شتە وردەکان نین، کارەساتە بچوك و تراژیدیا شەخسییەکان نین، بەڵکو ئەو کەسایەتی و رووداوە گەورانەیە کە لەگەڵ سیستمی رەمزی ناو ئەم ناسیونالیزمەدا تەبادێنەوە. ئەگەرچی لەدوا دەرەنجامدا ئێمە یادەوەرییەکی نەتەوەیی یەکگرتوومان نییە، یادەوەرییەکی هاوبەشی فراوان و قووڵمان نییە سەمبولەکانی ببن بەرەمز بۆ کۆی کورد لەکۆی پارچەکاندا، بەڵام یادەوەرییەکی دەستەجەمعی لۆکاڵیمان هەیە، کە دەیەوێت ببێت بەماشێنی دورستکردنی رەمز بۆ کۆی نەتەوە. لێرەوە رۆشنبیریی کوردیی لەسەدەی بیستدا پتر رووی لەدروستکردن و دارشتنی ستراکتوری یادەوەرییەکە دواجار لەخزمەتی پرۆژەی ناسیونالیستیدا بێت، ئەدەبیاتی کوردی لەسەدەی بیستدا ئەدەبیاتێکە کەمجار لەهەندێ گۆشەی تایبەتییەوە لەرۆحی ناسیونالیزم دوورکەوتۆتەوە.

لەراستیدا عەیبەکە ئەوە نییە ئەدەب ببێت بەبەشێك لەپرۆسەی دروستکردنی یادەوەری دەستەجەمعی، ببێت بەداینەمۆی خولقاندنی یادەوەری نەتەوە، بەڵکو ئەوەیە ببێتە یادەوەرییەك کەتەنیا حیکایەتە گەورەکان و مێژووە سیاسییەکان دەنوسێتەوە و مێژووی شتە وردەکان فەرامۆشدەکات. کێشەی گەورەی ناسیونالیزمی کوردی ئەوەیە کە دەیەوێت شێوەکانی تری یادەوەری و رووبەرە بچووکەکانی یادەوەری بکوژێت. گەورەترین کارەسات لەسەدەی بیستدا ئێمە تووشمان دێت ئەوەیە یادەوەریمان دەبێتە یادەوەرییەکی سەد دەر سەد سیاسی، یادەوەری سیاسیشمان دەبێتە یادەوەریەکی حیزبی، یادەوەری حیزبیشمان دەبێتە یادەوەرییەکی لۆکاڵی هەرێمگیر کە سنووری یادەکانی گرێدەدرێتەوە بەجوگرافیاییەکی سیاسی دیاریکراوەوە. واتە خودی ناسیونالیزمی کوردی لە رێگای میکانیزمە ناکاملەکانی خۆیەوە لە کاتێکدا لە هەوڵی دروستکردنی یادەوەریی نەتەوەییدایە، دەبێت بە کەرەستە و ئامرازی کوشتنی ئەو یادەوەرییە. ناسیونالیزمی کوردی لەو ناسیونالیزمە نەفامانەیە کە ئەوەی بەدەست دروستیدەکات، بە قاچ تێکیدەداتەوە. بە سیاسیکردنی یادەوەریی لەبری ئەوەی لە خزمەتی یەکخستنی یادەوەریی نەتەوەییدا بێت، لە لۆکالگەرایی و هەرێمگیریی یادەوەریدا تەواودەبێت. داگیرکردنی سیاسەت بۆ یادەوەری لەداگیرکردنی سیاسەتەوە دێت بۆ ژیان، داگیرکردنی سیاسەتیش بۆ ژیان لەوەوە دێت کە کێشەی ژیان و مردن لەکۆمەڵگای ئێمەدا مانایەکی سیاسی وەردەگرن. مرۆڤ کۆی ژیانی لەسەر رۆشنایی رووداوە سیاسییەکاندا دەخوێنێتەوە و مێژووی شەخسی فەردەکان و مێژووی شتەکان بەکۆدەبن بەمێژوویەکی سیاسی. لەناو ئەم تۆفانەی سیاسەتدا، یادەوەری تەواو دەبێتە ئەرشیفێکی سیاسی. یادەوەری شەخسی و کۆمەلایەتی، یادوەری فەردی و دەستەجەمعی دەبنە خەزێنەیەکی سیاسی. دەبنە شوێنێك کە سیاسەت تێیدا ئەو شتانە دەستنیشاندەکات کە دەبێت لەبیرمان بێت و ئەو شتانەش دەستنیشاندەکات کە دەبێت لەبیرببکەین. شێرکۆ یەکێکە لەو شاعیرانەی کە برێکی زۆری بەرهەمەکانی جێگای بەیەکداچوونی ئەو یادەوەرییە فەردی و دەستەجەمعییەیە، لەهەندێك جێگادا تەواو لەگەڵ رۆحی ئیشکردنی ناسیونالیزمدا تەبایەو لەهەندێ جێگادا وەك ئەو شاعیرە دەردەکەوێت کە دژ بەیاسا جەبرییەکانی ئەم قۆناغە بۆ رووبەرێکی کراوەترو ئازادتر

دەگەڕێت. شیعری شێرکۆ گۆڕەپانی ململانێیەکی قووڵە لەنێوان سیاسەت و ناسیاسەتدا، لەنێوان نیشاندانەوەی هەموو ئەو شتانەی کە ناسیۆنالیزم لەقۆناغێکدا دەیەوێت دەرکەوێت لەگەڵ ئە شتانەدا کە ناسیۆنالیزم دەیەوێت لەبیریبکات و شاعیر نایەوێت لەبیریانبکات. شێرکۆ رەنجێکی گەورە دەدات ئەو دوو هەستە نزیك لەیەك و هاوشان بەیەك و بێناکۆکی ببات بەرێوە. دەیەوێت سیاسی بێت و لەسیاسەتیش گەورەتر بێت، لەگەڵ خواستی ناسیونالیزمدا بێت و لەگەڵ خواستی شتە بچوکەکانیشدا بێت بۆ ژیان. شاعیری حیکایەتە گەورەکان بێت و شاعیری شتە بچوك و بیرکراوەکانیش، شاعیری نەتەوە بێت و شاعیری جوانییە فەرامۆشکراوەکانیش، شاعیری رووداوە گەورەکان بێت و شاعیری رووداوە بچوکەکانیش. لێرەوە شیعری شێرکۆ ئەو رووبەرەیە کە تێیدا شتە گەورەو بچوکەکان پێکرا لەسەر یەك خوان کۆدەبنەوە. پێکرا پێکەوە بۆ هارمۆنییەك دەگەڕێن، بۆ یەکێتییەکی ناوخۆیی. شێرکۆ یەکێکە لەو شاعیرە دەگمەنانەی قووڵ ئاوڕ لەمێژووی شتە وردەکان دەداتەوە، بەڵام هەر کاتێك شتە وردەکان لای شێرکۆ دەکەونە قسە، یادەوەرییان، زمانیان و هەستیان هەڵگری تۆنێك و ئاوازێکی ناسیونالی و سیاسییە. قەسیدەی کورسی یەکێکە لەو قەسیدانەی تێیدا ململانێ لەنێوان دوو جۆر مێژوو و دوو جۆر یادەوەریدا دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی. لەکورسیدا ئەو دیوە لەمێژوو دێتە قسە کە ئێمە فەرامۆشمانکردوە، ئەو دیوە کە نایبینین، مێژووی شتەکان و قووڵبوونەوە لەهەستی شتەکاندا. ئەو شتانەی لەئەدەبی کوریدا بۆ یەکەمجار لەگەڵ قانیعدا بەفراوانی و گەورەیی دێنە سەر شانۆ، بەڵام دواتر زۆر زوو بیردەچنەوەو ئیدی ئینسان زۆر سەرقاڵی ئازارە گەورەکانی خۆی دەبێت و ئەدەب وەك چەکێکی سیاسی تەواو نایپەرژێت لەشتەکان رابمێنێت. لەدوای قانیعەوە کە لەگەڵ کەرەکەی و ئاشەکەی و تانجییەکەی و لێفەکەیدا قسەدەکات، پشکنینی شێرکۆ بۆ یادەوەری (کورسییەکان) گەورەترین و گرنگترین گەرانەوەی شتە بۆ سەر شانۆی شیعر، کە شانۆیەکە سەردەمانێکی درێژ تەنیا بکەرە گەورەکان لەبابەتی نەتەوەو قارەمانەکانی نەتەوە و خواستەکانی عەشق و وەسفەکانی سروشت سەحنەکەیان داگیرکردوەو بوار بەشتە لەبیرکراو فەرامۆشکراوەکان نادەن قسەبکات. لێرەوە تێکستی کورسی هاتنەوە قسەیەکی درەنگوەختی شتەکانە، بەڵام جیاوازییەکی گەورەو سەرەتایی لەنێوان شێرکۆو قانیعدا هەیە، لەدونیای قانیعدا

پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و شـتەکان پـچراون، مـرۆڤ و کـەرو لێفـەو تـانجی لـەدیالۆگێکی گاڵتەئامێزدان کە تیایدا شتەکان دەستخەڕۆبوونی خۆیان لەمرۆڤ ئاشکرادەکەن. لەدونیای قانیعـدا شـتەکان مـرۆڤ وەك بوونـەوەرێکی ئـازاد و سـەروەر ناناسـێنن، بـەڵکو کۆمـەڵێك قـەوارەی ئـەنتۆلۆژین کـە باوەڕێکیـان بـەمرۆڤ نییـەو یادەوەریـان شـتێکی ئـەوتۆ جـوانی دەرهــەق بەئینــسان تێــدا نییــە. ئــەم ســاتەی قــانیع وەك لــە جێگایــەکی دیکەشــدا بــاسمکردووە، ســاتی دابرانــی مرۆڤــی کــوردە لەسروشــت، بــەڵام لــەدونیای شــێرکۆدا کورسییەکان دەبن بەبەشێك لەمرۆڤ، شێرکۆ وەك لەلێکۆڵینـەوەکانی دیکـەدا لەسـەر ئـەم شاعیرە ئاماژەمپێداوە شاعیرێکە ژیان بەبەری شتە مردووەکاندا دەکـات، نوێنـەری دیـوە توندڕەوەکەی گووتاری مانەوەیە کە زیندوێتی ڕەهاو ژیانی سەرتاسـەریی بەرابـەر مردنـی رەهاو فـەناکردنی موتڵـەق ڕادەگرێـت. شـێرکۆ لەهـەموو جێگایەکدا بـۆ ئامـاژەی ژیـان و زیندوێتی دەگەرێت، زیندوێتییەکی مۆرکراو بەسـیفەتەکانی مـرۆڤ، زیندوێتییـەك مرۆڤمـان یادبخاتەوە، نەوەك رۆحانییەتێکی تەوتەمگەرا. واتـە شـێرکۆ تـەنیا ژیـان ناکـات بەبـەری شتەکاندا، بـەڵکو ئینـسان دەکـات بەبەریانـدا. یـادەوەری کورسـییەکانی شـێرکۆ لـەمرۆڤ نـەتۆراون، لـەناکۆکی و ململانێـدانین لەگـەڵ مرۆڤـدا، بـەڵکو هـاوڕێ و هـاوڕازی مـرۆڤن و تراژیدیاو شادی و نرخە ئەخلاقییەکانی لەگەڵدا بەشدەکەن. شتەکانی قانیع لەگەڵ مرۆڤدا نابنەیەك، ڕاستە بەزمانی ئادەمی قسەدەکەن و هەسـتی ئادەمیزادانـە دەدرکێـنن، بـەڵام فاسیلەی خۆیان لە مرۆڤ دەپارێزن و دووری و ڕوانگەی خۆیان ونناکـەن. بـەڵام شـتەکانی شێرکۆ لەمرۆڤ نزیکدەبنەوەو لەگەڵیدا تەماهیدەکەن. رەنگە ئەوە پرسیارێکی گرنگ بێت بپرسین: بۆ لای قانیع شتەکان بەنیگای گاڵتەئامێزو بەچاوی سووك سەیری مرۆڤ دەکـەن، بـەڵام کورسـیەکانی شـێرکۆ بـەرێزو حورمـەتێکی بێوێنـەوە بـۆ یـادی مرۆڤـە گـەورەکان دەگەرێن؟. دەبێت لەسـاتی قانیعـەوە بـۆ سـاتەوەختی نوسـینی (کورسـی) چـی شـتێکی جەوهەری لەپەیوەندی مرۆڤ و شتەکاندا روویدا بێت؟.

وادەبیـنم قـانیع کـوری ئـەو چرکەسـاتە تراژیدییـەی مێـژووی ئێمەیـە، کـە هوشـیاری گوندنشینی ئێمـە لـەرابوردووە عاتیفییەکـەی دێتـەدەرێ و پێدەخاتـە مۆدێرنـەوە، بـەڵام بێئەوەی هیچ دەستکەوتێکی گرنگی لـەم هـەنگاوە دەسـتکەوتبێت. گاڵتـەکردنی (لێفـە)و (کـەر)و (تـانجی)یەکـەی قـانیع بـە کەسـی (قـانیع)، گاڵتەکردنـە بەبێهـەرمی ئینـسان،

بەدەستكورتی و نەدارییە گەورەكەی، بەو سەردەمەی كە هیوای سەوزی پێیەتی و هیچی بۆ ناگرێت، بەو خەونانەی گۆڕان كە هیچیان بەرهەمنەهێناوە. بەڵام شێركۆ دوای پتر لەنیوسەدە كە لەپەیوەندی نێوان كورسی و مرۆڤەكان دەدوێت، مێژووی تراژیدیایەكی هاوبەش دەگێڕێتەوە، لەپەنجاساڵی رابوردوودا، سیاسەت و رۆحی كاولكاری و فەناكاری داگیركەران، جۆرێك لەیادەوەری هاویەشی بۆ مرۆڤ و سروشت وشتەكانی دیش خولقاندوە. لەكورسیدا ئەو نەغمەی گاڵتەئامێزی و سووك ڕوانینە وندەبێت كە لێفە و تانجییەكەی قانیع هەیانبوو. كورسییەكەی شێركۆ بەتەبجیلەوە باس لەمرۆڤ دەكات، یادەوەری كورسی پردەبێت لەئەزموونی هاوبەش و پردەبێت لەوێنەی پێكەوە ژیانی مرۆڤ و شتەكان. ئەو پچرانەی مۆدێرنە لە سەرەتادا دەیهێنێت، لەژێر فشاری ئەزموونێكی دوورودرێژی ترسدا، بەزەبری دەیان ساڵ شەڕی كوشندەو خوێناوی و كاولكار، بەزەبری ئەو نزیكایەتییەی ترس دەیخولقێنێت، لەگاڵتەكردن و بێڕێزییەوە دەبێت بەخۆشەویستی و نزیكی. ئەو پچڕانەی لەسەرەتای سەدەی بیستدا لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا روودەدات، ئەو پچرانەی سۆزێكی قووڵی لای گۆران بۆ سروشت دروستكرد، لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا دەبێتەوە نزیكی و یەكێتی و تێكەڵاویی، دەبێتە جۆرە پەیمانێكی سیاسی لە نێوان مرۆڤی كورد و سروشتی كوردستاندا. لەو چل ساڵەی دواییدا مرۆڤ و سروشتی كوردی، مرۆڤ و شتەكانی نزیكی، پێكرا دەكەونە بەر رەشەبایەكی سیاسی ترسناك كە یەك مێژوو و یەك یادەوەرییان بۆ دروستدەكات، كورسییەكەی شێركۆ لەبوونەوەرەكانی قانیع پتر رێزو حورمەتی بۆ ئینسانەكان هەیە، چونكە وەك تانژی و كەرەكەی قانیع مرۆڤ تەنیا لەململانێی نان پەیداكردندا نابینێت، بەڵكو مرۆڤ لەململانێیەكی قووڵترو سەرتاسەریتردا دەبینێت، وەك كوردێك تەماشای مرۆڤەكانی نزیكی دەكات كە لەگەرمەی شەری ژیان و مانەوەدان. نیو سەدە لەجەنگی نەتەوایەتی، كورسییەكانی شێركۆ دەگۆرێت بۆ بوونەوەری نەتەوەپەرست، كورسییەكانی شێركۆ كوردی ناسیونالیستن، بەڵام لە جیهانی قانیعدا تەنیا قانیع خۆی ناسیونالیست بوو، هێشتا لێفەكەی و تانجییەكەی و كەرەكەی نەبووبوون بەبوونەوەری ناسیونالیست. لێرەوە یادەوەری شتەكانی قانیع هەڵگری وێنەی جەورو ئازاری تایبەتی خۆیانن لەگەڵ قانیعدا، لەكاتێكدا یادەوەری كورسییەكانی شێركۆ، بە یادەوەرییەكی ناسیونالیستیانەوە

جەورو ئازاری کۆمەلایەتی و سیاسی دەگێرنەوە. وەك دەبینین شتەکان دوای پتر لەپەنجا ساڵ کە دەگەرێنەوە بۆ سەر سەحنەی ئەدەب، بەجۆرێکی دی و هوشیارییەکی دیکەو بەشێوە بینینێکی دیکەوە دەگەرێنەوە.

## جەنگی یادەوەرییەکان

لەو قۆناغەدا کە یادەوەرییەکی سیاسی دەبێتە تەنیا شێوەی یادەوەری و پاراستنی یادگاری و بۆنە سیاسییەکان دەبنە وەزیفەیەکی سەرەکی، ئەوەی زیانی پێدەکەوێت یادەوەرییە بچوکەکانە، ئەو یادەوەرییەیە کە مێژووی شتەکان و فەردە ئاساییەکان هەڵدەگرێت، ئەو یادەوەرییەی رەهەندی ناسیاسیانەی دونیا دەنوسێتەوە. کاتێك یادەوەری سیاسی دەبێتە تەنیا شێوەی یاد، دەبێتە مۆتەکە بەسەر مێژووی شتەکانەوە. شتە بچوکەکان و مرۆڤە سادەکان چیدی لەیادەوەریدا جێگایان نابێتەوە. کولتووری سیاسی و رۆشنبیری ئێمە، بەگشتی بێبایەخ بەسەر شتە بچوکەکاندا دەروات، ئەم دەردە تەنیا دەردی رۆشنبیری کوردی نییە، بەڵکو دەردێکە بەرهەمی باڵادەستی عەقڵی میتافیزیکییە، خودی عەقڵی میتافیزیکی کولتوورەکان لەسەر ئەوە کۆکدەکات تەنیا بیر لەمەزن و موتەعالی و موفاریق بکەنەوە. بەر لەعەقڵی ناسیونالیستی دین سیستمێکی تایبەتی مەزنپەرست دادەمەزرێنێت. ئەم مەزنەپەرستییە دینییە بەردەوام ئەو شتانەی پەرستوە کە نامادی و بێفۆرم و کۆنسێپتالن. واتە ئەو شتانەی مەزن راگرتووە کە پتر فۆرمی چەمکی زیهنی و وێنەی زیهنیان هەیە، نەوەك فۆرمی مەتریالی. لێرەدا مەتریالە بچوکەکان نرخیان نییە، مرۆڤە سادەکان کە تەنیا عابیدی چکۆلانەی خودان، بەهایەکی ئەوتۆیان لەناو سیستمی قودسیدا نییە، لێرەوە هەر یادەوەرییەك بەم ئاوە میتافیزیکییە ئاودرابێت، یادگاری مرۆڤی سادە و شتی سادە و رووداوی بچوك هەڵناگرێت. ناسیونالیزمی کوردیش بەردەوام لەسەر ئەو بنەمایانە کاریکردوە کە دین بۆی فەراهەمدەکات، جیاوازییەکەی ئەوەبووە کە هێزی شایەن بەپەرستن لای ناسیونالیستەکان تەنیا دین و خودا نییە بەڵکو نەتەوەشە. کێشەکە ئەو کات چرتر دەبێتەوە کە چەمکی نەتەوە، لەزیهنی سیاسی ئێمەدا سروشتێکی میتافیزیکی، نامادی، موفاریق وەردەگرێت. نەتەوە لێرەدا ئەو شتە مەزنەیە کە وەك خودا عیبادەت دەکرێت،

ئەو سەمبولە گەورەیەیە کە شتە بچوکەکان پێشێلدەکات و لەبەردەم ئەودا هیچ شتێك مانای نامێنێت. رۆشنبیری و شیعری کوردی لەرووبەرێکی گەورەدا، پانتایی ستایشکردنی ئەو شتە مەزنانەو شوێنگەی مردنی شتە بچوکەکان بووە. شیعری شێرکۆ لەهەموو قۆناغەکاندا لەو رەگەزانە خالّی نەبووە، شێرکۆ لەهیچ قۆناغێکدا نەیتوانیوە لەزەبری حیکایەتە گەورەکان رزگاربێت و هەردەم وەك شاعیری ساتە مێژووییەکان و سەمبولە مێژووییەکان ئیشیکردوە، بەلاّم لەئەزموونی شێرکۆدا هێلێکی دیکە هەیە بەم ئاراستە مەزنگەرایەدا ناروات. شیعری شێرکۆ لەهێلێکدا ئاوڕدانەوەیەکی قووڵە لەشتە بچوکەکان، بەلاّم بێئەوەی ئەم ئاوردانەوەیە ئیشکالییەتی بالاّدەستی ئەو رەهەندە مەزنپەرستە، تەواو چارەبکات. ئەوەی لەئەزموونی شێرکۆدا زۆر پۆزەتیڤە ئەو بەگژداچوونەوە نهێنی و ناوەکییەی هێلی مەزنبین و مەزنپەرستە، ئەوە پەشێوییەکی ناوەکی گەورەی لە ئەزموونی شاعیردا خولقاندوە کە دەکرێت وەك جۆرە پەشێوییەکی داهێنەر و دروستکەر ببینین. لەشیعری شێرکۆدا زیندووبوونەوەیەکی بەرچاو و هەستانەوەیەکی گەورەی شتە یادکراوەکان هەیە. بەواتایەکی دی شیعری شێرکۆ تەنیا رووبەری زیندووکردنەوەی رووبەرە مەزنەکان نییە، تەنیا گۆرەپانی دەرکەوتنەوەی گووتاری سەرەکی ناسیونالیزم نییە کە گووتاری مانەوەیە، بەلّکو شوێنی هەستانەوەیەکی کوتوپڕی ئەو بەشەشە لەیادەوەری کە یادکرابوو. نیوەی یادەوەری شێرکۆ لەگەڵ ئەو سیستمە مەزنپەرستەی لەسەر کۆمەلێك بەهای کولتووری و ناسیونالی پێشوەخت داڕێژراوە تەبایە. بەلاّم نیوەی دووەمی یادەوەری، یادەوەری شاعیرێکە کە فەنتازیاو خەیالێکی کۆتنەکراو بەرەو جێگای زۆر دوور دەیبەن، بەرەو شتە بچوك و پەراوێزییەکان، بەرەو مێژووی نهێنی و نەنوسراوەی ئەو شتانەی لە روانینی ئێمەدا زۆربەیان مێژوویان نییە. لای شێرکۆ شتەکان سەرلەنوێ بۆ مێژووی خۆیان و بۆ یادەوەری خۆیان دەگەرێن و دووبارە بەسەر ڕابوردووی خۆیاندا دەچنەوە. لەشیعری شێرکۆدا بەگشتی دەنگی شتەکان و دەنگی مرۆڤە بچوکەکانیش پتر لەئەزموونە شیعرییەکانی دی ناو ئەدەبی کوردی بەرزدەبنەوە. لەم ئەزموونەدا تەنیا نەتەوە بەدەنگە بەرزو زولاڵەکەی خۆی قسەناکات، بەلّکو شتە وردەکانیش ئەو حیکایەتە دەگێڕنەوە کە دەبایە نەتەوە بیگێڕابایەتەوە. لەشیعری شێرکۆدا شتەکان پتر مێژووی خۆیان ئاشکرادەکەن، پتر ئەو دیوەی زەماننشین و

شوێننشینەی خۆیان دەردەخەن، پتر لەدیوە وەستاو و نەگۆڕەکەی خۆیانە بەرەو زیندوێتی و ژیان دەپەرنەوە. گێڕانەوەی بۆن بۆ مێژووی خۆی، گێڕانەوەی ڕەنگ بۆ چیرۆکی خۆی، هەموو پێکرا ڕێگایەکی تر لەئەزموونی شێرکۆدا دەکەنەوە، بۆ کردنەوەی ڕووبەری قسەکردنی دیکە، بۆ هێنانەوە زمانی شتە لەبیرکراوەکان. شێرکۆ لەئەزموونەکانی دواییدا پترو پتر بەدوای حیکایەتی شتە بچوکاکەندا دەڕوات و زیاتر لەو هێڵە دووردەکەوێتەوە کە تەنیا بکەرە گەورەکان و چیرۆکە گەورەکان دەکات بەوتەگۆ و دەمڕاستی قەسیدە. هەڵبەت شێرکۆ لەبۆننامەو ڕەنگدان و کورسیشدا لەوە ناکەوێت کە چیرۆکە گەورەکان لەڕێگای شتە بچوك و یادکراوەکانەوە بگێڕێتەوە، بۆن و ڕەنگ و کورسی خاڵی نین لەگێڕانەوەی حیکایەتە گەورەکانی نەتەوە، بەڵام ناشکرێت ئەم گەڕانەوە گەورەیە بۆ لای شتە بچوك و فەرامۆشکراوەکان بەکەم وەربگرین. لەیادەوەری شێرکۆدا هەرێمێك و جوگرافیایەك لەهەرێم و جوگرافیای شیعری جیادەبێتەوە، کە لەئەدەبی ناسیونالی و سیاسی ئێمەدا ئامادەنەبووە. لەم ئەزموونەدا بۆیەکەمجار شتە بچوکەکان هەناسەیەکی داستانئامێز (ملحمی) دەدەن بەحیکایەتی خۆیان، ئەوە درزێکی گرنگی ناو سیستمی دونیابینی شێرکۆیە، کە شێرکۆی دوێنێ لەشێرکۆی ئێستا جیادەکاتەوە. لەم باسەدا هەوڵدەدەم پتر لەڕێگای خوێندنەوەی دەلالەتەکانی کورسییەوە، دوای سروشتی ئیشکردنی یادەوەری بکەوم لەو ساتەدا لەیادەوەرییەکەوە کە مەزنپەرستە و مۆنمێنت بۆ شتە گەورەکان سازدەکات بەرەو یادەوەرییەك کە بچوکبین و سادەخوێنەو بەهای شتە وردەکانیش دەدات.

## کورسی و داگرتنی عەرش بۆسەر زەوی

لەبەشی سەرەوەدا گووتم یادەوەری کوردی بەحوکمی پاشخانە دینی و سیاسییەکەی پتر شتە موتەعالی و بێجەستەو موفاریقەکانی هەڵگرتووە، یادەوەرییەکی سەمبولییە، نەوەك یادەوەرییەك بێت نزیك بێت لەشتە سادەو ڕۆژانەکان. زۆربەی ڕەمزە گرنگەکانی ناو یادەوەری دینی و نەتەوەیی ئاماژە بۆ زەمانێکی سیحری و شوێنێکی دەستنیشان نەکراو دەکەن. ئەو شتانەی دەبنە ڕەمزو مۆنمێنتی گەورە، چەندە زەمین و زەمانیان دیاربێت، لەئاستی درێژخایەنداو لەئاستی وەزیفەی کۆمەڵایەتیدا ڕەهەندەکانی زەمین و

زەمانیان لێدەکرێتەوە و وەك شتگەلێك دەخرێنەڕوو کە ئاماژە بۆ هەموو شوێنێك و هەموو کاتێك دەکەن. یادەوەری کاتێك شوێنەکان تەقدیسدەکات کە لەشوێنی ئاساییەوە گۆرییێتنی بۆ شوێنی نائاسایی و کردبێتنی بەشوێنی پیرۆز. ئیدی کە لەیادەوەری نەتەوەیی و دینیدا باس لەشوێن دەکرێت، لەراستیدا باس لەیادەوەرییە سادەکان و دەرکەوتە رووکەشەکانی شوێن ناکرێت، بەڵکو باس لەڕەهەندە میتافیزیکی و دیوە موفاریقەکەی شوێن دەکرێت. کە لەیادەوەری شیعیدا باس لەکەربەلا دەکرێت، باس لەکەربەلا ناکرێت وەك شارێك یان وەك یەکەیەکی تۆپۆگراف و کولتووری، بەڵکو وەك جێگای ئەزموونێکی میتافیزیکی و رۆحی و گەردونی کە ماناکانی بۆ دەرەوەی ئەو جێگایە و بۆ دەرەوەی ئەو کاتەشە. کە ئێمە باس لەچوارچرا و بەردەقارەمان دەکەین، باس لەدوو جێگا نەکەین، بەڵکو ئاماژە بۆ جۆرە کۆنسێپتێکی میتافیزیکی دەکەین کە رۆحی جاویدانی نەتەوە و مەرگە پیرۆزەکانی نیشاندەداتەوە، هیچ یەك لەم دوو جێگایە بەبێ ئەو ڕەهەندانەیان کە لەسنووری شوێن و کات تێدەپەڕن مانایان نییە. بەکورتی یادەوەری نەتەوەیی، لەئاست ئەو شتانەدا ناوەستێت کە ناتوانێت نرخێکی دەستەجەمعیان لێدەربهێنرێت، لەئاست ئەو شتانەدا ناوەستێت کە نوقمی جێگای خۆیانن و سنووری زەمەن ناشکێنن و دەرهەق بەشوێنەکانی دی کەمتەرخەم و بێدەروەستن.

بەڵام کورسی وەك دەلالەت تەواو بەر ئەو رەهەندە ئاسمانگەراو بڵندبینانەی مۆراڵی ناسیونالی دەکەوێت. کورسی ئاماژەیە بۆ شتێك کە نوقمە لەشوێندا، گرێدراوی جێگاکانە، بەستراوەی ئەو فەزایانەیە کە تێیدا دادەنرێت، رەهەندێکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو تەواو مەتریالی و زەمینییە.

گەر رەهەندی رەمزی جێگایەکی وەك بەردەقارەمان یان چوارچرار لەیادەوەری نەتەوەیی ئێمەدا ئەوەبێت کە ئامادەگی مرۆڤی ئێمە بۆ پێشوازی مردن ئاشکرادەکات و لەو جێگایەدا رەهەندێکی گرنگ و بالای مۆراڵی ناسیونالیستی بەرجەستەدەبێت، ئەوا لەکورسیدا وەك کەرەستەیەکی بچوك هیچ شتێك بەرجەستەنابێت ئامادەگی پێشوازیکردنی مرۆڤ خۆی نەبێت. کورسی ئەو کەرەستەیەیە کە لەهەر جێگایەکدا دانرا، واتە ئەو جێگایە ئامادەیە پێشوازی خەڵك بکات. لەشوێنی هاوچەرخدا لەهەر جێگایەکدا

کورسی نەبوو، واتە ئەوێ شوێنێکە پێشوازی لەمرۆڤ ناکات و ناکرێت تیا دابنیشین. بەمانایەکی تر کورسی پردی پەیوەندی مرۆڤە بەشوێنەوە، ئەگەر لەکەلتووری میتافیزیکیدا کورسی دەلالەتی ئەو عەرشە بێت کە یەزدان لەسەری دادەنیشێت، ئەم کوردسییەی شێرکۆ دەلالەتی وەرگەرانی ئەو عەرشە میتافیزیکییەیە بەعەرشێکی دونیایی کە لەوێدا ئینسان دێتە سەر تەخت. لێرەوە خودی ئەو کورسییەی شێرکۆ وێنایدەکات و مرۆڤە جیاجیاکان لەسەری دادەنیشن، نیشانەی ئەو کۆدێتایەیە کە لەسەر عەرشی کولتووری ئێمەدا ڕوودەدات، لەعەرشێکەوە کە هێزێکی میتافیزیکی موتەعالی لەسەری دادەنیشێت بۆ عەرشێکی مرۆڤی تاك و سادەو ئاسایی لەسەری دادەنیشن. بەدیوێکی تریشدا پاکبوونەوەی کورسییە لەو دەلالەتە دینییە عەرشئاسایەی کە تێیدا ئاماژە بۆ نیشتەجێبوونی شتە ئاسمانییەکان و هێزە موفاریقەکان دەدات، کورسی چیتر لەوە دەکەوێت ئاماژە بێت بۆ عەرش، بۆ هێز، بۆ بڵندگەرا، بەڵکو دەبێتە ئاماژە بۆ زەمین، بۆ شار، بۆ ماڵەکان و مرۆڤەکان و شتە سادەو بێمێژوو و لەبیرکراوەکان. وشەی کورسی لەیادەوەری و فەرهەنگی زمانەوانی میللی ئێمەدا ئاماژەیە بۆ دەسەڵات و عەرش، بۆ خودا لەسەر کورسییە ئاسمانییەکەی خۆی و بۆ سوڵتان و فەرماندارو سەرۆك لەسەر کورسیەکانیان، لێرەوە بەکارهێنانی شێرکۆ بۆ کورسی، بەئاگاو نائاگا ئاماژەیە بۆ کۆدێتایەکی گرنگ، لەچەمکی عەرش و دەسەڵاتدا، کۆدێتایەك تێیدا شتە بچوك و زەمینییەکان شوێنی ڕەهەندە میتافیزیکییەکان دەگرنەوە. شیعری شێرکۆ ئەگەرچی لەهەندێك نمونەیدا خاڵیی نییە لەو ڕۆحە میتافیزیکییە، بەڵام لەکورسیدا تێکشکانێکی گەورەی چەمکی مەزن و موتەعالی دەبینرێت، لێرەدا لەپێناوی کورسییە بچوکەکان و مێژووە سادەکانیاندا عەرشی شتە باڵاو گەورەکان دەڕوخێت. گۆرینی کورسی بۆ بوونەوەرێکی سادەی زەمیننشین، نیشانەی ئەو گۆڕانەیە کە لەکۆتایی سەدەی بیستدا دەست پێدەکات، کۆتایی هەرەسی حیکایەتە گەورەکان و سەرهەڵدانی سەدەی حیکایەتە بچوکەکانە. سەرەتای هەرەسی عەرش و لەدایکبوونی کورسییە بچوکەکانە کە نەدەتوانن تەواو دونیا بگۆرن، نەدەتوانن ببنە تەختێکی میتافیزیکی.

## کورسی: دانیشتن وەک پۆلی پێچەوانەی رۆیشتن

گومـان نییـە کـە ئێـستا ئێمـە لـەرۆژگاری یـادەوەری ئەلەکترۆنیـدا دەژیـن، چـەمکی یادەوەری گۆرانکاری زۆر گەورەی بەسەردا هاتووە، یـادەوەری لەئەرشـیف و ئەدەبیاتـدا ناوەستێت، ئەمرۆ یادەوەرییەکی تەکنیکی هەیە، کە لەگەڵ یـادەوەری سروشـتی مرۆڤـدا جیاوازە. ئاشکراشە تەکنیکی نوێ کۆی شتەکان لەفۆرمی دێرینی خۆیـان دەردەهێنێـت. کۆی شێوەکانی ژیان و کۆی فۆرمەکان دەخاتە بەر دەرگای سەردەمێکی ترو رۆژگـارێکی دی. ئێمە ئێستا لەساتەوەختێکدا دەژین، تێیدا هەموو ئەو شێوە ژیانەی جاران لەبەردەم هەرەشەی نەمان و فەوتاندایە. ئێـستا نـەوەکی نـوێ بـە ئـەزموونێکی نوێـوە لێرەیـە کـە یادەوەرییەکی تریان هەیە. سـەمبولە کۆنـەکان و فـەزاکانی ژیـان بـەو جـۆرەی لەپـەنجاو شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستدا هـەبوون بـەرەو توانـەوەو نـەمان دەچـن، نەوەیـەك لەکوردستان پیردەبێت و بەرەو ئاوابوون دەڕوات کە دەترسـێت سـەحنەکان جێبهێڵێـت و ئەو شێوە ژیانەو ئەو کاراکتەرە سـەیرانەی ئـەو رۆژگـارە بـۆ هـەتا هەتایە لەبیربـچنەوە. کورسی لەم روانگەیەوە رەمزی ئامادەکردنە... رەمزی جێگیرکردنی شتێکە کە لەرۆیشتن دەترسێت، هێمایە بۆ دانیشاندنی شتێك کە پێدەچێت بیەوێت بۆ ئەبەد بڕوات و لەدەست بچێت. کورسییەکی بەتاڵ، رەمزی شتێکە کە دێت و رەمزی شتێکیشە کە دەڕوا. شێرکۆ لەئاسـتی ئاماژەییـدا لەسـەر هـەردوو وێنەکـە کاردەکـات. لەسـەرێکەوە (وەك لەسـەرەوە ئاماژەم پێدا) لەسەر وێنەیەکی مرۆڤ ئیشدەکات کـە دێـت، مرۆڤێکـی سـادە کـە جێگـای رەمـزە میتـافیزیکی و دروشمـە گـەورەکان دەگرێتـەوە، لەسـەرێکی دیـشەوە لەسـەر وێنەیەکی مرۆڤ کاردەکات کە خەریکە دەڕوات و زەمـانی بەسەردەچـێت و بـەهاکانی وەك بەها نامێنن. ئەو مرۆڤانەی لەشـوێنێکی دیـاریکراودا لـەدایکبوون، لەبڕگـەیـەکی زەمـەنی تایبەتیدا ژیاون، سادە بوون و کەسیان قارەمانی شەڕە ئەفـسانەییە گـەورەکان نـەبوون، بەڵکو کۆمەڵێك ئازارو هیواو هاواربوون، لەدایکبوون و مردن. شـاعیربوون، عـەرزوحاڵنوس بـوون، مۆسـیقار بـوون، دوکانـدار بـوون، عاشـق بـوون، شـانۆکار بـوون، بـەڵام کەسـیان بوونەوەری ئەفسانەیی و سیاسی گەورە و مێژووبزوێن نەبوون... بوونەوەری جوان بـوون کـە لەگـەڵ مردنیانـدا جوانییـەکان دەڕوات و دەبێتـە بـا و بیردەچـێتەوە. کورسـی نیشتەجێکردنی ئەو شتانەیە کە پێدەچێت خەریك بێت بڕۆن و لـەیادبکرێن، ئـەو شـتانەی

هـیچ ڕووبـەرێکی تایبـەتی لـەیادەوەری نەتـەوە خۆیـان پێوەسـەرقاڵ ناکـات. چـۆڵبوونی کورسی لەم ئاستە دەلالییەدا جێهێشتنی ئـەو شـتانەیە کـە نابێـت جێمـانبهێڵن، کورسـی لێرەدا دانیـشاندنەوەی ئـەو شـتانەیە کـە دەڕۆن، دەسـتگرتنە بـەو شـتانەوە کـە دەبێـت بمێننـەوە. کورسی لێرەدا مانایەکی مـەجازی و وێنەیـەکی سـێبەرە بـۆ خـودی یـادەوەری خۆی. واتە کورسی هەر خودی (یادەوەرییە) کە ناوێکی تری بۆ خۆی دۆزیوەتەوە، بـەڵام یادەوەرییـەك ئـەو شـتانە دادەنیـشێنێت و ئـەو کەسـانە لـەئامێزدەگرێت کـە ئازادانـە هەڵیاندەبژێرێت، ئـەو کەسـانەی کـە وەختـە کۆچـی ئەبـەدی دەکـەن و شـوێنێکی بـەتاڵ جێـدەهێڵن، دەڕۆن و ڕووبـەرێکی سـپی جێـدەهێڵن. کورسـی هێمـای ئـەو پێدانووسـان و دەست لێبەرنەدان و زیندووڕاگرتنەیە، کە لەناوەوە خواستی یادەوەرییـەك پڕدەکەنـەوە، کـە هـەر یـادەوەری شـاعیرە و لـەبری مێـژوو و لـەبری هـەمووان تـەواوی یادگارەکـان هەڵدەگرێت. لێرەوە دانیشتن لەسەر کورسی، واتە بوون بەبەشێك لەیادەوەرییەك کە شەڕ لەگەڵ بیرچوونەوەدا دەکـات، واتـە گوازتنـەوە لـەدەرە - یـادەوە بـۆ نـاو - یـاد. کورسـی لێـرەدا دەبێتـە نوێنـەری دانیـشتن و مانـەوە، کـە سـەمبولێکی بـچوکی یادنـەکردن و بیرنەچوونەوەیە، بەرابەر ڕۆیشتن و نەمانەوە کە سەمبولی یادکردن و بیرچوونەوەیە.

## جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان کورسی و مۆنمێنت

گەر کورسی هێمایەکی گەورە بێت بۆ ئەو شتانەی کە دەبێت لەیادەوەریدا بمێننـەوە، ئەوکات دەبێـت نزیکییـەکی وەزیفـی گـەورەیان لەگـەڵ مۆنیمێنتـدا (یادەتـەلار– النـصب التذکاریة) هەبێت، کە ئـەوانیش هـەڵگری جـۆرە یـادێکن، لێـرەدا دەبێـت بپرسـین ئـاخۆ وەزیفـەی کورسـییەکەی شـێرکۆ بەچـی لـەمۆنمێنت جیادەبێتـەوەو تایبەتمەندێتییەکـەی چییە؟

مۆنمێنت جۆرێکە لەرەمز کە ناڕوات، یادگارێکە لـەجێگای خۆیدایـە، دەمێنێتـەوەو تـا هەتاهەتایە یادێکی جاویدان تۆماردەکات. لەم تێکستە والآیەدا، کورسیش کەرەسـتەیەکی گرنگـی یـادو ئـامێرێکی بیرەوەرییـە، بـەڵام وەك مۆنمێنتـەکان ئـەو ڕەهەنـدە جێگـرو جاویدانەی نییە. کورسی ناتوانێت ئاماژە بێـت بـۆ یـەك کـەس، بـۆ یـەك ڕووداو، بـۆ یـەك چرکەساتی داخراو بەسەر خۆیدا. ناتوانێت مێژوو لەسەر خۆی ڕابگرێت و ببێتە سـەمبولی

ساتێك كە دەیەوێت تەنیا لەو ساتە داخراوەوە بگاتە ئەبەدییەت. مۆنمێنت شوناسێكی دەستنیشانكراوی هەیە، لەو شوناسەدا نیشتەجێیە و لەو یادەدا دیلە، ناتوانێت لەدەرەوەی ئەو یادە بوونی هەبێت، ناكرێت شوناسی خۆی بگۆڕێت و لەیادی خۆی یاخیببێت، ناتوانێت لەگەڵ جەوهەری خۆیدا ناكۆك بێت، بەڵام كورسی جۆرە بوونێكی گەرۆكی هەیە بۆ یادێكی تایبەت و نەمرراگرتنی چركەیەكی تایبەت دروست نەبووە، هەر ماوەیەو لەجێگایەكدایەو كەسانی جیاواز دەچنە سەر تەختی و یادگاری جۆراوجۆر بەسەریدا تێدەپەرن. مۆنمێنت مێژوویەكی وەستاوە، بەڵام كورسی هەمیشە لەجولەدایە، میوانەكانی دەگۆڕێن، شوێنەكانی دەگۆڕێت، مێژووەكەی دەگۆڕێت و خەونەكانی دەگۆڕێت. مۆنمێنت شتێكە ترپەی كات ناگوازێتەوە، زەمەن بۆ ئەو وەستاوە، بەڵام كورسی بەشێوەیەكی سەرپەرو تیژڕەوت لەشەپۆلی زەماندا دەسوڕێتەوەو كات یاری پێدەكات. مۆنمێنت وادروستبووە كە دەسەڵاتی زەمەن بشكێنێت، كورسیش بەو جۆرە دروستبووە زەمەن تێكیبشكێنێت. جەوهەری كورسی لەجەوهەری ئینسانەوە نزیكە. لێرەوە یادەوەری كورسی یادەوەرییەكی بزۆك و گەڕۆكە كە قوولّ بەناو مێژوودا سەفەریكردووە. كورسییەكان لەحیكایەتی خۆیاندا لەسەر هەندێك چركەسات دەوەستن، لەگەڵ هەندێك كەسایەتیدا تەماهیدەكەن، لەگەڵ رۆحی هەندێك شوێن و لەگەڵ بۆنەی هەندێك رووداودا دەبنەیەك. كورسییەكانی شێركۆ دەیانەوێت ئەو شوناسە بدۆزنەوە كە نیانە، لەبنەرەتدا بۆئەوە دروست نەبوون ئاماژە بۆ تەنیا میوانێك و تەنیا ساتێك بكەن، بۆ ئەوە دروستنەبوون چركەساتێكی مێژوویی لەسەریان دانیشێت و هەڵنەستێت، ئەوان یادەتەلار و یادەپەیكەر نین بتوانن لەرێگای سەمبول و لەرێگای روخسارێكی تایبەتییەوە، فۆرمیان ببێتە تەعبیر لەشتێكی دیاریكراو. ئەوان كورسین فۆرمیان قسەناكات، ئەوەی تەنیا دەتوانێت قسەبكات مێژوو و یادەوەرییانە. مۆنمێنت بۆئەوە دروستبووە مێژوو بوەستێنێت، بەڵام كورسییەكان بۆ ئەوە دروستنەبوون، كورسییەكان بۆ شتێكی دیاركراو لێرەنین، ئەوە یادگارەكانیانە مانایان دەداتێ، ئەوە خۆیانن بۆ شوناس دەگەرێن، خۆیانن بۆ تەماهیكردن لەگەڵ ساتەوەختەكان و كەسەكاندا دەگەرێن، بۆیە كورسی لەشاهیدەوە نزیكترە نەوەك لەمۆنمێنتەوە.

## كورسی و قەدەری شتە بچوكەكان

یادەتـەلارەكان (مۆنمێنـت) شـاهیدێكن لەسـاتی شـەهادەتدا وەسـتاون. لـەو سـاتەوە ناجولێن و ناژین، جۆرە تەعبیرێكن فۆرم و ماناو بوونیان تەنیا بۆ ئەوە خولقاوە لەئاست یەك ڕووداودا بوەستن و بوونیان لـەو ڕووداوە جیانابێتـەوە. یـادن كـە لـەیادەوەری دێنـە دەرێ و فۆرمێكی ماددی وەردەگرن، یادن كە لەبوونێكی زیهنی ئەبستراكتەوە بوونەتـەوە بوونێكی ماددی، یاخود گەر بەزاراوەیەكی هیگڵی قسەبكەین، لەئایدیایەكی سوبێكتیڤەوە بوونەتـە شـتێكی ئۆبێكتیڤ، بـەڵام كورسـی لـەم تێكسـتەی شـێركۆدا، سـوبێكتی یـادە، بكەرە، بوونەوەرێكی دەنگداری حیكایەتكارە، شاهیدێك نییـە بەسـەر سـاتی شـەهادەتی خۆیدا بمرێت، بەڵكو شاهیدێكە دەتوانێت لەسەر ساتە گرنگ و جوانەكانی زیندەگی خۆی بوەستێت و بەرەو ساتی دیش بڕوات. شەهادەتیان لەناو یادەوەری خۆیاندایە، سەمبولی شتێك نین، بـەڵام بۆ مانـای بـوونی خۆیـان دەگـەڕێن. مۆنمێنـت بـۆ مانـای بـوونی خـۆی ناگـەڕێت، مۆنمێنـت یەكەیـەكی سـەمبولییە كـە فـۆرم و نـاوەڕۆكی بوونەتـە یـەك شـت، ماهییەتی لـەبوونی جیاناكرێتـەوە، بـوونی پـێش ماهیـەتی ناكـەوێت، بـەڵام كورسـی لـەم تێكستەی شـێركۆدا شـتێكە بـۆ مانـای بـوونی خـۆی دەگـەڕێت، بـوونی هەیـە بێئـەوەی ماهییەتی هەبێت، دۆخی كورسی لەم تێكستەدا لەكاتی بەراوردكردنیدا بەیادەتـەلارەكان، ئەو جیاوازییە تراژیدییەی نێوان شتە بچوكەكان و مانا گەورەكان بەرجەستەدەكات. شـتە بچوكەكان كە لەدەرەوەی حیكایەتە گـەورەكانن، شـتە بـچوكەكان كـە لـەدەرەوەی مانـا گەورەكانن. كورسـییەكانی شـێركۆ، گرێـدراوی هـیچ ماهییـەتێكی بـاڵا نـین، ڕاسـتەوخۆ و ئۆتۆماتیك ئاماژە بۆ ڕەهەندە میتافیزیكییەكانی ناو ڕۆحی نەتەوە ناكەن. شـتگەلێكن بـۆ مانا دەگەڕێن. شێركۆ لێرەدا دەست بۆ شتێك دەبات كە لـەدەرەوەی خەیاڵدان و زیهـنی وێنەسازی ئێمەدایە، سیستمی ڕەمزی ناسیونالیزم هەمیشە پەنای بۆ ئەو شـتانە بـردووە كە ماهییەتیان ئاشكرا و مانایان دیاربووە. بۆ نمونە شـەهیدەكان، كارەسـاتە نەتەوەییـە گەورەكان، قارەمانی جەنگە گـەورەكانی نەتـەوە، كۆمـەڵێك وێنـەن بـەر لـەوەی ئـەدەب دەسـتیان بـۆ بـەرێت خـاوەنی مانـاو ماهییـەتی خۆیـانن، سـەر بـەدونیای حیكایەتـە گـەورەكانن، سـەر بەمێژوویـیـەكن لـەدەرەوەی ئـەدەب دەلالـەت و سـەمبولی خـۆی بەرهەمدەهێنێت، لەئەزموونەكانی تری شێركۆدا كەدەست بۆ مامەیارە دەبات، كە دەست

بۆ بەردەقارەمان دەبات، کە بۆ مامەڕیشە دەنوسێت، کە شیعری یادو بۆنە تۆماردەکات، هەمیشە لەفەزای حیکایەتە گەورەکاندا دەسوڕێتەوە، هەمیشە لەئاسمانی رەهەندە میتافیزیکی و سەمبولە دەرەشوێن و دەرەزەمانییەکانی خەیاڵی ناسیونالی ئێمەدا دەفرێت، پیاوێکە گرێدراوی مێژووی ڕووداوە گەورەکان و شتە گەورەکانە، بەکورتی شاعیری دیوە میتافیزیکی و مەزنبین و گەورەسازەکەی خەیاڵی نەتەوایەتییە، بەڵام لەکورسیدا خودی کورسی، گەرانەوەیەکی دراماتیکی ئەم رۆحە بەرزفڕەیە بۆ ناو شتە سادەو بچوکەکان، بۆ حیکایەتە میکرۆسکۆبییەکان، بۆ لای ئەو شتانەی سەر بەدونیای شتە گەورەکان نین، ئەو شتانەی لەدەرەوەی هەموو چیرۆکێکەوە دەست پێدەکەن، چیرۆکی بچوك و تایبەتی خۆیان نەبێت، لەدەرەوەی هەموو سەمبولە گەورەکان لەدایك دەبن، سەمبولی دەستکردو خۆکردی خۆیان نەبێت. لەگەڵ ئەم وەرگەرانە سەیرەدا، لەگەڵ ئەم دەستبەرداربوونە مانادارەدا بەرەو شتە بچوکەکان، ئەو راستییە زیاتر روون‌دەبێتەوە، کە لەقوولایی ئەم تێکستەدا، کورسی تەنیا رەمزی کورسی خۆی نییە، بەڵکو رەمزی وەرگەڕانی خەیاڵی ئەدەبی ئێمەیە لەئاسمانی ناسونالیزمێکی بەرزفڕو مەزنپەرستەوە، بەرەو کولتوورێك تێیدا شتە بێشوناس و کەسە فەرامۆشکراوەکان و مێژووە نەبینراوەکان دێنەوە سەر سەحنە. کورسی رەمزی بچوکبوونەوەی خەیاڵی ناسیونالیستییە لەخەیاڵێکی میتۆلۆژی ئەفسانەسازەوە، بەرەو خەیاڵێك لەمیتۆلۆژیا گەورەکانەوە گەراوەتەوە بۆ لای شتە ماددی و چکۆڵەکان، چیتر بابەتی ئەم خەیاڵە، قارەمانە ئەفسانەییەکانی وەك مامەیارەو مامەریشە نین، بەڵکو کورسییە بچوکەکانە کە لەکونجی بێدەنگ و فەرامۆشکراوی خۆیانەوە، مێژوویەك دەنوسنەوە کە ئەویش مێژوویەکی بچوك و بێدەنگە.

## کورسی گەورەبوونی رۆڵی شاهید

هەڵبژاردنی شێرکۆ بۆ کورسی وەك پاڵەوانی تێکست، مانای سەیرترمان بۆ ئاشکرادەکات، کورسی کاراکتەرێکی کارا نییە، پاڵەوانیش لەمۆدێلی ئەدەبیاتی ناسیونالیستیدا، کەسێکی چالاك و کارایە. کاراکتەری گرنگ و خۆشەویست لەئەدەبیاتی ئێمەدا ئەو پاڵەوانە نییە کە بەشدارییەکی ئەکتیڤی چالاکییەکان ناکات، بەڵکو ئەو

بوونەوەرە چالاکەیە کە دروستکەری مێژووە. قارەمانی زۆربەی قەسیدەکانی دیکەی شێرکۆ، بکەری مێژوویی گەورەن، لەمەیداندان نەوەکو لەریزی بینەراندا بن. چی روودەدات لەناکاو پاڵەوانێکی بچکۆلەو پەراوێزی دەبێتە قارەمانی تێکستێکی درێژ؟ کورسی وەك لەتەواوی تێکستەکەدا بەرچاومان دەکەوێت بکەر نییە، بەڵکو شاهیدێکی وریایە، بینەرێکی پڕ هەست و هەلاوێردکارێکی بەئەخلاقە. چی وادەکات شاهیدێك لەپەراوێزی دونیاوە ببێە قارەمانێکی گەورە؟ لەراستیدا زیاد لەهۆیەکی جەوهەری ئەم دۆخە دروستدەکەن.

هۆی یەکەم ئەوەیە: نەوەیەك هەیە کە نەوەی «شێرکۆیە» لەوە دەترسێت یادگارییەکان و مێژووی ببێتە با و بروات و لەداهاتوودا بیربچێتەوە، ئەوە نەوەیە کە خۆی بەهەلگری مەشخەڵی سەردەمێك دەزانێت، تائێستا لەبەردەم دەرگای سەردەمێکی نوێدایە کە شێوازی کارو سروشتی کاراکتەر گۆرانێکی ریشەیی گەورەیان بەسەردا هاتووە، ئەم نەوەیە برێکیان لەرەوتی ئەو مێژووە جەنجاڵەدا ونبوون و ماڵاواییانکردووە، لێرەوە ئەو نەوەیە یادەوەری و هەڵگرتنی یادگارییەکان و پاراستنی مێژوو لەهەر کارو چالاکییەکی تر بەگرنگتر دەزانێت. نەوەیەکە لەقۆناغی بایەخدان بەکارەوە گواستوێتییەوە بۆ قۆناغی بایەخدان بەیادەوەری. ئەم نەوەیە ئەمرۆ بۆ شاهید دەگەرێت، خواستی سەرەکی ئەم نەوەیە ئەوەیە شاهیدێك بدۆزێتەوە گەواهی جوانی و پاکی ئەو بدات. لێرەوە لەساتەوەختی ئێستادا رۆڵی شاهید لەویژدانی دەستەجەمعی ئەم نەوەیەدا لەرۆڵی هەموو قارەمانەکان گەورەترە. کورسی ئەو شاهیدەیە کە شێرکۆ دەیهێنێتە زمان تا مێژووی ئەو نەوەیە بنوسێتەوە. بەکورتی لەغیابی مێژوونوسە گەورەو راستەقینەکاندا، لەنەبوونی ئەو حکایەتخوانەدا کە کۆی جوانییەکان و کۆی ساتە ناسکەکان بنوسێتەوە، ئەو نەوەیە ناچارە بۆ حیکایەتخوانێکی دیکە بگەرێت، حیکایەتخوانێکی مەجازی کە شێرکۆ لەکورسیدا دەیدۆزێتەوە.

هۆی دووەم: جگە لەم بایەخدانە تایبەتییە بەشاهید، ئێمە بەرەو سەردەمێك دەرۆین تێیدا نهێنی و ئالۆزییەکان پترو پتر دەبن و ئاشکرابوونەکانیش گەورەتر. رۆژگارێك رووبەری نهێنی بچوك و رووبەری ئاشکرا لەزیادبووندایە، شاهید لەجۆرە سەردەمێکی وەهادا رۆڵێکی زۆر گەورە دەبینێت. کورسی نیشانەی سەرهەڵدانی سەردەمێکە بینەرو

قسەکەر ئیدی رۆڵ دەبین، سەردەمێك تێیدا بینەر نرخی لەنرخی ئەکتەر گەورەترە، خوێنەر بەهای لەبەهای نوسەر باڵاترە. لەهیچ تێکستێکی کوردی دیکەدا وەك ئەم تێکستە بینەر رۆڵی وا سەنتراڵ نابینێت. ئیدی دەکرێت مرۆڤ بڵێت بەمانایەك لەماناکان کورسی کورسی شەهادەتە، کورسی بینەرە، کورسی ئەوانەیە کە دەبینن و لەبینینەکانیان ناترسن، لەقۆناغی نوێدا شاهید رۆڵێکی گرنگ دەبینێت، لەگەڵ کۆتایی رۆژگاری بێدەنگیدا، لەگەڵ سەرهەڵدانی سەردەمێکدا کە رووبەری قسە تیا گەورە دەبێت، بایەخی شاهیدیش گەورەتر دەبێت. ئەمرۆ کۆتایی سەدەی ئایدۆلۆژیا گەورەکانە، کۆتایی سەدەی بکەرە ئەفسانەیی و مەزنەکانە، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو نیگا تاقانەو گۆشە بچوکانەی روانینە کە لێوەی تاك (تاکانە) تەماشای شتەکان دەکات. بەمانایەك لەماناکان لەکورسیدا نزیکبوونەوەیەك لەرۆحی سەردەمی پۆست مۆدێرنە دەبینین. ئەزموونی شێرکۆ و خەیاڵدانی شێرکۆ لەجەوهەریدا سەر بەسەدەی خەونە سەرتاسەری و گەورەکانە، بەڵام بەدرێژایی ئەم ئەزموونە، لەپاڵ دەسەلاتی گەورەی ئایدۆلۆژیاو سیاسەتدا، شتە بچوکەکانیش رێگایەکیان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە. شێرکۆ لەپۆستەرە شیعریەکان و ئاوێنە بچوکەکانەوە بەرەو دونیای شتە بچوکەکان رۆیشتووە، بەڵام هیچ کات ئەو شتە بچوکانە نەبوونەتە قارەمانی تێکستێکی درێژ، هیچ کات سەنتراڵ و جەوهەری نەبوون، هیچ کات لەشاهیدی چرکە ساتێکەوە نەبوونەتە شاهیدی مێژوو، هیچ کات لەنوسەری ساتە وردەکانەوە نەبوونەتە نوسەری حیکایەتی هەموو شار، تەنیا لەکورسیدا ئەو گۆرانکارییە روودەدات کە شتە بچوکەکان لەسنووری بچوکی خۆیانەوە دەبنە شاهیدی تەواوەتی لەسەر دەورو زەمانێکی درێژ. ئەو گۆرانکارییە دەلالەتی ئەو درزە گەورەیەیە کە عەقڵی موتڵەقگەرا تووشیدەبێت، نیشانەی ئەو بایەخە گەورەیەیە کە گۆشەنیگای تاکانە بەدەستی دەهێنێت.

سێهەم: لەو دوو هۆ سەرەکی و گەورەیە بترازێت، هۆیەکی دیکە کە شاهید دەخاتە پێشی پێشەوەی هوشیاری ئێمە، هەرەسی دیکتاتۆرییەتە. ئەم هەرەسە بایەخێکی بێوێنە دەدات بەشاهید. لەوەوبەر لەنوسینێکی زۆر چکۆلەدا، دەربارەی شاهید باسم لەوە کرد کە روخانی دیکتاتۆرییەت مرۆڤ لەبینەرێکی پاسیڤەوە دەگۆرێتە سەر قسەکەرێکی ئەکتیڤ. لەم قۆناغەدا حیکایەتەکان دێنەوە دەرێ. ئەو سەربوردو

بەسەرهات و یادگارییانەی فەرامۆشکراون و چەپێنراون دێنەوە سەرێ، مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی رووداوگۆ (ئەوەی خولیای گێرانەوەی رووداوی هەیە) دووبارە لەدایکدەبێتەوە. سەردەمی دیکتاتۆرییەت سەردەمی مردنی حیکایەتبێژەکانە، سەردەمی داخستن و رەشبوونی گۆشەنیگا فەردییەکانە، واتە مردنی ئەو روانگانەیە کە تاك لێوەی سەیری دونیا دەکات. لەگەڵ رووخانی دیکتاتۆردا تاك وەك بینەرێکی مێژووبین دووبارە لەدایکدەبێتەوە. کورسییەکانی شێرکۆش بوونەوەری مێژووبینن، زۆرجار راستەوخۆ شەهادەتی سیاسیانە نادەن، بەڵام فەزای سەردەمێك دەنوسنەوە کە پرە لەنوشوستی بچوکی مرۆڤ و شتەکان.

بەکورتی تێکستی کورسی ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی سەردەمێك تێیدا شاهید شوێنێکی گرنگ وەردەگرێت. بینەرێك کە دەتوانێت حیکایەتی بینینەکانی خۆی بگێرێتەوە، دەبێتە بکەرێکی مێژوویی. شێرکۆ لەهەڵبژاردنی کورسیدا دوای تارمایی ئەو بکەرە تازەیە دەکەوێت، بکەرێك پێشتر لەنەستی شیعرەکانی شێرکۆدا ئامادەبووە، بێئەوەی بووبێتە بکەری سەرەکی، بەڵام لێرەدا دەبێتە کاراکتەری سەنتراڵ و تاکە دەنگ. لێرەوە ئەم تێکستە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەروانگەیەکی ئەبستیمییەوە، ئاماژەیە بۆ گۆرانکارییەك لەگۆشەنیگای سەیرکردنی ئێمەدا بۆ شتەکان، درزێکی قووڵە لەناو بونیادەکانی پێشیندا.

## کورسی: دەرکراوێکی ناپەشیمان بۆ دەرەوەی سروشت

ئەم تێکستە سەرەتا بەچیرۆکی کورسییەك دەست پێدەکات کە (بەرەچەڵەك کوڕی کوڕی دارگوێزێکی نەقشبەندیی بەناوبانگی هەورامانە) (کورسی ل٢٠). شێرکۆ لەسەرەتاوە حیکایەتێکی ناوەکی ناو سروشتمان بۆ دەگێرێتەوە، بەڵام سروشتێك تا ئەندازەیەکی زۆر بۆتە هەڵگری زمانی قسەو زمانی هەستە ئینسانییە گشتییەکان، ئەوەی دەیخوێنینەوە حیکایەتی کورسییەکە ئەگەرچی لەچایخانەیەکدا پیربووە، بەڵام دەتوانێت بیر لەشوێنی خۆی بکاتەوە لەناو سروشتدا، بیر لە باپیرانی و چارەنوسیان بکاتەوە، بەڵام یادگاری ئەو رۆژە دوورانە کە تێیدا کورسی هێشتا گوێزبووە، پەڵە یادگاری تەماوین کە هێدی هێدی تۆزی زەمان و هەڵمی سەردەم و شوێنە جیاوازەکان لەسەری نیشتوون. بەکورتی یادەوەری سروشتیانەی کورسی، ئەگەرچی خاڵیی نییە لەیادگاری

جوان، خاڵی نییە لەجۆرێك لەتەبایی لەگەڵ سروشتدا، بەڵام دەبێت بڵێم کە لەم وەسفەی سروشتدا تەواوی ئەو ڕەهەندە ڕۆمانسییەی لای گۆران هەیە ونبووە. شێرکۆ تەنیا دیوە مێینەکەی سروشت زۆر بەسیحراوی دەبینێت. ئەوەی لەیادەوەری کورسییەکەی شێرکۆدا ماوەتەوە، ڕووە جوان و سیحراوی و هێمنەکانی سروشت نییە، بەڵکو یادگاری دڵدارییەکانێتی لەگەڵ کچی هەنار و گێلاس و قەیسیدا. ئەو ڕووەی کە بەزیندوێتی لەیادگاری کورسیدا دەژی ڕووکارە غەریزییەکەی سروشتە، نەوەك ئەو ڕووکارانەی پێماندەڵێن سروشت هەر بۆ خۆی و لەخۆیدا مەزن و قەشەنگە. وەسفی گۆران بۆ سروشت لەو خاڵەدا لەوەسفی شێرکۆ جیادەبێتەوە کە خاڵییە لەو پەیوەندییە غەریزییە، خاڵییە لەئیرۆتیککردنی سروشت لەڕێگای مێیاندن و سێکساندنی جوانی سروشتەوە. سروشت لەزۆربەی تێکستە گرنگەکانی گۆراندا خاوەنی جوانییەکە کە مەرجەعییەتەکەی ناگەڕێتەوە بۆ جوانی ئافرەت. مێیاندنی سروشت لەگەڵ مێیاندنی نیشتماندا سەر هەڵدەدات کە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی نوێ و گڕسەندنی هوشیاری ناسیونالیستییدا لەشەستەکاندا برەودەستێنێت. دیارە مێیاندنی نیشتمان پێشتریش ریشەی هەبووە، هەتا لای گۆران و قانیع و پیرەمێرد جۆرە پرۆسەی وا گەلەك جار دەبینرێت، بەڵام ئەوەی ببێتە پرۆسەیەکی زیهنی کە تەواوی خەیاڵدانی ئێمە پردەکات، نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە. تۆنە تۆخەکان و ڕەنگە زەقەکانی ئەم دیاردەیە دەکەوێتە سەردەمی گەرمبوونی شۆڕشی ناسیونالی و سەردەمی گەشانەوەی خەیاڵی ئەدەبی ئەم ناسیونالیزمەوە، ئەگەرچی سەرەتاکان و وێنە بەراییەکانی دەکەونە سەردەمی گۆران و قانیعەوە. شێرکۆ سەر بەقوتابخانەی دووەمە، قوتابخانەی تێکەڵاوکردنی جەستەی مێ و جەستەی خاك، تێکەلاوکردنی لەشی ژن و لەشی نیشتیمان، ڕێبازی وێناکردنی لەشی نیشتمان وەك درێژکراوەی لەشی ژن. ئەم پرۆسەیە لەکورسیداو لەزۆر شوێنی تری ئەزموونی شێرکۆدا دووبارە دەبێتەوە. یادگاری کورسییەکەی شێرکۆ لەناو سروشتدا تەنیا یادەوەرییە غەریزییەکەیەتی، ئەو یادەوەرییەی لەناو هەموو بوونەوەرێکی زیندوودا بەبزێویی و چالاکی دەمێنێتەوە، ئەو بەشەی سروشتە کە هیچ کولتوورو هیچ شارستانییەتێك ناتوانێت بیسرێتەوە، بەڵام یادەوەرییە کۆمەڵایەتییەکەی پڕە لە دەلالەتی سیاسی. لێرەوە یادەوەری کورسی لەسروشتدا یادەوەری یەکێك نییە کە جیابوونەوە لەسروشت

وەك تراژیدیایەكی گەورە تەماشا بكات، ئەو ئازاری جیابوونەوەیەی لای گۆران و قانیع دەیبینین، لای شێركۆ نایبینین. كورسی وەك بوونەوەرێكی ناوەندگر لەنێوان دونیای سروشت و جیهانی مرۆڤدا پتر لەسەر نزیكی خۆی لەمرۆڤەوە قسەدەكات، نەك هەر ئەوە بەڵكو یادەوەریشی پڕە لەوێنەی ناهەمواری سروشت، پڕێتی لەیادی رەشەبای (خوێری)، پڕە لەیادی تەمی قورس و ترسی ئاگرو كوللەو دوكەڵ، دابڕانیش لەسروشت بەمانای مردن و كۆتایی نایەت، بەڵكو دەستكردنە بەجۆرێكی دیكە لەژیان. قانیع و گۆران، دابڕان لەسروشت ئێجگار تراژیدی وێنادەكەن، بەڵام لای شێركۆ ئەو رەهەندە تراژیدییە كۆتایی پێدێت و شتە دەركراوەكان لەسروشت، ژیانێكی دیكەی نوێ دەست پێدەكەنەوە، كە دەوڵەمەنترە لەژیانی یەكەمیان. درەختەكانی سەرەتای ئەم تێكستە، بەگشتی لەبیری ئەوەدان كاتێك لەسروشت دابڕان بڕن بەچی؟. شێركۆ لەسەرەتاكانی ئەم تێكستەدا تادەگاتە لاپەرە هەشتاو هەشت، ئەو لاپەرەیەی كە تێیدا (سەردەمی درەخت) بوون تێدەپەڕێت، شتێكی زۆر لەسەر (خەیاڵی میتامۆرفیۆس) یانەی درەختەكان دەنوسێت، رووبەرێكی گەورە بۆ ئەو ئاواتانە تەرخاندەكات كە درەختەكان لەدەرەوەی سروشت خەونی پێوە دەبینن. شێركۆ لێرەشدا ئەو ساتەی بۆ گرنگە كە تێیدا مەتریاڵەكان لەسروشت دێنەدەرێ و دەبنە موڵكی مێژوو. بایەخدان بەم ساتەش بایەخدانێكی ستراتیژییە، ئاماژەیە بۆ ئەو دەرچوونە رادیكاڵ و گەورەیەی كولتووری ئێمە بەرەو ناو جەرگەی مێژوو. لەدوا چارەكەی سەدەی بیستداو لەو گۆڕانكارییە تراژیدییانەی بەسەر كوردستاندا دێت، ژیان لەناو فەزای مێژوویەكی سیاسی جیهانگیردا دەبێتە بەڵگەنەویستێك و حەقیقەتێكی سادەی ژیانی كۆمەڵایەتی. ئیدی پرسیاری سەرەكی ئەوە نییە كە لەباوەشی سروشت دەترازێین، دەچین بۆ كوێ؟ چیمان بەسەر دێت؟ چ روخسارو چ شێوەیەك وەردەگرین؟. كورسییەكانی شێركۆ هەمان ئەو دۆخە وجودییە دووبارەدەكەنەوە كە كۆی كۆمەڵگای كوردی بەرابەر سروشت تیادەژی. كە لەئامێزی سروشت دێینە دەرێ بەرەو كوێ دەڕۆین، كە لەكۆمەڵگایەكی سروشتی و كشتیارییەوە دەگوازینەوە بۆ كۆمەڵگایەكی شارنشین، بەرەو كوێ دەڕۆین؟. تراژیدیاكە لێرەدا دابڕان نییە لەسروشت، بەڵكو نەزانین و بێئاگاییە لەو چارەنوسەی دوای سروشت چاوەڕێماندەكات.

بەکورتی کورسییەکانی شێرکۆ بەرۆحێکی کەمێك داستانئامێز چیرۆکی سەردەمێکی ئینسانی بەوردەکارییە ناوەکییەکانییەوە دەگێرنەوە، بەکۆمەڵێك خەونەوە لەباوەشی دارستان دێنە دەرێ و تەواو وەك وێنەیەکی ڕەمزی بۆ مرۆڤ دەردەکەون... وەك ئەوەی شێرکۆ پێمانبڵێت: مرۆڤی کوردیش لەچوونەدەرەوە لەسروشت پەشیمان نییە، بەڵکو وەك تەواوی گروهە ئینسانیەکانی ئەم دونیایە، بەخەونی گەورەوە دێتە ناو مۆدێرنەوەو بەحیکایەتی جیاوازەوە دەچێتەدەرێ؟. ئەوەی لەسەرەتای ئەم تێکستەدا گرنگ و سەنتراڵە، ئەو خەونانەیە کە درەختەکان دوای تەواوکردنی قۆناغی درەختبوون هەڵیانگرتووە. ئەوەی کە سەنتراڵە لاوازبوونی دەستی سروشتە لەسەر شتەکان، چیتر دارەکان لەژێر رەحمەتی خودای سروشتدا نین و دەکەونە بازنەی خودایەکی ترەوە کە خودای ئینسانە. ئیدی سەربوردەکە، حیکایەتی کۆمەڵێك کورسی نییە کە لەدارەوە بوون بەکورسی، بەڵکو حیکایەتی کۆمەڵگایەکە لەدۆخی سروشتییەوە دەگوازێتەوە بۆ دۆخی مێژوویی. بۆیە تەوەری گرنگ لەیاداشتیەکانی کورسیدا رووە مێژووییەکەیەتی، واتە ئەوەی بەبایەخەوە لێرەدا حیکایەتدەکرێت، مێژووی مرۆڤە.

## کورسی و سەنتراڵبوونی شوێنی مرۆڤ

کورسی لەلاپەرە ٥٤دا دەڵێت: (هەموو جارێ باوکم ئەیوت: –ئێمەی درەخت و دارستان– یەکەم خواوەندمان سروشتەو — دووەم خواوەندیشمان دارتاش). گومان لەوەدا نییە کە لەکورسیدا ئینسان شوێنێکی گرنگ داگیردەکات، کورسییەکان وەك خۆیان دەڵێن (لەزمانی تەختەوە شار دەگێرنەوە) (مرۆڤ دەگێرنەوە). (ل٩١). مرۆڤ لێرەوە جێگای خواوەند وەردەگرێت. ئیدی مرۆڤ ئەو بکەرە نییە کە شێوە دەبەخشێتە تەختەکان و چارەنوسیان دیاریدەکات، بەڵکو یادەوەری کورسی جگە لەئینسان شتێکی تری تێدا نییە. شێرکۆ لەم تێکستەدا حیکایەتخوانێکی هەیە مرۆڤ بالاترین ئیدیالێتی. بەئیدیالکردنی ئینسان (("ئینسانێك کە بەهەشتێك لەروحیایەتی لەبەهەشتی خودا جوانتر" (١١١)، وە ئینسانێك جوانییەکانی لەهەرجۆرە جوانییەکی تر بالاترە))، درێژکراوەی ئەو بەریانە هیومانیستییە قووڵەیە کە پێشتریش بەزمانێکی سەمبولی و ئاماژەکار لەسەرتاسەری ئەزموونی شێرکۆدا کاریکردووە. ئەوەی لەئەزموونی شێرکۆدا

گرنگەو لەئەزموونی شاعیرە ناسیونالیستییەکانی تر جیایدەکاتەوە، ئەوەیە شێرکۆ لەپاڵ تەقدیسکردنێکی گەورەی مێژووی نەتەوەو سەمبولەکانی نەتەوەو ئازارەکانییەوە، تەقدیسکردنێکی مرۆڤ و دەرخستنی لەساتە جوانەکاندا فەرامۆشناکات، بەجۆرێك دەتوانین شێرکۆ بەچرکەساتی سەرەتایی لەدایکبوونی مرۆڤ لەرۆشنبیری کوردیدا بناسێنین. وێناکردنی مرۆڤ لەزیاد لەگۆشەیەکەوە یەکێکە لەخولیا گەورەکانی جیهانی ئەم نوسەرە. ئەو وێنە جیاوازانەی شێرکۆ لەئەزموونی خۆیدا بۆ مرۆڤ پێشکەشماندەکات، چیرۆکنوسەکان نەیانتوانیوە پێشکەشمان بکەن.

ئەم عەرشە کە بۆ مرۆڤ دروستدەکرێت، بۆ ئینسانێکی ئەبستراکت و میتافیزیکی دەرەزەمان و دەرەشوێن دروستناکرێت، بەڵکو بۆ ئینسانێك کە مەزنی و گەورەییەکەی هەڵگری هیچ رەهەندێکی غەیبانی نییە، ملکەچی هیچ جۆرە وڕێنەیەکی موفاریقخواز نییە. مرۆڤ کە دەبێتە بوونەوەرێکی باڵا، لەرێگای شتە بچوکەکان و هەڵوێستە رۆژانە سادەکانییەوە دەبێت، کە کورسی تەماهی لەگەڵ مرۆڤێکدا دەکات و لەیادەوەری خۆیدا دەینوسێتەوە، هیچ نیگارێکی «بان ــ دونیایی» پێشینە بۆ مرۆڤەکان ناکێشێت. پاڵەوانەکانی شێرکۆ بوونەوەری ئەفلاتونی نین کە وڕێنەی میتافیزیکیانەی عەقڵێك دروستیکردبێتن، قێز لەمرۆڤی راستەقینە بکاتەوەو تەنیا لەگەڵ وێنەیەکی دینی و موفاریقی مرۆڤدا مامەڵەبکات، لەم تێکستەدا کورسی سەمبولێکی ڕاستەوخۆی هەرەسی ئەو رۆحە ئەفلاتونییەتەیە کە تەواوی رۆشنبیری کوردی و عەقڵی سەلەفیی کوردی لەسەدەی بیستدا داگیرکردووە، پشتکردنە ئینسانی راستەقینەو رووکردنە ئینسانی موجەرەد ئەوە جەوهەری فیکری مارکسی و ناسیۆنالی بوو (هەروەك چۆن ئەمرۆ جەوهەری فیکری سەلەفییەتی نوێیشە). پاڵەوانە گەورەکانی ئەم تێکستە لەسەحنەی ژیانی ئاساییدا دەبن بەنمونە و ئیدیال. ئینسان لای شێرکۆ (بەتایبەت لەم تێکستەدا) بوونەوەرێك نییە لەرێگای پەیوەندییەوە لەگەڵ شتێکی غەیبی و رەهادا گەورەیی خۆی بەدەستبهێنێت. ئەو وێنە دینی و ئایدۆلۆژی و میتافیزیکییەی کە جوانی مرۆڤ گرێدەداتەوە بەکەناڵێکەوە کە ئەم مرۆڤە بەشتێکی باڵاترەوە دەبەستێتەوە، ئینسان لەجوانی دادەماڵێ و تەنیا بەکەناڵێکی موقەدەسگەرادا جوانی پێدەبەخشێتەوە... ئەم وڕێنە میتافیزیکییە کە ئیسلامییەکان و زۆر لەناسیونالیستەکانیش بانگەشەی بۆ دەکەن

لەکورسیدا زیانێکی بەرچاو دەخوات. شێرکۆ مرۆڤێکمان پێشکەشدەکات، تەنیا لەرێگای ساتە دەرونی و هەڵوێستە مەبدەئییەکانییەوە دەبێت بەکەسێکی گەورە، پاڵەوانەکانی شێرکۆ بوونەوەری زیندوو، مێژووکرد، خودکارو دونیایین. پاککردنەوەی رەهەندی میتافیزیکی لەمەزنی مرۆڤ، تەکاندنی گەورەیی مرۆڤ لەهەر تەپوتۆزێکی موتڵەقگەراو مەزهەبی، گرێدانەوەی گەورەیی ئینسان بەخۆیەوە، بەهەڵبژاردن و هەڵوێستە راستگۆکانییەوە، تێکدانێکی گرنگی ئەو جیهانبینییە دینی–ئایدیۆلۆژییەیە کە تائێستا عەقڵی ترادسیۆنیستی ئێمەی لەخۆگرتووە، گەورەیی ئینسان لێرەدا خاڵییە لەهەر تەپوتۆزێکی ترانسدێنتالی، خاڵییە لەهەر مەرجەعییەتێکی ئیلاهی، بەڵکو گرێدراوی جوڵەو بزاوتی ئینسانە لەناو مێژوودا.

بەمرۆڤبوون لەم تێکستەدا پەیوەندییەکی بەخودابوونەوە نییە، بەڵکو تەواو ملکەچی مرۆڤبوونە. ئەم روانینە بۆ گەورەیی لەسەرەتای سەرەتادا کەسانێکی وەك قانیع و بێکەس دەیهێننە جیهانی ئێمەوە، کە ئاشکرا جۆرە کولتوورێکی "ئەنتی مەحویانە" دادەمەزرێنێن و بە شەقامێکی گەورەدا بەرەو شتە سادەکان و فەزا رۆژانەکانی زیندەگی دەگەرێنەوە، بەلاّم ئاشکرایە کەسێکی وەك قانیع بەحوکمی سەردەمەکەی ناتوانێت ئەو مەزنییە تەواو لەرەهەندی دینی و میتافیزیکییەکانی پاکبکاتەوە، بەلاّم تەنیا کەمەکێك دەیتەکێنێت. شێرکۆ هەنگاوێکی زیاتر بەو ئاراستەیە دەنێت، لەسەر هەمان رەوت دەڕوات کە رۆشنگەرانی سەرەتای سەدەی بیست لەسەری رۆیشتن. کە شێرکۆ لەم تێکستەدا دەچێتە تۆمارە دارینەکەی کورسییەوە، لەبەر هەڵوێستە راستەوخۆو رۆژانەکانێتی، ئەوەی یادەوەری کورسی تۆماریدەکات تارژەنێکی بێناو و عاشقە کە جگە لەعەشق و تارژەنین خاوەنی هیچی تر نییە، عوسمان چێوارە کە جگە لەشانۆ پردێکی تری نییە بەگەورەییەوە گرێیبدات، نوری عەریزەنووس و سەروەری نێرگس و دیلانە. واتە مرۆڤە سادەکانن لەو ساتەدا کە باجی زیندەگییە سادەکەی خۆیان دەدەن. هەتا ناوە گەورەکانیش لێرەدا بەسادەیی و ساکاری خۆیانەوە دەردەکەون، ئیدیالکردنی مرۆڤ لەم تێکستەدا ملکەچی وێنە تەقلیدییەکانی ئیدیالکردن نین، بەڵکو ملکەچی راستگۆیی مرۆڤە لەگەڵ سروشتە سادەو ئینسانییەکەی خۆیدا.

## کورسی: مێژووی لۆکاڵ

کورسی وەك ئامێرێکی نەبزۆك و نەجووڵ کە بۆ ماوەی درێژ لەیەك جێگادا دەمێنێتەوە، کەرەستەیەکی مەجازییە بۆ مانەوەی یادەوەری و نەگۆرانی، بەڵام بەدیوێکی تریشدا ئاماژەیە بۆ چەقبەستن و چاوگیرکردن لەسەر یەك شوێن. کورسی بوونێکی لۆکاڵی هەیە، لەیەك گۆشەوە شتەکان دەبینێت، یەك جێگا دەگوازێتەوە و یەك فەزا رەسمدەکات. کورسییەکانی شێرکۆ لەفەزای سلێمانیدا دەسورێنەوە، راستە ئاماژە بۆ کورسییەکی کەرکوکی و کورسی فارسی زمان و مۆدێلی دیکەی کورسی هەیە، بەڵام فەزای هەموو شتەکان و بکەری هەموو یادەکان فەزای سلێمانییە.

لەم تێکستەی شێرکۆدا ئەگەرچی سەفەر بەناو زەماندا سەفەرێکی شاقووڵی درێژخایەنە کە گەلێك قۆناغی مێژوویی دەبرێت، کەچی لەئاستی شوێندا جوڵەکە بچوك و سنوردارە.

شوێن لەم تێکستەی شێرکۆدا ئێجگار لۆکاڵە، لەوەوبەر لەزۆربەی تێکستەکانی شێرکۆدا شوێن فەزایەکی کراوەیەو جوڵەش فرەئاراستەیە کە تەواوی کوردستان و هەندێکجار تەواوی دونیاش دەگرێتەوە، بەڵام لەم دەقەدا شوێن داخراوترو لۆکاڵترە. سنووری جوڵە لەسنووری سلێمانی و تخووبە نزیکەکانی دەرناچێت. ئەم ڕووکردنە جێگای لۆکاڵ، ئەم دەستبەرداربوونە لەفەزای کراوە، ئاخۆ تەنیا پێداویستییەکی بابەتییە کە پەیوەندی بەسروشتی فیزیکی کورسییەوە هەیە وەك شتێکی وەستاوو سەقامگیر لەجێگادا، یاخود پەیوەندی بەگۆرانێکی قوولترەوە هەیە؟. لەگەڵ شەری ناوخۆو هاوشان بەکەوتنی خۆری سەدەی نوێ و هاورێ بەکۆتایی دیکتاتۆرییەت، رۆحی پانناسیونالیزمی کوردی کە شێرکۆ یەکێکە لەزمانحاڵە بەرجەستەکانی لاوازییەکی بەرچاوی تووشدێت. شێرکۆ لەتێکستەکانی تردا سنووربڕتر و نالۆکاڵترە، بەڵام هێدی هێدی پاشەکشەی پانناسیونالیزم و سەرهەڵدانی بەریانە لۆکاڵگەراکان لێرەشدا ڕەنگدەدەنەوە. لەدەساڵی رابوردوودا بزاوتی سیاسی کوردی بەشێوەیەکی دراماتیکی بەرەو لۆکاڵبوون دەڕوات و رەهەندە پانناسیونالییەکانی تەواو پێچەوانەی کۆتایی سالانی حەفتاو هەشتا روو لەلاوازیی دەکەن. ئەم لۆکاڵبوونە لەسروشتی ئیش و ستراتیژی هەموو بزاوتە سیاسییە کوردییەکاندا لەتورکیاو ئێران و عێراقدا رەنگدەداتەوە و نائاگا دێتە ناو تێکستی

کورسیشەوە. کورسی چەندە دۆکۆمێنتی یادەوەرییەکە کە دژی بیرچوونەوە دەجەنگێت، هێندەش جەنگی شوێنێکە کە سەرپەرانە رووداکاتە نوسینەوەی مێژووی تایبەتی خۆی. لەگەڵ لاوازبوونی رۆحی پانناسیونالیزمدا، شوێنەکان و شوناسە لۆکاڵەکان پتر بەرەو ناوخۆیان دەکشێنەوە و پتر لەمێژووی تایبەتی خۆیان رادەمێنن. من پێموایە ئەو جۆرە ئەدەبیاتە لۆکاڵە کە پتر بەدوای شوناسی شوێنەکان و مێژووی نهێنی شتەکاندا دەگەرێت، لەرووی ئەدەبییەوە بنج بەستووتر لەئەدەبیاتی بێشوێن و پانگەرای ناسیونالیستی دەمێنێتەوە، چونکە کوشتنی شوێن لەپێناوی خواستی سیاسیدا زیانێکی کوشندەی لەکۆی کولتووری ئەدەبی ئێمە داوە. دەبێت بڵێم کە چیرۆکی کوردی بەحوکمی سروشتی خۆی پێش شیعر سەرەتای ئەم لۆکاڵبوونەی پێوەدەرکەوتووە. لەئەدەبی حسێن عارفدا شوێن بەو دیاریکراوییەی خۆیەوە بوونی نییە. شوێنەکان ئاشکرا کوردستانن، بەڵام زۆربەی کات دەستنیشانکراو نین، واتە چ لەرێگای رووداوو چ لەرێگای ئاماژە نهێنییەکانەوە ناتوانن سروشتی شوێن دەستنیشانبکەین. بەپێچەوانەی ئەدەبی نوسەرێکی هاوچەرخی وەك کاروان کاکە سوورەوە کە رۆحی هەولێرو فەزای هەولێرو مێژووی نهێنی شوێنەکان و خواستەکان بەقووڵی و قەشەنگی لەزۆربەی تێکستەکانیدا رەنگیداوەتەوە، هەڵبەت پێش کاروان گەران بۆ ئەم رۆحە لۆکاڵە لای شێرزاد حەسەنیش هەیە، بەڵام بێئەوەی فۆرمی تەواوەتی خۆی وەرگرتبێت، شێرزاد نوسەرێکە زۆر سەروکاری لەگەڵ ڕەهەندی ناوەوەی مرۆڤدایە.

مەبەستمە بڵێم کە ئێستا بەریانێك و ئاراستەگیرییەکی توند لەئەدەبیاتی کوردیدا بەرەو لۆکاڵبوون هەیە، کە هەندێك دیوی پۆزەتیڤی هەیە وەکو چۆن لەنێگەتیڤبوونیش خاڵی نییە. کورسی بەجۆرێك لەجۆرەکان هێمایە بۆ ئەو لۆکاڵبوونە، رەمزی سەرهەڵدانی ئەو نیشتەجێبوونەیە لەجێگایەکدا، ئاماژەیەکی توندیشی تێدایە بۆ دەستبەرداربوون لەئەزموونی فرەجێی. هەڵبەت لۆکاڵبوون مەرج نییە تەنیا گرێدراوی ناوی شوێن و دەستنیشانکردنی راستەوخۆی جێگا بێت، لۆکاڵبوون دەشێت پرۆسەیەکی رەمزی ناراستەوخۆش بێت، بەڵام بەگشتی لۆکاڵبوون بەدیوێکدا درێژکراوەی هەرەسی ئەو جێگا میتافیزیکییە بێشوناس و بێناونیشانەیە کە بیرۆکەی تەجریدیانەی (نیشتمان) لای ناسیونالە کوردەکان و (نەبوونی نیشتمان) لای مارکسییەکان لەدونیای ئێمەدا

چاندوویانە. گەڕانەوە بۆ شار، بۆ شوێنە لۆکاڵە بچوکەکان، بۆ کونج و کەلەبەرە بیرکراوو بێبایەخەکان، بینینی دونیا لەگۆشەنیگای کورسییەکەوە کە جوڵەیەکی کیسەڵئاسای بەشوێندا هەیە، کاتی تەواوی لەبەردەستدایە پەیوەندییە رۆحی و عاتیفییەکانی خۆی لەگەڵ جێگادا گیانرەنگ و ناواخنبکات، ئاماژەن بۆ سەرهەڵدانی جۆرێك لەگیانی لۆکاڵییەت کە بەدرێژایی مێژوو لەئەدەبیاتی کوردیدا ئامادەنەبووە. ئەم ئاوڕدانەوە گەورەیە لەمێژووی شوێن، بەرای من لەسەر حیسابی کەمبوونەوەی بایەخ و نرخی رەمزی بیرۆکەی نیشتمانی گەورە و وێنەی خاکی بەرینی نەتەوە دروستبووە. ئەمە بەشێکە لەو بەریان و پرۆسە گشتییەی تێیدا نرخی شتە مەزن و گەورەو بالاکان بۆ شتە بچوك و خنکێنراوەکان دەشکێت، ئاماژەیەکی ترە بۆ پاشەکشەی حیکایەتە گەورەکان و سەرهەڵدانی حیکایەتە بچوکەکان، هێمایەکی ترە بۆ لاوازبوونی رۆحی ئیقلیمگیری ناسیونالی و گەڕانەوەی جێگاکان بۆ شوناس و سادەوەری تایبەتی خۆیان. جوگرافیای ئەم تێکستە جوگرافیای سلێمانییە، پشکنینی یادەوەری ئەم جێگایەیە، راوکردنی هەندێ چرکەسات و هەندێ گۆشەو کونجی ناو مێژووی ئەو یادەوەرییەیە کە تێیدا کورسییەکان وەکیلی یادەوەری شەخسی نوسەرن.

ئەگەر دەربەندی پەپولە ئەو تێکستەی شێرکۆ بێت کە تێیدا ستایشی فرین و شوێن جێهێشتن دەکات (ئەگەرچی هاوشان بەترسی فرین و هاورێی سامی شوێنیادکردنە)، ئەگەر پەپولە رەمزی فرین و لەشسوکی و جوڵەی خێرابێت، ئەوا کورسی پۆلی پێچەوانەی ئەم ڕەمزەیە، کورسی ستایشی شوێنە، تێکستی مانەوە و دانیشتنە، ڕەمزی وازهێنانە لەفرین، رەمزی پیربوونی پەپولەکانە و هێمایە بۆ خۆنوساندن بەجێگای لۆکاڵەوە.

## کورسی ئەدەب

دەرکەوتنی کەسانی وەك (عەلی فەوتاو) (سەروەری نێرگز) (نوری عەریزەنووس) لەم تێکستەدا، ئاوێنەی کۆتایی سەردەمی قارەمانە سیاسییەکانە. کورسییەکانی شێرکۆ ئەمجارە بەژێر گەورە سیاسییەکاندا ناڕۆن، لەو شوێن و ژوورانەدا نین کە بریاری سیاسی گەورەیان تیادەدرێت، نشینگەی سیاسەتمەدار نین و ناویان نازانن، جوانترین ساتەکانی

ژیانیان ئەو ساتەیە کە نوسەرێك لەسەریان دادەنیشێت، یادەوەریان مێژووی ئەدەبی لەمێژووی سیاسەت زیاتر دەنوسێتەوە، جوانترین رۆژەکانی عومریان ئەو رۆژانەیە کە تێیدا بەئەدیبە گەورەکانی ناو مێژووی شار دەگەن. ئەم تێکستە پرە لەناوی نوسەرە ناسراوەکانی سەدەی بیست، لەحەمدییەوە بۆ شێرکۆ خۆی. بەگشتی دوولانەکردنێك هەیە لەنێوان کورسی ئەدەب و کورسی دەسەڵاتدا کە پێشتر بەو رادیکاڵییەتە لەئەدەبی شێرکۆدا نەمانبینیوە. شێرکۆ لێرەدا ئەگەرچی پشت ناکاتە یادەوەری مێژوویی ئێمە، ئەگەرچی پشت ناکاتە برینە سیاسییە زەقەکان و رووداوە سیاسییە گەورەکان، ئەگەرچی لەکۆتاییدا بەدوو ئاماژە باس لەسێ کەسایەتی و سێ شەهیدی دێرینی بزاوتی ناسیونالی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشتکردنێکی رەهاو گەورە لەکورسی سیاسییەکان دەبینین. یادەوەری کورسییەکان زۆر شت هەڵدەگرن، بەڵام یادی سیاسییەکانیان هەڵنەگرتووە. ئەم تێکستە تارادەیەك ئاماژەی ئەو تۆرانە گەورەیەیە کە لەدوای راپەرینەوە لەنێوان ئەدەب و سیاسەتدا دروستدەبێت. گومان لەوەدا نییە کە سیاسەت تا ئەندازەیەکی زۆر رۆمانسییەتی خۆی دۆراندووە، لەقۆناغی ئێستادا هەر هەوڵێك بۆ جوانکردنی سیاسییە کوردەکان و رازاندنەوەیان و بەڕۆمانسیکردنیان زیانێکی کوشندە لەئەدەبیات خۆی دەدات. کورسی لەم تێکستەدا مەجازێکە بۆ عەرشی یادەوەری، ئەو عەرشەی شتە زیندووەکان هەڵدەبژێرێت و ماف بەردەوامی دەبەخشێت، دەرکردنی سیاسەت، دورخستنەوەی عەرشی یادەوەریی لەسیاسییەکان، جۆرە سزایەکی دەستەجەمعییە بۆ گروهێك کە بەگشتی لەماوەی پازدە ساڵی رابوردوودا مایەی گەلەك نەهامەتی گەورەبوون. کورسییەك کە دەبێت لەیادەوەریدا زیندبووبێت و یادێك کە دەبێت هەڵبگیرێت، یادی ئەدیبان و شاعیران و مۆسیقارەکانە، یادی دیلان و ولیەم یۆحناو کەمال سابیرە. لەم تێکستەدا ئەدەب و هونەری کورسی قەداسەت و گەورەیی، عەرشی یادەوەری لەسیاسەت دەسێننەوە و دووبارە دەبنەوە ئەو ناوەندەی کە گەورەیی و مەزنی بە خۆیانەوە گرێدەدەنەوە. بەکورتی لێرەشدا جۆرە لادانێك و پچرانێکی حیکایەتخوانانە لەنێوان شێرکۆ و بابەتە پێشینەکانی شیعری شێرکۆدا دەبینین، کە خاڵیی نییە لەدەلالەت.

## کورسی و ترسی کۆتایی

شێرکۆ لەم تێکستەدا وەك هەموو تێکستەکانی تر لەناو مێژوودا نوقمە. کورسییەکەی شێرکۆ کورسییەك نییە لەنێوان (نرخی تایبەتی یاد)و (نرخی مێژوویی یاد)دا جیاوازییەکی قووڵ بکات. واتە کورسی جگە لە رەهەندە مێژووییەکەی، جگە لەمانا و نرخی ئەو شتانەی کە بینیونی هەڵگری جۆرە بوونێکی سوبێکتیڤی راستەقینە نییە، کورسی بکەرێکی گرنگە، رەمزێکی جەوهەرییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاڵەوانێکی بێکاراکتەرە. ئەگەرچی زۆر لەلای ئینسان و وردەکارییەکانی ژیانی دەوەستێت، بەڵام رووبەرێکی بچوك بۆ ئاشکراکردنی سوبێکتی خۆی تەرخاندەکات.

راستە شێرکۆ لەم تێکستەدا بازێکی گەورە دەدات لەمێژووە پانگیر و تۆتالیتارەکانەوە دێتە سەر مێژووە بچوکەکان، لەئاسمانی بەها مێژووییە گەورەکانەوە دادەبەزێت بۆ زەمینی بەها ستاتیکییە وردەکان، بەڵام سوبێکت لێرەشدا وەك هەمیشە بوونێکی پەراوێزی هەیە، کاراکتەر غائیب و بێسەنگە. کورسییەکانی شێرکۆ کورسی بێسوبێکتن، لەیادەوەری بەولاوە هیچی تر نیین. ئەم زاڵبوونە رەهایەی رەهەندی یادەوەری لەتێکستەکەدا تارادەیەکی زۆر ژیان و بوون و دەنگی ناوەکی کورسییەکان کزدەکات و ئەوەی بۆیان دەمێنێتەوە تەنیا یادەوەرییانە. کورسییەکان هیچ نین جگە لە یادەوەرییەك کە ناشێت بمرێت، نرخیان و بوونیان بەنرخ و بوونی یادگارییەکانییانەوە گرێدراوە. لەم تێکستەدا یادەوەری نرخێکی ئێجگار هەمەخۆری هەیە کە تەواوی رەهەندەکانی دیکە دادەپۆشێت. باڵادەستی یادەوەریی لەقووڵایدا دەمانخاتە ناو هاوکێشەیەکی قورسەوە، زاڵبوونی یادەوەری بەمانایەك لەماناکان زاڵبوونی هەستە بەکۆتایی، یادەوەری ئەوکاتە دەبێتە هەموو شتێك کە هەستبکەین ژیان بەرەو کۆتایی دەروات.

دەسەڵاتی تەواوەتی یادەوەری، دەسەڵاتی کۆتاییە. لێرەوە بەمانایەك لەماناکان ئەو رووبەرە گەورەیەی مێژوو لەم تێکستەدا داگیریدەکات، ئاماژەیە بۆ مردن و کۆتایی قۆناغێکی مێژوویی. کورسی چەندە بانگەوازێکە بۆ نەمری و بیرنەچوونەوە، لەقووڵاییدا هەستێکی زۆر تراژیدی تێدایە سەبارەت بەسەرچوون و کۆتاییهاتنی سەردەمێك. ئەو یادەوەرییە نۆستالژییە، ئەو زاڵبوونە ڕەهایەی یاد تەنیا ئاماژە نییە بۆ نەمری، بەڵکو

ترسـێکی گـەورەی تێدایـە دەرهـەق بـەمردن و بەسەرچـوونی ڕۆژگـار، بایەخـدانی وا سـەرپەڕانە بـەیادەوەری تـەنیا ئـارەزووی نـەمری و جاویدانـەگی هەڵنـەگرتووە، بـەڵکو ترسێکی کوتوپڕ و قووڵی مردنیش ئاشکرادەکات. بایەخنەدان بەسوبێکتی راستەقینە لـەو هەستە قووڵەوە هاتووە کە کۆتاییـەکی گـەورە بەڕێوەیـە هـەموو شـتەکان لەگـەڵ خۆیـدا دەبات. شێرکۆ لەکۆتایی تێکستەکەدا باس لەمردنی کورسییەکان دەکات لەئەنفالدا، بەڵام تێگەیشتنی من ئەنفال لێرەدا ئەنفالی سیاسەت نییە، بەڵکو ئـەنفالی زەمەنـە، ئـەو هێـزە ترسـناکەی مـردن و بیرچـوونەوەیە کـە شـتەکان دەبـات و خـاوەن یادەکـان دەکاتـە ژێـر گڵەوە، ئـەو ترسـەی کـە لـەناو تێکستەکەدا نیـشتەجێیە تـرس نییـە لـەهێزێکی سیاسـی کوشندە، بەڵکو ترسە لەکۆتایی قۆناغێك و مردنی بکەرەکانی. ئەنفال لێـرەدا کۆتاییـەکی سیاسـیانەی سـەردەمێك نییـە، بـەڵکو مەجازێکـە بـۆ جـۆرە بەسەرچـوون و تێپـەڕینێکی دڵڕەقانە کە قۆناغێکی دەوڵەمەند و جـەنجاڵی مێـژووی ئێمـە پێیخستۆتە نـاوی. لاوازیـی ئامادەبوونی سـوبێکت لـەم ئەزموونـەدا، لـەپاڵ هۆگـەلێکی دیکـەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو دەسـەڵاتە ڕەهایـەی مـردن کـە بەبێـدەنگی لەتێکـستەکەدا و لـەژێرەوە دەسـوڕێتەوە، دەسەڵاتێك وادەکات کورسییە خاوەن یادەکان بەر لـەکۆتایی خۆیـان هـەموو مردووەکـان بانگهێشت بکەنەوە، تێکستەکە لەجۆرێك لـەتۆماری مردووەکـان بـۆ سـەردەم و زەمانێـك دەچـێت، کـە ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوخـساری دەچـێتە ژێـرەوە و کـاڵتر و کـاڵتر دەبێتـەوە، بەجۆرێکی ترسناك سیخناخە بەبۆن و هەناسـەی مردووەکـان. کورسـی سـەفەرێکی درێـژ بەناو ئەو بۆن و یادگار و هەناسانەدا دەکات. ئیدی ئەم یادەوەرییە ناتوانێت لەسـەر یـەك بکـەر یـەك حیکایـەت بوەسـتێت، بـەڵکو دەتوانێـت لەسـەر ڕۆحـی قۆناغەکـەو سـەمبولە خێراکـانی قـسە بکـات. لەهەنـدێ جێگـادا کورسـی بەبەلـەمێکی گـەورە دەچـێت کـە بـەر لەخنکان و ژێرئاوکەوتنی دەیەوێت شتەکانی خۆی رزگاربکات. ئیـدی ناتوانێـت بـەئارامی لەسـەر یـادی شـتێکیان بوەسـتێت، بێئـەوەی لەفـەوتان و یادچـوونەوەی ئـەوانی تریـان بترسـێت. ئـەم کورسـییە وەك ئەسـکەملی تایبـەتی سـەر تـەختی شـانۆیەك وەهایـە کـە کاراکتـــەرەکان لـــەکۆتایی شـــانۆگەرییەکدا دووبـــارە بـــەخێرایی دێنەوەســـەری و دەردەکەونەوە. لـەم دەرکەوتنـەوە خێرایـەدا، چـەندە خواسـت و ئـارەزووی یادکردنـەوە کارایەو زیندووە، دە هێندەش ترسی مردن و سامی دادانەوەی دواهەمین پەردە ئامادەیە.

## کورسی و بوونەوەرە واقیعییەکان

ئەدەبی شێرکۆ ئەدەبێکە بەگشتی لەسەر کاراکتەری واقیعی ئیشدەکات، لەسەرەتای ئەزموونی شیعری شێرکۆوە، هێندەی شیعر بۆ کاراکتەرو بکەری واقیعی دەنوسێت شتێکی ئەوتۆی بۆ کەسایەتی خەیاڵی و کاراکتەری میتۆلۆژی نەنوسیوە. پاڵەوانی شیعری شێرکۆ کەسایەتییە ناسراو و دیارەکانی مێژووی ئێمەو دونیان. شیعری شێرکۆ لەسەرتاوە، لەقەسیدە بەناوبانگەکەیەوە بۆ مایکۆفسکی، لەشیعرەکەیەوە بۆ بەرزانی تا ئەم تێکستانەی دوایی پڕە لەناوی خەڵکی زیندوو، پڕە لەو کاراکتەرە جۆراوجۆرانەی کە لەکونجێکی دونیای ئێمەدا و لەبڕگەیەکی مێژووی ئێمەدا ڕۆڵیان بینیوە. شێرکۆ لەهەموو شیعرێکیدا بەتایبەت کارە درێژەکانی پێویستی بەکەسێکی زیندوو و واقیعی هەیە تا دەربارەی بدوێت. لەزۆر لەتێکستەکانیشدا شێرکۆ بۆ کاراکتەرە پۆزەتیڤ و ئەرێکارەکانی ناو مێژووی ئێمە دەگەڕێت، بەڵام لەکورسیدا ڕووبەری بوونەوەرە واقیعییەکان و ناوە ڕاستەقینەکان گەورەتر دەبێت. جەوهەری ئەزموونی شێرکۆ دۆزینەوەی شیعرییەتە لەشتە واقیعییەکاندا. خەیاڵ لای شێرکۆ ماشێنێکی خودکار نییە کە ئۆتۆماتیکی بەبێ مۆتیڤی واقیعی کاربکات. خەیاڵێك نییە خۆی کاراکتەر بخوڵقێنێت و فەنتازیای لەسەر دروستبکات، خەیاڵی شێرکۆ بەردەوام پێویستی بەمۆتیڤی دەرەکی هەیە، توند بەواقیعەوە گرێدراوەو لەمێژوودا دەگەڕێت. بەبێ ئەو مەرجەعییەتە مێژوویی و واقیعییە ڕەنگ بوو ئەزموونی شێرکۆ جیاوازییەکی قووڵی لەئەزموونی شاعیرانی نەوەی خۆی نەبایە، ڕەنگ بوو لەدوا دەرەنجامدا سنووری تێکستی شیعری وەك ئەمڕۆی دەبینی بەوجۆرە فراوان نەبایە. ئەمە وایکردووە شێرکۆ شاعیرێکی ئیشکالی بێت، هەریەکەمان و لەروانگەی سەیرکردنی فیکری و سیاسیمانەوە شتێك لەشیعیر شێرکۆمان قەبووڵ نەبێت، پێمان وابێت کە هەندێ ئادەمی و هەندێك ناو کە ئەو بۆیان دەنوسێت شایستەی ئامادەگی ناو قەسیدەو شکۆی ناو شیعریان نییە، بێئەوەی ئەو خاڵە جەوهەرییە ڕەچاوبکەین کە خەیاڵی شیعری شێرکۆ لەدەرەوەی ئەو مۆتیڤە زیندووانە، بەدەرەوەی ئەو وێنانەی کەسە واقیعییەکان پێشکەشیدەکەن جوڵەیەکی قورستر دەکات و کەم بەرهەمتر دەکەوێتەوە. شێرکۆ لەبوونەوەرە زیندووەکاندا لە کەسە واقیعییەکانی ناو ژیانی ڕۆژانەدا سەرچاوەو کانگای شیعریی خۆی دۆزیوەتەوە، لێرەوە بابەتی شیعریی

لای ئـەو ئاسـانتر سـوڕاوەتـەوە و سـوکتر گەشـەیکردووەو فراوانبـووە. شـیعر لای شـێرکۆ بەگشتی کورسـییەکی مەجازییـە بـۆ دانیـشاندنی بوونـەوەرە واقیعییـەکان، کورسـی لـەم تێکـستەدا وێنەیـەکی بەلاغیانـەی شـیعر خۆیـەتی، مورادیفـە رەمـزی و وێنـە مەجازییەکەیەتی. بۆیـە دەکرێت بـەروونی قسە لەپەیوەندییـەکی قـووڵ لـەنێوان وێنـەی کورسی و دەلالەتی شیعر خۆیدا بکـەین. هـەردووکیان دوو کەرەسـتەی ئامادەکردنـەوەی مرۆڤە زیندووەکانن، دوو شانۆن بۆ دەرکەوتنـەوەی بوونـەوەرە واقیعییـەکان، وەك چـۆن تاکە شتێکی زۆر خەیاڵی لەئەزموونی شێرکۆدا شیعر خۆیەتی، نەوەك بابەتەکانی شـیعر و قارەمانەکانی ناو شیعر، لەکورسیشدا تاکە شتێکی خەیاڵی کورسی خۆیەتی، کورسی کـە دێتە قسەو دەبێتە ئەو بوونەوەرەی کە یادگارییەکانی خۆی دەگێڕێتـەوەو رەوتـی ژیـانی خۆی باسدەکات، بەڵام لەدەرەوەی ئەم کاراکتەرە خەیاڵییە، بەدەر لەکورسی ناواقیعی و قسەزان و مرۆڤئارا، تەواوی شتەکانی دی، تـەواوی رووداوە سیاسـییەکانی ئـەو مێـژووە، تەواوی کاراکتەرەکان و ناوەکان و رووداوەکـانی دی نـاو و کاراکتـەرو رووداوی واقیعـیین. وەك چۆن شیعری شێرکۆ ئەو بونیادە مەجازی و خەیاڵییەیە کە چەندین ساڵە شاعیریەتی ناو بوونەوەرە واقیعییەکان لەسەری دادەنیشن، کورسیش مەجازی خودی ئەو شـیعرەیە. ئیدی دەتوانین بڵێین کورسی هەر خودی شیعری شێرکۆیە بەر لـەوەی بـەزمانی پـەخـشان بایۆگرافیای خۆی بنوسێتەوە، بەزمانی شـیعر ژیاننامـەی تایبـەتی خـۆی ئاشـکرادەکات. کورسـی خـودی شـیعری شـێرکۆیە کاتێـك بـۆ مـورادیفێکی شـیعری دەگـەڕێت، هـەر ئـەو بوونەوەرە خەیاڵی و بەلاغییەیە کە بۆ رزگارکردن و پەیوەندیی بەستن لەگەڵ بوونـەوەرە زیندووەکاندا هاتۆتە دونیاوە. شیعرە کە روخساری ئۆبێکتێکی وەك کورسی وەرگرتـووە. چۆن شیعری شێرکۆ لەدەرەوەی پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ مرۆڤە واقیعییەکان و ناوە راستەقینەکان و رووداوە مێژووییەکان بوونی نییە، کورسیش ئەو بوونەوەرە مەجازییـە کە هەمان مێژووی شیعری شێرکۆ دووبارە دەکاتـەوە. بـەکورتی گـەر کورسـی بەدیوێکدا یادەوەری شێرکۆ بێت کە دەیەوێت شتێك لەکەشتییەك رزگاربکات کە هێدی هێدی بـەرەو نوقمبوون دەچێت، بەدیوەکـەی دیـدا (کورسـی) وێنەیـەکی مـەجازی شـیعری شـێرکۆیە، ئاماژەیـەکی دەلالیانـەی ئـەو وەزیفـە مێـژوویی و دێرینەیـە کـە ئـەم شـیعرە لەئەسـتۆی گرتووە.

## ڕەمزی گشتی و چیرۆکی تایبەتی

لەم بڕگانەی سەرەوە تێدەگەین کە لەکورسیدا حیکایەتێکی سەنتراڵ و گـەورە بـوونی نییە، قارەمانێکی تاقانـە بـوونی نییـە، بـەڵکو یادەوەرییـەکمان هەیـە بەسـەر کاتـەکان و شوێنەکاندا دابەشبووە، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕوو وەرگەڕانە گەورەیـەدا لەحیکایـەتی گـەورە، کورسی لەم تێکستەدا خۆی (ڕەمزێکی گـەورە)یـە. ڕەمزێکـە شـێرکۆ بێـشومار وەزیفـەی دەداتیَ، سەمبولێکە بەدیوێکدا نوێنەری یادەوەری مێژوویی ئێمەیە، نوێنـەری یـادەوەری شـاعیرە، نوێنـەری یـادەوەری شـیعری ئێمەشـە. شـێرکۆ لەکورسـیدا بـەدوای ڕەمزێکـی بـەهێزدا دەگـەڕێت، بتوانێـت شـوێنەکان بپـشکنێت و مێـژووەکان بدۆزێتـەوە، واتـە یـەك وەزیفە نییە، سەمبولێکە کە ئاماژەیە بۆ وەستان، بۆ عەرش، بۆ مانـەوە، بـۆ مێـژوو، بـۆ جێگا. بـەکورتی سـەمبولێکی فرەتوانایـە، وەك سـەمبولێکی بـاڵا ئیشدەکات کـە ڕەمـزە بـچوکەکانی دی لەوەزیفـە ڕەمزییەکـەی ئـەوەوە مانـا وەردەگـرن. خـودی ئـەم ڕەمـزە تینوێتییەکی دێرین و ریشەیەکی قووڵی لەهوشیاری ئێمەدا هەیـە، گـەران بـۆ سـەمبولێك، تەواوی حیکایەتەکان لەخۆبیگرێت، تەواوی شـتەکان بڵێـت، گەڕانـە بـۆ هۆکـارێکی بیـنین بتوانێـت قـووڵترو سـەرتاپاگیرتر بروانێـت. شـیعری شـێرکۆ ئەگەرچـی ئـەو سـەنتەرە میتافیزیکییەی جێهێشتووە کە تێیدا قەسیدە یەك سەنتەری هەبێت و تێکست پێکهاتێکی داخراوبێـت، بـەڵام شـیعری شـێرکۆ ئـەو ئـارەزووەی نەدۆرانـدووە لەیەککاتـدا لەهـەموو شوێنەکان بێت و هەموو کەرتە حیکایەتەکان کۆبکاتەوە، واتـە ئەگەرچـی یـەکێتی بـەمانا کلاسـیکییەکەی هەرەسـیهێناوە، بـەڵام خواسـتی کۆکردنـەوەی پارچـەکان و دەسـتدان لەهەموو بەشەکان هێشتا نەمردووە.

بەواتایەکی دی لەئەزموونی شێرکۆدا داننان بەهەرەسی ئەو یەکێتییـە کلاسـیکییە کـە شتەکان کۆدەکاتەوە هێشتا بەمانای کۆتاییهاتنی شەهوەتی کۆدیدی نییە. شێرکۆ هێشتا وەك هـەموو نوسـەرێکی دیکـەی پـڕ وشـە و پـڕ خـەون لـەخولیای دروسـتکردنی ئـەو کەرەستەیەدایە کە کۆمەکیبکات لەیەك کاتـدا لەهـەموو جێگاکانـدا بێـت. شـیعری شـێرکۆ ئەگەرچی خودای بەمانای میتافیزیکییەکە کردۆتـە دەرەوە، بـەڵام ئـارەزووی خودابـوونی نەکوشتوە، واتە ئەگەرچی پەیکەرە میتافیزیکی و کلاسـیکییەکانی تێکشکاندووە، بـەڵام ئاسـەوارەکانی ئـەو جـۆرە نیگایـەی نەسـڕیوەتەوە. لێـرەوە هەڵبـژاردنی سـەمبولی

کورسی،چەندە دابەزێنێکی گرنگی عەرشە لەئاسمانەوە بۆ زەوی، مالاوایییەکی گەورەیە لەغەیب لەپێناوی بەسەنترالکردنی ئینساندا، بەلام ئەو ئارەزووە کۆگیرەی نەدۆراندووە کە نەبزی هەموو شوێنەکان بگوازێتەوەو شاهیدی سەرتاپای سەردەمێك بێت. سەمبولی (کورسی) کۆمەکی گەورەی شێرکۆیە بۆ هێنانەدی ئەو ئارەزووە، راستە کورسی کەرەستەیەکی جوڵاو و مۆبیل نییە، بەلام کورسی لەهەموو شوێنێکدایە، هەر جێگایەك ئاوەدانی لێبێت کورسیشی لێیە، لێرەوە گێرانەوەی مێژوو لەرێگای کورسییەوە، بۆ بینینی کۆی شوێنەکان و کۆکردنەوەی کۆی ساتەکان کارێکی شیاوە. کورسییە نەجوڵاوەکانی شێرکۆ لەرێگای حیکایەتی کورسییەکانی دییەوە، لەریگای گۆڕینەوەی یادەوەرییەوە کێشەی بێدەست و پایی خۆیان چارەدەکەن. شێرکۆ کورسی وەك ئەو سەمبولە فرەتوانایە بەکاردەهێنێت کە بینینێکی پانورامی دەبەخشێتە شاعیر. ئەوان هەر یەکەیان کەرتە حیکایەتێکیان پێیە، بەلام دەتوانن بەئاسانی بە کۆ ئەو پانۆراما گشتییە دروستبکەن کە شاعیر بۆی دەگەڕێت. دروستکردنی رەمزێکی وەها فرەدیوو فرە فەرمان، وادەکات مرۆڤ بلێت لەسەرەتای ئەزموونی شێرکۆوە گەرانێکی قوول بۆ دۆزینەوەی رەمزی بالا هەیە، رەمزێك لەقۆناغەکانی سەرەتادا لەشێوەی ئاسکە موبارەکدا دەردەکەوێت، واتە رەمزێك و سەنتەرێکی موقەدەسە. لەزۆر لەتێکستەکانی سەرەتاو شیعری هەشتاکاندا ئەو سەنتەرە موبارەکە بەشێوەی جۆراوجۆر لەشیعری شێرکۆدا دەردەکەوێتەوە، لەگەڵ دەربەندی پەپولەدا ئەو سەنتەریزمە تاك دیوە کەمەکەمە بەرەو هەڵوەشانەوە دەروات. لەسەنتەرێکی ون و غەیبی و نادیارەوە (وەك ئاسکە موبارەك) دەبێتە بکەرێکی دونیایی سادە، دەبێتە کورسییەکی لاق شەلی ناو چایخانەیەك.

لەئاسکە موبارەکەوە بۆ کورسی، ئارەزووی شێرکۆ بۆ رەمزی گشتی و (هێماسالار) کزنەبووە، بەلام سروشتی سیستمی رەمزی و وەزیفە و چۆنێتی رەمزەکان گۆڕانی رادیکالیان بەسەردا هاتووە. گەورەترین گۆڕانێك من سەرەنجیبدەم، گۆڕانی رەمزە لە (بینراوە) وە بۆ (بینەر). گەر تەماشای ئەزموونی شێرکۆ بکەین لەئاسکە موبارەکەوە، سەنتەرە گەورەکەی تێکست و رەمزە ناوەندییەکەی تێکست خودی حیکایەتخوان خۆی نییە، بەڵکو ئەو شتەیە کە حیکایەتدەکرێت، واتە بینەر خۆی ناوەند نییە، بەڵکو حیکایەتەکە چەقێکی پیرۆزی هەیە کە هەموو چاوەکان دەبێت لەوێ بروانن.

حیکایەتخوان (بینەر) لەسەرەتای ئەزموونی شێرکۆدا خۆی رەمز یان سەنتەر نییە، بەڵکو کۆمەککار و یاریدەدەرێکە ئێمە بەرەو ئەو رەمزە ناوەندییە رادەکێشێت کە دەبێت نیگاکان ببینن. لەتێکستەکانی دیکەدا ئاسکەموبارەك، شێخ مەحمود، مامەیارە چەقی بینراو و کۆنکرێتن... بەڵام لەگەڵ رەنگدان و بۆننامەدا ئەو چەقە تارادەیەکی زۆر دەفرێت و سروشتی کۆنکرێتیانەی خۆی وندەکات، لەتێکستە تازەکانی شێرکۆدا جیهان بێسەنتەرتر دەنوێنێت، بەڵام لەهیچ تێکستێکی شێرکۆدا وەك کورسی حیکایەتخوان یان بینەر وەك رەمزێکی وەها فرەقودرەت دەرناکەوێت. کورسی بینەرێکی ئاشکرایە کە خۆی بووە بەسەنتەری دونیا، حیکایەتخوانێکی ئازادە کە تەواوی شتەکان لەپەراوێزی رۆحی ئەودا روودەدەن، ئەو خۆی حیکایەتی خۆی هەڵدەبژێرێت و جگە لەپەتی یادەوەری خۆی بەهیچی دیکەوە نەبەستراوەتەوە. لێرەوە تێکستی کورسی لەکۆی ئەزموونی شێرکۆدا ئاڵوگۆرێکی گرنگی ناو سیستمی رەمزییە، گوازتنەوەیە لەفەزای بینراوەوە، لەو جەبرەی کە بینراو هەیەتی بۆ فەزای بینەرێکی ئازاد کە لەهەڵاوێردنی یادگاریی و لەهەڵبژاردنی حیکایەتدا ئازادە. کورسی جگە لەوەی رەمزێکی (فرەگیرە–شامل)ە، ئازادبوونی رۆحی بینینیشە لەدەسەڵاتی رەهای سەنتەری بینین. چاو لەم تێکستانەی دوایی شێرکۆدا ئازادییەکی زیاتر وەدەگرێت، هەستەکان بێپێوەندتر دەنوێنن، لەکورسیدا شێرکۆ تا رادەیەکی بەرچاو گرفتە کۆنەکانی ناو بونیادی داخراوی تێکست چارەدەکات و دەگاتە ئەو رەمزە فرەدیو و رەهەندزۆرە کە تەعبیر لەچرکەساتێکی دیکەی ناو بونیادێکی دیکە دەکات. شێرکۆ لەمێژە بەدوای رەمزێکدا دەگەرێت هەم کۆنکرێت بێت، دەست لێدراو بێت، فرەتوانابێت، ئازادو بێسنتەریش بێت. لەرەنگدان و بۆننامەدا جۆرێك لە(هەڵمژۆبوون) واتە بەهەڵم بوون و نەمانی سەنتەر روودەدات، بەڵام لەو دوو تێکستەدا مرۆڤ ناتوانێت قسە لەبینەرێکی کۆنکرێت و هوشیار و پریادبکات کە بۆتە سەنتەری شتەکان و ئازادانە کەس و حیکایەتی خۆی دروستدەکات. کورسی تاکە بینەرێکی فرەگیرو نیگادووری شێرکۆیە کە لەیەککاتدا هێماسالارەو جگە لەیادەوەری خۆشی بەولاوە شتێکی دیکەی نییە بۆی بژی. ئەمە وایکردووە کورسی بەراورد بەتێکستەکانی تر لەئاستی بونیاددا حیکایەتێکی پارچە پارچەتر بێت، جوڵە تێیدا ئازادو کراوەتر بێت، واتە لەچەمکی قەسیدەوە بەئاراستەی تێکستی واڵا جوڵابێتن.

## كورسی و دەلالەتەكانی تێكستی والآ

شـێركۆ لـەرەوتی ئیـشكردنی خۆیـدا كۆمـەڵێك زاراوەی نـوێ و سـەیری بـۆ وەسـفی ئەزموونـەكانی خـۆی بـەكارهێناوە، لەوانـە پۆسـتەرە شـیعر و رۆمانـە شـیعر، ئێـستاش چەمكی تێكستی والآ بەكاردەهێنێت. دیارە تێكستی والآ، كۆمەڵێك ماناو دەلالەتی جیـاواز جیاوازی هەیە، واتە دەبێت بپرسین والآ بەچ نامایەك: ئاخۆ تێكستێكی والآ بـەو مانایـەی سـەر بـەهیچ ژانرێكـی دیـاریكراو نییـە، یـاخود بـەو مانایـەی كـە بەسـەر فـرە مانایـیدا كراوەتـەوە، یـان بـەمانای نـەبوونی سـەنتەرو كرانەوەیـەكی ناوەكییـە بەسـەر كۆمـەڵێك ئاڕاسـتەدا؟. لەراسـتیدا خوێندنەوەیـەكی وردی تێكـستەكە، پێمانـدەڵێت كـە كورسـی كرانەوەیـەكی گـشتی تێدایـە كـە دەكرێـت هەنـدێك لـەو رەگەزانـە لـەخۆبگرێت. كورسـی بەدیوێكدا بەرلەوەی تێكستی شیعری بێـت، تێكـستێكی حیكایـەتئامێزە كـە حیكایـەتێك دەگەرێتـەوە، بـەلآم حیكایـەتی كورسـی وەك حیكایەتـە ئاسـاییەكان چـیرۆكی رووداوێـك نییە، بەڵكو چـیرۆكی سـەردەمێكە كـە لەتـە پەرتـەوازەكان و مێـژووە پەرشـەكەی خـۆی كۆدەكاتەوە، نزیكی بابەتی تێكستەكە لەچیرۆكەوە، لەگێرانـەوەی یادەوەرییـەوە، لـەزۆر شوێندا تێكستەكەی بەتەواوەتی بەرەو پەخشان بـردووە. خـودی كورسـیش جـارێكی دی هێمایە بۆ ئەو كرانەوەیە، كورسی بریتییە لەجێگایەكی كراوە بۆ حیكایەتی جۆراوجۆر، بۆ كەسانی جیاواز جیاواز كـە دێـن و ماوەیـەكی كـورت لەسـەری دەمێننـەوەو دەرۆن. واتـە ئەوەی رۆحی كرانـەوەی بەسـەر تێكستەكەدا سـەپاندووە، سروشـتی كورسـی خۆیـەتی. زەحمەتـە مـرۆڤ بتوانێـت لـەرێگای كورسـییەوە چـیرۆكێكی داخـراو بگێرێتـەوە. شـێركۆ لەبۆننامەو رەنگدانەوە ئەو مەیلـە قووڵـەی بـۆ كەرەسـتەو رەگـەزە باڵـدارەكان هەیـە كـە دەتوانن لەزۆر جێگادا بن و شاهیدی حیكایەتی جیاجیابن. والآیی تێكست لێـرەدا والآیـی ئەو جیهانەیە كە كورسی تیادەژی، كە بەتەنیا كورسی یـەك كـەس و كورسـی یـەك یـادو كورسـی یــەك رۆژ نییــە، ئەمــە كرانەوەیــەكی لەچــیرۆك و لەكاتــدا بــۆ تێكــستەكە فەراهەمكردووە كە بەدەگمەن لەپەیوەنـدی شـیعرو مێـژوودا دەیبیـنین. لـەوەش بترازێـت كورسی بەحوكمی ئەوەی دەشێت تەمەنی زۆر لەتەمەنی مرۆڤ درێژتر بێـت، كرانەوەیـەكی زۆرتری بەسەر زەماندا هەیە، لێرەوە تێكستەكەی شێركۆ بنكێكی دانراوی زەمەنی نییـە، بــەڵكو جوڵەیــەكی ئــازادە بەكاتــدا، كرانــەوە لەتێكــستەكەی شــێركۆدا جــارێكی دی

دەمانبەتەوە بۆ فەزای ئەو رەمزە فرەقودرەتە کە کورسی پێشکەشماندەکات. کرانەوەی تێکست لێرەدا تەعبیرێکی مەجازی دیکەیە بۆ یادەوەرییەک کە تەسلیمی یەک چیرۆک، یەک زەمان، یەک سات نابێت و بێهیچ بەربەست و یاسایەک یادگارەکانی خۆی دەگێرێتەوە. لێرەوە ئەوەی تێکستی داخراو دەکاتەوەو دەیگۆرێتە سەر تێکستێکی والا، تەنیا ئارەزووی ئازادکردنی نووسین نییە لەکۆتەکانی ژانرو مەرجەکانی قەسیدە، بەڵکو خولیای کورسییە بۆ ئەوەی مێژووی خۆی و مێژووی یادگارییەکانی ئازادانە بنوسێتەوە. بەرای من بەخشینی سیفەتی والا بەم تێکستە ئارەزوویەکی قووڵی شاردۆتەوە بۆ ئازادکردنی یادەوەری، بۆ بەرەڵاکردنی ئەم یادەوەرییە لەهەر بەربەستێك شوێن و کات بیسەپێنن، یان هەر بەربەستێکی هونەری سنوری گوزارەکردن تەسکبکاتەوە، لێرەدا جوڵەی تێکست دەبێتە بوونیادێکی تەریب بۆ یادەوەریی کورسی، چۆن یادەوەری کورسی دەبێتە جۆرێك لەکرانەوەی ئازاد بەسەر کات و کەس و مێژوودا، جوڵەی تێکستیش دەبێتە شێوەیەك لەکرانەوەی بێبەربەست بەسەر شێوەکانی تەعبیردا، واتە بەلاغەتێکی بێپێوەند دەبێتە درێژکراوەیەکی ئاسایی و سروشتی یادەوەرییەکی بێپێوەندە. گەرانی یادەوەری بەدوای ئازادیدا، پساندنی کۆتی بەردەم زمانیشە. لەو ساتەدا کە پێوەندەکانی یادەوەری حوکمی نامێنێت، ژانرو یاساکانیشی حوکمیان نامێنێت.

## کۆتایی

هیوادارم لەم تێکستەدا هەندێك تەوەرم دیاریکردبێت کە بۆ کاری رەخنەیی و خوێندنەوەی شێرکۆ بێکەس گرنگن، لێرەدا هەندێك لەو تەوەرانە بەجۆرێکی چرترو کورتترو ماناداترتر کورتدەکەمەوە، بەئومێدی ئەوەی دواتر ئیشی پتریان لەسەر بکرێت.

تەوەری یەکەم: تێروانین لەجەوهەری (ئیدیال)، یاخود لەمانای وردی (کەماڵ) لەئەزموونی شێرکۆداو پەیوەندی گەشەی ئەم چەمکە بەهەرەس و لاوازبوونی رۆحی موتڵەقەگەراوە لەناو رۆشنبیری کوردییدا.

تەوەری دووەم: تێرامانی پتر لەپەیوەندی نێوان واقیع و خەیاڵ لەئەدەبیاتی شێرکۆدا، چونکە واقیعییەتی شێرکۆ تارادەیەکی زۆر ناوازەترو چەشنگۆرترە لەواقیعیەتی پێش خۆی، بەدیوێکدا مێژووگەراو رووداوگۆیەو لەحەقیقەتی سەربوردە مێژووییەکان

دووړناکەوێتـەوە، بـەدیوی ئەودیویـشدا پرفـەنتازیاو سوریالیـستە. واتـە شـێرکۆ جۆرێـك لەسـوریالیزمی مێـژووبین دادەرێـژێت، کـە واقیعییـەتی مێـژوویی بـەنیگاری نـاواقیعی و بەسـەمبولی نامێـژوویی دەگێرێتـەوە. لێـرەوە خـسوسییەتی ئـەزموونی شـێرکۆ کلیلێکـی گرنگـی تێگەیـشتنە لــەو هاوکێــشە ســەختەی پەیوەنــدی نێــوان واقیــع و ســێبەرە سوریالییەکانی رێکدەخەن.

تەوەری سێهەم: لەدوای دەربەندی پەپولەوە، شێرکۆ لـەوێناکردنی مێـژووەوە بـەرەو وێناکردنی یادەوەری دەڕوات. واتە ئەزموونی شێرکۆ ئەگەرچی لـەوە ئـاڵۆزترە تـاك هێـڵ بێت و یەك ئاراستەی تێدا دیاریبکرێت، بـەڵام بەگشتی شـێرکۆ لەئەزموونـەکانی دوایـدا شاعیری یادەوەرییە پتر لەوەی شاعیری سـاتەوەختی راسـتەوخۆ و مێـژووی هەنووکـەیی بێت. لێرەوە یادەوەری و ئیشکردن لەسـەر یـادەوەری بایـەخێکی گرنگـی بـۆ تێگەیـستن لەهەموو ئەزموونە شیعرییەکەی هەیە.

تەوەری چوارەم: لەدوای بۆننامەوە شێرکۆ لەوە ناکەوێت مێژووی نەتەوە بگێرێتەوە، بــەڵام حیکایــەتکردنی راســتەوخۆی ئــەو مێــژووە وەك لــەکۆی ئەزموونــە پێــشینەکاندا دەیبینین دەچێتە دواوەو شێرکۆ لەرێگای حیکایەتی شتە بچوکەکانەوە دەچێتەوە سـەر هەنـدێك لقـی مێـژووی نەتـەوە، بـەکورتی لـەفۆرمی (مەلحـەمی)ییـەوە، دەگوازێتـەوە بـۆ فۆرمێك لەستراکتۆرو وەزیفەدا لەفۆرمی چیرۆکەوە نزیکـە، لەکاتێکدا قەسـیدە کۆنـەکانی شـێرکۆ تێکستە مەلحەمییـەکانی نـازم حیکمـەتمان بـەیادا دەهێننـەوە، کەچـی تێکستە نوێکانی لەرۆحی فـەنتازی چـیرۆك و رۆمـانی هاوچـەرخەوە نـزیکترن. بـەکورتی: گـۆڕینی سروشت و سیستمی گێرانەوە لای شێرکۆ تـەوەرێکی گرنگـە کـە دەبایـە لەمێـژە لـەرووی رەخنەییەوە بخوێندرابایەتەوە.

تەوەری پێنجەم: لەشیعری شـێرکۆدا ئینـسان و وێنـەکانی گـۆڕانی وردیـان بەسـەردا هاتووە، وێنەی سیاسـەت و بەهای سیاسـەت نرخیان گۆڕداوە، رەمزو شـێوەکانی رادیکـاڵ یاریـانکردووە. دووبارەکردنـەوەی شـێرکۆ بـۆ هەنـدێك سیـستمی رەمزانـدن و وێنـاکردن، بەمانای ئەوە نییە کە زەمەن بەردەوام لەژێرەوە یارییەکی ناوەکی قووڵ و پێچکردنەوەی سـەیری بەسـەر ئـەم ئەزموونـەدا نـەهێناوە، بـەڵام ئـەم پێچکردنەوە و لادانانـە شـتێکی

ناوەکی و نابەردیدن، لێرەوە ئیشی رەخنەیە لەم ئاستە ژێرەوانکیّ و قووڵانە نزیکبێتـەوە و دەستبخاتە سەر سروشتی گۆڕانە ناوەکییەکان.

لەم ساڵانەی دواییدا ئێمە جگە لەستایشی بێبنەمای بازاریی و هیجای بێماناو کینـاوی هیچمان لەسەر ئەزموونی شێرکۆو ئـەدەبیاتی کـوردی بەگشتی نەخوێندۆتـەوە، ئەوانـەی بەشێرکۆ دەڵێن (شاعیری نەتەوە) لەدوورو نزیك حەرفێکیان لەسەر ئیشکالییەتی نەتـەوە لەئـەزموونی شـێرکۆدا نەنوسـیوە، وەك چـۆن ئەوانـەش کـە بەشـێرکۆ دەڵـێن (شـاعیری حیــزب) هـــەردەم لـــەدەوەرەی شـــیعری شـــێرکۆوە حوکمتاشـــیانکردووەو لـــەکارە سەرەکییەکانی شاعیر نزیك نەبوونەتەوەو پتر خەیاڵیان لەسـەر ئـەو پەخشانە لاوەکیانـە بـووە کـە شـێرکۆ لەبۆنەکانـدا دەیاننوسـێت، ئەمانـە خـاڵێکی لاوازی نـاو ئەزموونەکـە وەردەگرن تـا ئیفلیجـی خۆیـان لـە تێگەیشتن لـە ڕەهەنـدە گرنگـەکانی نـاو ئەزموونەکـە بدزنەوە. ئەوانـەی بەشـێرکۆ دەڵـێن (بـەردەوام خـۆی نوێدەکاتـەوە) حـەرفێکیان لەسـەر سروشتی ئەو خـۆ نوێکردنـەوە نەنوسـیوە تـا بـزانین شـێرکۆ چـۆن خـۆی نوێدەکاتـەوە؟ هـەروەك چـۆن ئەوانـەش کـە دەڵـێن (شـێرکۆ خـۆی دووبارەدەکاتـەوە) هـیچ نـین جگـە لەکۆمــەڵێك (تــوتی کلێــشە لەســەر)، کــە تووتیانــە رســتەیەك دەگــرن بەدەمیانــەوەو دووبارەیدەکەنـەوە، بێئـەوەی بـۆ جارێـك بوەسـتن و ئـەو شـتەمان پێبڵـێن کـە شـێرکۆ دووبارەیدەکاتەوە. بـەبڕوای مـن ئـەوەی ئـەم کارەسـاتەی خولقانـدوە، دوورکەوتنـەوەی ڕەخنەی ئەدەبی ئێمەیە لە هەستی فەلسەفی و بنەمای مەعریفی. ئەستەمە شـتێك هـەبێت ناوی چێژی ئەدەبی بێت لەدەرەوەی ڕۆشنبیرییەکی فیکـری بـەربڵاو، چـێژی ئـەدەبی بـە ڕەها گرێدراوی عەقڵێکە بتوانێت بیربکاتەوە... ئەم باسە چکۆلەیە دواجار هەوڵێك بوو بـۆ دامەزرانـدنی کولتـووری تێڕامـان، کولتـووری گـەڕان بـۆ مانـاو وردبوونـەوە لـەهۆ، بـەدەر لەعەقڵییەتی بریاری پێشینە. ژیانی شاعیر لەستایشکردن خۆی یـان تێکستەکەیدا نییـە، ژیانی شاعیر لەوەدایە چەند پرسیاری جەوهەری و گرنگ لەتێکستەکانی دەکرێـت، چـەند ئاسـتی قـووڵ و ئاڕاسـتەی جۆراوجـۆر لـەناو شـیعریدا فـەرمانڕەوان، نوسـینەکانی چـەند ئاسۆی کرانەوەیان تێدایە، لەتەنیا پرسیارێکیش دەتوانین چی لـەم ئەزموونـە وەرگـرین و چی بدۆزینەوە.

# وەڵامێک بۆ کاک لەتیف هەڵمەت



**کاک لەتیف هەڵمەت شیعری (من و خۆم) هی من و خۆمەو لەژێر کاریگەری تۆدا نەمنووسیوە**

**حەمە کاکەڕەش/ سوید**

لەژمارە (٢٦)ی گۆڤاری هەناردا شیعری (من و خۆم)م، بڵاوکردەوە، ژمارەیەك دواتر لەژمارە (٢٧)ی هەمان گۆڤاردا مەلەفێکی تایبەت دەربارەی شیعری (من و خۆم) بڵاوکرایەوە کە، خوێندنەوەی کۆمەڵێك نووسەرو شاعیری کورد بوون لەگەڵ یەك دوو نامەدا لەسەر شیعری (من وخۆم)، پێموایە تائێستا لەئەدەبی کوردیدا بەمشێوەیە کۆمەڵێك شاعیرو نووسەر بەو ژمارە زۆرە کۆکنەبوون و قسەیان لەسەرجوانی و شیعرییەتی هیچ دەقێك نەکردووە لەمەلەفێکدا، هەر ئەم ئیرەییە وایکرد، کاك لەتیف هەڵمەتی خواوەندی شیعری کوردی تووڕەبێت و لەژمارەیەك دواتردا روونکردنەوەیەك بڵاوبکاتەوە. بەناوی (قسەم بیَ درۆیە، بۆیە وەك چەقۆیە).

بەرلەوەی وەڵامی روونکردنەوەو خەیاڵپڵاوێکەی بەڕێز کاك لەتیف هەڵمەت بدەمەوە، دەڵێم: چۆن لەمەیدانی سیاسەتی کوردیدا کۆمەڵێك قۆرخیانکردووەو ئامادەنین رێگە بدەن کەس لەدەرەوەی بازنەی دەستەڵاتیان هەناسەبدات و بڵێت منیش هەموو دەنگ و رەنگی خۆم هەیە، هەر ئاواش لەدونیای شیعری کوردیدا کاك لەتیف هەڵمەتەکان ئامادەنین و چاویان هیچ رەنگێك نابینێت و گوێچکەیان هیچ دەنگێك نابیستێت و لەهەر جێگایەك کەسێك دەقێکی جوان بنووسیت هێرشدەکەنە سەری و دەڵێن: ئەمەی لەئێمەوە

وەرگرتووە، پێیانخۆشنییەو بەڕەوای نازانن لەخۆیان زیاتر کەس قسە لەسەر دەقی کەسێك بکات، کاك لەتیف هەڵمەت پێیناخۆشە کۆمەڵێك شاعیرو نووسەری دیاری کورد قسەیان لەسەر شیعری (من و خۆم)ی من کردووە، بەڵام هەر ئەم کاك لەتیف هەڵمەتە لەساڵی ١٩٩٧ دەربارەی نامیلکەیەکی شیعری من بەناوی (ڕۆمانی ماچ) ئەمەی نووسیوە:

بۆ حەمە کاکەڕەش، ئەی لاوە عاشقەکە ئێرەیت پێنابەم و دەپرسم، لەم زستانی سەهۆڵبەندانەدا ئەم پشکۆ گەشانەت لەکوێ بوو، لەم پایزی گەڵا ڕێزانەدا ئەم گوڵە دەم بەخەندانەت لەکوێ بوو، لەم سەردەمی قاتوقڕی شیعردا ئەم شیعرە باڵا بەرزانەت لەکوێ بوو(لەتیف هەڵمەت، ١٩٩٧سلێمانی).

ئەو دەمە بەخۆی ڕەوادەبینێت ئاوا قسە لەسەر شیعری من بکات، بەڵام ئێستا ئەو مەلەفەی پێ قبووڵناکرێت کە ئەو برادەرانە هیچیان وەکو ئەو چەند دێڕەی ئەو وەسفی شیعری منیان نەکردووە. ئا ئەمەیە هەموو شتێك بەخۆم ڕەوایە، وەسف و شەڕە چەقۆو شەڕە قەڵەم، بەڵام بۆ کەسانیتر نابێت قسەبکەن.

هەر لەداخی ئەو مەلەفە کاك لەتیف هەڵمەت ئەو ڕوونکردنەوەیەی بڵاوکردەوە، کاك لەتیف لەدووەم دێڕی ڕوونکردنەوەکەیدا دەڵێت: بەبێ سێ و دوو دەڵێم :کاکە حەمە لەناونیشانی شیعرەکەیەوە تاوەکو کۆتایی لەمنی وەرگرتووە، بۆ وەڵامی کاك لەتیف هەڵمەت، منیش بەبێ دوو و سێ دەڵێم: ناڵێم سێ و دوو دوای کاك لەتیف دەڵێت ئەو سێ و دووەی لەمنەوە وەرگرتووە، دەڵێم نەخێر ئەو قسەیەی تۆ بەهیچ شێوەیەك وانییەو ئەو پەڕی خۆپەرستی و بێویژدانی تێدایە، من ساڵێکی تەمەنم بەخشییە شیعری (من و خۆم) تۆ چۆن ڕێگا بەخۆتدەدەیت بڵێیت: لەناونیشانی شیعرەکەوە تاوەکو کۆتایی لەمنی وەرگرتووە، خاڵی هاوبەشی من و تۆ ئەوەیە من لەشیعرێکی درێژدا تایبەت ئیشم لەسەر خود کردووەو من و خۆمم نووسیوەتەوە، تۆیش لەدوو سێ کۆپلەدا ئیشت لەسەر خود کردووەو ئەگەر وشەی من و خۆم بەهی خۆتدەزانیت ئەوا پێت دەڵێم: وشە، هی میراتی ماڵی باوکی کەسمان نییەو ئاوا سەیری وشە بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کێ یەکەمجار وشەی ژنی خستە شیعرەوە، موڵکی ئەوە، کێ یەکەمجار شەڕو ئاشتی و سۆزانیی و پاکیزەی خستە شیعرەوە ئەوە تایبەت موڵکی ئەوەو کەسی تر بۆی نییە ئەو وشەو دەستەواژانە بەکاربهێنێت، کێ یەکەمجار قسەی لەبارەی خواو مردن و ژیان و

بەهەشت و دۆزەخەوە کردووە ئەوە کەسیتر بۆی نییە قسەیان لەبارەوە بکات، ئەم شێوە قسەکردن و تاپۆکردنە نەك نیگەرانم ناکات، مایەی پێکەنینە، کاك لەتیف هەڵمەت لەڕوونکردنەوەکەیدا، سێ چوار کۆپلەی شیعری خۆی لەگەڵ یەك دوو دێڕ لەشیعری (من و خۆم)ی، منی بەراورد کردووەو دڵپڕانە دەڵێت: ئەم نموونە شیعرییانەی خۆم دۆکیۆمێنت و بەڵگەی راستەوخۆی ئەوەن کە حەمە کاکەڕەش شێوازو بیرۆکەو زمانی شیعری (من و خۆ)ی لەم شیعرانەی منەوە وەرگرتووە، ئەم شێوازو هەناسە شیعرییە موڵکی منە، لێرەدا بەکاك لەتیف و هەموو خوێنەران دەڵێم: جارێ ئەو شێوازە شیعرییە هێشتا لەلای کاك لەتیف هەڵمەت نەبۆتە شێواز، چونکە بەدوو سێ کورتە شیعر ناتوانیت بڵێیت شێوازی تایبەتی، بۆ ئەوە کە دەڵێت: کاکە حەمە کاکەڕەش شێوازو بیرۆکەو زمانی شیعری (من وخۆ)ی لەم شیعرانەی منەوە وەرگرتووە، من دەڵێم: نەخێر وانییەو هیچ یەکێك لەو شیعرانەی تۆ کە بەنموونە هێناوتنەتەوە، تەنها ئەو شیعرەم بینیوە کە لەژمارە (١٣)ی گۆڤاری هەناردا بڵاوکراوەتەوە، بۆ دڵنیاییت لەکاك محەمەد کوردۆ بپرسە پێش ئەوەی تۆ ئەو شیعرە لەوێ بڵاوکەیتەوە من شیعری( من وخۆم)م ناردبوو بۆ کاك کوردۆ تا بینێرێت بۆ فێستیڤاڵی گەلاوێژ، وەك دەبینیت کاك کوردۆ لەپێشەکی ئەو مەلەفەی کە لەسەر شیعری(من و خۆم)ە نووسیویێتی کە من شیعری(من و خۆم)م بۆ ناردووە، بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم من ئەو دووسێ کۆپلە شیعرییەی بەڕێزتم نەبینیوەو ئەو دوو سێ کۆپلەیەی بەنموونە هێناوتنەتەوە هێندە شیعرییەتیان تێدانییە تا من یان کەسێکیتر بتوانێت سوودی لێببینێت، بەڵام قسە هیچی تێناچێت منیش دەتوانم زۆر شتبڵێم، بەڵام من وەك تۆ لەسەر وتنی شتی عەنتیکە رانەهاتووم، کاك لەتیف لەڕوونکردنەوەکەیدا دەڵێت: شایانی باسە جارێکی دیش کاك محەمەد کاکەڕەش شێوازێکی شیعری دیمی رەچاوکردووەو لاسایی کردووەتەوەو سەربارى ئەوە پڕوپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە من ئەو جۆرە شیعرەم لێوەرگرتووە... تاکو برای شاعیر کاك محەمەد کوردۆ بەنووسینێك وەڵامی دایەوە. بۆ ئەمەیشیان وانەبوو کاك کوردۆ وەڵامی منی نەدایەوە، بەڵکو رەئی خۆی نووسیبوو. کورد دەڵێت: (شەر بەکۆنە قین دەکرێت)، کاتی خۆی من لەدیدارێکدا وتم: کاك لەتیف هەڵمەت لەو ئەزموونەی شیعرییەی کە ساڵی٢٠٠٠ رۆژووەکەی شاکان لەیەك دوو کۆپلەدا کەوتۆتە ژێر گاریگەری شیعرێکی

درێژی منەوە کە شیعرەکەم ناوی ( دڵێك لەئاگر دڵێك لەبەفر)ە، برای نووسەرو بەڕێز کاك عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی کردوویەتییە عەرەبی و لە( ئەنتۆلۆگیای شیعری کوردی)دا بڵاویکردۆتەوە لەگەڵ شیعری ١٠٠ شاعیری تردا).

کاك لەتیف شەڕ بەکۆنە قین دەکات، ئەوەی لەدڵ دەرنەچووە کەمن پێموتووە لەدوو سێ کۆپلەدا کەوتۆتە ژێرکاریگەری ئەو شیعرەی منەوە، بۆیە ئێستا تۆڵە دەکاتەوەو ئەو مەلەفە تەواو بێتاقەتی کردووە.

کاك لەتیف هەڵمەت دەڵێت: حەمە کاکەڕەش ویستوویەتی بەدرێژەدادڕی بەشیعرەکەو دووبارەکردنەوەی ماناکان و درێژەدادڕی لەفۆرمی شیعرەکەیدا کاریگەری و مۆرکی من لەشیعرەکەی ونبکات.

من دەڵێم: کاك لەتیف هەڵمەت ئەگەر من لەشیعری(من و خۆم)دا درێژدادڕیم کردووەو تووشی هەناسەبڕکێ بووم، ئەگەر وا بووایە یەکێك لەو هاوڕێیانە کە خوێندنەوەیان بۆ شیعرەکەم کردووە درکیان بەوە دەکرد، بەپێچەوانەوە هەناسەم زۆر ئارامەو هیچ درێژدادڕییەکم نەکردووە، ئەم قسانە هەر وەك ئەو قسانەت وان کە لەو دیدارەی گۆڤاری رامان پرسیارت لێدەکەن لەسەر ئەو ئەزموونە شیعرییەت کە حەوت ساڵ بۆی بەڕۆژووبوویت و هیچت بڵاونەکردەوە تا ساڵی دووهەزار، لەوەڵامی پرسیارەکەی راماندا دەڵێیت: ئەتوانم بڵێم تەجاوزم بەسەر هەموو شیعری کوردی و عەرەبی و دواتر دەڵێیت شیعری هەموو دونیادا کردووە. لەکۆتایدا دەڵێم: هەرچەندە تۆ بەناحەق لەڕوونکردنەوەکەتدا دەڵێیت: حەمە کاکەڕەش شیعری(من و خۆم)ی، لەژێرگاریگەری مندا نووسیوە، من دەڵێم: کاك لەتیف هەڵمەت دڵنیابە حەزم بەم شەڕە قەڵەمە نییەو تۆ یەکێکی لەشاعیرە دیارو گەورەکانی کوردو نایشارمەوە، رۆژگارێك گاریگەریت بەسەر من و زۆر گەنجی وەك منەوە هەبووە. رێزو خۆشەویستی زۆرم هەیە بۆت و نامەوێت بەهۆی ئەمجۆرە نووسینانەوە دڵت لێم برەنجێت، بەڵام خۆناکرێت بێدەنگبم و هیچ وەڵامێکم نەبێت، حەزدەکەم ئەوەت پێبڵێم: ئێستا خەریکی نووسینی شیعرێکم بەناوی ( منداڵی من و خۆم ) تا دوو سێ مانگی تر تەواوی دەکەم، دواتر بیرم لەوەکردۆتەوەو دەمێکە لەخەیاڵمایە شیعرێك دەنووسم بەناوی (مردنی من و خۆم).

هیوادارم بەو ئەزموونە دەوڵەمەندەوە کە هەتە، خۆت بەوەوە خەریك نەکەیت و دەردی من یەکەمم، من یەکەمم، دەردێکی کوشندەیە من ناڵێم: من یەکەمم، چونکە بڕوام بەو قسەیە هەیە کە دەڵێت: لەژێر ئەم ئاسمانە شینەدا هیچ شتێکی تازەنییە، تۆ شیعرت بۆ خودی ئینسان نووسیوەو منیش شیعرم بۆ من و خۆم نووسیووە، ئەوە گرنگ نییە بۆ چیمان نووسیوە، چونکە قسەکردن لەسەر خود وەك دەزانیت کۆنی، کۆنە، ئەوە گرنگە چۆن قسەمانکردووە، من هەوڵمداوە وەك حەمە کاکەڕەش وێنەو مانای شیعریی بەرهەمبێنم، ئەگەر وایش نەبوایە بەو شێوەیە قسەیان لەسەر شیعری ( من و خۆم ) نەدەکرد.

لەکۆتاییدا دەڵێم: بەر لەشیعری (من و خۆم) منیش لەچەند شیعری ترمدا باسم لەخۆم کردووە، بۆ نموونە لەشیعری (پەرجووی ناوەوەی بەرد) کە ساڵی ٢٠٠٠ نووسیومە لەکتێبی (پیاوێکی شکاو)دا بڵاومکردۆتەوە، دەڵێم:

**هەڵاتووم لەدەستی خۆم....**

**خۆم دایەدەستی ئارەزووە شێتەکانم....**

لەشیعری (سووپاس بۆ ئاوێنە) دەڵێم:

**ئاوێنە خۆم بۆ شی دەکاتەوە**

**ئاوێنە خۆم بەخۆم دەناسێنێ....**

**گریام رایگرتم پێی وتم:**

**تۆ ئەمڕۆ لەدوێنێ ناچی**

**تۆ خۆت نیت، ئەی خۆت لەکوێیە ...**

لەشیعری ( کێ ئەتوانێت رەنگی وێنەکانی منداڵی تۆخ کاتەوە) دەڵێم:

**منداڵی خۆم دێتەوە یاد**

**بەڵام دەنگێک لەدوورەوە**

**دەڵێ: مەگەڕێ و نامدۆزیتەوە**

**هیچ بیرم لێمەکەرەوە...**

لەشیعری( پیاوێک خۆی دەنووسێتەوە) دەڵێم: دەبمە باڵندەو خۆم لەشینایی ئاسماندا ون دەکەم، شیعرێکی ترم هەیە بەناوی (پیاوێك لەخۆم) ساڵی ٢٠٠٣ نووسیومەو لەکتێبی درەوشانەوەی نائومێدیدا بڵاوکراوەتەوە، لەو شیعرەدا بەشێوەیەکی تر قسە لەسەر من و خۆم دەکەم، دەڵێم:

**لایەکت منداڵی**

**لایەکت پیرییە**

**لایەکت بەستەڵەک**

**لایەکت سووتاوە**

**لایەکت گەمژەیی و**

**لایەکت ژیری یە**

**لایەکت پەپوولە**

**لایەکت جەلادە**

**لایەکت جوانیەو**

**لایەکت وێرانە**

**لایەکت ئاگرو**

**لایەکت بارانە**

**لایەکت بەردو**

**لایەکت ئاوە**

**لایەکت بەختیاریی**

**لایەکت شکاوە،.......**

شیعرێکی درێژە.

لەشیعری( شەڕی خۆکوشتنی پیاوێك)دا دەڵێم:

**وەرە شەڕی**

**خۆکوشتنی پیاوێک ببینە**

**شەڕی نیگەرانیەکانی**

**شەڕی حەسرەتەکانی**

**شەڕی پیاوێک ببینە**

**لەگەڵ ناخی خۆیدا.**

ئەو نموونانەی سەرەوە لەهەر دوو کتێبی پیاوێکی شکاو و درەوشانەوەی نائومێدی، وەرمگرتوون. کە یەکەمیان لەساڵی ٢٠٠٤ چاپکراوەو دووەمیان لەساڵی ٢٠٠٥.

کۆتایی وەڵامەکەم بەوە دێنم دەڵێم :کاک لەتیف هەڵمەتی ئازیز شەڕی چیم پێدەفروشیت، برای خۆشەویستم، من لەزۆر شیعردا قسەم لەسەر خود کردووەو لەزۆر دەرگاو پەنجەرەی خودم داوە.

لەگەڵ رێزی زۆرم

heme_kaka_rash@hotmail.com

# دووکەرتبوون و دوودیوویی مرۆڤ

# لەنێوان

# لەتیف هەڵمەت و حەمە کاکەڕەش ـ دا



محەمەد کوردۆ

**(لەژێر ئەم ئاسمانە کۆنەدا هیچ شتێك تازە نییە)**[١]

تەورات

بێگومان لەتیف هەڵمەت یەکێك لە شاعیرە گەورەو دیارو داهێنەرەکانی ئێمەیەو بەشێوەی جۆراوجۆر کاریگەریی لەسەر شاعیرانی هاوسەردەمو دوای خۆی هەبووەو هەیەو دەشبێت. شاعیرێتی حەمە کاکەڕەشیش گومانی تێدا نییەو ئەو کەسانەی موتابەعەیان کردبێت دەزانن لەشیعرەکانیدا ویستگەی جوان جوان هەن. هەردووکیشیان لە هاوڕێ نزیكو ئازیزەکانی خۆمو گۆڤاری هەناریشنو هەر یەکەیان بەشێوازی خۆی ڕۆڵی لە بەردەوامبوونو پێشکەوتنی هەناردا هەبووە. لە نوسینەکانی هەردووکیشیاندا ناوی من هاتووەو وەکو شاهیدێك کە ئاگام لەهەندێ شت هەیە ئاماژەم بۆ کراوە. لەبەرئەوە

بەپێویستمزانی چەند شتێك بڵێم. هیوادارم بتوانم لەدەرخستنی راستییەکاندا وەك خۆیان، هاوکارییەك بکەم.

یەکەمین شت لای منو بۆ من، لەو نوسینو وەڵامدانەوەیەی لە نێوانی لەتیف هەڵمەتو حەمە کاکەڕەشدا دروستبووە، مایەی نیگەرانیو خەمێکی قوڵە. من زۆر بەوە نیگەرانم کە دەبینم دوو شاعیری ئێمە بەو زمانەو بەو هەڵچوونو توڕەییەوە لەگەڵ یەکدی دەدوێن. بەبڕوای من لەهەر شوێنێك هەڵچوونو توڕەیی هەبوو، یانی خەلەلێك هەیە، ئەو خەلەلەش هەرچییەك بێت، رەنگدانەوەی خراپی لەسەر گەیشتنی پەیامەکان دەبێتو لە گەیشتنیاندا دەردەکەوێتو ئاراستەکانیان دەگۆڕێت. خۆزگە بمانتوانیایە هێمنتر لەگەڵ یەك بدوێینو چیدی پێمان وانەبوایە تا زیاتر دەنگ هەڵبڕین باشتر دەنگمان دەبیسترێت، چونکە ئەمە پێچەوانەکەی راستە، چەند هێمنتر بیربکەینەوەو بنوسینو قسە بکەین ئەوەندە باشتر دەنگمان دەگات.

***

لەتیف هەڵمەت لەبارەی شیعری (منو خۆم)ی حەمە کاکەڕەشەوە، کە لەژمارە (٢٦)ی هەناردا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: ئەو شیعرە لە من وەرگیراوە. بۆ سەلماندنی ئەمەش چەند نمونەیەکی لەشیعرەکانی خۆی هێناوەتەوە، کە لەو شیعرانەشدا، وەکو شیعرەکەی کاکەڕەش، تەوەری سەرەکی ئیشکردنە لەسەر دووکەرتبوونو پەرتبوونی مرۆڤ لەناو خۆیدا، هەوڵدانە بۆ پێشاندانی دوو دیو لەیەك مرۆڤدا کە دوو دیوی جیاوازنو لە کێشەو ململانێدا دەژین، بەڵام حەمە کاکەڕەش بەر لە هەموو ئەو شیعرانەی لەتیف هەڵمەت، لە شیعری (پەرجوی ناوەوەی بەرد)دا، کە ساڵی ٢٠٠٤ لە دیوانی (پیاوێکی شکاو)دا بڵاوی کردۆتەوەو لەدامێنی شیعرەکەشدا، ئاماژەی بەمێژووی نوسینەکەی کردووە کە لە ١/٤/٢٠٠٠ دەستپێکردووەو لە ٢٠/١٠/٢٠٠٠ تەواویکردووە، دەڵێت:

**هەڵاتووم لە دەستی (خۆم)، لە دەستی خوێن**
**لەدەستی ترس لە دەستی شەڕ.**[٢]

جگە لەم رستەیەش، کە وەك دەبینین تیایدا شاعیر دوو دیووی هەیە، یەکێکیان لەدەستی ئەویدی هەڵدێت، کاکەڕەش شیعرێکی دیکەشی هەیە بەناوی (سوپاس بۆ ئاوێنە)، کە بەر لە زۆربەی ئەو شیعرانەی لەتیف هەڵمەت، نوسیوێتیو لە دیوانی

(درەوشانەوەی نائومێدی)دا کە ساڵی ٢٠٠٥ چاپکراوە، بڵاویکردۆتەوە. کاکەڕەش لەو شیعرەدا دەڵێت:

**«ئاوێنە خۆم بۆ شیدەکاتەوە**

**ئاوینە خۆم بە خۆم دەناسێنێ**

...............................

**سوپاس بۆ ئاوێنە**

**دەستی گرتم بۆ کوچەکانی مناڵی**

**وێنەی رابردووی بۆ هێنامەوە**

**گریام رایگرتم پێی وتم**

**تۆ ئەمڕۆ لەدوێنێ ناچی**

**تۆ لەوە ئەچێ خۆت نەبی**

**ئەی خۆت لە کوێیە؟!»**(٣)

شیعرەکانی هەڵمەت، جگە لەو کۆپلەیەی لە بانەرۆژدا بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ ئەو سێ کۆپلەیەی لە دیوانی (ددانی پاشەڕۆژ وەك ددانی جەنگ سپییە)دا بڵاوکراونەتەوە، هیچ شیعرێکی دیکەیان بەر لە شیعری سوپاس بۆ ئاوێنەی کاکەڕەش بڵاونەکراونەتەوە.

بەڵام هەڵمەت شیعرێکی دیکەی هەیە، کە خۆی بیری چووە لەوەڵامەکەیدا بۆ کاکەڕەش ئاماژەی پێبکات، لە هەردوو شیعرەکەی کاکەڕەش‌و لەهەموو ئەو شیعرانەی هەڵمەت خۆی، زووتر نوسراوەو بڵاوکراوەتەوە. ئەو شیعرەی هەڵمەت بەهەمانشێوە کارکردنە لەسەر دووکەرتبوونی مرۆڤ و لەسەر ململانێی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا. هەردوو شیعرەکەی کاکەڕەش‌و شیعری (من‌و خۆم)یش کە ئەم گفتوگۆیەی دروستکردووە، لەو شیعرەی هەڵمەتەوە نزیکن‌و دوور نییە کاکەڕەش ئیحای لەو شیعرەی هەڵمەت وەرگرتبێت، یان تەنانەت بێئەوەی خۆی بزانێت، ئەو شیعرە لە نەستیدا کاری کردبێت‌و رەنگدانەوەی لەسەر شیعری من‌و خۆم هەبووبێت، کە بێگومان ئەمە کارێکی زۆر زۆر ئاساییەو هیچ شاعیرێك نییە کەم‌و زۆر رەنگدانەوەی شیعرو نوسینی خەڵکی دیکە لە شیعرەکانییدا، نەبێت.

ئەو شیعرەی هەڵمەت لە لاپەڕەی یەکەمی بەرگی دووی دیوانەکەیدایە کە ساڵی ٢٠٠٠ چاپکراوەو بەر لەچاپکردنیشی لە کۆڕێکدا لە سلێمانی خوێندیەوەو خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوون، کە منو کاکەڕەش دووان لەو کەسانە بووین. ئەمە شیعرەکەیە:

**((لەبیرمە لەویٚ لەگەڵ خۆمدا بووم**

**خۆمم لە خەوێکدا**

**بزرکرد**

**ئەمەیە هۆی سەرەکی**

**ململانێی نێوان**

**منو خۆمو**

**خۆمو من..))**[٤].

لێرەوە من واز لە شیعرەکانی دیکەی هەڵمەتو لە هەردوو شیعری (پەرجووی ناوەوەی بەرد)و (سوپاس بۆ ئاوێنە)ی کاکەڕەش دەهێنمو تەنها باس لەم شیعرەی هەڵمەتو لە شیعری (منو خۆم)ی کاکەڕەش دەکەم. بەڵێ، شیعری (منو خۆم)ی کاکەڕەش لەم کۆپلە شیعرەی هەڵمەتەوە نزیکەو خاڵی هەرە سەرەکی لەهەردووکیاندا ئیشکردنە لەسەر دووکەرتبوونی ناوەوەی مرۆڤ بە هەمان سیغەی منو خۆم، بەڵام جیاوازییش لەنێوانیاندا، زۆرە. هەڵمەت بەشێوەیەکی بروسکەیی مەسەلەکەی وروژاندووەو لەیەك وێنەدا چڕی کردۆتەوە کە وێنەیەکە تیایدا مرۆڤ لە ناو خەونێکدا نیوەی خۆی ون دەکاتو ئەم ونکردنە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو مرۆڤە لەگەڵ خۆیدا بکەوێتە ململانێوە. لە هەموو کۆپلە شیعرەکانی دیکەشیدا، دیسان ئیشکردنی هەڵمەت لەسەر ئەم مەسەلەیە بروسکەییە، بەڵام کاکەڕەش بەشێوەیەکی فراوانتر کاری لەسەر کردووەو کۆمەڵێك رەهەندی دیکەی پێبەخشیووەو چەندین وێنەی لێبەرهەمهێناوە. ئەمەش بەهیچ جۆرێك ناکرێت بە دزی بدرێتە قەڵەم، چونکە دزی ئەوەیە دوو دەق لە هەموو روویەکەوە، یان لەزۆر رووەوە لەیەك بچنو خاڵی جیاوازیان، یان نەبێت، یان زۆر زۆر کەم بێت. ئەمەی کاکەڕەشو هەڵمەت دەکرێت وەك پێشتریش وتمان، بە ئیحاوەرگرتن، یان سوودوەرگرتن، یان کاریگەرێتیی، یاخود جۆرێك لەدەقئاوێزان، یانیش (توارد الخواطر)، ناوببرێت. بێگومان ئەوە ئاساییە هەر یەکێك لە ئێمە بابەتێك، کەپێشتر کاری زۆریشی لەسەر کرابێت، بۆ خۆی بکات بە مەسەلەیەكو کاری تێدا بکاتو هەوڵبدات

زۆرترین سیمای خۆی پێببەخشێت. بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێك پێویستی بەوە نییە نكوڵی لەو كارانە بكرێت كەپێشتر لەسەر هەمان بابەت كراون. دەشبێت كارە تازەكە جیاوازی ئاشكرای لەگەڵ ئەو كارانەی پێشووتردا هەبێت. بۆنمونە، كاتێ ئێمە دەڵێین دەرهێنانی نیشتمانو نەتەوە لە شیعری شێركۆ بێكەس، چۆڵەوانییەكی گەورەمان بیردەخاتەوە، بەواتای ئەوە نییە كەبەر لە شێركۆ هیچ شاعیرێكی ئێمە نیشتمانو نەتەوەی نەكردۆتە بابەتی شیعرەكانی، بەڵكو بەو مانایەیە كە شێركۆ مەسەلەكەی فراوانتر كردۆتەوەو كاری گەورەتری تێدا كردووەو چەندین رەهەندی دیكەی داوەتێو خەسڵەتی تایبەتی خۆی پێبەخشیووە. مەسەلەی پایزیش لای حەمە عومەر عوسمانو ژنیش لای قوبادی جەلیزادە بەهەمانشێوەیە. بەر لە سوهرابیش باسی ئاوو سروشت كراوە.

مەسەلەی دووكەرتبوونی مرۆڤیش، كە بووەتە هۆی ئەو مشتومڕەی هەڵمەتو كاكەڕەش، لەڕاستیدا نەك هەر تازە نییە بگرە لەو بابەتە زۆر زۆر كۆنانەیە كە بەچەندین شێوەی جیاواز لە ئەدەبیاتو ئاینو فەلسەفەو ئەفسانەو ژیانی میلەتەكاندا دەركەوتووە. هەر بۆ نمونە بیرۆكەی شەیتانو فریشتە، كە ئەویان نوێنەرایەتی دیوە خراپو شەڕانگێزەكەی مرۆڤ دەكاتو ئەمیان نوێنەرایەتی دیوە باشو چاكەخوازەكەی مرۆڤ دەكات، كاركردنە لەسەر دووكەرتبوونی مرۆڤ. ئاخۆ ویژدان كەرتێكی دیكەی ئێمە، یان دیوێكی دیكەی ئێمە، یاخود مرۆڤێكی دیكە نییە لە نێو ئێمەدا كە لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەكاتو لەسەر هەندێك لەكارو بیركردنەوەكانمان سەرزەنشتمان دەكات؟! ئایا ئەو جیاوازییە ئاشكرایەی هەر لەكۆنەوە مرۆڤەكان بە ناوی دڵو عەقڵەوە قسەیان لەبارەوە كردووە، هەمان دووكەرتبوونی ناوەكیی مرۆڤ نییە؟ كێمان هەیە گوێی لەدەستەواژەی لەمجۆرە نەبووبێت: من بە دڵ حەزم لەو كارەیەو كە بیرشی لێدەكەمەوە پێمباش نییە؟!

كێمان گوێی لەو شیعرەی كامیل نەبووە، كە مامڵێو رەزازیو پێموابێت خەڵكی دیكەش بەگۆرانی وتوویانە، ئەو شیعرەی كە دەڵێت:

**«من دەڵێم شاری دڵم باغو گوڵستانە دەچم**

**عەقڵ دەڵێ: (نا قەسەبە شۆڕشی مەستانە نەچی)»**(٥).

پاشان، ئەوەی لە زانستی دەرونزانییدا بە شیزۆفرینیا ناو دەبرێت، ئەو دوو كەرتبوونو دوودیویو دوو ژیانییەی مرۆڤ نەبێت، چییە؟!

یان ئەوەی فرۆید بە ناوی (منو منی باڵا)وە، ناوی دەبات، مرۆڤ خۆیو ئەو مرۆڤەی دیکەی ناوی نەبێت، کە لێیدەپرسێتەوە، چییە؟!

جگە لەمانە، لەمێژووی مرۆڤایەتییدا مەسەلەی دۆناودۆن هەیە، کە روحی کەسێك دەچێتە نێو جەستەی کەسێکی دیکەوە. هەم مرۆڤی یەکەمو هەم مرۆڤی دووەم پێکەوە دەژینو یادەوەرییەکانیان پێکەوە کار دەکەن. لەدنیادا لەهەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە خەڵکانێك هەبوونو هەن بڕوایان بە دۆناودۆن هەبووەو هەیە. لای خۆشمان یەکێك لەو بونیادە سەرەکیانەی ئاینی کاکەییەکانی لەسەر دامەزراوە مەسەلەی دۆناودۆنە. ئێمە رۆمانێکی جوانیشمان هەیە بەناوی (زیندە خەو)،[٦] کە فەتاح ئەمیری نوسیویەتی، باس لە حاڵەتێکی دۆناودۆن دەکات. پاڵەوانی رۆمانەکە کوڕە کوردێکی بەدبەختە بە ناوی ئازاد، کە روحی ئەفسەرێکی ساواك، بە ناوی حوسێن، چۆتە جەستەیەوەو ژیانی لێتاڵکردووە. ئەم پاڵەوانە لەیەك کاتدا دوو ژیان دەژی. ژیانی یەکەمی کە ژیانی رۆژنایەتی، کوڕێکی کوردی سیاچارەی خوێندکاری دانشگایە. ژیانی دووەمی کە ژیانی شەوانەیەتی، هەر لەگەڵ سەردەکاتە سەرسەرینو خەوی لێدەکەوێت، دەبێت بەو ئەفسەرە ساواکەو خەریکی ئەشکەنجەدانی کوڕێکی کوردە بە ناوی ئەمیر. غادە سەمانیش کتێبێکی هەیە بەناوی (السباحة في بحيرة الشيطان)[٧]، کە یەکێك لە کتێبە سەرنجڕاکێشەکانێتی، یەك فەسڵی تەواوی ئەو کتێبە بۆ مەسەلەی دۆناودۆن تەرخانکراوە. تەنانەت لەو کتێبەی غادەدا ئەوانەی دووچاری حاڵەتی دۆناودۆن دەبن، نەك هەر روحی یەکتر لەئامێز دەگرنو بە یادەوەرییەکانی هەردوو کەسەکەوە دەژین، بگرە هەندێجار، شوێنەواری جەستەیی یەکدیشیان تێدا دەردەکەوێت. بۆ نمونە، یەکێك لەو کەسانەی غادە سەمان باسی دەکات، لەژیانی یەکەمییدا بە گوێزان سەربڕاوە، شوێنەواری ئەو گوێزانە لەژیانی دووەمداو بە گەردنی کەسی دووەمەوە دەرکەوتووە.

هەروەها ئەدەبیاتی سۆفیگەری هەیە، کە بەجۆرێکی دی کاری لەسەر ئاوێزانبوونی دوو روح لەجەستەیەکدا کردووە. لە ئەدەبیاتی سۆفیگەرییدا کەسی دووەم کە دێتە ناو جەستەی کەسی یەکەمەوەو پێکەوە دەژین، خودایە، نەك مرۆڤێکی دی. سۆفییەکان پێیانوایە خودا لەناو مرۆڤدایەو عەشقی راستەقینە بۆ ئەوەو دەبێت خەونی گەورە ئاوێزانبوونو توانەوەبێت لەودا، نەك لە کەسێکی دیکەدا. رەنگە زۆربەمان شیعرە بەناوبانگەکەی (حەلاج)مان بینیبێت، کە لەبارەی ئاوێزانبوونی خۆیو خوداوە، دەڵێت:

**«أنا من أهوى ومن أهوى أنا**

**نحن روحان حللنا بدنا**

**فإذا أبصرتنی أبصرته**

**وإذا أبصرته أبصرتنا»**(٨)

واتە: (من ئەو کەسەم کە ئارەزووی دەکەمو ئەو کەسەش کە ئـارەزووی دەکـەم منـە، ئێمە دوو روح–ین چووینەتە یەك جەستەوە. ئەگـەر مـن ببینیـت ئـەوت بینیـووەو ئەگـەر ئەویش ببینیت منت بینیووە).

یان ئەو شیعرەی کە دەڵێت:

**«امزجت روحک فی روحي کما**

**تمزج الخمرة فی الماء الزلال**

**فاذا مسک شيء مسنی**

**فاذا أنت أنا فی کل حال»**(٩)

واتە: (روحی تۆ لەگەڵ روحی منـدا تێکـەڵ بـووە هـەر وەك تێکـەڵبوونی مـەی لەگـەڵ ئاوی زوڵاڵدا.. ئەگەر شتێك بەر تۆ بکەوێت بەر من کەوتووە، کە وابوو لە هـەموو حاڵێکـدا تۆ منیت).

مـن لێـرەوە دەمـەوێت بڵـێم: ئـەم بابەتـە، وەك بابـەت، تایبـەت نییـە بـەهیچ ئـاینو فەلسەفەو وڵاتو نەتەوەو گروپو کەسێکەوە، بەڵکو بابەتێکی زۆر کۆنو فرە رەنگو فرە ئاستە. تەنانەت دەتوانین بڵێین نەك بـە تـەنها ئـەم بابەتـە، هـیچ بابـەتێك، تایبـەت نییـە بەهیچ کەسێکەوە. لەوەتی مرۆڤ هەیە قسە لە عەشقو لـەخوداو لـە مـردنو لـە تـەنیاییو لەزۆر شتی دیکە دەکات. پرسیاری راستەقینە ئەوەیـە کـێ دەتوانێـت لـەو بابەتـە کۆنـە، دەقێکی نوێو جیاواز بەرهەم بێنێت؟! کێ دەتوانێت رەنگـی ئـەمرۆی خـۆی بـەو بابەتـە کۆنەی دوێنێی مرۆڤایەتی ببەخشێتو کێ لەناو رەنگی دوێنێی ئەو بابەتە کۆنەدا، رەنگی ئەمرۆی خۆی لێ ون دەبێت؟!

ئەم بابەتی دووکەرتبوونو دوودیوویـەی مـرۆڤ لای زۆر خـەڵکی دیکـەش کـاری لەسـەر کراوە. رۆمانێکی (ئامریتا بریتام)ی نوسـەری بـەناوبانگی هیندسـتانی هەیـە بـەناوی (دوو روو–ی حەوا) ، کە یەکێك لە رۆمانە جوانەکانی رۆژهەڵاتە. تیایدا حیکایەتی ژنێکمـان بـۆ دەگێڕێتەوە، لەیەك کاتدا دوو ژیان دەژی، یـان وەك لـە ناونیـشانی رۆمانەکـەدا هـاتووە،

دوو ڕوو-ی هەیە. ((ئەم ژنە کە ناوی (ئەنیتا)یە، ژنێکی مێرددارى عاشـقو سـەرگەردانە، تەمەنی تێکەڵەیەکە لە خەیاڵو وڕێنەو خەونو واقیـع، لەگـەڵ ئەنیتایـەکی دیکـەدا، کەلـە ناخیدا دەژی، لەگێرمەو کێشەدایە.

جارێکیان لە ئاهەنگێکدا لە دواوە پیاوێك دەبینێت، کەناوی (ساجار) دەبێت، حـەزی لێدەکاتو لە حەیبەتا گازێك لـە لێوەکـانی خـۆی دەگرێـت تـا دڵنیابێـت خـەون نابینێـت. لەوکاتەوە هەر وەختێك ئەنیتای یەکەم لە تەنیـشتی پیاوەکەیـەوە دابنیـشێت، ئەنیتاکـەی دی دەچێتە لای ساجار))[١٠].

*سەید عەلی ساڵحی لە شیعرێکدا، دەڵێت:

**((من کەسێـک دەناسم کە بەیانیان لیبراڵە**
**نیوەڕوان چەپەو ئێواران کە بە کۆڵانێکی**
**تاریکدا تێدەپەڕێ لەژێر لێوەوە**
**دەڵێ بسم الله))**[١١].

*ئەدۆنیس-یش لە شیعرێکدا، دەڵێت:

**((غربتي بين نفسي ونفسي**
**وسؤالي عني لا جواب له))**[١٢].

واتە: غوربەتی (من) لە نێوانی (خۆم)و (خۆم) دایەو
پرسیاریشم لەبارەی خۆمەوە بێ وەڵامە.

***

لای خۆشمان، نەك شیعری نوێ، لەشیعری کلاسیکیشدا لەو جۆرە شـیعرانەمان هـەن، کە باسی چەند دیووی مرۆڤ دەکەن.

* بۆ نمونە، ئەحمەد موختار جاف لە شیعرێکدا دەڵێت:

**((مردنو سوتانو قورپێوان وەزیفەی (ئەحمەد)ە**
**تەرکی سەرکردن لە عەشقا چاوەکەم کاری (من)ە))**[١٣].

*شێرکۆ بێکەس-یش لەشیعری (گینگڵ)دا، کە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت:

**((هاوڕێکەم هەموو شەوێ کاژێکی تازەی دەرئەداو**
**پێستێکی کەی لەبەر ئەکرد**

بۆ بەیانیش لەوانەکانی مارکسا

بەرماڵەکەی محەمەدی ئەکردە کوڵ‌)) [١٤].

*جگە لەشیعریش، بەختیار عەلی لە ڕۆمانی غەزەلنوس‌و باغەکانی خەیاڵدا، زۆرترین ئیشی لەسەر دیوە جیاوازەکانی مرۆڤ کردووە. لەو ڕۆمانەدا دیوە جیاوازەکانی مرۆڤ بە جیاو دوور لەیەك دەژین‌و کار دەکەن. بۆ نمونە، غەزەلنوس‌و نەوجەوانی چینی کە دوو دیوی یەك مرۆڤن، نە بەیەکەوە دەژین‌و نە بەکیشەوە لەناو دەچن. نەوجەوانی چینی بەر لەدەستپێکردنی ڕۆمانەکە کوژراوەو غەزەلنوس لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا دەکوژرێت. حەسەنی پیزۆو جەعفەری مەغۆلی کە دوو دیووی یەك مرۆڤن، لەدوو بەرەی جیاوازدا دەژین‌و لە کۆتاییشدا چارەنوسیان پێکەوە نابێت. حەسەنی پیزۆ لەگەڵ بەرەی غەزەلنوسەکاندایەو جەعفەری مەغۆلی لەگەڵ بەرەی بارۆنەکاندایە. ئەم دوو بەرەیەش لە ململانێ‌و شەڕێکی توند دان. دواجاریش حەسەن لەسەر ئەوەی هەوڵی کوشتنی جەعفەری داوە، دەخرێتە زیندانەوەو لەزیندانیشەوە دەبرێتە گوندێکی دوورە دەست‌و عاسی‌و لەوێ سوخرەی پێدەکرێت.

لەو ڕۆمانەی بەختیاردا، ئیشکردن لەسەر دیووە جیاوازەکانی مرۆڤ، تەنها لەدوو دیودا قەتیس نابێت. بەڵکو لەشوێنێکی ڕۆمانەکەدا دەڵێت: غەزەلنوس کوڕی مەلای هاجەر نییە، خودی مەلای هاجەرە. بارۆنی خەیاڵ-یش دوای ئەوەی غەزەلنوس دەکوژێت، لە شوێنێکی یاداشتەکانییدا دەڵێت: ((ئەوەی کوشتومە تەنیا ئەو نیوە شاعیرەی ناو ڕۆحی خۆمە کە لە منداڵییەوە ڕاوم دەنێت)) [١٥]. واتە مەلای هاجەرو غەزەلنوس‌و نەوجەوانی چینی‌و بارۆنی خەیاڵ-یش چەند دیوێکی یەك مرۆڤن. دواجار ئەم چەند دیوییە لای بەختیار دەگاتە ئاستێك، هەموو مرۆڤەکان بەچەند دیوێکی یەك کەس بزانێت: ((هەموو ئادەمیزادەکان زنجیرەیەك وێنەی ئاوێنەیی یەکدین، کۆمەڵێك مەخلوقاتن کە یەك نیوەی دژو تەواوکاری یەکن، مرۆڤ سەرەتا نوتفەیەکی چکۆلانە بووەو تەقینەوەیەکی گەورە کردوێتی بە ملیۆنەها بەشەوە، هەر وەك چۆن ڕۆژێك لە ڕۆژان، تەقینەوەیەکی مەزن گەردوونی لە پنتێکی چکۆلەی ناو عەدەمەوە کردووە بە ملیۆنەها ئەستێرە)) [١٦].

*وەکو (منو خۆم)یش، کە هەڵمەت دەڵێت: ((ئەم بابەتە بابەتی منەو کەس لە کۆن‌و نوێی جوگرافیای شیعری کوردیدا پێش من -منو خۆم-ی بەکارنەهێناوە)) [١٧]، ئێمە هەم لەکۆن‌و هەم لە ئێستاشدا شاعیرمان هەیە پێش هەڵمەت (منو خۆم)ی بەکارهێناوە.

*بۆ نمونە، مەحوی لە شیعرێکدا دەڵێت:

**((ڕەحە بەو شێتییە ئەلحەق قسێکی عاقڵانەی وت**

**(من)م عاقڵ لەبەرگی عارییە (خۆم)م کە عاری کرد))**[١٨].

* قانعیش لە شیعرێکدا دەڵێت:

**((هەر نەزانیٚ تۆ ئەبینی، خاوەنی شەئنێکی بەرز**

**(من) لەدەس زانینە پەستم، تف لەهەر هوشیاری (خۆم)-))**[١٩]

*سەلاح محەمەد-یش لە شیعرێکدا کە ساڵی ١٩٨٧ نوسیویەتی، دەڵێت:

((تۆ بۆ خۆت و

ئیتر (من) بۆ (خۆم) ئەگەڕێم

**تۆ بۆ بستیٚ لەژوورەکەو**

**من بۆ باخەکەم ئەسوتێم))**[٢٠].

***

ئێستا دەتوانین بڵێین: نە قسەکردن لەبارەی دووکەرتبوون و دوودیووی مرۆڤەوە تازەیەو نە (من)و (خۆم)یش، لەشیعری کوردییدا، بۆ یەکەمجار لای لەتیف هەڵمەت بەکارهاتووە. ڕاستە ئەو من و خۆمەی مەحوی و قانع و سەلاح محەمەد، لەگەڵ من و خۆمەکەی هەڵمەتدا هەمان شت نین و یەك ڕەهەندیان نییەو بەیەك شێوە کاریان لەسەر نەکراوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە من و خۆمەکەی حەمە کاکەڕەشیش لەگەڵ ئەوەی لەتیف هەڵمەتدا هەمان شت نین و یەك ڕەهەندیان نییەو بەیەك شێوە کاریان لەسەر نەکراوە. من دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە شیعرەکەی ئەدۆنیس و ڕۆمانەکەی بەختیار تازەن و دوای شیعرەکەی هەڵمەت نوسراون و بڵاوکراونەتەوە. شیعرەکەی سەید عەلی ساڵحی-ش، نازانم کەی نوسراوە، بەڵام وەرگێڕانەکەی بۆ کوردی تازەیەو دیسان دوای شیعرەکەی هەڵمەتە. من لە هێنانەوەی ئەو نمونانە، زیاتر مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئەم مەسەلەیە زۆر گەورەو فراوان و فرە دیوو فرە ڕەهەندەو کاری زۆری لەسەر کراوە. ئەگینا من هیچ کام لە نمونەکانم بەو مەبەستە نەهێناوەتەوە بڵێم هەڵمەت لەوانی وەرگرتووە. من پێشموایە دەقێك نییە لە دنیادا نەتوانین ببەینەوە سەر دەقێکی دی. دەقێك نییە بەلای کەمەوە لە خاڵێکدا، لەدەقێکی دیکە نەچێت. ئەمەش حاڵەتێکی سروشتییەو هیچ سەیرییەکی تێدا نییە، چونکە دەقەکان بەرهەمی مرۆڤەکانن و مرۆڤەکانیش لەوەتەی

هـەن، هـیچ نـەبێت لـە هەنـدێ خـەمو خـەونو ترسـدا، هاوبەشـنو کـەمو زۆر دەچـنەوە سەریەك.

***

## سەر چاوەکان:

١- محەمەد کوردۆ، لالەزاری وشە، کۆمـەڵێك رەخنـەو بابـەتی ئەدەبییـە، (وەزارەتـی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی: ٢٠٠٧). ل٥١.

٢- حەمە کاکەڕەش، پیاوێکی شکاو، شیعر، (سلێمانی:٢٠٠٤)، ل١٦١.

٣-حەمە کاکەڕەش، درەوشانەوەی نائومێدی، شیعر، (لەبڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیری- سلێمانی: ٢٠٠٥)، ل١٦٣.

٤- لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمـەت. شـیعر، (سـلێمانی: ٢٠٠٠). ل١٠.

٥- بازی بێریان: ژیانو گۆرانییەکانی محەمـەدی مـاملێ، کۆکردنـەوەو ئامـادەکردنی: محەمەد حەسەن ئەحمەد، بەرگی یەکەم، (بەغدا: ١٩٨٣). ل٧٦.

٦- فەتاح ئەمیری.زیندە خەو، رۆمان، (دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر: ٢٠٠٣).

٧- غـادة الـسمان، الـسباحة في بحـيرة الـشيطان، العمـال غـير الكاملـة٣، الطبعـة الثانيـة. (منشورات غادة السمان، بيروت: ١٩٨٠)، ص١٢٣.

٨- الحلاج وقصيدة انشاد الحلاج: سيرة ذاتية، مجلة اقلام الثقافية (لە ئینتەرنێتەوە).

٩- هەمان سەرچاوە.

١٠- محەمەد کوردۆ. لالەزاری وشە، ل٢٧٥.

١١- سێ پارچە شیعر، سەید عەلی ساڵحی، و: مەریوان هەڵەبجەیی، ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٦٦) ٢٠٠٨/١/٣.

١٢- ادونيس، تاريخ يتمزق في جسد امـراة، الطبعـة الثانيـة، (دار الـساقي، بـيروت: ٢٠٠٨). ل١٥.

١٣- دیـوانی ئەحمـەد موختـار جـاف، ئامـادەکردنو...پروفیـسۆر دکتـۆر عیـزەدین مستەفا رەسوڵ، بەیارمەتی ئەمینداریێتی رۆشـنبیریو لاوانـی ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی لەچـاپ دراوە، (بەغدا: ١٩٨٦)، ل١٥٨.

١٤- شێرکۆ بێکەس، من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ، شیعر، (وەزارەتی راگەیاندن بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی: ١٩٧٣)، ل٨.

١٥- بەختیار عەلی، غەزەلنوس‌و باغەکانی خەیاڵ، رۆمان، چاپی یەکەم، (چاپ‌و دابەشکردن: چاپخانەی رەنج: ٢٠٠٨) - ل ٦١٠ .

١٦- هەمان سەرچاوە. ل٦٠٤.

١٧-قسەم بێ درۆیە بۆیە وەك چەقۆیە، لەتیف هەڵمەت، گۆڤاری (هەنار)، ژمارە (٢٨)، ل١٩.

١٨- دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدلکەریمی مدەریس‌و محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، (بەغدا: ١٩٨٤)، ل١١٠.

١٩- دیوانی قانع، بورهان قانع کۆیکردۆتەوەو چاپیکردووە، چاپی یەکەم، (بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی: ١٩٧٩)، .ل١٣٧.

٢٠- سەلاح محەمەد. سەرم پڕیەتی لە سێبەر، شیعر، (وەزارەتی رۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی سلێمانی: ٢٠٠٧)، ل١٠٣.



**گەڕان بەدوای**
**خۆرئاوابوونێکی سپی**
*ئالا حەسەن*

**کێ مرۆڤە**
**یان**
**خۆزگەم بەیەک چرکە ....**
*ئاریان ئەبوبەکر*

**چرپەی دووەمی**
**چەند شەکرە شیعرێک**
**هەتا سێو**
*زانا سامان*

**مردن**
**حەقیقەتی رەهایە**
*کەمال چۆمانی*

**مناڵپەروەر**
*فاروق هۆمەر*

# دەق

# دیدار
**لەگەڵ بەکر شوانی وەرگێڕی رۆمانی بەفر**

# گەڕان بەدوای
# خۆرئاوابوونێکی سپی

**ناڵە حەسەن**



من لێرەوە هاتووم
بەنێو خەرەندە تاریکەکانی خۆرەتاو
من لێرەوە لەدایکبووم
لەنێو ژوورێکی تاریکی پڕ لەگومان
من لێرەوە یاخیم
دوور لەچاوە سەوزەکانی ئاو
من لێرەوە ونم
دوور لەهەناسە بێگەردەکانی پەپوولە
من هاتووم و لەنێو گەڕانەکانمدا
بەدوای عەشقێکدا دەگەڕێم
عەشق وەک خۆی.
لەنێو پاییزی روانینەکانمدا
بەدوای جوانیەکدا دەگەڕێم
جوانی وەک خۆی.
لەنێو خەونە خۆڵەمێشیەکانمدا
بەدوای مردنێکدا دەگەڕێم

مردن وەک خۆی.

من لێرەوە هاتووم،

لەنێو کەڤاڵە رەنگاو رەنگەکانی عەشق



من لێرەوە لەدایکبووم

لەنێو ژوورە بخوورییەکانی جوانی

من لێرەوە سەما دەکەم

لەنێو تابڵۆی باخچەکانی مردن

من هاتووم و

بەدوای سروشتێک دا دەگەڕێم

دەستکردی هیچ خودایەک نەبێت

گەڵاو گوڵ و رەنگەکانی

سەما بۆ مەستبوونەکانی مرۆڤ بکەن

من هاتووم و گەرەکمە چیتر

لەفرمێسکەکانی خاڵخالۆکە رانەمێنم

لەیاخیبوونەکانی مانگەشەو و

لەونبوونەکانی شەونم ورد نەبمەوە

من هاتووم و گەرەکمە

فانۆسەکانی نێو ماڵی خەیاڵم،

بخووری نێو دەلاقەی ئارەزووەکانم، داگیرسێنمەوە

من هاتووم و چیتر نامەوێ

بەسەوڵێکی شکاوەوە

خۆم بدەمە دەست دەریاچە قووڵەکانی قەدەر

گەرەکمە تەوقی گەردنی هاوارەکانم

لەبەردەم دەرگای پەرستگای روناکی توورِ هەڵبدەم
من هاتووم و چیتر نامەویْ
لەنێو دۆزەخێکی تاریک
بەدیار مەرگی کتێبەکانمەوە
وەکو باران
برِژێمە نێو جۆگەلەکانی ئایەت و لاوکەکانی خورافیات
گەرەکمە چیتر
لەنێو سەدەفی بێدەنگبوونی خاک و
لەنێو بێشکەی وەرِسبوونەکانی بەفر نەمێنمەوە
هاتووم و
هەموو شەقامە گیاییەکانی نێو باخچەی غەریزەکانم گەرِاوم
بەنێو پارک و کەناردەریاو باخ و بیابانەکانی خەون و خەیاڵەکانم
گەرِاوم
شەو و شەوگارو وەرزو سەدەکانی نێو ناوەوەی خۆم گەرِاوم
کوچەو کۆڵان و گەرەک و پێدەشتەکانی منداڵیم گەرِاوم
بەنێو خەمە سپیەکانی نێو پرچ و چاوە گەشەکانی دایکیشم گەرِاوم
بەنێو ئێوارە رۆمانسیەکانی باران و
شەوە شینە شلێریەکانی ئاویش گەرِاوم
بەنێو دۆڵ بەدۆڵ و شاخ بەشاخ و ئاسمانە سوورەکانی
ئەستێرانیش گەرِاوم
بەنێو ئۆقیانووسی ئایەت بەئایەتی کتێبە خودابیەکانیش گەرِاوم
بەنێو خەونە ئیرۆسییەکانی فرۆیدو رووخسارە خەماوییە
مرۆڤە پەتاتە خۆرەکانی نێو تابلۆو فیگەرەکانی ڤانکوخیش گەرِاوم

بەنێو بست بەبستی کیشوەرو دەریا شەهوەتاوییەکەی، نێو

کەللەسەری

پاشاو میرو گەداو کوێخاو جەلادەکانیش گەڕاوم

لەنێو هەموو گەڕانەکانمدا، ئەوەی بینیم

ئاوەدانییەکی گرمۆڵەی سەرخۆش و وەرزێکی نامۆی خەواڵوو و

چەند کەرنەڤاڵێکی خوێناوی و هیچی تر

هیچ و هیچ و هیچ ...

نەمبینی، شیعرێکی چاو بەخوماری نێو کتێبەکانی عەشقم نەبینی

عەشق وەک خۆی.

نەمبینی، رووناکیەکی نێو پەرستگە چراخانییەکانی جوانیم نەبینی

جوانی وەک خۆی.

نەمبینی، بزەیەکی گەرمی نێو هەناسە نوورانییەکانی مردنم نەبینی

مردن وەک خۆی.

جەخار، سروشت منی دەسخەڕۆ برد

لەم هاتنەم پەشیمانم

ئەم گۆی زەوییە جێگەی پشوودانی من نییە

ئەم ئاسمانە جێگەی فڕینەکانی من نییە

ئەم دەریاچەیە جێگەی باسکەمەلەکانی من نییە

دەڕۆم و ماندوو تر لەجاران

بەدوای جیهانێکی تردا دەگەڕێم

کە پڕاوپڕ بێ لەڕووبەرەکانی خەون

بەدوای ئەو وەرزانەدا دەگەڕێم

کە پڕاوپڕن لەڕوانینە دۆلفینییەکانی ئاو

بەدوای ئەو بەهەشتەدا دەگەڕێم

کە پڕاوپڕە لەخۆرئاوابوونە سپیەکانی خۆشەویستی

بمبەخشن ئەمجارەیان،

خۆم بەحیکمەتی گەمە بێ ئاگاییەکانم ناسپێرم

بەدوعای نەورەسە لانەوازەکان و شەپۆلە خەوتووەکان سەما ناکەم

دەڕۆم و ئەمجارەیان گەرەکمە

بەگزنگی سەر رووخساری شالوورە شادومانییەکانی عەشق بگەم

عەشق وەک خۆی.

دەڕۆم و ئەمجارەیان گەرەکمە

بەبروسکەو هەورە سپیە پایزییەکانی نێو ئاسمانی جوانی بگەم

جوانی وەک خۆی.

دەڕۆم و ئەمجارەیان گەرەکمە

بەدارستانە پڕ لەدار زەیتوونییە سەوز سەوزەکانی مردن بگەم

مردن وەک خۆی.

لەنێو سەفەرو گەڕانەکانمدا،

میوەجاتی هەموو باغاتێکم خوارد

هەموو بیابانێک و دڕکەڵانێکم بڕی

هەموو دیوانە ئەفسانەییەکانی گەردولوولم خوێندەوە

وەک ئەشقیایەکی سەرشێت بەهەموو زمانێک گۆرانیم گوت

بەنێو شەقامی هەموو ئێوارانێکدا پیاسەمکرد

هەموو جۆرە شەرابێکم هەڵداو سەمام بۆ هەموو شنەبایەک کرد

بووم بەهەمبانەی هەموو هیوایەک

بووم بەبارانی هەموو بەهەشتێک

بووم بەشاسواری هەموو شاژنێک

بووم بەئاگری هەموو ئافاتێک

لەنێو سەفەرو

گەڕانەکانمدا،

لەهەموو کانییەک قومە ئاوێکم خواردەوە

لەشەوژوانی هەموو کچێک رۆژم کردەوە

لەژێر سێبەری هەموو درەختێک سەرخەوێکم شکاند

بەهەموو رەنگێک نیگاری ئومێدەکانی خۆمم رەنگ کرد

ئەوپەڕی سنوورو تخوبەکانی ونبوونم بڕی



بووم بەخڕخاڵی هەموو خولیایەک

بووم بەپاوانی هەموو پێدەشتێک

بووم بەکانیاوی هەموو کۆسارێک

بووم بەڕازیانەی هەر هەموو رازێک

لەڕێگادا،

لەنێو سەفەرو گەڕانەکانمدا

ئەو گەڵایانەم بینی

گوڕ گوڕ دەبوونە گەردانەی گەردنی گومان

ئەو پەڕەسێلکانەم بینی

پەڕ پەڕ، پەڕی کتێبە پیرۆزەکانیان بۆم هەڵدەدایەوە

هیچترین چیرۆکەکانی ( هیچ )یان بۆم دەخوێندەوە

هیچ و هیچ و هیچ ...

لەنێو هەموو سەفەرو گەڕانەکانمدا

شمشاڵێکم نەدۆزییەوە،

پڕ بەگەرووم سەمفۆنیای عەشقێکی پێ بژەنم

عەشق وەک خۆی

دەریایەکم نەدۆزییەوە، مرواریيەکانی جوان بن

جوانی وەک خۆی

باخچەیەکم نەدۆزییەوە، گوڵەکانی هێندە سپی بن

بچەمێنەوە بۆ سپیترین کەژاوەکانی مردن

مردن وەک خۆی!

ئایاری ٢٠٠٨

Nala_hassan@yahoo.ca



# کێ مرۆڤە

# یان

# خۆزگەم بەیەک چرکە پێش ئێستا

# یان..................

ئاریان ئەبوبەکر

## یەکەم مرۆڤ

لە سوجدەدایەو بە ئیقاعێکی ناسکەوە ئەڵێت

تۆبە گووم خوارد

## دووەم مرۆڤ

هیچ ئاسودەییەک لە فڕینا نییە چونکە پابەندە بە باڵەوە

باڵیش بێ توێژە بەرامبەر بەردەکانی ئێرە

شتێک مەڵێ قسەیەک مەکە

ئەگینا ئاشکرا ئەبیت کە درۆزنیت

شتێک بڵێ شتێک

وا سێوەکانی تەنهایی کرمەکانی حەقیقەت فێر ئەکەن گوێ

لەم گۆرانیە نەگرن

سیاجەکانی مناڵی باخچەکانی گەورەیی ئەکەنە کەلاوە

شتێک بڵێو شتێک مەڵێ

بەشەربەتەکانی نزیک جەژن

لێومان ڕەنگ کرد

وتمان کراسی بوکێنیمان لێ دێت

لە ژووری پشتەوە تێر تێر قیژاندمان

تا دەنگمان نوسا

وتمان دەنگمان گڕ بووەو بەکەڵکی بوون بەپیاو دێین

بە دیار خۆمانەوە تێر تێر درۆمان کرد

بەدیار بێ تامی مێژووەکانی حەقیقەتەوە بیرمان لە لەدەستدانی

ئەکردەوە

چەند قورسە لەدەستدانت حەقیقەت

ئەو مێژووانەت لە دەستکەوانی یاخیبوندا ناکرێتەوە بەترێ .

ئەو دەرزیانەی تۆ لەگەڵ ئەم پزیشکیەی ئێمەدا بۆتە خوو

شتێک بڵێ

شتێک هەموو پرۆژەکانی شکاند

شتێک بڵێ

هیچ شارەزایەک بۆ بادانی ئەو ئالێرانە نیە

ئانیشک چەقاندن و ناولەپ داخستن بۆ چەناگە

بەدیار خشەخشی ئەم گۆڕانەوە سارییە

لەستارەیەکی یەک جار ئاورشکێنراوی تەمەندا

نابینە وێنەگر

سیناریۆنووسین لە چاوەڕوانی زاکیرەدا خۆی شتێک لێ ئەکات

لە ٢٠٠٦دا بوو خۆزگەمان خواست مواليدمان ٢٠٠٥ بوایە

لە بەرامبەر یەکا بووین خۆزگەمان ئەخواست لەلای یەکەوە بین

ئەم بە ئینسانی بوونە جگە لەئاوڕ تکان شتێکی لێ ئەبارێ

چاوەڕێم شتێکم مەدەرێ

شتێکم مەدەرێ

جگە لە مردن

ئەو گۆزەیەی فیراقیان تیا خۆش کرد

بە پەنجە درووست کرا

شتێکم مەدەرێ

تابارزتر نەبم لەم کۆلاج بوونەدا

شتێکم مەدەرێ

جگە لە مردن

(چات)م لەگەڵ مردنا کرد

خۆم کرد بەکچێکی ناو حەمامی پیاوان‌و ڕەگەزی خۆی پێ نەوتم

خۆم کرد بە باو ئاقڵ دانیشتم‌و شتێکی پێ نەوتم

خۆم کرد بە سەگ‌و پێی وەڕیم

ئاوڕێکی لێ نەدامەوە

دە ئیتر بەسە

بەسە شتێکم مەدەرێ

جگە لە مردن

بەسە

لەکام شکاندا وێنە بۆ ئەم مانەوەیە بگرین

تا لەسەر لاتریش وەک خۆمان نەبین



## سێیەم مرۆڤ

ژنێک ژنێک

مندالآنی بە ناوەناتۆرەی پیاوە ڕووخۆشەکەی

دراوسێیان ئەسمێت

پیاوێک لە خۆر هەنگاو گەورەتر

پیاوێک لە ئاسمان ئاسمانتر

ژنێک بستێ لە زەوی گەورەتر

خۆزگە زەوی بوومایە لە ئینجانەی ئاسمانێکی ترا خۆر خۆی بدایە پێمان

گیانە پەنجەرەکەت دامەخە

ئاسمانی ژوورەکەم لەبەرچاو کەوتووە

هەرپیاوەو ژن ئەزبەر ئەکات

هەر ژنەو پیاو ڕاڤە ئەکات

شتێک لە درووستبوونی سەهۆڵەکان ناپرسێتەوە

جگە لە خۆر

سەهۆڵێک بنێشتی عاشقبوون لەم بەری دانیەوە ئەبات بۆ ئەوبەری دانی

سەهۆڵێک لە ناشرینیدا خۆی دائەتاشێ

سەهۆڵێک بەسەرخۆشی لەسەرماندا لەپارک ڕەق ئەبێتەوە

سەهۆڵێک شێتیەتی خۆی ئەشارێتەوە

سەهۆڵێک لەکاتی بەربانگدا تاقمەکەی دانی ئەبێت بە دوو کەرتەوە

سەهۆڵێک حەز بە زوو تەواوبوونی شەو ئەکات

سەهۆڵێک لە سێکس نازانێت‌و وەستایە لە درووستکردنی سیسەمی دوونەفەریدا
سەهۆڵێک
سەهۆڵێک
لەم سەهۆڵییەماندا
دڵ بۆتە ئینجانەو وشە نەما تیایدا نەڕوێت
ڕستە نەما بە بۆیەکراوی لێو نەگرێت
لەم ئاوبونەماندا باش لەئاوڕشێن نازانین
لەم قاچ گرتنەماندا
قاچ ئەبێتە ئەستێرەزان ئەستێرەکان ڕەش دائەگەڕێن
ئەبێتە کەشتیەوان
ماسیەکان وەک بۆق کلکیان لێ ئەڕوێت‌و ئەگوێزنەوە بۆ وشکانی
شتێک بڵێ
کەوترانەوە بەڕووتی سەیری خۆت بکە
تا لەپشت تەنکیەوە وەسفی بێ ئەخلاقیت نەکەن
هەڵەیەک هەیە
لەم کۆڕەدا هەڵەیەک هەیە
لەم کۆڕەدا کورسیەکان باوەشیان پڕە لە من‌و تۆ
کەسێک هەیە
لە هیچ کام لەشەقامەکاندا نەخراوەتە ڕستەوە
کەدێت
پڕتەقاڵیانە دێت
پڕتەقاڵیانە ئەمرێت

پڕتەقاڵیانە ئەوەرێتە سەر هەوا

بەرسیلە ئاسا ئاورٍ لە تامی تامی سێگۆشەیی گەڵاکانی ئەداتەوە

بتڵێک ئاوی پڕ لەشت لە باخەڵیدایە ......

.....

پەنجەت هەیە ؟

لەو جەرەسە ئەبەدیە بدەو باڕاکەین

دەستت هەیە ؟

دەرگاکە بەردباران بکەو باڕاکەین

مادام کە پێت هەیە

لەوهەنگاوانەم بەش بدە

ئەو پەنجەیەت هەڵبڕە کە بەر نەفرەتی سێ شەممە نەکەوتووە

هەر ئێستا شتێک بڵێو شتێک مەڵێ

هەر ئێستاش سێبەری ئەم دیوارە کە تۆ پشتت پێوە دا



ئەشێت ئەم دیوارە بکەین بەڕاستە

شتێک بڵێ

نهێنیەکە نەدرکا

کە لەسەری لا نیگامان لەیەک کرد

شتێ بڵێ .............

شکانی هیچ پەرداخێکت لە بیرە

چەند شەممان خۆشە بە لاتەوە

شتێ بڵێ

نا بۆتە منداڵێک لەترسی نەزۆکی خۆشمان ئەوێت

ئێ دە ..... شتێک شتێک بڵێ دڵم تەقی

بڵێ ئەو بەلەمانە شتێکیان کەمە

ئەم باخە مرۆڤێکی لێ ون بووە

بڵێ ئەم پانتۆڵە زنجیرەکەی شکاوە

بڵێ لەسەر ئەم کورسییە بوو بەدرۆوە وتم

سەعات چەندە ؟

شتێ بڵێ          شتێ بڵێ

ئەلوو     ئەلوو     ئەلوو

ئەلوو          گوێم لێت نییە

شتێک بڵێ

لەبیرتە

بەکراسێکی پرتەقاڵییەوە

لەژێر ئاسمانێکی شینا بە چاوەکانی بارانت ئەووت لەوە ئەچێت

عەدەسە بێت

بە چەترێکی مۆرەوە خۆت لە زەردی خۆر ئەشاردەوە

بە گوڵێکی سورەوە لە چیمەنێکی سەوزدا

حەزت بە بارینی بەفر ئەکرد

لەبیرمەو گریمان لەبیرمە

گریمان

## چوارەم مرۆڤ

لەبەر دەرکی سەراوە تەلەفۆن بۆ ستۆکهۆڵم ئەکات و خەبەری ئەبێتەوە

گریمان لەلای مۆمێکی تەمەن نیو سەعاتەوە ناتوانیت بڵێیت فوو

گریمان ماڵتان لەتەنیشت ماڵی شیرین کافە

ئەرخەوان دراوسێتانە

گوێ لەو گۆرانیانە دەگریت کە شیعری عەبدولا پەشێون

شیعرەکانی

هەر لە گەڕەکەکەی ماڵی شێرکۆ بێکەس

محەمەد عومەر عوسمان کرێچیتانە

ساحێب ماڵی پیاوێکی ترن

هەمیشە کتێبەکانی بەختیار عەلی ئەخوێنیتەوە

لاسایی دەنگی ڕۆژ هەڵەبجەیی‌و کەژاڵ ئەحمەد ئەکەیتەوە

کە لەگەڵ دەنکەکەتا شەڕ ئەکەیت

تەلەفۆن بۆ فەرهاد پیربال ئەکەیت‌و

ئەڵێیت ئەویش تەلەفۆنی بۆ شێرزاد حەسەن کردووە

زۆرجار باسی ڕێبوار سیوەیلی‌و هاوڕێیانی ئەکەیت

دەفتەری یادگارییەکەت پڕە لە قیاسی سمێڵی ئەو پیاوانەی ناویان

نازانیت

پڕە لە ڕەنگی لێوی ئەو ژنانەی نازانی کێن

کەچی

کەچی

کەچی

کەچی ئێوارەیەک بیر لە خۆکوشتن ئەکەیتەوە

بیر

لە

خۆکوشتن ئەکەیتەوە

هەموو عەترەکان ئەشکێنێت

هەموو سوراوەکان لەسەر لێوت تاقی ئەکەیتەوە



پەشیمان ئەبیتەوە

قژت ئەبەستیت

پەشیمان ئەبیتەوە

لەچک ئەکەیت

پەشیمان ئەبیتەوە

دەست ئەبەیت بۆ سمێڵت‌و بیر لە منداڵیت ئەکەیتەوە

تاڵە سپیەکانی قژت ڕێک ئەکەیت‌و پەشیمان ئەبیتەوە

دائەنیشیت‌و بەس بیرلە خۆکوشتن ناکەیتەوە

پەشیمانتر ئەبیتەوەو بیر

لە

خۆ

کوشتن

ناکەیتەوە

## پێنجەم مرۆڤ

ماڵمان لەسەر زەوی بوو

لەسەر زەوی

لەسەر ئەو زەویەی کە مام جەلال‌و کاک مەسعود لەسەری باڵق بوون

دەسپێکی ڕۆحمان لەو جەستەیەدا بوو

کە خودای گەورە زۆر بە سەلیقەوە دروستی کرد

کەچی تۆ هاتیت

هاتیتو وتت

ناشیرین ئەڵێیت مارمێلکەیت

شتێک بڵێ

شتێک

ئەزانم نازانی خۆزگە ئەخوازیت

خۆزگە ئەخوازیت لە پاسا بیبینیتەوە

خۆزگە ئەخوازیت بەر دەرگاکەتان سێبەری بەر دەرگاکەی ئێمەی

بەرکەوێ

خۆزگە ئەخوازیت

TV.ەکەی ئێوە بەگوێی ئالێرەکەی ئێمە بکات

پەشیمان ئەبیتەوە

پەشیمانتر ئەبیتەوەو

خۆزگە ئەخوازیت خودا منی دروست نەکردایە

خۆزگە ئەخوازیت

خۆزگە ئەخوازم

خۆزگە ئەخوازیت

خۆزگە ئەخوازم

هەر خۆزگە ئەخوازم

لەپڕا بە ئیقاعێکی ناسکتر لەوەی پێشووەوە

ئەڵێم سەیرە ناوی من لە قورئانی پیرۆزدا بە شێت نەهاتووە

یەکسەر پەشیمان ئەبمەوەو ئەڵێم

ئەستەخفیراللە

پەشیمان ئەبیتەوە

شتێک بڵێ

تا کات ماوە شتێک بڵێ

ئێ دە شتێک بڵێ و شتێک مەڵێو شتێکم مەدەرێ

جگە لە مردن

## شەشەم مرۆڤ

هیچ شارەزاییەک بۆ سکێچکردنی ئەم مێزانە نییە

مێزێک لە ئێستامان نا بازنەیی تر پڕ پڕ لە شت

بەڵام حەیف

حەیف پاروویەکی وشکو ناخۆش

پاروویەکی خۆش خۆش

یەکسانە بە گوو

هەموو هەوڵێکمان بۆ زیاتر مانەوەمان بوو لەئاودەستدا

بەڵام حەیف

چێشتەنگاوێک پڕیەتی لە قەلەقیەکانی سێو

پڕیەتی لە ئاوێنەکانی ماسیو یەکلابوونەوەی B+ ی و A-ی خوێنی هەنار

دە شتێک بڵێ بۆ تەعاروف کردن لەگەڵ باراندا

بۆ مانەوە بە کۆنتراستی لای مانەوەوە

بۆ ئاوێنە گرتن بۆ ڕیشتاشینی بوومەلەرزە

بەڵام حەیف

وشەیەک شک نابیەن بۆ تەعاروف کردن

شتێک بڵێ

خودا کەمن ئەبینێت

هەست بە سەقەت بوونی ئیشەکانی ئەکات

ئێ   ئێ   دەشتێک بڵێ            یەک شت بڵێ.......

## حەوتەم مرۆڤ

پێش یەکەم مرۆڤەو یاخی ترە لە مرۆڤی یەکەم

پێش دووەم مرۆڤەو

لە لاسایی کردنەوەی ڕوناکیدا خزاندیانە تەنەکەی خۆڵەوە

پێش سێیەم مرۆڤەو

بە هەموو ئەخلاقییەوە پێیان وت بێئەخلاق‌و لەڕووی نەهات بێت

پێش چوارەم مرۆڤەو چوارشەممە هۆکاری نەهاتنی ئەڵێت

پێش پێنجەم مرۆڤەو ڕۆژەکانی هەفتە

لە شەشەم مرۆڤ ئەقرسێتەوە

.............................................. یان هیچ

# چرپەی دووەمی
# چەند شەکرە شیعرێک
# هەتا سێو

زانا سامان

**پێنوس**

لەبەردەم ئاوێنەی بەر هەیوانی روانین

خەریکی شۆردنەوەی وێنەیەکی شیعرییە

****

**باران**

بەرهەمی تەریقبوونەوەی ئاسمانە

کاتێک بەدەم پەشیمانییەوە گریان دادەکات

****

**ئەفسانە**

دەستو پێشکاندنی مەبەستێکە

لەڕابردووەوە بۆ ئێستاو لەئێستاوە بۆ داهاتوو

****

**شەڕ**

گوێ هەڵخستنی شەیتانە، لەچرپەی نهێنیەکی بزێو

****

**چاوەڕوانی**

**بەرپەرچدانەوەی (کات)ە ، کە خەریکە ژەنگ بەژیان دەهێنێ**

********

**میهرەبانی**

**خۆهەڵخستنی ئارامییە، لەبەردەم تیشکی چاوی رقێکدا**

********

**رۆح**

**راچەنینی ماسیە، لەکاتی هەڵچوونی دەریادا**

********

**پەنجەرە**

**دۆزینەوەی بریسکەیەکی تیژڕەوە، کە ئاوێنە پەخشی دەکاتە ناو چاوی هیواوە**

********

**فڕین**

**هەوڵێکە بۆ لەبیرچوونەوەی ترسێک، کە عەشق دەیپرژێنێتە ناو گەرووی بولبولێکەوە**

********

**پیاسەکردن**

**بۆسەی کۆمەڵێک عاشقە، کە دەیانەوێت لەگەڕاندا یەقین راوبکەن**

********

**لەیادکردن**

**لەبیرچوونی نامەیەکە، لەسەر سوچی کاڵی ژیان**

********

**خۆخواردنەوە**

**ماخۆلانگرتنی برینێکە، لەسەر دەستی کەسێکی بێزار**

****

**منداڵ**

**خەریکی دۆزینەوەی (هیچ)ە لەگیرفانی بەتاڵی گەورەکاندا**

****

**فڕفڕۆکە**

**خولانەوەیەکی خێرایە بەدەوری زەمەندا، بۆ دۆزینەوەی منداڵی**

****

**خەم**

**سەری بچێت، جێهێشتنی لەلای ئێمە بەسەر ناچێت**

****

**ژن**

**نیوەی یەکەمی بەشی ماندوویێتی عەشقێکی جاویدانییە**

****



**پیاو**

**ئەڵقەی دووەمی سیحرێکی پڕ**

**ئەزەلی ژیانە**

# مردن

# حەقیقەتی ڕەهایە

## کەمال چۆمانی

لە جەوهەری بوونەوە

لە مردن ئەڕوانم...

بێتێفکرین لە بوون، مردن پووچییەکی بێمانایە،

لەڕێی مردنی پاساریەک مرۆڤ ئەتوانێت ئایدیاڵێک لە گریان بخولقێنێت،

لەڕێی گوێگرتن لە نەغمەی بولبولێکەوە

مرۆڤ ئەتوانێت فیردەوسێک بخولقێنێت.

مردن گەیشتنە بە یەقین

هانا بردنە بۆ جەوهەری مرۆڤ خۆی،

راکردنە لە پیسیەکانی جیهان و

تێکەڵبوونەوەیە بە کرۆکی جوانییەکانی ئادەم.

دانیشتنەوەیە لە کۆشی حەوا

هەناسەدانە لەبەر قاپیی یەزدان.

چوونەوەیە بۆ لای قابیل و

تێگەیاندنیەتی لە جوانیی ئینسان

باوەش کردنەوەیە بە هابیلدا.

کاتێ بە چاویلکەی عاریفێکەوە لە مردن ئەڕوانین
مردن ئاوێتە بوونە لەگەڵ حەقیقەتی رەها،
کاتێ بە گوێچکەی شەهیدێکەوە گوێ لە مردن ئەگرین
مردن مارشی ئازادییە،
ئەوکاتەی بە سواری ئەسپێکەوە بەرەو مردن رائەکەین
مردن حیلەی ئەسپێکە کە لە بەرەی جیهادی جەهل گەڕاوەتەوە،
لە تێڕامانی حەکیمێکەوە
مردن دەرمانی ژیانە...
ئاخر ژیان پیسترین دەردێکە
خودا بۆ بەندەکانی کردۆتە ئەڵقەی هاوسەرگیریی مرۆڤ لەگەڵ
رۆح.
کاتێ سەدەفێک بە پشتی مەیتارێکەوە بەرەو گۆڕ ئەبەن،
مەلەکوتی قەلەڕەشکە ئاهەنگ ئەگێڕن..
کاتێ مەلەکووتی قەلەڕەشکە بەرەو گۆر ئەبەن
پەڕەسێلکەکانی جاویدەکان کەرنەڤاڵ ئەبەستن
لە جەوهەری بوونەوە ئەمەوێت ناخی مردووێک بدوێنم
بە پرسیاری تۆ لە کوێوە بۆ کوێ و لە چییەوە بۆ چی؟
ئەکرێت جەوهەری مردن تەجەلا بکەین...
لە نێو زەریای قووڵی گەمژەیی مرۆڤەوە
مردنێک هەیە
لە نێو قووڵایی عەقڵی مرۆڤێکی جاوید
جوانییەک هەیە.
هەموو تورەهاتێک واتا ژیان

**هەموو جاویدییەک واتا مردن**
**تورەهاتە ئەو ژیانە بێویژدانەی**
**لەگەڵ پڵنگێکا، گوللە بە کوکوختیەکەوە ئەنێ،**
**توورەهاتە ئەو وڵاتەی، مرۆڤ تێیدا بە سەگ بکرێ و**
**پەپوولە تێیدا سەری ببڕێ و**
**مافیا حوکمی لە دەست بێت و**
**حەکیمیش بە ویقاری خۆیەوە بەرەو خەڵوەتی مەنفا**
**توورهەڵبدرێت..**
**تورەهاتە نیشتمانێک لەسەر رۆحی ئەنفال بنیاتبنرێت و**
**ئەنفال لەسەر رۆحی خۆیدا نەژییێت**
**چەندە بچوکن سەرکردەکانی وڵاتی من**
**ناترسن لە پرسیارەکانی دوای مردن**
**تۆ لە کوێوە بۆ کوێ و لە چییەوە بۆ چی؟**
**ئەی ئینسانی بچوک، ئەی شەڕچی و هەرچی و پەرچی.**
**خودای من...**
**بەر لەوەی تۆ هەناسەکانم بۆ خۆت ببەیتەوە،**
**ویژدانم پێببەخشە، بەڵکو لە مانای مردن تێبفکرم**
**ئاخر مرۆڤی بێویژدان کەی سڵ لە مردن ئەکاتەوە؟**
**لە حیکمەتی هەنگێک کە بەدوای شیلەیەکەوەیە، من مردن ئەبینم**
**لە بەرائەتی شەمشەمەکوێرە بۆ شەو، مردن ئەبینم**
**لە چاوچنۆکی سەرکردەیەکەوە بۆ بستێک زەویی تر**
**ژیان ئەبینم.**

**ئەمەوێت بەسەر پلیکانەکانی شەو بۆ ئاسمان، بۆ لای فریشتەکان**

**سەرکەوم**

**چەندە هەوڵ ئەدەم بێهوودەیە**

**سەیرکە مردن چەند گەورەیە، بە هەموو سامانی دونیا و هەموو**

**پارەی ئەریستۆکراتەکان**

**ناتوانیت بڕۆیتە لای فریشتەکان**

**ئای مردن چەند جوانیت**

**کاتێک لەگەڵ خۆتدا**

**ئەمبەی**

**فریشتە...... جاویدانەگی..... بۆلای خودا.....**

**ژیان ئەمباتە بەر دەرگای سۆزانییەکان**

**مردنیش بۆ لای حەکیمەکان و فریشتەکان**

**ژیان وێڵم ئەکات بە دوای ئارەزوو،**

**مردنیش بەدوای عەقڵ**

**ژیان تەڵەکابازێکی سیاسییە و**

**مردنیش ئەدیبێکی فانی**

**ژیان حەزە و مردنیش عەشق.**

**ژیان گاڵتەجاڕی منداڵیکی خەواڵووە،**

**کە لە خەیاڵی منداڵانەی خۆیدا**

**جیهان یەک پارچەیە لە یاری...**

**مردن لە ئەبەدیەتی بەهەشتەوە هاتووە و**

**بەرەو قولاییەکانی دۆزەخ هێرش ئەبات**

**لە مەملەکەتی فریشتە، خێمە هەڵئەدات**

مردن گەڕانەوەیە بۆ خاکییەتی ئینسان

سەلماندنی پووچییەتیی ژیانە

مردن خەوتنە لەگەڵ بەرد و دار

لەجیاتی ژن و پێخەفی نازدار.

ئەو چرکەساتانە ئەنێژم، کە بەدوای ژیانێکی ترن.

بۆیە مردنم خۆشئەوێ،

چونکە تەنها مردنە جورئەتی راستی دەکات

هەر مردنیشە درۆ ناکات

ئێمە بونەوەرێکین لێوانلێو لە درۆ

مردن فێری راستگۆییمان ئەکات...

لە چرکەساتی لێکترازانی رۆح لەگەڵ دنیا

راستگۆیی هەیە

راستگۆیی عەشقێکی سەرمەدییە.

بە خەیاڵ باتێبفکرینە چوارچێوە بەردینەکەی گۆڕ،

سەیری لاوازی و پیسی و گوناهەکانی خۆمان بکەین

بە دوای وەڵامێکی سادە بۆ پرسیاری فریشتەکان بگەڕێین

ئای فریشتە...

لە گۆڕدا بە دیداری ترسناکت شاد ئەبین

لەوێدا ئەزانین

فریشتەکانیش دوو جۆرن،

بەرەو دۆزەخ بەر و بەرەو بەهەشت بەر.

گوناهی من ئەوەیە مردنم خۆشئەوێت

گوناهی سەرکردەیەکیش ئەوەیە

**ژیانی خۆشئەوێت...**

**من ئەمەوێت بمرم بۆ ئەوەی ژیان نوێ بێتەوە**

**ئەویش ئەیەوێت بژیێت بۆ ئەوەی هەموو ژیان بۆ خۆی بەرێت**

**مرۆڤ تا ئەمرێت مەحکومە بە ژیان**

**ئەگەر نا یەکەم رۆژی بوونم مردنم هەڵئەبژارد...**

**ژیان واتا گوناه**

**مردن واتا کۆتاهێنان بە گوناه.**

**گوناهم کرد، لێ حەزم تێرنەبوو**

**رقم هەڵڕشت، لێ دڵڕەقیم تەواونەبوو**

**ژیانم کرد لێ چاوەڕوانیم تەواو نەبوو**

**بیرم کردەوە لێ تا نەمرم ناگەمە یەقین**

**تێکەڵ بووم بە جوانییەکانی سروشت**

**لێ نەمتوانی پێکی هەمیشەیی هەڵدەم**

**رامکرد لە دەست ژیان،**

**لێ ژیان کردمیە کۆیلەی خۆی**

**هانام برد بۆ مردن**

**لێ مردن پێمپێکەنی...**

**مردن لە دیدی ئیمانداریێکەوە،**

**کۆتاهاتنی دنیا و دەست پێکردنی قیامەتە...**

**لە دیدی زەندیقێکەوە،**

**خەوتنێکی بێهەڵسانەوەیە...**

**لە دیدی عاریفێکەوە،**

**هەوڵدانێکی ترە بۆ مەعریفەیەکی تر...**

لە دیدی جاهێلێکەوە،

قاقایەکی سەرمەدییە...

لە دیدی پیرێکەوە،

هانا بردنە بۆ پشوودانی هەمیشەیی...

لە دیدی منداڵێکەوە،

خەوتنە لە گەڵ زەوی...

لە دیدی جەلادێکەوە،

"غەدر"ێکی خواهییانەیە...

لە دیدی ستەمکارێکەوە،

شادکردنی ستەمە بە پاکی...

لە دیدی شاعیرێکەوە،

ئیلهامێکی ترە بۆ شیعرێکی تر...

مردن، هانا بردنە بۆ جوانییەکی ئەبەدی

کە تەنها لەو دنیا بۆمان دێتە دی.

٢٠٠٨-٥-٩



# مناڵپەروەر

## فاروق هۆمەر

١

مـن دەمزانـی ئـەو گونـدە غـەریب و پـڕ کێـشمەکێشە، کـە دەمێك بـوو مامۆسـتای گوندەکەیان لەگەڵەهەڵاتنی خۆی، قوتابخانەیەکی لەنێو ئـەو سروشـتە بـەهـەشـتیەدا، بـۆ چۆڵوهۆڵی و کۆمەڵێك مندالّی رەش و رووتیشی بۆ بێنـازی بەجێهێـشتبوو، وا بـە ئاسـانی بەو ناگۆڕێت. ئەوێك کە وەك خۆی دەیگووت هەموو ژیانی لە نێـو کتێبـدا بردبـووە سـەر. رووداو و کارەساتەکانی ئەم دنیایەی تەنیا لە دوو تـوێی کتێبـدا خوێنـدبۆوە. بـەدرێـژایی ژیانیشی نەخۆشەویستی کردبوو نە شەڕ. تا ئیستاشی پێوە بێت کە لە نێو گۆڕدا، بێخەم لێـی راکشاوە نـەدەنگی بـەسـەر کـەسێکدا بـەرز کردبـۆوەو نـە دەستیـشی لـەکـەسێك داهێنابۆوە. لەسنوری شارەکەی خۆشیان بترازێت شوێنێکی دی نـەدیبـوو. ئـەو دەیزانـی کۆمەڵێك گوندو شارۆچکەی دی لەدەرەوەی شارەکەی ئەودا هەن، بەڵام نە ناویانی بیست بوو و نەهیچیانی دی بوو، تەنیا ئەوەنـدە نـەبـێ، کـەسـانێکی ناسـی بـوون کـە لـە کـاتی خوێندنیدا، هاوپۆلی بوون و منداڵانی گوند بـوون.ئـەو کاتـەی فـەرمـانی دامـەزراندنی بـۆ گوندی (پەپولە) دەرچووبوو، یەکسەر بیری بۆ گوندێکی خەیاڵی ناو کتێبەکان چووبوو کە پڕبـوو لەپـەپولـە. بـێ لەپـەپولـە بـیری لەشـتێکی تـر نـەکردبـۆوە. دنیایـەك پـەپولـەی رەنگاوڕەنگی هێنابووە پێش چاوی خۆی کە لەبەیانییەوە تا ئێوارە لەگوندێکی خەیاڵیـدا بێ ماندووبوون دێن و دەچن و ژیانیان پڕکردووە لەخۆشنوودی.

من لێم پرسی کە تۆ مامۆستایت نەدەبوو بیرت لەو منداڵانـە بکردایـەتـەوە کـە دەبـوو وانەیان پێ بڵێتەوە. بەخەندەیەکەوە کە پڕ بوو لەشەرم پێیگوتم:

(ئاخر من تەنیا بیرم لای پەپولەکان بوو).

ئەو بەردەوام باسی ئەو کاتانەی بۆ دەکردم کـە بڕیـاری دابـوو، لـە گونـدەکـەی ئێمـە ببێتە مامۆستا.

پێیدەگوتم: (ئەوە بۆ من ژیانێکی تازە بوو، دابڕان بوو لەدونیای کتێب و مامەڵە کردن بوو لەگەڵ ژیانێکی هەقیقی. بڕوا بکە ئیستاش نازانم چۆن ئـاوا بـەخێرایـی خـۆم ئامـادە کردو رووەکردە ئێرە).

(تۆ کوڕی شاریت؟).

بەڕوانینێکی پڕ لەشەرمەوە گوتی: (بەڵێ).

ئیدی هەردوکمان پێکەنین. لەنێو ئەو دەشتە فراوانەدا قاقا پێکەنین.

(تا ئێستا گوندت نەدیوە).

(ئەمە یەکەمین جارە).

منیش بۆ یەکەمین جارم بوو کوڕێکی شاریی ببینم. هێشتا ئـەو رۆژەم بـیر ناچـێتەوە کە بەپانتۆڵێکی کابۆی رەش و بلوسێکی جەرگی و جوتێك کالەی سورەوە، بەقژێکی درێژ کـە بـەسـەر شـان و ملیـدا شـۆڕببونەوە خـوارێ، پێینایـە گونـدی پـەپولـەوە. خـۆی و جانتایەکی رەش کە پڕی بوو لەکتێب.

(تۆ خەڵکی گوندی پەپولەیت).

(نا.. من خەڵکی گوندی بەربەیانم، بەڵام بۆ ماوەیەك دەچێت لێرە لە گونـدی پـەپولـە دەژیم).

(ئەم گوندانە جوانن.. دەڵێی کیسەڵن بەسەر پشتی ئەو شاخانەوە گیرساونەتەوە).

(پێت چۆنە دانیشین و بەدەم حەوانەوەوە جگەرەیەك بکێشین).

(بۆ نا، منیش پێمخۆشە).

لەسەر کانی و ئاوێك لەقەراخی رێگەکە دانیشتین. من تورەکەی توتنەکەم دەرهێنا تـا سیغارێك بپێچمەوە، ئەو پاکەتەکەی دەرکردو جگەرەیەکی بۆ راگرتم و ئامآژەی بـۆ کـردم کە لێی وەربگرم.

هـەردوکمـان دەسـتمان کـرد بـەجگـەرەکێـشان. بـەدەم هـەڵمـژینی جگـەرەکـەیـەوە پێیگووتم:

(هەموو شتێك لەسروشتدا تامی خۆی هەیە، هەست دەکەیت هەموو شتەکان زینـدوون و گیانیان تیایە.. سروشت تاکە شتێکە کە خواوەند دەتوانێ تا ئەبەد منەتمـان بـەسـەردا بکات).

ئەو بەخۆشەویستیەکی گەورەوە تەماشای چوار دەوری خۆی دەکرد، لەگەڵ هەموو شتەکاندا دەدواو قسەی لەگەڵ دەکردن. بەسەرسامییەوە تەماشای فڕینی کڵاوکوڕەو قازو قولینگەکانی ئاسمانی دەکرد. خوڕەی ئاو و جوڵانەوەی گەڵای درەختەکان لای ئەو سەیربوون. بەخۆشییەوە تەماشای شۆڕبوونەوەی لێڕەوارو نشێوەکان.. هەڵگەڕانەوەو بەرزبوونەوەی یاڵ و کێوەکانی دەکرد. تەنانەت بە نەوازشەوە لەکرم و کیسەڵی ڕێگاوبانەکانیشی دەڕوانی.

کە لەکێشانی جگەرەکانمان بوینەوە، پێمگووت:

(بیرت لەوە کردۆتەوە کە ژیانی لادێ، وەك ژیانی شار ئاسان نییە).

(بڕوا ناکەم سەخت بێت).

(دەبێت بچیتە کێو بۆ دارهێنان.. ئاگر کردنەوەو دارشکاندن).

(بەلای منەوە ژیان وەك گۆرانی وایە.. ئەگەر مرۆڤ بەختەوەر بێت هیچ شتێك مەحاڵ نییە).

گوندی پەپولە لەقەڵایەك دەچوو لەژێر هەورەکاندا دروست کرابێت. ڕێگایەکی باریکی پێچاوپێچیش کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی گوندەکەوە، کە تاکە ڕێگایەك بوو هەم بۆ چوونە ژورەوەو هەم بۆ هاتنە دەرەوەش لەگوندەکە بەکاردەهێنرا. بەرلەوەی پێ بنێیتە ناو گوندەکەوە دەیان ڕێچکەی ترت دەبینی کە دەهاتنەوە سەر ئەو شاڕێگەیەی ئێمە گرتبومانە بەر، هەندێکیان بۆ سەر کانی و ئاو و زەوی و زارەکانی گوندەکەو هەندێکیشیان ئەو گوندانەی دەوروبەریان دەلکاند بەگوندی پەپولەوە. هەر هاتوویەك کە ڕێی دەکەوێتە ئەم گوندە، یەکەم شتێك تێبینی ئەوە دەکات کە گوندەکە وەك ئەژدیهایەك بەسەر سەریەوە ڕاوەستاوە. هەمیشە خۆی لەخوارەوەو گوندێك لەسەروو خۆیەوە دەبینێت. دەبێت بەردەوام و بێبڕانەوە بۆی سەرکەوێت. سەرکەوتن.

هەناسەت لێدەبڕێت و لەپەلوپۆت دەخات و تۆ هێشتا هەر نەگەیشتویت. بەدرێژایی ڕێگەکەش یەك دوو جار نەبێت توشی شۆڕبوونەوەیەك یان داگەڕانێك نابیت. گردۆڵگە لەدوای گردۆڵکە هەناسەت لەبەردەبڕێت.

هەر دەڕۆیت و ناگەیتە گوند، هەمیشەش هەستێك دەبێتە هاوڕێت و بەدرێژایی ڕێگەكە لێتنابێتەوە. ئەو هەستەش ئەوەیە كە تۆ بڵێی بەزیندوێتی بگەیتە گوند. بینینی رێگـەكـە بێئومێدییەكی وات تیا دەڕوێنێت كە گەیشتنە گوندت وەك مەحاڵێك پیٚ نیشاندەدات.

گەیشتنە گوندی پەپولە ئەوەنـدە سـەختـە، هـەر رێبوارێـك كـە بـۆ یـەكـەمجار رووی تێكردبێـت لـەدڵی خۆیـدا ئـەو بڕیـارەی داوە كـە جـارێكی دی بـەدرێـژایی ژیـانی رووی تێنەكاتەوە. نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو ئیدی جارێكی دی بیر لەبڕینی رێـی هـیچ گونـدێكی دی نەكاتەوە.

بەڵام هەر ئەوەندەی ئاشنا بویت بەئاوو هەوای گوندەكە، ئیدی زۆر سەختە بتوانیـت بڕیاری بەجێهێشتنی بدەیت. بەردەوام تۆ لـەخـوارەوەیـت و گونـدێكیش لـەسـەرەوە. تـا بەرزایش تەواو نەبێت، نەدرەختێك، نە ماڵێكی گونـدەكـە نابینرێـت. هـەر كـە بـەرزاییـش تەواو بوو، ئەوەت بەخەیاڵدا دێت كە تۆ لەبەرزترین شوێنی ئەم دونیایەدایت. بڕوا ناكەیت شـوێنێكی دی لـەم شـوێنە بـەرزتـر هـەبێـت. یـەكـەم شـتێكیش كـە دێتـە پـێش چـاوت، درەختێكی پیری باڵابەرزە كە چڵ و لق و پۆپەكانی ئەوەندە بەئاسماندا بەرز بوونـەتـەوە كە ئاستەمە لەزەوییەوە كۆی درەختەكە ببینیت.

هەر كە درەختەكەی بینی، لەشوێنی خۆی بەرزبۆوەو هاواریكرد.

(واو.. ئەوە چییە.. ئەوە چ درەختێكە؟).

بەر لەوەی لەبڕینی بەرزاییەكە ببینەوە، پێمگووت: (راستە تا دەگەیتە ئێرە شـەكـەت و ماندودەبیت و هەناسەت لەبەر دەبڕێت، بەڵام بڕینی ئەو بـەرزاییـەش بـۆ خـۆی بێهـودە نییە).

ئەو گەیشتبووە حاڵێك كـە نـەیـدەتـوانی هـیچ بڵێـت. هـەسـتمدەكـرد چاوەڕوانـە مـن نهێنییەكی بۆ بدركێنم. لەشوێنێكدا وەستاین كە چـەنـد هـەنگـاوێكی مـابوو سـەرلـەبـەری گوندەكەت لیٚ دەربكەوێت.

ئەو بەتەواوی هەناسەی لێبڕابوو. لەبـەر خـۆرەتـاوەكـەدا شـل و شـەكـەت پاڵیـدابۆوە بەگاشەبەردێكەوە، كە لایەكی كەوتبووە ژێر سێبەری دەوەنێكـەوە. هـەردوكمـان لـەیـەك كاتدا تەماشایەكی خوارەوەمان كرد. بەپێكەنینەوە، پێمگووت:

(بڕوا ناكەم لەژیانتدا بەرزایی وات دیبێت).

(دەشێ وا لێی بڕوانیت کە ئێرە کۆتایی جیهانە).

لەو بەرزاییەوە کە بۆ خوارەوە دەڕوانیت، هەموو شتێك بچوك دەنوێنێت. گردۆڵکەیەك وەك گوێزێك و درەختێکیش وەك مێرولەیەك دەبینیت.

(چەند هەنگاوێکمان ماوە بۆ ئەوەی گوندەکە بەتەواوی دەرکەوێت).

(ماندووبوون ئەوەی لەبیربردومەتەوە کە خەیاڵ لەگوندەکە بکەمەوە).

(کە بەرزاییەکەمان بڕی، گوندەکە وەك خاتونێکی جوان خۆیت نیشاندەدات.. خاتونێك کە هەست دەکەیت تەنیا پارچە قوماشێکی تەنکی لەخۆی ئاڵاندوەو بەرەو لای تۆ رادەکات).

هەردوکمان لەبەردەم نیگاری گوندەکەدا، بێدەنگ راوەستابووین. لەلایەك شەکەت و ماندووبووین و لەلایەکی دیش جوانی گوندەکە، وای لێکردبووین کە تاماوەیەك نەتوانین گۆ بکەین.

هەر ئەو نا، هەرکەسێك بۆ یەکەمجار رێی کەوتبێتە ئەم دێیە، بۆ ماوەیەك لەبینینی ئەو درەختە توشی سەرسامیبووە. درەختێکی پیری کۆنە ساڵ کە ئەوەندەی بپرسی و لێیبکۆڵیتەوە کەسێك نییە پێت بڵێت تەمەنی چەندەو چۆن رواوەو کێ رواندویەتی و لەکەیەوە لەوێدا قووتبۆتەوە. پیرترین پیاوی دێ بەدڵنیاییەوە پێتدەڵێت:

(کە من لەدایکبووم ئەو درەختە هەبووە، باوکیشم بەیادیدا نەهاتووە لەکەیەوە ئەو درەختە هەیە).

پیرێژنێکیش کە ددان لەدەمیدا نەماوەو جارجارەش لەقسەکردن دەوەستێت و چاوە سپییەکانی دەنوقێنێت، پێیوایە لەوەتەی هەیە، ئەو درەختە هەر وابووە. ئەو دەڵێت ئەو کاتەی منداڵ بووە ئەو درەختەش هەر وەك ئێستای بەژن و باڵای لەئاسماندا بووە. ئەو پیرەژنە دەیان حیکایەتی لەسەر ئەو درەختە هەڵبەستوەو هەزاران خەونی بەو درەختەوە دیوە. بەپێی یەکێك لەو حیکایەتانەی ئەو کە لەخەونێکیدا دیویەتی، کچ و کوڕێکی ئەم گوندە عاشقی یەك بوون، عەشقی ئەوان ئەوەندە جوان و پاك بووە، هاوتای عەشقی شیرین و فەرهاد. بەڵام لەبەر ئەوەی کوڕەکە هەژار بووە، دایك و باوکی رازی نەبوون ئەو عەشقە بگاتە ئاکام ئیدی کچەو کوڕە بیر لەهەڵاتن دەکەنەوە.

ئـەو بـەرەبـەیانـەی هـەڵدێن، بـاوکی کـچە پێـدەزانـێ و هـەردوکیـان بـەساچـمەزەن دەکوژێت..

پیرێژن سوێند دەخوات و دەڵێ، مـن لـەخـەونـەکـەمـدا زۆر بـەڕوونـی دیتوومـە، چـۆن کوڕەکە بۆتە ئەو درەختەو کیژەکەش بۆتە زێ. هـەر ئـەو پیرێژنـە بـەدەم ئاهێکـەوە کـە پڕیەتی لەخەم و کەسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

(ئێمە هەمومان جوانی خۆمان دەبەخشین بـەو درەختـە، ئـەو درەختـە ڕەگوڕیـشەی لەناو هەناوی پیرو گەنجی ئەم گوندەدا، داکوتـاوە. ئـاو و خـۆراك لـەگیـان و ڕۆحـی ئێمـە وەردەگرێت... هەمووومان، پیر دەبین و ئەو جوان دەبێتەوە.. ئێمە دەمـرین و ئـەو منـاڵ دەبێتەوە).

٢

ڕۆژێکیان، ڕۆژێکی گەرمی مانگی گەلاوێژ، سواری ماشێنێکی جوتیاری دوا بەتاڵ بووم و بەرەو ئەو دێیە کەوتمە ڕێ کە تەنیا فەرمانێکی پەروەردەیی نەبێت، هـیچ شـتێکی دی مـنی بـەوێـوە نـەدەبـەسـتەوە. مـن مامۆسـتاو عـەشـقێکی بێـسنورم بـۆ فێرکـردن و پەروەردەکردنی منـداڵان لـەگـەڵ خـۆم هـەڵگرتبـوو. لای مـن منـداڵ هـەموو شـتێك بـوو، خەندەو خۆشی ژیان. کەماڵی دونیا. منالم لەپاشایەك بەنرخ تر دەبینی و پێموابـوو، ئـەو دەمەی کە سەربازێك گوندێك کاول دەکات، کاتێك چـاوی بـەمنـداڵێك دەکـەوێت، دەبێت تفەنگەکەی فڕێبدات و کڕنوش لەبەردەم گەورەیی ئەودا ببات.

هەندێك لەوانەی کە منیان دەناسی ناویان لێنابووم (منالپـەروەر). منـاڵ پـەروەرێکی خەیاڵی.

بەڵام من لەڕۆژگارێکدا بـیرم لـەمامۆسـتایەتـی دەکـردەوە کـە برسـێتی و پاشمـاوەی جەنگ دونیای بەتەواوی داڕزاندبوو. کاتێك سیمای خـەڵکت دەبـینی، بـەڕوونی هـەسـتت بەوە دەکرد کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەها جوانەکانی ژیان بەرەو داڕمان دەچێت. دەتبینی کـە چۆن خەمی نان، ژیانی پڕ کردبوو لەنەهامەتی.

ئەو دەمەی جانتاکەم هەلگرت و ویستم ماڵەوە بەجێبهێڵم، وتەکانی باوکم تا یـەك دوو ڕۆژ لەمێشکمدا دەزرنگانەوە. باوکم دوچاری نەخۆشیەکـی خـەمـۆکی درێـژ خایـەن ببـوو. لەلێواری مەرگ و ژیان، لەسەر پێخەفەکەیەوە سەرێکـی هـەڵبری و چـاوەکـانی پـڕ بـوون

لەفرمێسك، قورگی پڕ بوو لەگریان و گوتی: (كوڕم مەڕۆ، لەهەر كەس زیاتر ئێمە پێویستمان پێتە).

(بەڵام باوە، ناتوانم بەتەنیا بیر لەخۆم بكەمەوە، منداڵانی ئەم وڵاتە چاوەڕوانی ئێمە دەكەن).

(كوڕم جرتێك بۆ وڵات لێدە.. ئەوەتا سەركردەكان شتێك نەما ئاودیوی نەكەن. ئەگەر بۆیان بكرێت خاك و ئاو و هەواش دەگوازنەوە).

(باوە گیان من سەركردە نیم، مامۆستام.. پیاوێكی سادەو ئاسایی.. كە خەمی نیشتمان لەناخمدا وەك پشكۆ داگیرساوە).

باوكم گریاو روویكردە دایكم، كە لەو كاتەدا بەجامێك ئاوەوە لەپشتمەوە راوەستابوو چاوەڕوانی دەرچونی منی دەكرد تا برۆم و لەدوامەوە جامە ئاو بڕژێنێ و دونیا پڕ بكات لەڕۆشنایی، گووتی:

(برۆ هەر لەناو خەون و خەیاڵدا بژی، دەتبینم چۆن لەبرساندا دەمریت).

دەرچون لەماڵ و بەجێهێشتنی باوكێكی نەخۆش كە ئێستا نا تاوێكی دی، مردن دێت و لەگەڵ خۆی رایدەفڕێنێت، باری شانی قورس كردبووم. بۆیە نە ئەو دەمەو نە ئێستاش ئەو رۆژەم بیرناچێتەوە كە بۆ یەكەمجار رووم لەو دێیە نا. بەبێ ویستی خۆم هەنگاوەكانم بۆ ئەوێیان كێشدەكردم. بەرەو گوندی پەپولە. لەگەڵ ئەوەشا وردەوردە ئەو دوو دڵی و نیگەرانییەی كە تەنگی پێ هەڵچنیبووم لەناخمدا دەڕەوییەوە. بۆ خۆشم نەمدەزانی ئەو هێزە چی بوو پاڵی پێوەدەنام و تا دەهات پڕی دەكردم لەدڵنیایی و بەرەو ئەوێی كێشدەكردم. بەردەوام هەستم دەكرد كەسێك لەوێ بانگم دەكات و چاوەڕێمە. كەسێك كە تەواوێك سیمایم بۆ جوێ نەدەكرایەوە لەوەی كە ژنە یان پیاو، پیرە یان گەنج، پەرییە یان مرۆڤ. لەیەكبینە هاواری لێدەكردم و پێیدەگوتم:

(هەنگاو بنێ و مەهێڵە نیگەرانی بەسەر رۆحتدا زاڵبێت.. تۆ بۆ ئەوە خولقاویت كە دڵی منالان ئاسودە بكەیت. ژیان تابلۆیەكە دەبێت پەڕەموچەی خۆتی لێ بخەیتە كارو هونەری خۆتی تیا نیشانبدەیت.. گۆرانی خۆت بڵێ.. رەنگە ژیان تەنیا چڕینی گۆرانیەك بێت).

ئەو شوفێرەی کە منی لەسەر ئەو تولە ڕێیە دابەزاند کە لەوێوە بۆ گوندەکە دەچوو، ئاماژەی بۆ شاخێك کردو بەتەوسێکەوە کە پڕی بوو لەسوکایەتی پێکردن، گووتی: (ئەوە گوندەکەیە، منداڵەکانیان هەموو چەکدارن و چاوەڕوانی تۆن فێریان کەیت چۆن گوللەکانیان بهاوێژن).

هەموو ئەوانەی کە لەماشێنەکەدا بوون پێکەنین.

من دەمزانی ئەو دونیایەی کە تیا فامم کردبۆوەو تیا درێژەم بەژیان دەدا، سەرتاپای نوقمی خوێن و زەبرو زەنگ بوو، بۆیە قسەی شوفێرەکە نیگەرانی نەکردم و نیشانێکی خراپی لەدەروونمدا جێنەهێشت. لەو چرکەساتانەدا نائومێدی لەئومێد پڕتروژیان بەتەواوی لەنێو شەپۆلەکانی سەرگەردانیدا نقوم بووبوو.

شەڕ دونیای شەلاڵی خوێن کردبوو.. منیش پیاوێکی سەرکێش بیرم لە ئاوەدانکردنەوەی ژیان دەکردەوە.. هەمیشە ئەوەم لەپێش خۆم دانابوو کە دەبێت بەر لەهەموو شتێك بیر لەمناڵەکان بکەینەوەو نەهێڵین نائومێدی خۆی بگەیەنێتە ڕۆحە ناسکەکانی ئەوان. ئەو مناڵانە ئەو گوڵە جوان و گەشاوانەن کە دەبێت زەمینەی شیاویان بۆ بڕەخسێنرێت و نەهێڵدرێت بژاکێن.

ئەو کاتەی کە منداڵەکان، بۆگەن بوون و وەك درەختێکی زڕیان لێهات. ئیدی دەست لەژیان بشۆو جرتێکی درێژ بۆ دونیا لێدە، بەڵام من دڵم هێندە گەش و پڕ هیوا بوو، وامدەبینی کە بەتەنیاش پێم دەکرێت بەرەنگاری ئەو هەموو نەهامەتیانە ببمەوە کە دەرهەق بە منداڵان دەکرا.

(کەس ناچاری کردبووی بێیتە ئێرە. ناترسی لەوەی لێرە، لەم چۆڵەوانیەدا توشی سەد دەردو کوێرەوەری ببیت. ژیان لێرە ئاسان نییە زەحمەتە). ئەمە وتەکانی ئەو گەنجە بوو کە لەشوێنێکی ڕێگاکە پێم گەیشت و بووە هاوڕێ و هاوسەفەرم بۆ گوندەکە.

(بۆ دەتەوێت لەئارەزوویەك دڵساردم بکەیت کە من تەمەنێکی خۆمم بۆ تەرخانکردووەو خەونی پێوە دەبینم. هاتووم ڕۆحی منداڵەکانتان لەتاریکی ڕزگار بکەم).

(مامۆستا خۆت مەخە ئەم تەنگانەیەو تا زووە بڕۆ و ڕۆحی خۆت ڕزگار بکە).

گوێم لێبوو دوو کەس کە یەکێکیان پیرەمێردێکی بەساڵاچوو بوو، لێمانەوە زۆر دوور نەبوون و لەپێشمانەوە گوێیان بۆ قسەکانی ئێمە راگرتبوو، هەردوکیان پێکەنین و یەکیان

گوتی: (بەخوا مامۆستایەکی گەلحۆیە، هاتوە خووی منداڵەکانمان شڕ بکات). ئەوی دیان کە گونیەیەکی لەسەر شان بوو، کەمێك وەستاو خۆی راستکردەوەو گووتی:

(هەندێکیان لەبرسا روویان لەم دێیانە کردووە، حکومەت ناتوانێت بیانژێنێت).

ئەوەیان گوت و ئیدی ملی تولەڕێیەکیان گرتو لەیاڵەکەوە بەرەو شیو و دۆڵ و هەزار بەهەزارێك داگەڕان.

من رۆیشتن ماندوی کردبووم، لە نزیك کارێزێك کە لەناو ئەو سروشتە جوانەدا هەڵدەقوڵی و لەدوای خۆیەوە جۆگەلەیەکی وەك مار پێچ خواردووی دەخزاندە خوارێ، پێکەوە دانیشتین.

ئەو خۆی خەریکی جگەرە پێچانەوە کرد، منیش جگەرەیەکم بۆ راگرت و فەرمووم لێکرد.

(ئەمە بکێشە).

(دەستت خۆش بێت).

(دەکرێت بزانم کە تۆ لێرە چ کارەیت).

(من پێشمەرگەم).

(پێشمەرگە.. هەست ناکەیت ئیتر کاتی پێشمەرگایەتی بەسەرچوو. ئێمە ئیستا پێویستمان بەچەکدار نییە).

(دەزانم، بەڵام من تازە چ کارێکی دی نازانم، چەکداریی نەبێت).

(ئاخر ئەوە جۆرێکە لەبەدبەختی.. ئێمە پێویستمان بەگۆڕانە.. من دڵنیام زۆر کاری ترت پێدەکرێت ئەگەر بۆ خۆت ئارەزووت لێ بێت).

(من تازە لەسەر پێشمەرگایەتی راهاتوم. لاموایە ئادەمیزاد بەبێچەك وەك تەپاڵە وایە).

سەرێکی بۆ من هەڵبڕی و بەچاوە تیژەکانی کەوتە تەماشاکردنم، روخساری زیاتر بەکەروێشکێك دەچوو. لوتێکی قنج و باریك و لەشێکی ریوەڵەی بچووك، بڕوا ناکەم چواردە ساڵی تێپەڕاندبێت.

(من بەهیوا بووم داوات لێبکەم، کە بیتە یەکەم قوتابی من).

دیار بوو داواکەم بێزاری کردبوو، دڵی توند لێی دەداو هەوڵی دەدا ئارامی خۆی نەشێوێنێت.

(بمبەخشە ئەگەر بێزارم کردبێت.. رەنگە قسەکانمت بەدڵ نەبێت).

(نا من گەلێك مەمنونی تۆم، هەرچۆن دڵت دەخوازێت، ئاوا قسە بکە).

تا ئیستا هیچ کەسێك بەباوکیشمەوە ئاوا وەك تۆ بەچاوی رێزەوە تەماشای نەکردووم).

که لەگردەکە داگەڕام یەکەم شتێك کە سەرنجی راکێشام، ئەو درەختە پیرە کۆنە ساڵە بوو کە چڵ و لقوپۆپەکانی خۆیان گەیاندبووە ناوکەشکەڵانی ئاسمان. درەختێکی چڕو پڕ کە لەدورەوەو لەناو جەرگەی درەختەکەدا، هەستم بەشتێکی سەیردەکردو وام دەهاتە پێش چاو کە درەختەکە سیمای پیرەمێردێکی خولقاند بێت. ئەوەی من بینم سیمایەك بوو کتومت سیمای مرۆڤ. تۆ بڵێی پیرەمێردێك خۆی لەناو درەختەکەدا حەشار نەدابێت.. چۆنێتی بەیەکدا چوونی گەڵاو لق و پۆپەکانی و ئەو بایەش کە جار جارە درەختەکەی دەهەژاندەوە وای لێدەکردم زیاتر هەست بەو شێوەو روخسارە بکەم. نازانم چاوم رێشکەو پێشکەی دەکرد یان ئەوەی من دەمبینی رووداوێکی راستی و هەقیقی بوو. لەدامینی درەختەکەوە، چەند گۆڕێك هەبوون. کە سەرماو سۆڵەو بەفرو باران بەشێکی زۆری لەکێلی گۆڕەکان داڕزاند بوو. تۆ بڵێی رۆژێك لەڕۆژان لەناو سنگی یەکێك لەو گۆڕانەوە ئەم درەختە نەشونمای نەکردبێت و گەورە نەبووبێت. بۆ نا.

درەختێك ناو سنگی پیاوێکی مردووی، شەقکردووەو هاتۆتە دەرێ، دەست و پەنجەو لەشولاری ئەو پیاوەش گۆڕاون و بوون بەلق و پۆپ و گەڵاکانی ئەم درەختە. ئەو دیمەنە بۆ تاوێك رایگرتم و بەسەرسامی لەو درەختە زەبەلاحەم دەڕوانی، کە رەنگە رۆژگارێك بێت و لەهەموو دونیاوە خەڵکان بێنە سەردانی و وێنەی لەپالا بگرن. بەڵی ئەوەتا روخسارێك تا لێی ورد دەبیتەوە، زیاتر خۆیت نیشاندەدات و لەناو پەنهانی دێتە دەرەوە. پیرەمێردێکی ریش سپی، بەدوو چاوی گەورەی کراوەوە دەڕوانێتە چیاکانی بەرامبەری. دوو چاوی گەورە کە رۆشناییان لێدەتکێت. پیرەمێردەکە پشتی کردبووە گوندەکەو زۆر بەوردییەوە تەماشای ئەو رێگەیەی دەکرد کە رێگەی هاتنە ژورەوە بوو بۆ ناو گوندەکە. من لەشوێنی خۆم وەك پەیکەرێك راوەستابووم و بەڕوانینێك پڕ لەترس و سەرسوڕمان لەو

یەکەم ساتەم دەڕوانی کە بۆ یەکەمجار ئەو درەختەم تیا بینی. بەخۆم دەگوت ڕەنگە من پیاوێکی خەیاڵیی بم.. دەنا روخساری پیرەمێردێك لەناو ئەو درەختەدا شتێك نییە جێگای باوەڕکردن بێت. بەڵام من هەستم پێدەکرد. هەستم بەڕوخسارێك دەکرد کە خاوەنی دڵێکی ڕۆشنەو هیچ گرفتارییەك نییە لەدونیادا دڵی تەنگ بکات.

حەزمدەکرد دەنگم هەڵبڕم و گۆرانی پچڕم.. هەموو ئەو گۆرانییانەی کە بەدرێژایی ژیان عاشقەکان بۆ مەحبوبەکانیان گوتوە.. عاشقەکان بۆ دونیاو بۆ زیندەگانیان چڕیوە.. بەسینگی فەرهاد.. بەقورگی سیامەند.. بەدڵێك کە هەر بۆ خۆی دڵی زەمینە. دڵی سروشت و دڵی هەموو ئەو باڵندانەیە کە لێرەو لەوێ بۆ تاوێك دەچرکێنن و ئیدی ڕەنگە بۆ هەتا هەتایە گوێت لەدەنگیان نەبێتەوە. ئەی ڕەشەبا وەرەو ئەم گۆرانیەم لەگەڵ خۆت بەرەو بیگەیەنە گوێی هەموو ئەوانەی کە لەدێر زەمانەوە تا ئەمڕۆو تا ڕۆژگارەکانی داهاتووش بیر لەعەشق و ئەڤینداری دەکەنەوەو دڵیان پڕە لەڕازو نیاز.. پڕە لەجوانی.. ئەم گۆرانیەم هەڵگرەو بیگەیەنە گوێی ئەو کەسانەی کە دڵیان تێکەڵی ئەفسون و سیحری ژیان کردوە.. حەزم دەکرد دەنگم هەڵبڕم و تا هێزم تیایە بقیژێنم.. بقیژێنم و دەنگم بۆ هەمیشەیی لەو خامۆشییە بێکۆتاییەدا بزرنگێتەوە. بگرمێنم وەك هەورو ببارێم وەك باران و دونیا بەفرمێسکی چاوەکانم بشۆمەوە.

ئەو درەختەم لەهەموو شتێك لا ئازیزتر بوو.. درەختێك لەناو کەماڵی خوداییدا ڕاوەستابوو، پاسەوانی و شەونخونی بەدیار گوندەکەوە دەکێشا. دەنگێك لەناگەهانەوە، لەو شوێنەوە کە تەنیا ڕۆحە جوانەکان پەی پێدەبەن، دەهات و پێیدەگوتم (تۆ ڕاستدەکەیت و شێت نەبویت. بەڵێ ئەوە روخساری پیرەمێردێکی هەقیقیە کە ساڵەهای ساڵە لەناو ئەم درەختەدا ئێشك لەم گوندە دەگرێت. ڕێ لەنەفرەت و بەدبەختی دەگرێت خۆی تێکەڵی ڕۆحی ئەو خەڵکانە بکات کە لێرە دەژین. تا ئیستا تۆ تاقە کەسێکیت کە هەستت بەو روخسارە کردبێت، هەزاران کەس بەم ڕێگایەدا هاتوون و چوون.. شەکەت و ماندوو تێپەڕیون و ئاوڕێکیان لێرە نەداوەتەوە.. دانیشتون و جگەرەیەکیان لێرەدا پێچاوەتەوەو بەدەم حەسرەتەوە دونیایان پڕ کردوە لەدوکەڵ و منیان نەدیوە. تۆ تاقە مرۆڤێکیت کە هەستت بەڕۆحی من کردو منت دۆزییەوە. من هێشتا لەناو سەرسامی و ترس و بینیندا نەمدەزانی چیبکەم، هاوسەفەرەکەشم دەمێك بوو لەناو گەیشتن و

نەگەیشتندا لێم جودا بوبۆوە. لەدوورەوە لەناو هەناوی درەختەکەدا پیرەمێردەکە جولاَ.. بەناو قەدی درەختەکەدا داگەڕاو بەهێزو توانای منداڵێکەوە هاتە خوارێ. من هەڵە نەبووم.. بەچاوانی خۆم پیرەمێردەکەم بینی.. لەژێر درەختەکەدا راوەستا بوو.. لە پشتیەوە هەزاران پەپولەی رەنگاوڕەنگ دەخولاَنەوە.. قسەی گەنجەکەم بیر کەوتەوە کە دەیگوت:

(من لەوەتەی لێرە دەژیم، پەپولەیەکم نەدیوە، بڕوا ناکەم کەسێکیش لێرە پەپولەی دی بێت بیریش لەوە مەکەرەوە لێرە پەپولەیەك ببینیت تەنانەت لەکاتی پشکوتنی گوڵ و گوڵزاریشدا.. پەپولە لێرە نییە..)

(ئەی بۆ ئێرەیان ناو ناوە گوندی پەپولە)

(کەس نازانێت بۆ، هەرچیەك هاتۆتە ئێرە چاوی بۆ پەپولە گێڕاوە. بەلاَم نە پەپولەی دیوەو نە زانیویشیەتی بۆچی ئێرەیان ناو ناوە پەپولە).

من نیگام لەسەر پیرەمێردەکە بوو، کە لە پشتیەوە پەپولەکان شەپۆلێکی رەنگاو رەنگیان پێکهێنابوو.. پەڵەیەك پەپولەی سور.. پەڵەیەك پرتەقاڵی.. پەڵەیەك سەوز و ئەرخەوانی.. پەڵەیەك زەردو شین.. پەپولەکان لەسەرتاپای درەختەکە ئاڵابوون. تاوێك تێکدەئاڵان و بەناویەکدا پەرشوبلاَو دەبونەوەو هەزاران رەنگی جیاوازیان دەخولْقاند، تاوێکیش هەریەکەیان دەگەڕایەوە بۆ ناو شەپۆلە رەنگییەکەی خۆی و کۆك و هارمۆنی لەشوێنی خۆیانەوە دەفڕین.

ئەوەی من دەمبینی کەرنەڤاڵ بوو.. کەرنەڤاڵی پەپوولە. من نەمدەزانی بڕۆم یان بوەستم.. دەستم هەڵبڕم و سلاَوی لێبکەم یان بۆی بنوشتێمەوەو کرنۆشی بۆ بەرم هەر وەك چۆن لەحزوری شایەکدا کرنۆش دەبەیت. پیرەمێردەکە دەستی هەڵبری و ئاماژەی بۆ کردم، منیش جولاَم و بەشەوقێکەوە کە لەژیانمدا هەستم پێنەکردبوو بەرەو پیری چووم. دەستم خستە ناو دەستی.. دەستێکی نورانی، بەڕۆحێکی باوکانە دەستمی گوشی و فەرموی:

(بەخێر بێیت.. بۆ گوندی خۆت.. گوندی پەپولە.. ئێرە ماڵی تۆیە)

٣

ئەو رۆژەی کە مامۆستاکە پێدەخاتە ناو گوندەکەوە، کەسێك بەخێرهاتنی لیَ ناکات. هەموو ئەوانەی دەیبینن، رووی لێوەردەگێڕن. ئەو لەسەرەتادا لەشوێن بینای قوتابخانەکە دەگەڕێت و بۆی نادۆزرێتەوە. بەناو دێکەدا دێت و دەچێت تا تەواو شەکەت و ماندوو دەبێت. ئەو بۆ خۆی دوایی باسی ئەو رۆژەی دەگێڕایەوە کە چۆن کەسێك رووی خۆشی لێنەناوەو هەر کەسێکی دیوە مرۆ مۆن بووە. لەدورەوە تەختەڕەشێك لەحەوشەی ماڵێکدا سەرنجی راکێشام و هەنگاوەکانم بەرەو ئەویان بردم. ئەو ماڵەی کە مامۆستاکە هەنگاوەکانی بۆ شل کردبوو، هەم ماڵی پورم بوو هەم ماڵی فەڕاشی قوتابخانەکەش.

پورم کە لەوکاتەدا هەر بەتەنیا خۆی لەماڵەوە بوو، لەحەوشەی ماڵەکەیاندا خەریکی سورکردنەوەی ناوساجی بوو. کە گوێی لەتەقەی دەرگا دەبێت، لەشوێنی خۆی نابزویَ. ئەو پێیوابووە یەکێك لەمنداڵەکانی کە لەو ساتە وەختەدا هەموویان لەسەر ئیشوکاری خۆیان بوون، هاتۆتەوە. تا مامۆستاکە بۆ خۆی پێی نەناوەتە ناو دەروازەی حەوشەکەیان پورم لەشوێنی خۆی هەڵنەستاوە.

(پوریَ.. ماندوو نەبیت، ئەو تەختەڕەشەی لەحەوشەکەتاندایە منی بۆ ئێرە هێناوە).

پورم حەپەسابوو، بۆ خۆشی نەیدەزانی بۆ حەپەسا بوو، ئایا بەهۆی ئەو تەختەڕەشەوە بووکە بۆ خۆشی نەیدەزانی لەکەیەوە لەوێدا کەوتووە یان چاوەڕوانی ئەوە نەبووە رۆژێك لەڕۆژان پیاوێکی ئاوا غەریب لەدەرگای ماڵەکەیان بدات.

(جەنابتان کێن..).

(من مامۆستای تازەی گوندەکەتانم، هاتووم قوتابخانەکەتان بۆ بکەمەوە)

پورم فەرموی لێکرد بوو بۆ ژورەوەو چاو ناوساجی گەرمیشی لەبەردەم دانابوو. پێی گوتبوو:

ئێرە ماڵی فەراشی قوتابخانەکەیە، بەڵام ئەو ئیستا لێرە نییە.. بۆ شوێنێکی دور چوەو وا زووش ناگەڕێتەوە.

(چۆتە شار).

(خۆزگە !).

(ئەی لەکوێیە ؟).

(لەشار کەس بۆی باس نەکردوویت؟)

(نا.. کەس بۆی باس نەکردوم).

(مێردەکەم، لەناو حەوشەی قوتابخانەکەدا کوژرا..)

پورم هەرگیز دڵی بەرایی ناهێنێت کە دان بەو راستیەدا بنێت و بڵێت کە مێردەکەی کوژراوە.

هەمیشە حیکایەتێک بۆ دیار نەبوونی مێردەکەی دەدۆزێتەوە. لەسەرەتاوە زۆر بەدڵنیایی دەچێتە ناو حیکایەتەکەیەوەو وا لەبەرامبەرەکەی دەکات باوڕ بەهەموو ئەو شتانە بهێنێت کە ئەو دەیلێت و ئەم دەیان بیستێت.. بەڵام هەر زوو لاواز دەبێت و ناتوانێت بەردەوامی بەدرۆکەی بدات و بەخێرایی کۆڵ دەدات و دەگەڕێتەوە سەر ئەو راستیەی کە مێردەکەی چیدی زیندوو نییە. مێردەکەی لەشار نییەو لەناو کێڵگە نییەو لەقوتابخانەکەش نییە.. بەدوو چاوی پڕ فرمێسکەوە رووی بەرەو گۆرستانە پچکۆلەکەی گوندەکە وەردەگێڕێت و دەڵێت:

(ئەوەتا لەوێ.. خۆڵ و خاك داپۆشیوە).

پورم باسی ئەو بەیانییەی بۆ کردبوو، کە چۆن مێردەکەی بینی بوو لەناو خوێنی خۆیدا دەگەوزێت. ئەوەی بۆ گێڕابۆوە کە چۆن کاتێك گەیشتبوە سەری، دوا چرکەکانی گیاندانی بووەو هەر ئەوەندەی بۆ کراوە کە دەستی هەڵبڕیت و فرمێسکەکانی ئەم بسڕێت.

پورم تەڕایی فرمێسکەکانی خۆی لەسەر پەنجەکانی مێردەکەی بینی بوو، بەشێنەیی تێکەڵ بەخوێن دەبێت.

مامۆستاکە بێدەنگ بوو، دیار بوو چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد، گوێی لەو هەواڵە بێت.

(من ئامۆژگاریت دەکەم، وەك دایکێك هەر ئیستا جانتاکەت هەڵبگریت و بگەڕێیتەوە شار).

(بەڵام دایکی ئازیزم، من مامۆستام و هاتووم ئەرکی خۆم راپەڕێنم).

(کوڕەکەم، بڕوا ناکەم رێگە بدەن منالێك بێتە قوتابخانەکەت، لەپۆلەکاندا ئەسپ و بارگیر بەخێو دەکەن).

پورم، راستی پێ گوتبوو. کە ساڵی پار مامۆستاکە دەبینێت فەڕاشـەکـەی دەکـوژن و منالەکان نانێرنەوە بەرخوێندن. ئیدی لەترسی گیانی خۆی هەڵاتبوو. بەڵام مامۆستاکەش بۆ خۆی بێگوناه نەبوو. هەرچی لەگوندەکەدا رووی بدایە، ئەو هەمووی دەکردە راپۆرت و دەیگەیاندە حزبەکەی خۆی، چ جا ئەو شتە گیزە گیزی مێشکیش بوایە لەناو گوند.

پورم کە منداڵەکانی وا زوو ناگەڕێنەوە، دەنێرێت بەشوێن منـدا. ئـەو سـاتەی کـە مـن چوومە ژورێ هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کە کوڕێکی شاریی ببینم. پیاوێکی ریشنی ناو چەوان پان، قژێکی نەرم و نیان و ماش و برنجی، درێژ بەسەر شان و ملیدا پەرشوبڵاو ببونەوە.

دوو چاوی گەورەی پڕشنگدار کە پڕیان بوو لەئومێدو بـاوڕ بـەخۆبوون. ئـەو ئیمـانی پتـەو بـوو بـەوەی کـە دەتوانێت بـاوڕ بـەخـەڵکـەکـە بهێنێـت و جـارێکی دی منـداڵان بـۆ قوتابخانەکە بگەڕێنێتەوە.

هەر بەو جۆرەش بوو، هەفتەی نەبرد دڵی گەورەو بـچوکی گونـدی بـۆ خـۆی راکێـشا. لەدەرگای ماڵ بەماڵی گوندەکەی داو لەگەڵ هەمووان قسەی کرد، لەهەر ماڵێك دانیـشت و چایی خواردەوە. ئەو پێیگوتبوون کە قوتابخانەکە هی هەموانـە بـەبـێ جیـاوازیی. بـەبـێ جیاوازیش سەری بەهەموو ماڵەکاندا کردبوو.

ئەو کاتێك دەدوا، بەوتەی سادەو شیرین دەدوا.. هەمیشە بڕوای بەداهاتوو هەبوو.. وا داهاتووشی دەبینی کە جوان و پڕشنگدار بێـت. بـاوەڕی لەبننـەهـاتوی بـەزمـان هـەبـوو، پێیوابوو زمان چارەسەری بۆ هەموو لێکتێنەگەیـشتن و بـەدحاڵیبوونـەکـان پێیـەو زمـانی بەکلیلی هەموو گرێ کوێرەکانی دونیا دەزانی.

من ئیستا کە بەشێك لەم چیرۆکە بـۆ ئێـوە دەگێڕمـەوە، تاکـە خوێنـەواری گونـدەکـە بووم کە زۆر نەبوو خوێندنم لەبەشی بازرگانی لەشار تەواو کردبوو. کەسێکی زیندووی نـاو روداوەکانیش بووم و ئاگام لەوردو درشتی هەنگاوەکانی ئەو بوو. هەر لەو رۆژەشـەوە کـە ناسیم بوومە پشت و پەنای و لەئیشوکارەکانیدا یاریدەمـداو لـەگـەڵـی بوومـە مامۆسـتای یاریدەدەر.

من کە بەگرنگیەوە گوێم بۆ قسەکانی شل کردبوو، نەمتوانی خۆشمنـەوێت. ئـەو هـەر زوو منی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوەو دڵمی بۆ خۆی برد. ئەو هزرو خەیاڵی مـنی ئـاودا.

زەنگی وشەکانی یەکە یەکە لەناخ و گیانمدا هەست پێدەکەم، ئەو حەزی ژیان و ئاوەدانیی لەدڵی مندا خوڵقاند. هەموو شتێکی لەمندا گۆڕی.

رەحمانی چۆلەکەش، ئەو گەنجەی کە بەشێك لەیادەوەرییەکانی ئەو دەگێڕێتەوە، یەکەم کەسی گوندەکەیە کە مامۆستاکە لەڕێگە دەبینێت و دەبێتە یەکەم قوتابی و لەسەر دەستی ئەو فێری خوێندەواریی دەبێت. بەیانیان تفەنگەگەی لەماڵەوە دادەناو دەهاتە قوتابخانە. دوا نیوەڕوانیش تفەنگەگەی هەڵدەگرت و دەچووە راو. ئەو سیرەی لەقازو قولنگ و مراوییەکان دەگرت تا راویان بکات، بەڵام هەمیشە چۆلەکەکانی دەکوشت. باوکی بێهودە ببوو لەوەی کوڕەکەی هونەرێکی گەورە بنوێنێت، بۆیە ناوی لێنابوو (رەحمانی چۆلەکە).

بەدرێژایی ژیانی ویستبووی کەوێك یان مراوییەکی کێوی، راوبکات و بۆ دونیای بسەلمێنێت کە ئەوەتا رەحمان، رەحمانی چۆلەکە نییە، بەڵکو ئەم بۆتە رەحمانی مراوی یان رەحمانی کەو، بەڵام لەوە دەچێت، تا دەمرێت مرازی حاسڵ نەبێت و هەر بەچۆلەکەیی سەربنێتەوە.

رەحمانی چۆلەکە یەکەم تفەنگ بەدەستیش بوو کە سیرەی لەکەللەی مامۆستاکەی گرتوو و یەکەم گوللەی خۆی پێوەنا. ئێستاش کە دەیان ساڵ بەسەر مەرگی ئەودا تێپەڕیوە، تاکە کەسێك ئەو بوو کە توانی ژیانی ئەم گوندە بگوڕێت و لەجیاتی تفەنگ، مندالانی فێری ئەوە کرد کە بیر لەجوانی و شەیدایی ژیان بکەنەوە. زۆرێك لەوانەی قوتابی ئەو بوون، هەر ئەوانەش بوون کە هاوبەشبوون لەکوشتنەکەیدا، بەڵام ئەوان ئێستا لەشارن و درێژە بەخوێندنی خۆیان دەدەن.

ئەفسوس کاتی خۆی کەس لێی تێنەگەیشت، وتەکانی ئەو لەناخ و ویژدانی منداڵان و خەڵکانی ئەم گوندەدا نوستبوو، دوای سەردەمانێك بەشێنەیی و وردەوردە لێرەو لەوێ.. لەناو ئەو گەنجانەی کە لەو رۆژگارەدا قوتابی ئەو بوون، ئەو وتانە لەناوەوەو لەشوێنە ونەکاندا زیندوو دەبوونەوەو دەهاتنە دەرێ. نازانم ئەو وتانەی ئەو لەکوێی ئەم گوندە، لەهەڵەمووتی کام شاخ و لەناوەوەی کام زێ و کام لێڕەوارو نشێو خۆیان حەشار دابوو، وا لەپڕ وەك گوڵ هاتنە دەرێ و دونیای ئەم گوندەیان رازاندەوە. کام رەشەبا ئەو وتانەی ئەویان هەڵگرتبوو و وا لەپڕو وەك تۆو بەناو سەربان و حەوشەی ماڵانی گوندا

پەرشوبڵاوی کردنەوە. ئەو وتانەی کە دەیان ساڵ لەمەوبەرو لەژێر گوێسوانەی خانوویەکی خۆڵیندا، ڕۆژانە لەدەمی ئەو مامۆستایەوە دەبیستران، چ سیحرێك بوو، وا لەم ڕۆژگارەدا ئەو وتانە بەشێنەیی ئاگریان گرت و بوونە حیکایەت و چیرۆك و خەڵکان لێرەو لەوێ بەغەمگینییەوە دەیانگێڕایەوە، بەڵام گەوهەری هەموو حیکایەتەکان تاکە حیکایەتێکە، کە هەمووان لێرەو لەوێ بەغەمگینی و کۆڵێك پەشیمانییەوە دەیگێڕنەوە. ئەویش حیکایەتی ئەو مامۆستا شەهیدەیە کە قەدەر بۆ ئێرەی هێناو لێرەش بەکوشتی دا. هەر بەیادی شیرین و گەشی ئەویش، وەك جورێکیش لەقەدر زانینی ئەو پیاوە، قوتابخانەکەیان بەناوی ئەوە ناو نا، منداڵپەروەر، بەڵام ئەو هەر منداڵپەروەر نەبوو، ئەو عاشقێکی گەورەش بوو. من کە دواجار چوومە ژورەکەی و ناو کتێبەکانی گەڕام.. هەندێك بەشم لەو نوسینەی دۆزییەوە کە ڕۆمانێکی تەواو نەکراو بوو دەربارەی خوشەویستی من و ئەو، ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو ئەو بەشە بوو، کە لەبارەی مەرگی خۆیەوە نوسی بووی. کتومت بەو جۆرەی کە لەمەرگی خۆی دوا بوو، هەر بەو جۆرەش کوژرا.

٤

ڕۆژێکی بەهار، مناڵەکانمان برد بۆ سەیران.. من و ئەو پێکەوە بەناو گوندەکەدا ملی ڕێگەمان گرتبوەبەرو لەگەڵ منداڵەکاندا، ماڵەکانمان بەرەو ناو دەربەندی شاخەکانی ئەوبەر بڕی. بەسەر ئەو تولەڕێیانەی کە ئەمبەرو ئەوبەری هەموو مێرگ و گووڵ و گوڵزاربوون تێپەڕین.

لێرەو لەوێ باخی گێلاس و ڕەزی ترێ و توترك دیمەنێکی ئەفسوناویان خولقاندبوو. زێیەکە لەدوورەوە خوڕەی دەهات و دونیای پڕ کردبوو لەهاژە هاژی ئاو. ئەو لەپێشی مناڵەکان و منیش لەپشتیانەوە ڕێمدەکرد. بۆنی خاك و ئاسمانی شین پڕی کردبووم لەشەیدایی، دەنگی خوێندنی کوکوختیەکیش بەردەوام لەنزیکمانەوە دەهات، لەوە دەچوو هەنگاو بەهەنگاو شوێنمان کەوتبێت.

لەشوێنێك کە دەشتاییەکی پان و بەرین بوو لەنزیکی زێیەکەوە، کە تەنیا ئاسمانمان لێوە دیاربوو، دوور لەدێ و دوور لەدنیا.. دوور زۆر دوور وەستاین. تەنیا هۆرەو شمشاڵی دووری شوانەکان نەبێت، شتێکی دی نەبوو گوندمان بەبیر بهێنێتەوە. لەتەختاییەك کە هەمووی مێرگی گوڵ و گوڵزار بوو. مناڵەکان بار و بنەیان خست و دەستیانکرد بەچایی

لێنان. ئەویش لەسەر گیاکان دانیشت.. کراسێکی سوری لەبەر کردبوو. کە لەدوورەوە وەك پەڵە گوڵێك دیار بوو. دڵم پڕ ببوو لەسۆزی بەیانی و لەدیمەنی قەشەنگی ئەو کە با یاریی بەقژە زەردو درێژەکەی دەکردو لەسەر دەمولێوی دەیهێناو دەیبرد.

ژێر درەختەکانی کەنار زێیەکە پڕبوون، لەگوڵی شەوبۆو دەمەشێرو زەنبەق. بۆنی سەرمەستی ئەو گوڵانەش هەمووماني بۆندار کردبوو. دونیا هەمووی گوڵ بوو، بەری روانین هەمووی گوڵ بوو.

ئەو لەناو گژو گیاکاندا، کە لەهەندێك شوێندا، هێشتا گژوگیای تەڕ بەشەونمی بەیانی وشك نەبووبونەوە ئاسودەو بێخەم دانیشت بوو. کیژۆڵەیەکی روخسار غەمگین.. دیار بوو کە هەموو تەمەنی خۆی لەناو بێدەنگی و تەنیاییدا بردبووە سەر. رەنگە تا مردن لێت بگەڕایە لەناو ئەو مێرگە بەگوڵ رەنگینەدا بمایەتەوەو لەشوێنی خۆی نەجوڵایە. خاتونێکی کەمدوو، چاوەکانی زۆر بەمەلوولی دەیانڕوانی.

ئەو بەدەم لێکردنەوەی گوڵەکانەوە دالغەی لێدابوو. منیش لەدالغەی ئەو ورد دەبوومەوە.

هەندێك لەمنداڵەکان لەچواردەوری دانیشتبون و گوڵیان بۆ لێدەکردەوە. ئەو لەش و لارە جوانەی لەناو گوڵەکاندا جوانتری دەنواند، منداڵەکان ئەوەندەیان گوڵ بۆ لێکردبۆوە کە خەریکبوو لەناو گوڵەکاندا بزر دەبوو. ئەو شوێنەی ئەوی لێدانیشت بوو، بەڕێکەوت هەمووی گوڵی زەرد بوو.

منداڵەکان گوڵیان بۆ لێدەکردەوەو ئەویش لاسکی گوڵەکانی هەڵدەتلێشان و گوڵەکانی لێکدەبەستن و بەشێوەیەکی هونەریانە پێکەوەی گرێدەدان. عەشق و خۆشەویستی ئەو لەناو دڵمدا وەك گوڵ دەپشکوت. حەزمدەکرد درەختێك بام لەو باخچە بەئاونگ تەڕەدا گوڵ و گەڵا بگرم.

کە لەکارەکەی بۆوە، دیار بوو چاوی بۆ من دەگێڕا، منیش خۆم وا نیشاندەدا کە ئاگام لەلای ئەو نییە، بەڵام من بەگیان و دڵ، سەرنج و روانینم لای ئەو بوو، تەنیا لای ئەو بوو.

ئەو لەگوڵە زەردەکان کڵاوێکی زەردی چنی بوو، دەیویست من تەماشای بکەم.

بەرەو لای ئەو چووم و کڵاوەکەم بەناسکی و بەتەنگەوەهاتنێکی زۆرەوە لێوەرگرت. لەبەر منداڵەکان هەوڵیدەدا تەماشای من نەکات.. لەو کاتەی کە کڵاوەکەم لێوەرگرت بەئەسپایی دەستیم گوشی.

وام پێشبینی دەکرد کڵاوەکە بەدەست لێوەدان هەڵبوەرێت، بەڵام وا نەبوو، کڵاوێکی توکمەو پڕبوو. لەوکاتەی کە کڵاوەکە بەدەست منەوە بوو، ئەو لەشوێنی خۆی هەستاو بەنیگایەکی ژنانە.. هاتە نزیکی منەوە.

هەردوکمان لەنزیک زێیەکەوە راوەستابووین، هاژە هاژی زێیەکە وای دەکرد کە قسەکانمان نەبیسترێن. لەناو ئەو سەوزاییەدا نیگارێکی نەرمینی هەبوو. منیش کڵاوەکەم لەسەری ئەو دانا.

حەزمکرد لێوم بەرم و ماچێك لەسەر لێوەکانی بنەخشێنم، بەڵام بوونی منداڵەکان لەنزیکمانەوە رایگرتم.

(تۆ دەبا خانمی گوڵ بایت).

(من ئەو کڵاوەم لەگوڵ بۆ تۆ چنیوە، بەڵام لەبەر منداڵەکان ناوێرم بیخەمە سەرت.. تکایە لەبەر من لەسەری بکە).

(بەچاوان، خانمی گوڵ).

کە کڵاوەکەم لەسەر کرد، ئەو منالانەی کە لەدووری ئێمەوە بوون و سەرگەرمی یاریکردن بوون هەموو پێکەنین، بەڵام ئەو.. ئای خودایە چ زەردەخەنەیەکی لەسەر زاربوو. شیرین و بەسۆزو میهرەبان. هەرگیز بۆم ناکرێت ئەو زەردەخەنەیەی ئەو لەیاد بکەم. بۆ هەرکوێ دەچم زەردەخەنەکەت هاوڕێ و هاوسەفەرمە.

بەگوێیدا چرپاندم و پێمگووت: (هەمیشە لەناخمدا وێنەی شیرین و ناسکی زەردەخەنەکەتم هەڵگرتوە. کە زەردەیەکی تۆ ئەوەندە من شاد دەکات، گیانەکەم مەهێڵە بۆ تاوێکیش زەردە لەسەر لێوەکانت رەش داگەڕێت. دە توخوا مەهێڵە).

(دڵنیا بووم کە رەنگی زەردت لێ جوانە.. بۆیە کڵاوێکی زەردم بۆ چنیت).

( من هەتا ئێستاش کە تەماشای تۆ دەکەم شوێنەواری گوڵ و سەوزایی لەتۆدا دەبینم. لەناو گوڵان راکشاویت و نیگاکانی من تێتئالاون و لێت نابنەوە. بۆنی گیاو گوڵت گرتووە).

لەترساندا رەنگم گۆڕا.. زمانم گیراو بەترسێکەوە گوتم: (دەتوانم شتێکت پێ بڵێم).

دیار بوو هەستی کردبوو چ دەڵێم، گوتی: (عاشقان هەمیشە لەو کاتەنەدا بۆ خۆشیان نازانن چ دەڵێن.. زیاتر لەوەی شتێکی گرنگ بڵێن.. دەبزرکێنن).

خانمی گوڵ حەزم وایە سەرم بنێمە سەر رانت و لەناو ئەو هەموو سەوزایی و چریکەی باڵندانەدا کە دونیایان پڕکردوە لەنەغمە بنوم.. بۆ هەتا هەتایە بنوم و گیانم لەباوەشی تۆدا دەرچێت.

بەڵام توخودا مەمنێژەو بەگوڵ هەر بەگوڵ لەم دەشتەدا بمشارەوەو ناوم لێ بنێ شەهیدی گوڵ.

(هەستی رێزگرتنم بەرامبەر ئێوە وام لێدەکات پێت بڵێم، خۆشمدەوێیت).

ئەو بێدەنگ بوو. بەڵام بێدەنگیەك پڕ لەنازو عیشوە. بەچرپەوە پێم گووت (من عاشقی تۆم).

دڵە کوتێ و ترس دایگرتبووم.. چاوم لەخۆشیاندا پڕ بوبوو لەفرمێسك.. هەر وەك ئەوەی چاوم ئاوی پیازی تێچو بێت. هەناسەی پچڕ پچڕم دەکێشا.

لەو کاتەی کە منداڵەکان بەکچ و کوڕەوە لەزێیەکەدا کەوتنە مەلەکردن، من و ئەو لەسەر رۆخی ئاوەکە دانیشتین. زۆر جار هەرمێیەك یان سێوێکی سور لەباخەکانی سەرەوە، بەسەر ئاوەکەوە دەهاتن و منداڵەکان بەزریکەو پێکەنین دەکەوتنە شوێنی و دەیانگرتەوە. کۆمەڵێك قازو مراوی گوندیش لەناو گێژاوی ئاوەکەدا دەمێك دەچوونە خوارو دەمێك دەهاتنەوە سەر.

لەناو زاقوزریقی منداڵەکان پۆلێك باڵندە ئەوەندە نزمببونەوە، هێواش هێواش دەفڕین و هەندێك کات خەریك بوو تێکەڵ بەمنداڵەکان دەبوون. ئەویش کەمێك لەلاقە باریك و سپیەکانی هەڵماڵی بوون و خستبونیە ناو ئاوەکەوە.

منداڵەکان تریقانەوەی کەیفخۆشییان، رۆژەڕێیەك دەڕۆیشت. دەستم لەئاوەکە وەرهێناو شڵپێك ئاوم گرتە دەموچاوی.. هەناسەیەکی خێرای هەڵکێشاو چەپۆکێکی هێواشی کێشا بەدەستمداو گووتی (دەپێت دەڵێم مەکە، تۆ بۆ ئەوەندە بزێوی). پێمگووت:

(گیانم خەریکە لەخۆشیان وەك باڵندە دەفڕێت. حەزدەکەم بەناو ئەو تولەڕێیانەدا پێکەوە رابکەین و پێشبڕکێ لەگەڵ باڵندەکاندا بکەین).

خانمی کڵاوچن.. ئەم دیدارەمان بۆ من گەورەترین هیوا بوو.. بەناسینی تۆ رۆحم ئاسودە بوو، دەمەوێت باسی خەونەکانی خۆمت بۆ بکەم.. من پیاوێك بووم هەمیشە پەنام بەبەر دونیای خەون و خەیاڵان دەبرد. من لەناو چاوەکانی تۆدا ئەفسونێکم بینی، لەوە دڵنیای کردم کە من و تۆ پێکەوە ئایندەیەکی گەشمان دەبێت. خۆشەویستی تۆ خۆشبەختیەکی گەورەیە بۆ من. دڵنیام کە دۆستایەتی منت قبوڵکردووە.

ئەو دەستێکی بەقژە خاوەکەیدا هێناو کەمێك کڵاوەکەی لەسەری لار کردەوە. چاوەکانی نوقاندبوون و تەواو بێدەنگ بوو.. من دەستێکم دا لەدەستی و پێمگووت:

(من سوپاسی ئەو دونیایە دەکەم کە منی راکێشابووە ئێرە بۆ حزوری تۆ. بۆ هەر کوێیەك بچم دڵم هەر لای تۆیە.. خۆشەویستی تۆ دڵمی پڕکردووە لەزیندەگانی. هەر هەناسەیەك کە من هەڵیدەمژم پڕە لەبۆن و بەرامەی تۆ. دوور لەتۆ گوڵم، رۆژگارەکان رۆژگار نین.. شادییەکان شادی نین.. زیندەگانی پڕپڕە لەوێرانی. ئەو چاوەکانی هەڵبڕی و بەزەردەو نازێکەوە کە بیەوێت، هێندەی تر گیرۆدەم بکات گووتی (تۆ دەبا شاعیر بایت).

(مادام زەردەت ئەوەندە جوانە پێمخۆشە هەموو دونیا زەرد هەڵبگەڕێت).

گوێگرتن لەئاوازو نەغمەو چرپەی وتەکانت رۆحم لەهەموو گرفتارییەکی ژیان ئاسودە دەکات.

ئەوەی رقە لەچاو و دڵ و رۆحی تۆدا نییە. رووەیەکی گەشی تۆ.. بزەیەکی رازاوەی تۆ.. بۆ هەمیشەیی مردن لەڕۆحی من دوور دەخاتەوە. نیازم وایە بۆ هەتا هەتا لەنێو چاوەکانی تۆدا بمێنمەوە.

ئەمن لەدەرفەتێك دەگەڕام، لێوم لەلێوەکانی هەڵبسوم و بەدزی منداڵەکانەوە دەستێك لەلیمۆکانی بخشێنم.. ئەو لەژێر لێوەوەو بەسرکە پێیگوتم کە ئێستا کاتی نییە.

لەبەر منداڵەکان دەیویست خۆی وا بخاتەڕوو کە من و ئەو قسەی ئاسایی دەکەین، هەستم پێدەکرد کە قسەکانم شوێنەوارێکی باشیان لەناخیدا جێهێشتوە.

بەڵام نایەوێت هیچ بڵێت یان جێگەکەمان و بوونی منداڵەکان لەنزیکمانەوە کە سەرگەرمی یاری بوون بۆ ئەو شوێن مەترسی بوون. بەچیلکەیەك دەستیکرد بەهەڵکۆڵینی چەند وشەیەك لەسەر خۆڵەکە (رێگەم بدە بەیانی وەڵامت بدەمەوە).

من کە تۆم دی ئیدی پێمابوو تۆ دەبێت بۆ من بیت.. بوونی تۆ لەم گوندەدا ئارامیەکی رۆحی قوڵم پێدەبەخشێت.. ناسینی تۆ سەرلەبەری ژیانی منی گۆڕی.. نازانم بۆ هەستدەکەم رابردووم پارچەیەك رەشایی بوو.. تۆ هاتیت و دونیای منت گۆڕی.. منت فێری درەوشانەوە کرد. فێری سەفەرتکردم بۆ عەردێکی دی کە عەردی گوڵ و بارانە. دڵم لەخۆشیان قوڵپی دەدا.

منیش لەسەر ئەرزەکە بۆم نوسی (گوڵم تا بەیانی من نانوم.. بەگەرمی و بەشەوقەوە چاوەڕوانی وەڵامی تۆم).

٥

بەرەبەیانی بوو، لەگەڵ کازێوەدا بەئاگا هاتم. رۆژێکی نوێ لەگوندو لەدونیای منیش خەریکبوو هەڵدەهات. لەکانی گوندەکەو لەناو کشوماتی ئەو دونیایەدا دەموچاوم شۆردو تا هێزم تیا بوو بینم نا بەئاوی سازگاری ئەو بەیانییە زوەوە. ئاوێك کە لەناخی زەوییەوە هەڵدەقوڵا و لەدڵی سروشتەوە دەهاتە دەرێ.. رۆحم پڕکرد لەئاو. ئەوندەی مرۆڤێك لەتوانایدا بێت و بتوانێت ئاو بخواتەوە، ئاوم خواردەوە. من ئەو بەیانییە پێمابوو، دەتوانم ئاوی هەموو زەمین بخۆمەوە. ئەمجا مشتم دەخستە ناو کانییەکەو هەوڵم دەدا ئاوەکە بگرم و ئەوەندی بۆم دەکرێت لەگەڵ خۆم بیهێنمە دەرێ. دەستم لەبۆشاییدا رادەگرت و دەمڕوانیە ناو مشتم کە چۆن دڵۆپە ئاوەکان لەناو پەنجەکانمەوە دەخزانە خوارێ.

سەرم شۆڕکردەوە ناو کانییەکەو هەوڵم دەدا بۆ درێژترین ماوە چاوم لەناو ئاوەکەدا بکەمەوە.

مرۆڤ هەندێکجار خوو بەشتی سەیرەوە دەگرێت. ئەو بەیانییە حەزمدەکرد لەگەڵ ئەو ئاوەدا تێکەڵ ببم و رۆحم ببەخشمە ئاو و خۆمی بۆ شلبکەم، بۆ کوێم دەبات بمبات.

تاوێك لەهەموو جوانی و ناسکی بەرەبەیان وردبوومەوەو بەدەم کێشانی جگەرەیەکەوە بەرەو ژێر درەختەکە کشام و لەوێدا بەرێزەوە بۆ ئەو بوونەوەرە پیرو

بەئەزموونە وێستام. لەو جەستە تەپوتۆزاوی و پڕ میهرو خۆشەویستیەم دەڕوانی کە وەك باوکیك نازانم چەندین ساڵە لەوێدا وێستاوەو باوەشی بەو گوندەدا کردووە.

من لەو دالغەیەدا بووم باڵندەیەکی بچکۆلە هاتوو لەسەر شانم نیشتەوە. بۆ تاوێك لەشوێنی خۆم وێستام و نەجولام. بڕوام بەوە نەدەکرد کە باڵندەیەك لەسەر شانم بێت. بەهێواشی بەبێئەوەی سەرم بجولێنم چاوم بڕییە ئەو گیانەوەرە بچکۆلەیە. باڵندەیەکی سور کە چەند پەڵەیەکی رەش لەنزیك سەرییەوە بوو. لەژێر سنگ و لا ملیەوەو لەسەر کلکی دونیایەك رەنگی دی هەبوون. زەرد.. پڕتەقاڵی.. وەنەوشەیی.

یەکەمجار بوو هەست بەڕۆحێکی زیندوو بکەم بەو پاکی و بێگەردییەی خۆی لێم نزیك بێتەوە.

چاوم بڕیبوە چاوی باڵندەکەو هەستم بەلێدانی هێواش هێواشی دڵی دەکرد. چاوەڕوان بووم باڵندەکە لەسەر شانم بفڕێت و بچێتەوە سەر درەختەکە، بەڵام لەشوێنی خۆی نەجولا. لەوەدەچوو لەسەر شانم هەست بەدڵنیایی بکات.

هێواش هێواش بەرەو ژورەکەم گەڕامەوەو باڵندەکەش لەسەر شانم بوو. چوومە بەر ئاوێنەکەو لەخۆم ورد دەبوومەوە کە چۆن باڵندەیەك لەسەر شانم نیشتۆتەوە. من نەمدەزانی ئەو باڵندەیە چ باڵندەیەکەو ناشمەوێت بزانم. من و باڵندەکە پێکەوە تەماشای ئاوێنەکەمان دەکرد. من دڵنیام ئەویش وەك من لەڕوخساری خۆی روانیوە یان هەردووکمان پێکەوە روانینەکانمان لەسەر پنتێکی ئاوێنەکە یەکانگیربووە. رەنگە نەشزانێت من چ جۆرێکم لەمرۆڤ. رەنگە ئەویش وەك من ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبێت، گرنگ ئەوەیە کە زیانی پێناگەیەنم. ئیتر چ جورێکم لەمرۆڤ، ئەوە چی لەمەسەلەکە دەگۆڕێت. خانمی گوڵ، وەرەو باڵندەیەك لەسەر شانم ببینە.

وەرەو پێمخۆشە ئەم باڵندەیە ببەخشمە تۆ تا بەدەستەکانی خۆت ئاشنای کەیتەوە بەئازادیی و بەئاسمانی شین. وەرەو لەگەڵ خۆت عەشقی خۆتم بۆ بهێنەو کەمێك ئەم دڵە ئۆقرە نەگرتووەم ئارام بکەرەوە. کە سەرگەردان و گلاراو چاوەڕوانی دیارو دەرکەوتنی تۆیە.

دەستم برد و باڵندەکەم گرت. روانیمە چاوە بچکۆلەکانی. دوو چاوی پچکۆلەی زیت و زیندوو.

لێوانلێو بوو لەئومێدو ئازادیی. رۆحێکی پڕ تین و تاو.. لەناو لەپمدا دڵە بچکۆلەکەی بەخێرایی لێی دەدا. لەژورەکە هاتمە دەرێ و چنگم بۆ باڵندەکە والا کرد. باڵندەکە بۆ ساتێك بەسەر باڵمدا هەڵگەراو چووەوە سەر شانم و لەوێوە هەڵفری. من تەماشای باڵندەکەم دەکرد چۆن لەچاوتروکانێکدا چووە ئاسمان و دیار نەما. بەڵام ئەو بونەوەرە پچکۆلەیە منی بەوە شادومان کرد بوو. کە هەم رۆحم و هەم ژورەکەم و هەم دونیاکەشمی بەهاتنی پڕ لەنوری خۆی پیرۆز کردبوو.

چاوەڕێ بووم تا تۆ هاتی. هاتنی ئەم بەیانییەت، جیا لەهەموو بەیانیەکانی دی. هاتنی هەواڵێکیش بوو کە ژیان و بوونی منی بەتەواوی دەگۆڕی. کە تۆ هاتی هەر لەدوورەوە هەستم بەشادی دڵت کرد. بەئارامی رۆیشتنت. بەقژت کە جیا لەهەموو رۆژەکانی دی کردبووتە پرچ. هەر ئەوەندەی ئاودیوی دەرگای ژورەکەم بویت و نەبویت من یەکەم ماچی خۆمم لەسەر لێوەکانت نەخشاند. تۆ لە باوەشمدا ئارام بویت. منیش بەختەوەرترین کاتەکانی ژیانی خۆمم دەگوزەراند. ئای خودایە.. بۆ ئەو چرکە ساتە نەبووە، دوا چرکە ساتی ژیانم. تۆ هەر لەباوەشمدا بویت و منیش باسی ئەم بەیانییە زووەم بۆ دەکردیت کە چۆن لەنزیك درەختەکە باڵندەیەك لەسەر شانم نیشتۆتەوە. چۆن باڵندەکە لەسەر شانم هەڵنەفڕیوەو هاتومەتە ژووری بۆ بەر ئاوێنەکەو باڵندەکەم گرتوە.

تۆ لەپڕ لەباوەشم دەرفرتایت و رەنگت سپی هەڵگەڕاو بەپەشۆکاوییەوە پێتگووتم:

(کوا باڵندەکە).

(باڵندەکەم بەرەڵڵا کردو رۆی).

(دەبوو باڵندەکەت بەرەڵڵا نەکردایە).

(ئاخر نەمتوانی باڵندەکە ئازاد نەکەم. نەمتوانی).

(دەبوو ئازادت نەکردایە، ئەوە رۆحی من بوو هاتبوە لات بمێنێتەوە).

(رۆحی تۆ هەمیشە وا لەناو چاوەکانی مندا.. بەڵام بمبەخشە نەك رۆحی تۆ، بەڵکو ناتوانم هیچ رۆحێکی دی فێری ژیانی دیلی و ناو قەفەز بکەم).

(دڵنیابە من تۆم خۆشدەوێت، بەڵام ڕۆحی من تا ئەبەد لای تۆ نامێنێتەوە.. وەك چۆن باڵندەکەت بەرەڵڵا کرد ئاواش دەسبەرداری ڕۆحی من دەبیت).

٦

زۆر جاران نیوەی شەوان، لەپڕ لەخەون بێدار دەبمەوەو هەرچی دەکەم ناتوانم بنومەوە... ئیدی لەتاو وەرسی دونیا دێمە دەرێ و لەبن درەختەکە دادەنیشم و چاوم دەبڕمە ناو تاریکایی شەوەوەو دیقەتی ماڵی ئێوە دەدەم.. ڕەنگە تۆش لەنزیك پەنجەرەکەوە نوستبیت یان ئێستا بێداریی و وەك من شەونخونی بکێشیت..

شەوانە چەندینجار لەنێو جێگەکەم دەردەپەڕێم و دەچمەوە ناوی. ئەمشەو شەوێکی بێ مانگ و ئەستێرە بوو. لەژێر درەختەکە لەبەر باران، لەناو گەڵای وەریوی درەختەکان دانیشتبووم.. گەڵای درەخت وەك فەرشێکی زیوینی تەڕ داخرابوون. بایەکی سارد هەڵی کردبوو.. کۆڵان و خانوەکان لەناو ئەو تاریکییەی شەودا دیمەنێکی ترسناکیان هەبوو. هەموو شتێك تەڕ بوو، شاخ و درەخت و گوند ئاویان لێدەچۆڕایەوە. بڕیارم دابوو ئەمشەو لەژێر درەختەکەدا لەبەر باران بمێنمەوە، بێباك بووم لەوەی ئەگەر تا بەیانییش وەك چللورە ڕەق هەڵگەڕێم. کە دوا چرای گوند خامۆش بوو، تاریکی بەتەواوی باڵی بەسەر گونددا کێشا. هەموو شتێك لەگونددا نوستبوو تەنیا من و باران نەبێت، ئەو بەشێنەیی دەباری و منیش وەك باڵندەیەکی تەڕ لێم دەڕوانی. پیرەمێردی ناو درەختەکە، کە من تاکە کەسێك بووم بینی بووم و ئاشنای بووم لەدرەختەکەوە هاتە خوارێ و لەپاڵمدا وەستا. ئەویش وەك من تەڕ بوو، بەڵام گەش و ئاسودە بوو. کە من ئەوم دی لەبەریهەڵسام. ئەو دەستی گرتم و پێمیگووت با بڕۆین. بەبێئەوەی لێی بپرسم بۆ کوێ شوێنی کەوتم. هەنگاوەکانمان بەرەو لای ماڵی ئێوەی هێناین.

من خەیاڵم هەر لای تۆ بوو، تۆ تاکە خەیاڵێك بووی کە بەردەوام ڕۆحمت بۆ خۆت برد بوو، بۆ ساتێکیش چییە، لێم جوێ نەدەبویتەوە. هەردوکمان وەك دوو باڵندەی تەڕ لەپەنجەرەکەوە ڕوانیمانە ئەو دیو. ئەو لەجێی من کێشای بەپەنجەرەکەدا.

تۆ لەبەر ئاگردانەکەوە چاوت بڕیبوە ناو ناکۆتایی شەوەوە. دڵنیام تۆش خەیاڵت لای ئەو پیاوە بوو کە باران هەموو گیانی شۆردبۆوەو ڕۆحی خۆی تێکەڵی هێمنی و بێدەنگی شەو کرد بوو.

دەمویست باران هەموو ئەو خەم و ئازار و حەسرەتە لەگیانم دەرهاوێژێت و ئاشنام کاتەوە بەمندالّی.. من پیاوێکی تەڕ، بێدار لەبەر باران.. وەك جاران بەخەیاڵ نا، بەهەقیقی هاتمە بەردەرگای ماڵتان و بەهێواشی لەپەنجەرەکەم دای. تۆش ئەو کاتە هاتیتە نزیك پەنجەرەکەو چاوت بڕییە دەرەوەو منت لەناو تاریکاییەکەدا ناسییەوە، باران تەواو تەڕی کردبووم. هەموو گیانم لەتاو سەرما هەڵدەلەرزی و دەست و پەنجەم کەسیرە بوو بوو.

بەدزییەوە دەرگاکەت ترازاندو سەرت کێشایە دەرەوە. تۆ پیرەمێردەکەت نەبینی، کە لەناو تاریکاییەکەدا خۆی مەڵاس دابوو. ئەو ئاماژەی بۆ کردم کە لەگەڵت بێمە ژورێ. ئیدی رووی لێوەرگێڕام و ڕۆی. تۆ منت کێشکردە ژوورەوە، دایکە پیرەکەت لەگۆشەیەکی ژوورەکەدا نوستبوو.. تۆ خاولییەکت هێناو کەوتیتە وشککردنەوەی قژم. من باوەشم پیا کردی و کەوتمە لێسانەوەی لێوەکانت.. تۆ پەنجەکانت خستبوە ناو قژمەوەو لەچاوەکانم ورد دەبویتەوە. من بەگوێتدا چرپاندم:

(با ئەمشەو منداڵێك بخەینەوە).

تۆ هێشتا نوقمی ناو بێدەنگییەکەی خۆت بوویت و سەرسامییش بەری نەدابوویت. بەترسێکەوە نەك دایکت بەئاگا بێت، گووتت:

(من حەزم لەکوڕە.. کوڕێکی تەڕ شێوەی تۆ)

(من کچم دەوێت.. نەك تەنیا کچێك.. حەز دەکەم هەزاران کچمان ببێت. هەزاران کچی باریك و بنێس.. نوقمی ناو بێدەنگی و سەرسامی وەك تۆ)

لە نزیك ئاگردانەکەوە، جێگات بۆم ڕاخست و هەردوکمان ڕاکشاین.. من خەونەکانی خۆمم بۆ دەگێڕایەوە. هەموو ئەو خەونانەی کە بەتۆوەم بینی بوون. خەونێك و دوان نەبوون، دونیایەك خەون. کە ڕۆژگارێکی دەویست بۆتی بگێڕمەوە.

تۆش لەپاڵمەوە سەرت خستبوە سەر سنگم و پێتدەگووتم بەردەوام بە، دەمەوێت هەموو خەونەکانتم بۆ بگێڕیتەوە.. هەر ئەمشەو هەرچی خەونت هەیە، هەموویانم لێتدەوێت بۆم بگێڕیتەوە.

دوێ شەو خەونێکی سەیرم بینی، لەخەونمدا من و تۆ زەماوەندمان دەگێڕا.. تۆ بەجلە سپییەکانتەوە لەدەم دەرگای خۆتان راوێستابویت و منیش هاتم پەلمگرتیت و سواری ئەسپێکم کردیت.. ئەسپێکی رەش.. ئەسپەکە کە تۆی بینی، حیلاندی. منیش لەپاڵتەوە سواری ئەسپێکی سپی ببووم. بەناو دێدا غارمان دا. غارمان دا تا ماندوو بووین. لەنزیك درەختەکەوە هەردووکمان دابەزین. تۆ شادو ئاسودە بوویت و بەردەوام بزەت لەسەر زار بوو. منیش باسی پیرەمێردی ناو درەختەکەم بۆ کردیت. لەو کاتەدا پیرەمێردەکە هاتە خوارێ و پەپولەکان لەپشتیەوە هەڵدەفڕین. من و تۆ پێکەوە بەرەو لای پیرەمێردەکە چووین و دەستیمان ماچکرد. زێیەکە خورەی دەهات و سەرتاپای باڵندەی سپی تێی ئالابوون.. مانگە شەو ئەفسونی خۆی دەڕژاندە ناو گوندەوەو هەردووکمان ئاسودە بووین. هەندێك پیرەژن و کچانی گەنجییش لەو ناوەدا پەیدابوون و ئاوێنەیان بەدەستەوە گرتبوو تا بەرەو رووماں رایگرن.. لەناکاو لەشوێنێکی نادیاری گوندەوە رەحمانی چۆلەکە بەخۆی و سوپایەکەوە پەیدا بوو. من پەلمگرتی و فڕاندمیت. خزم و کەسوکار هەموو لەسەربانەکان ریز ببون و شاباشیان بەسەردا هەڵدەداین. منداڵانیش نوقڵ و حەڵوایان دەخوارد. من پەلمگرتی و فڕاندمیت. بەناو هەموو ئاواییەکەدا هەڵاتین و وەك با رامانکرد. رەحمان و سوپاکەی، بەشوێنمانەوە بوون تا بمانگرنەوە، بەڵام ئێمە وەك ئەسپ غارمان دەکرد. ئەوان هەموو شمشێر و قەڵغانیان بەدەستەوە بوو. نازانم ئەگەر بیان گرتینایە چیان لێدەکردین. بەڵام لەپڕ پیرەمێردی ناو درەختەکە بوو بەسیمرغێك و لەشوێنێکی ئاسمانەوە پەیدا بوو.. نزم لەسەر سەری من و تۆوە هەڵدەفری. یەکی قاچێکی سیمرغەکەمان گرت و سیمرغ ئێمەی هەڵگرت و فڕی.. رۆی.. من و تۆش بەشادییەوە نزیك لەشاخەکان هەڵدەفرین.

لەخەونێکی دیمدا، لەگەرمای نیوەڕۆیەکدا، من کۆترێك بووم و تۆش لەحەوشەی ماڵەکەی خۆتاندا لەناو دەفرێکی ئاو قژت دەشۆرد. تۆ ئاگات لەمن نەبوو کە لەئاسمانی

حەوشەی ئێوەدا هەڵدەفڕیم و دەمویست لەناو قژتدا بنیشمەوە. ئەو تاجە گوڵینەیەم بۆ هێنابوویت کە خۆت ئەو ڕۆژە لەناو مێرگی گوڵەکاندا بۆ منت چنی بوو. دەمویست ئەو کاتەی کە لەشوردنی قژت

دەبیتەوەو قژت شانە دەکەیت، تاجە گوڵینەکەت بنێمە سەر. لەشوێنێکی گوندەکە ڕەحمانی چۆلەکە. تیرو کەوانێکی پێ بوو و کەوتبووە شوێنم و دەیویست سیرەم لێبگرێت.. من بەبینینی تۆو لەگوڵاوی بۆن و بەرامی تۆ مەست بوو بووم و بێئاگا بووم لەو تیرەی کە بۆ سنگم هاویشترا. ئەو بەتیرێك منی ئەنگاوت و کەوتمە ناو دەفری ئاوەکەت.. تۆ بەهەڵەداوان کۆترە خوێناوییەکەت هەڵگرتەوە، کە من بووم لەناو لەپتدا خوێنم لێدەتکایەوە. تۆ دەتویست برینەکەم سارێژ بکەیت. تنۆکە ئاوەکانی قژت هەموو سنگ و باڵی تەڕ کردبووم. برین کاریگەر بوو. بەمەرهەم و دەست و پەنجەی تۆ چارەسەری نەبوو. ڕەحمان لەحەوشەکەتانەوە دەرکەوت. ئەو شاگەشگە بوو، بەوەی کۆترێکی کوشتوە. هەموو منداڵانی گوند بەدوای ڕەحماندا هاتبوونە ژورەوە بۆ ناو حەوشەکەی ئێوە بۆ بینینی ئەو کۆترەی کە ڕەحمانی چۆلەکە ئەنگاوت بووی.. ڕەحمان و منداڵان کۆترەکەیان لێوەرگرتیت و بەتەنەکە کوتان و شمشاڵ لێدانەوە لەناو کوڵان و ڕێگاوبانی گونددا کۆترە کوژراوەکەیان دەگێڕا.

شەو هیچی نەمابوو، گزنگ خەریك بوو دیاری دەدا.. من پێمگووتی خەونەکان زۆرن.. بەشەو و دوو شەو تەواو نابن. من خەونی هەزارو یەکشەوەم هەیە.. وا زوو دواییان نایە.. پێویستم بەهەزارو یەکشەوە، سەر بخەیتە سەر سنگم و منیش خەونەکانمت بۆ بگێڕمەوە. تەمەنێکم لێتدەوێت. من پێویستم بەتەمەنێکە تا بۆتی بگێڕمەوە. تۆ گووتت خێراکەو ئێرە بەجێبهێڵە.. ئێستا دایکم بەئاگادێت بۆ نوێژکردنی بەیانی.

٧

من کە ناوم ڕەحمانی چۆلەکەیە، نەمتوانی بەرگەی ئەو واتەواتە بگرم کە کەوتبوە ناو گوندەوەو خەریك بوو زارەو زار بۆ گوندەکانی تریش دەچوون. سەرت بەهەر ماڵێکدا دەکرد باس باسی چیرۆکی ئەو شیرین و فەرهادە بوو. کێ قبوڵی ئەوە دەکات پیاوێکی غەریب بێتە گوندەکەیان و دەست لەگەڵ کچانی گوندەکەیان تێکەڵ بکات. ئەو دەبوو

بکوژرێت. بەڵێ لەپای ئەو نامەردییەی ئەو بەرامبەر بەئێمەی کرد بوو، دەبوو بەسزای خۆی بگات. هەموو کوڕو کاڵی دێ وایانگووت.

تەنیا کوشتن ئابڕووی تکاومانی هەڵدەگرتەوە. ئەگەر نەکوژرێت، دەبێت تا ماوە سەری شورەیی و هەترەش چوومان لەئاستی خەڵکان و دونیادا بەرزنەکەینەوە. چۆن لێبگەڕێین هەروا بەئاسانی بۆی دەرچێت و بڕوا. من دان بەو راستیەدا دەنێم کە یەکەمین قوتابی بووم کە وازم لەخوێندن هێناو دوورکەوتمەوە.

هەر بەوەشەوە رانەوەستام کوڕو کاڵی گوندم لەمامۆستا هاندا کە کەس منداڵانی خۆی بۆ قوتابخانەکە نەنێرێتەوە، بەبیانووی ئەوەی کە ناپاکی لەگوندەکەمان کردووە. من بەدوو چاوی خۆم هیچم لێ نەدیبوون. ناشزانم کە ئەو حیکایەتە کێ بڵاویکردبۆوەو چۆن کەوتبوە سەر زاری خەڵکی. ئەوەندەی دەزانم کە رقی خەڵکانی گوند تادەهات تاویدەسەند.

بەیانییەك کە تەنها مامۆستاکە بۆ خۆی لەقوتابخانەکەدا مابۆوە، بێئاگا بوو لەوەی کە لەگونددا چی روودەدات. کوڕو کاڵی دێ وردەوردە بەتفەنگەکانیانەوە لەبەردەم دەرگای قوتابخانەکە کۆبوونەوە. من چوومە ژورەوەو لەدەرگای ژورەکەیم دا. ئەو هێشتا لەخەو هەڵنەستا بوو.

هەر وەك جارانی بەڕوویەکی شیرینەوە دەرگای لێکردمەوەو فەرمووی لێکردم بۆ ژوورەوە.

بەڵام من پێمگووت کە کەسانێك لەدەرەوە چاوەڕوانی تۆن بێیتە دەرەوە. کە لەپەنجەرەی ژوورەکەیەوە تەماشای دەرەوەی کرد، بینی خەڵکانێك بەتاقم و تفەنگەوە چواردەوری قوتابخانەکەیان تەنیوە، بڕوای بەچاوی خۆی نەدەکرد، کە ئەو هەموو خەڵکە بۆ کوشتنی ئەو کۆبونەتەوە. هەندێکیان کوڕو کاڵی گوندەکانی تر بوون خۆیان گەیاندبووە ئێرە. هەر کە لەدەرگای قوتابخانەکە بەسەرو پرچی شێواو بەپێی پەتی ئاودیوی دەرەوە بوو، هەراو زەنای خەڵکەکە لەخۆشیان بەرزبۆوە. حەشاماتەکەش تا دەهات فراوانترو فیقەی زوڕناو زرمەی دەهەوڵیش وردەوردە بەرزتردەبۆوەو دونیای دادەپۆشی.

هەموو چاوەڕوانی من بوون کە یەکەم گوللەی خۆمی پێوە بنێم. ئەو بەدوو چاوی پڕ بەزەییەوە لەمنی دەڕوانی و دەمی گۆی نەدەکرد. منیش خەیاڵێك دەیبردم و دەیهێنامەوە. ئەو ساتانەم دەهەاتەوە یاد کەپێکەوە، پێدەکەنین و جگەرەمان دەکێشا. بیری ئەو یەکەم رۆژەم کەوتەوە کە باوکە کلۆڵەکەی بەتەنیا لەسەر پێخەفی مەرگ بەجێهێشت بوو.. ئێستاش ئەو ساتانەیم لەپێش چاوە کە من ئەوم بەنیگەرانی و مەلولییەوە لەسەر رێگاکە بینی کە چۆن خەم و کەسەر لوولی کردبوو.

خودایە ئەمە چ ساتێکە من تێیکەوتووم. ئەو پیاوەی کە دەستیدەگرتم و کێشانی یەکەم پیتەکانی فێردەکردم، ژیانی کەوتۆتە بەردەم و شەیەکی منەوە. کە سیمای ئەوم دەبینی وەك کەروێشکێکی سڕبوو لێیدەڕوانیم، کەروێشکێك تۆقیو و زەندەق چوو، ئەوەندەی تر وێرانی دەکردم. بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو.

ئەوە بەتەنیا وشەیەکی من نەبوو، کە ژیانی ئەوی لەمردن رزگاردەکرد، بەڵکو ئەو سووك و ئاسان کەوتبوە بەردەم توڕەیی ئەو خەڵکەوە. من تازە پیاوێکی دەستەپاچە بووم لەوەی کە بتوانم ئەو لەو مەرگە رزگار بکەم کە درەنگ و زوو کەوتووە. لەو بەرەبەیانە زامدارەدا گوێبیستی لێدانی دڵی خۆم دەبووم کە تا دەهات خێراو خێراتر دەبوو. حەشامەتەکە تا دەهات گڕی دەگرت و تاویدەسەند. ئەو گەنجانەی کە لەسەر پشکۆبوون جارجار گوللەیەکان رووەو ئاسمان دەتەقاندو قوللەیەکیان دەکێشا. ئیدی من بۆم نەدەکرا شوێن هەست و سۆزی خۆم بکەوم و لەو پیاوە وردببمەوە کە ئەو هەموو هەڵبزرکانەش بۆی نەدەکرا ئەو رووە فریشتەییەی ئەو لەمن بشارێتەوە. من گوللەی خۆم ئاڕاستەی ناوچەوانی ئەو کردو ئیدی لەدوای منەوە هەزاران گوللە بەسەریدا دابارین. تا من ئاوڕم لێیدایەوە گیانی ئەو هەلاهەلا بوبوو. شوێنێك لەسەر جەستەو لەشی ئەو نەمابوو گوللەی بەرنەکەوتبێت و خوێنی لێنەتکێتەوە. وەك ئەسپێکی بریندار لە تاو زام و برین دەیحیلاندو سەرو گوێلاکی دەدا بەدارو بەردداو بۆی نەدەکرا رۆحی وێران و تێکشکاوی خۆی ئارام بکاتەوە.

کە تفەنگەکان گوللەیان تیا نەما، کوڕو کاڵی دێ هێشتا ئارام نەبوبونەوەو چاویان خوێنی تێزابوو کەوتنە هاویشتنی بەرد. هەرچی بەرد لەو گوندەدا بوو کۆیانکردوەو هاویشتیان.

لەهەموو لایەکەوە بەرد بارانیان کرد. سەرو گوێلاکیان بەبەرد کوتایەوە.. دیوارێك لەبەرد لەدەورو پشتی هەڵچنرا. ئیدی لاشەی ئەو لەنێوان بەردەکاندا نەدەبینراو بۆ هەتاهەتایی شاردرایەوە.

من هەمیشە تاڵاوی ئەو کوشتنە دەچێژم، خۆزگە ئەو ڕۆژە دەستبەرداری ئەو کارە بومایەوەو ڕێم لەکوشتنی ئەو پیاوە بگرتایە کە بێجگە لەخۆشەویستی، هیچ زیانێکی بۆ ئێمە نەبوو. یان هەر هیچ نەبوایە هاوبەشی کوشتنەکەیم نەکردایەو ویژدانی خۆمم ئاسودە بکردایە.

بەڵام من تازە تا دەمرم ئەو تاوانە وا بەشوێنمەوەو بەردەوام لێم نابێتەوە، تاوانێك کە دواجار زانیم کچێکی مارەکراو و پیاوێکی شەرافەتمەندم تیا وێرانکردووە، تاوانێك ئەگەر من نەبوومایە ڕەنگە لەجێی ئاهەنگی کوشتن دوو مرۆڤ و دوو عاشق لێرەدا زەماوەندیان بگێڕایە.

٨

گوللەکان لەهەموو شوێنێکەوە ئاڕاستەی سەر سنگ و گیانی من دەکران. گوللەیەك و دوان نەبوون.. تفەنگێك و دوان نەبوون.. پیاوێك و دوان نەبوون.. هەزاران گوللە کە وەك باران بەسەر مندا دادەبارین. من بەملاولادا دەکەوتم و گوللەکان بەر گیانم دەکەوتن. لولەی تفەنگەکانم دەبینی سیلەیان لەمن دەگرت. ئەوانە تفەنگێك و دوان نەبوون بەڵکو هەزاران تفەنگ، هەزاران گەنج و منداڵی ئەو گوندانەبوون، کە خۆشیان لەتفەنگ و چێژیان لەکوشتن دەبینی.

هەندێکیان هەر ئەو گەنج و منداڵانە بوون کە قوتابی خۆم بوون و ڕۆژێك لەڕۆژان من وانەم پێگوتبوونەوەو هەوڵمدابوو لەو تاریکی و نەزانینە قوتاریان بکەم کە تیا دەژیان.

من لەناو ئەو هەموو بارانی گوللانەدا، نەمدەویست لەدووری تۆ بمرم. مردن دوور لەتۆ بۆ من زۆر کاریگەر بوو. هەرچۆنێك بوو هەوڵمدەدا بۆ دوایینجار تۆ ببینم.. خودایە

ئەوەندەم هێز بدەرێ كە لەناو ئاپۆرای ئەو خەڵكەدا بیدۆزمەوە. روخساری ئەو كە بەلای منەوە جوانترین و میهرەبانترین روخساری دونیایە.

لەناو ئاپۆرای خەڵكەكە، لەنێو ئەو غەڵبەغەڵب و هەرایەدا دۆزیمەوە، حەپەسابوو. بڕوای نەدەكرد ئەو گوڵڵانە ئاراستەی سەر سنگ و گیانی من دەكرێن. بەماكسیەكی برۆنزییەوە لەتەنیشت دایكە بەدبەختەكەی راوەستا بوو. فرمێسك لەچاوەكانی دەچۆڕاو روومەت و لاملی خۆی دەڕنییەوە.

ئەو بەیانییە من هەر چاوەڕوانی تۆمدەكرد، رووخسارم نابوو بەشوشەی پەنجەرەكەوەو تەماشای رێگاو بانم دەكرد، دەركەویت. چاوەڕوانی دیاری تۆ بووم كە لەپڕ لەگەڵ دەركەوتنت تەمومژ لەسەر ژیان و مانی من برەوێنێت.

من عاشقی تۆ بووم، من هەمیشە حەزمدەكرد لەسپێدەدا بەئاگا بێم تا هەموو رۆژێك یەكەم دەركەوتنت ببینم.. هەموو دەركەوتنەكانی بەیانیانت.. ئەوكاتانەی كە دونیا رۆشنەو لەژێر تیشكی خۆردا وەك پارچە زێڕێك دەدرەوشێیتەوە.. یان ئەو بەیانیانەی كە هەموو دونیا لەناو تەمومژدا ونەو لەپڕ تۆ وەك مامز دەردەكەویت و ژیانی من دەخرۆشێنیت.

من خەیاڵم لای ئەو هەزاران لولەی تفەنگە نەبوو، كە نیشانیان لەمن دەگرتەوەو رق و تورەیی خۆیان لەمندا خاڵی دەكردەوە. تەنیا خەیاڵم لای تۆ بوو. كیژۆڵە لاوازو قژ زەردو تەنیاكەم، ئەوەتا من دواین هەناسەكانی خۆم لەم ژیانە پڕ لەگرفتارییەدا هەڵدەكێشم و هەرچی دەكەم ناتوانم خۆشەویستی تۆ لەدڵ و ناخم دەركەمە دەرەوە. ئەوەتا من دەمرم و هەموو گیانم خوێنی لێدەتكێتەوە، كەچی من هەر یادم لای تۆیەو بۆن و بەرامەی زوڵفەكانت رۆحی پڕكردووم لەبۆنی گوڵ.

تا دەهات هێز لەگیان و لەشی مندا نەدەماو خوێن لەسەرتاپای لەشمەوە دەچۆڕایەوە.

من بوبومە پارچەیەك لەخوێن، پیاوێكی خوێناوی.. پیاوێك لەخوێن.. لەو بەیانییە جوانەی كە دونیا دەبوو سیحرو ئەفسونی خۆی بڵاوبكردایەتەوە ئەوەتا من بەدەستی

دۆستەکانی تۆ دەکوژرێم و سوور سوور.. سوور دەچمەوە. دەوەرەو دەستت لەسەر برینەکانم دانێ، تا چیدی ئازارو سوێ خۆی نەخزێنێتە ناو رۆحمەوە.

خۆشم نەمدەزانی ئەو هەموو خوێنە لەکوێوە هات. دەریایەك خوێن لەو چاڵانەوە دەهاتنەدەر کە گوللەکان لەسەر لاشەی من جێیان هێشتبوون.

–(دواین گوللەی پێوە بنێ با ئەو سەگە گیانی دەرچێت).

(دەڵێی پشیلەیە، ئەو گاور بابە حەوت رۆحی هەیە).

(سەگباب خیانەتی لێکردین، بەناوی فێرکردنی منداڵەکانمانەوە چاوی لەکچ و ژنەکانمان بوو).

(نامرێت.. نازانم بۆ نامرێت).

ئەی خودایە چۆن لێدەگەڕێیت ئەم بەندەیەی خۆت کە دڵی تەنیا جێی خۆشەویستی تیا دەبێتەوە ئاوا سوك و ئاسان گیانی لەخوێن هەڵبکێشرێت.

دەمویست تا دوا چرکەکانی ژیانم ئەوم لەبەرچاو بێت. گیان لەسەر بینینی دوا نیگاری ئەو و ئەو لێوانەی کە گریان و خۆ رنینەوە هەڵیبزرکاندون، کە من تەنیا بزەکانیم تۆمارکردوون و لەدڵمدا هەڵمگرتوون، دەرچێت.

دەمویست نەکەومە سەر ئەرزەکەو هەر بەپێوە بمێنمەوە تا بۆ هەتاهەتایی چاوم لەباڵاو نیگاری ئەو بێت.. نیگاری خۆشەویستەکەم. چەند سەختە مردن و دورکەوتنەوە لەو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەختیار بووم کە تا ئەو کاتەی هێز لەچاوەکانمدایەو پێیەکانم بەرزو بڵند بەپێوە رایانگرتووم چاوم لەباڵاو قژی خاوی ئەوەو چاوم لەچاوەکانی ئەو نابڕێت.

هەوڵمدەدا تا بۆم بکرێت بەرەو لای ئەو برۆم. ئەگەر چی گوللەکان کەمتر ببوونەوەو چاوەڕوانی من بوون کە بکەومە زەوی و رۆحم دەرچێت، بەڵام من نەدەمردم و هێشتا کەمێك هێزو گوڕم تیا مابوو کە بتوانم خۆم بگەیەنمە لای ئەو و بۆ دوایینجار لێوەکانی تێر تێر ماچ بکەم.

من دەڕۆم و لەگەڵ خۆمدا هەموو یادەوەرییەکانت زیندوو رادەگرم، وتەکانی تۆ لەناخمدا دەپارێزم، من دەڕۆم و ئەم گوندەو ئەم دونیایە جێدەهێڵم، بەڵام نیگاری تۆ، سوتانی تۆ، لەناو دڵمدایە.

(بڕۆ سەر تەوقی سەری و گوللەکان بنێ بەمێشکیەوە).

(ئەم دایك قەحبەیە نامرێت).

-(مەهێڵە لەخەڵکەکە نزیك بێتەوە، کەللەیی بووم بیکوژن).

من هەر بەرەورووی مەحبوبەکەم دەڕۆیشتم، دەمویست هەرچی زووترە خۆم بگەیەنمە ئەو. تۆ بڵێی ئەو بزانێت کە من دەمەوێت بۆ دوایینجار دەستەکانی بگوشم و پێمخۆشە لەباوەشی ئەودا بمرم. ئای خودایە، ئەوەندەم ورە بدەرێ کە بگەمە لای ئەو. لەپڕ بیرکردنەوەیەك خۆی خزاندە ناو مێشکمەوەو تا دەهات زیاتر بەخۆیەوە خەریکی دەکردم. ئەوە من دواین هەناسەکانی خۆم هەڵدەمژم و ئێستا نا تاوێکی تر مردن بەهێجگاری بەرەو لای خۆیم راپێچدەکات و ئیدی دەچمە ناو نەبوونەوە. ئەوەتا بەگیانێکی شەکەت و ماندووەوە، لەکوێرە دێیەکی دوور لەشارستانی و دوور لەدنیا سەر دەنێمەوەو مردن لەگەڵ خۆیم دەبات. چۆن حیکایەت و چیرۆکی مەرگ و ژیانم، عەشق و ئەویندارییم، خەبات و ماندووبوونم لەپێناو وشیارکردنەوەی منداڵانی نیشتمانەکەم بۆ تۆ بگێڕمەوە.

## بەکر شوانی وەرگێڕی رۆمانی بەفر:



# پاموک لە (بەفر)دا ئاوڕی لەکوردیش داوەتەوەو پاڵەوانە کوردەکان زۆر بەهێزەوە دێنە ناو رۆمانەکەوە

**ئا: ئاکۆ محەمەد شوانی**

رۆمانی بەفر دوا کاری ئۆرهان پامۆکی رۆماننووسی تورکییە، کە بەوردی لەسەر رۆژهەڵاتو ئەندێشەو خولیاکانی مرۆڤی رۆژهەڵاتی قسە دەکات، هەوڵێکە بۆ ناساندنی رۆژهەڵات بەڕۆژئاوا. لەماوەی رابردوودا ئەم رۆمانە لەلایەن بەکر شوانی وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و بەختیار عەلی لەپێشەکی رۆمانەکەدا بەوردی لەسەر هەوڵەکانی پامۆکو ئەدەبی تورکی قسەدەکات، ئەم رۆمانە لەلایەن دەزگای ئاراسەوە چاپو بڵاوکراوەتەوە. بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ناوەرۆکو بابەتی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕ بەکر شوانی لە گفتوگۆیەکی کراوەدا قسەی بۆ کردین.

**ئایا تەنها زمانزانین بەسە بۆ وەرگێڕان، یان پێویستە شارەزایی باشت هەبێت لەئەدەبیاتی ئەو گەلەی کە بابەتەکەی لێوە وەردەگێڕیت؟**

بەڕای من، بەتەنیا زمانزانین بەس نییە بۆ وەرگێڕان، بەڵکو باشتر وایە وەرگێڕ شارەزایی لەئەدەبیات و ژیانی کۆمەڵایەتی و دابونەریتی ئەو گەلەدا هەبێت کە بابەتەکەی لێوە وەردەگێڕێت. هەبوونی شارەزایی دەبێتە هۆی تێگەیشتنی باشتر لەنووسەرو دەکرێ بیرو رامان و مەبەستەکانی نووسەری خاوەن بەرهەم بەباشترین شێوە بۆ زمانی وەرگێڕدراو بگوازرێتەوە. بۆ نموونە، ئێمەی کورد ناتوانین بەهەمان ئەو ئاسانییەی کە مامەڵە لەگەڵ دەقێکی ئەدەبیی نەتەوەیەکی دراوسێماندا دەکەین، مامەڵە لەگەڵ تێکستێکی چینی، ژاپۆنی یاخود یۆنانیدا بکەین. هەموو تێکستێکی ئەدەبی ئاوێنەی باڵانمای نووسەرەو بەرهەمی هزری ئەو گوزارە لەژیان و ململانێ و ناکۆکی و بێنەو بەردەی ناو کۆمەڵگای نووسەر دەکات. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە هەبوونی شارەزایی و ئاشنابوون بەکۆمەڵگای نووسەر، هۆکارێکی سەرەکیی سەرکەوتنی کاری وەرگێڕانە. بەنیسبەت منەوە کە کارێکی ئەدەبیم لەزمانی تورکییەوە وەرگێڕاوەو بەنیازم لەبوارەدا بەردەوامبم، سەرەتای ئاشنابوونم بەکۆمەڵگای تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی کە هێشتا لەچەمچەماڵ لەقۆناغی ناوەندیی بووم و تاك و تەرا چیرۆکەکانی عەزیز نەسینم بەکوردی دەخوێندەوە. دوای راپەڕین، چوومە تورکیاو یەکەم شت کە کردم، دەستکردنم بوو بەفێربوونی زمانی تورکی و لەو رێگایەشەوە شارەزایی باشم لەزمان و دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەدا پەیداکرد. بەهۆی فێربوونی زمانی تورکییەوە، بەپانتاییەکی جوگرافیی گەورە ئاشنابووم کە ناوی تورکیایە. بەهۆی کاری رۆژنامەگەریمەوە، رۆژانە ئاگاداریی جموجوڵی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای نیشتەجێی ئەو پانتاییەم. دوای دەرچوونیشم لەتورکیا، لەزمانی تورکی دوورنەکەوتمەوە، بگرە هەمیشەو هێندەی بۆم لوابێت، گرنگیم پێداوەو باشتر خۆم فێرکردووە، تا گەیاندوومەتە ئەو ئاستەی رۆمانی لێوە وەربگێڕم. ئاشنابوونم بەکۆمەڵگای تورکیا لەوەرگێڕانی هەردوو رۆمانی "بەفر" و "قەڵای سپی"ی ئۆرهان پاموکدا رەنگی داوەتەوە.

**کەواتە رۆمانی "قەڵای سپی"شت وەرگێڕاوە. ئایا ئەو رۆمانە کەی دەگاتە دەستی خوێنەران، باس لەچی دەکات؟**

پاموك رۆمانی "قەڵای سپی"ی لەساڵانی ١٩٨٤–١٩٨٥دا نووسیوە. دەقە تورکییەکە لەو کاتەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦، ٣٢ جار لەلایەن دەزگای تایبەتمەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی پاموکەوە چاپکراوەتەوەو هاوشان لەگەڵ شاکارەکانی تری نووسەردا، بۆ سەرووی پەنجا زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراوە. من، لەچوارچێوەی گرێبەستێکدا کە لەتەک دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەدا هەمە، ئەم رۆمانەشم وەرگێڕاوەو بڕیاروایە لەم ماوەیەدا چاپ بکرێت و بکەوێتە بازاڕەوە. هەر بەپێی هەمان گرێبەست و بەڕێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کاك بەدران حەبیبی بەڕێوەبەری دەزگای ئاراس دا، من لەبەرەوە سەرجەم بەرهەمەکانی ئۆرهان پاموك وەردەگێڕمە سەر زمانی کوردی. دەتوانم پێشبینی بکەم کە خوێنەرانی کورد، دوای خوێندنەوەی رۆمانی "بەفر"، تامەزرۆی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی تری پاموکن. بۆیە ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانی رۆمانێکی تری زۆر نایابی نووسەرم کە جارێ ناخوازم ناوەکەی ئاشکرا بکەم، بەڵام بەهیوام لەپایزدا بگاتە دەستی خوێنەرانی کوردستان.

لەدیوی دەرەوەی بەرگی کۆتایی چاپی تورکیی رۆمانی "قەڵای سپی"دا، ناوەڕۆکی رۆمانەکە بەمجۆرە کورت کراوەتەوە: "لە سەدەی حەڤدەهەمدا، ڤینیسیاییەك لەلایەن چەتە دەریاوانەکانی تورکەوە دەستگیردەکرێت و دەهێندرێتە ئەستەمبوڵ. ئەم کۆیلەیە کە پێیوایە سەری لەگەردووناسی و فیزیاو نیگارکێشی دەردەچێت، لەلایەن تورکێکی خاوەن هەمان ئەو خولیایانەوە دەکڕدرێت. لێکچوونێکی سەیر لەو دوو مرۆڤەدا هەیە. سەرداری خاوەن کۆیلە دەیەوێت لەکۆیلەکەیەوە ئاشنای ڤینیسیاو زانستی رۆژئاوا بێت. ئەم دوو کەسە، سەردارو کۆیلە، بەمەبەستی یەکترناسین و تێگەیشتن و گێڕانەوەی باسی یەکدی، لەماڵێکی تاریك و چۆڵی سەر کەناری کەنداوی زێڕیندا، لەئەمسەرو ئەوسەری هەمان مێز دادەنیشن و قسەدەکەن. چیرۆك و بەسەرهات و بیرەوەرییەکانیان، ئەوان بەرەو کوچەو کۆڵانەکانی ئەستەمبوڵی تووشبووی پەتا، باخچە خەیاڵییەکان و ئاژەڵەکانی سوڵتانی منداڵ، دروستکردنی چەکێکی لەئەقڵ بەدەرو پرسیاری "من بۆچی منم" بەکێش دەکات. بەدەم بەردەوامبوونی چیرۆکەکانیانەوە لەگزنگی بەیانەوە تا تاریکایی شەو، سێبەرەکانیان هێدی هێدی جێگۆڕکێ دەکەن."

**وەرگێڕانی چیرۆک و ڕۆمان جیاوازی هەیە لەوەرگێڕانی بابەتێکی سیاسی، چونکە بابەتی ئەدەبی پڕە لەفەنتازیا، تۆ چۆن ئەوە دەبینی؟**

ڕەنگە مەبەست لەم پرسیارە ئەوە بێت کە من زیاتر بابەتی سیاسیم وەرگێڕاوە. ئەمە ڕاستە. لەبەر ئەوەی لەبواری ڕۆژنامەگەریدا کارمکردووەو دەکەم، زیاتر وەرگێڕانم لەبواری ڕۆژنامەگەریی و بابەتی سیاسیدا بڵاوبووەتەوە، بەڵام هیچ کاتێك لەئەدەب دانەبڕاوم و بەردەوام کاری ئەدەبی بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی و ئەڵمانی دەخوێنمەوە. وەرگێڕانیش لەبواری ڕۆژنامەگەریدا هۆکارێکی باشە بۆ زیاتر شۆڕبوونەوە بەقوڵایی زمانە بیانیەکاندا. ئەگەر وەگێڕ شارەزایی باشی لەزمانی زگماکی خۆی و ئەو زمانەدا هەبێت کە بەرهەمەکەی لێوە وەردەگێڕێت، ئەوا بەباشی دەسەڵاتی بەسەر ناوەڕۆکی بەرهەمەکەدا دەشکێت، جا چ ئەدەبی، سیاسی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی یاخود هەر لقێکی تری زانست و ئەدەب بێت. وەکو تر، ئێمە تا ڕادەیەك وا ڕاهاتووین کە پێویستە زمانی چیرۆك و ڕۆمان ئاڵۆزو پڕ لەپێچ و پەنا بێت، بەڵام ئێستا ئەم بۆچوونەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو پێشکەوتنەکانی جیهان و خێرابوونی ڕەوتی ژیان لەسەر ئاستی جیهان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر زمانی ڕۆمان و لقەکانی تری ئەدەب داناوە. ئیدی زۆربەی نووسەرە هاوچەرخەکانی جیهان، بەتایبەت ڕۆژئاواییەکان، یان نووسەرانی بۆ نموونە وەك ئۆرهان پاموك، کە بەئەدەبی خۆیان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات پێکدەگەیەنن، بەپێچەوانەی نووسەرانی کلاسیکەوە، زمانێکی کراوەترو بێگرێتر لەنووسیندا بەکاردێنن، زمانێك کە خوێنەری سەرقاڵی ئەم ڕۆژگارە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و کەمێك لەخەمەکانی بڕەوێنێتەوەو ساتێك ئارامی پێ ببەخشێت. زمانێك کە بەساکارترین شێوە گوزارە لەپێداویستییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە بکات و بەرزترین ڕێژەی فرۆشتنی کتێب مسۆگەر بکات.

**بۆچی ڕۆمانی بەفرت هەڵبژارد بۆ وەرگێڕانی لەزمانی تورکییەوە بۆ زمانی کوردی؟**

ئۆرهان پاموك تائێستا ژمارەیەك شاکاری زۆر نایابی نووسیوە. "بەفر"، وەك خۆی دەڵێ، یەکەمین و دووایین ڕۆمانی سیاسی ئەوە. نووسەر شاری قارسی باکووری

کوردستانی کردووە بەشانۆی زۆری ئەو ناکۆکی و نەهامەتی و هەژاریی و بەدبەختییانەی کە بەرۆکی نەتەوەکانی تورکیای گرتووە. پاموک لە"بەفر"دا ئاوڕی لەکوردیش داوەتەوەو پاڵەوانە کوردەکان زۆر بەهێزەوە دێنە ناو ڕۆمانەکەوە. جگە لەوە، نووسەر دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٦دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، ڕۆمانەکانی تائێستا بۆ ٥٠ زمانی جیهان وەرگێڕدراون. جا ئەوێك کە ئەندامی نەتەوەیەکی هاوسێمان بێت و لەسەر ئێمەی نووسیبێ و کارەکانی بۆ ئەو هەموو زمانە وەرگێڕدرابن و هەڵوێستێکی پۆزەتیفیشی لەسەر دۆزی گەلەکەمان هەبێت، ناکرێت ئێمەی کورد لەبەرهەمەکانی بێبەشبین و هەر لەدوورەوە ناوی ببیستین، یاخود کتێبەکانی بەعەرەبی و فارسی بخوێنینەوە. بۆچی عەرەب و فارس بتوانن ڕۆمانەکانی پاموك وەربگێڕن و ئێمە نەتوانین؟ من خۆم لەو کەسانەم کە باوەڕموایە دەبێت ئێمە گرنگی بەوەرگێڕان لەزمانی یەکەمەوە بدەین. وەرگێڕان لەزمانی دووەمەوە، ئەگەرچی هەندێك جار پێویستەو ناکرێت خۆمانی لێ لا بدەین، کتومت لەکاڵاو شتومەکی دەستی دووەم دەچێت. واتە جارێك بەکارهێنراوەو ئەوسا دەگات دەستی ئێمە. هەروەها پێموایە دەبێت پێش خوێنەرانی میللەتانی تر، خوێنەرانی کورد ڕۆمانەکانی پاموك بخوێننەوە.

**تا چەند لەو کتێبە وەرگێڕدراوانەی ئێستای کوردستان رازیت؟ بەشێکیان زۆر کەموکوڕیی تێدایە، چونکە تەنها زمان بووەتە پێوەر بۆ ئەو کەسانە؟**

نکوڵیی لەوە ناکرێت کە لەم ساڵانەی دواییدا گەلێك بەرهەمی جیهانی کراون بەکوردی، گەرچی هەندێکیشیان لەزمانی دووەمەوە، واتە لەعەرەبی یان فارسییەوە کراون بەکوردی. بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوەی وەرگێڕان لەکوردستاندا سستەو دوور لەپەیڕەو و پرۆگرامی زانستی و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەڕێوەدەچێت. لەوڵاتانی پێشکەوتوودا، پێداویستی کۆمەڵگاو بازاڕ بڕیار لەسەر چۆنایەتی و چەندایەتی بابەتی هەڵبژێردراو بۆ وەرگێڕان دەدات. لای ئێمە تائێستا وەرگێڕ خۆی بابەتی وەرگێڕان دەستنیشاندەکات و وەك ئارەزوویەك و لەڕووانگەی دڵسۆزییەوە بۆ ئەدەب و زانست و زمانی کوردی ئەو کارە دەکات. هێشتا لای ئێمە ڕێکخراوێك یان سەندیکایەك لەئارادا نییە تاکو وەرگێڕەکان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەیەکی نەخشەبۆکێشراو و پێداویستییەکانی کۆمەڵگادا بەرنامەی وەرگێڕانیان بۆ دەستنیشان

بکات. هەموو ئەمانە کاریگەریی نەرێنییان بەسەر کۆی پرۆسەی وەرگێڕانەوە لەکوردستاندا هەیە.

**بەڕای تۆ بۆشایی نوسەری کوردمان هەیە بۆیە ئێستا پەنادەبەینە بەر وەرگێڕان؟**

بەڕای من نابێت بەبیانووی هەبوونی بۆشایی نووسەری کورد پەنا بۆ وەرگێڕان ببەین. پرۆسەی وەرگێڕان لەناو نەتەوەیەکدا پەیوەندیی بەزۆریی و کەمیی نووسەرانی ئەو نەتەوەیەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەپێداویستییەکانی کۆمەڵگاو بەپرۆسەی گۆڕینەوەی هزری مرۆڤایەتییەوە هەیە. چ ئێمەو چ هەر نەتەوەیەکی تر، هەرچەندە ژمارەی نووسەرانی خۆماڵیشمان هەبێت، ناتوانن لەهەموو بوارەکانی زانست و ئەدەب و هونەرو فەلسەفە و هتد... بەرهەمیان هەبێت. بۆیە ئێمەی کورد وەك بەشێك لەکۆی مرۆڤایەتی، پێویستمان بەبەرهەمی هزریی نووسەرانی نەتەوەکانی تریش هەیە. ئەگەر سەرنجێك لەبازاڕی کتێبی وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا بدەین، دەبینین لێوانلێوە لەکتێبی وەرگێڕدراو لەهەموو بوارێکدا. ئەمە بەواتای ئەوە نایەت کە ئەڵمانەکان بۆشایی نووسەریان هەیە، بەڵکو واتای ئەوەیە کە مرۆڤایەتی پێویستیان بەخوێندنەوەو زانینی بەرهەمی هزری یەکتر هەیەو تەنیا وەرگێڕیشە کە دەبێت بەپردی گەیاندنی بەرهەمەکان لەنێوان کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتیدا.

**بۆچی نوسەرانی کورد زۆرتر پەنادەبەنەبەر وەرگێڕانی ئەدەبی و خۆیان لەبابەتی فەلسەفی بەدوور دەگرن؟**

ئاشکرایە کەلتووری خوێندنەوە لەناو ئێمەدا هێشتا وەك پێویست ریشەی دانەکوتاوە. رەنگە کەمیی ژمارەی خوێنەرانی بابەتە فەلسەفییەکان و ئاڵۆزیی و بەرفراوانییان لەهۆیەکانی خۆبەدوورگرتنی وەرگێڕەران بن لەوەرگێڕانی ئەو جۆرە کتێبانە. لەبیرمان نەچێت، لای ئێمە وەرگێڕان هێشتا ئارەزووەو نەبووە بەپیشە. واتا ئەگەر لای ئێمەش پرۆسەی وەرگێڕان ببێت بەپیشەو بەبازرگانی و دامودەزگای تایبەت هەبن بۆ سەرپەشتیکردنی، ئەو ئەو کاتە دەکرێت ئەرکی وەرگێڕانی کتێب لەهەموو بوارەکاندا بەوەرگێڕەران بسپێردرێت و جۆرە هاوسەنگییەك لەهەڵبژاردنی بابەتدا بۆ وەرگێڕان رابگیرێت.

**بەکر شوانی**

**ناوی تەواو: بەکر مەحمود مەجید شوانی**

**ساڵی ١٩٦٨ لەگوندی بنەی خوارووی سەر بەقەزای چەمچەماڵ لەدایکبووە.**

**ساڵی ١٩٧٥ لەچەمچەماڵ خراوەتە بەرخوێندن و قۆناغـەکانی سـەرەتایی و ناوەنـدیی و ئامادەیی لەو شارە تەواوکردووە.**

**ساڵی ١٩٨٧ لەبەشی نەوت و کانەکانی کۆلێـژی ئەنـدازیاریی سـەر بـەزانکۆی بەغـداد وەرگیراوەو لەساڵی ١٩٩١دا وەك ئەندازیاری نەوت خوێندنی تەواوکردووە.**

**لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لـەڕێی تیپـی نوانـدنی چەمـچەماڵ و دواتـر لـەناو کۆمەڵـەی هونەرەجوانـەکانی کـورد/لقـی چەمـچەماڵدا، لەبزووتنـەوەی هونـەریی و کەلتووری شاردا بەشداریکردووە.**

**لەساڵی ١٩٩٥-ەوە لەئەڵمانیا دەژی و لەبواری راگەیاندن و رۆژنامەگەریی و وەرگێڕانـدا کاردەکات. بەدەیان وتاری لەزمانەکانی تورکی و ئەڵمانییەوە وەرگێڕاوە.**

**رۆمانی "بەفر"ی نووسەری تورك ئۆرهان پاموك یەکەم کاری وەرگێڕانی بـەکر شـوانییە لەبواری ئەدەبدا.**





**نـــامە**

*و: مەریوان هەڵەبجەیی*

**هەڵبژاردە لەشیعری**
**یوسف خاڵ**

*و: ئاوات حەسەن ئەمین*

**خۆکوشتنێکی ئەڤیندارانە**

*و: زێنەب یووسفی*

**خولیۆ کورتاسار**
**خانووی داگیرکراو**

*و: عەبدوڵڵا قادر دانساز*

# وەرگێڕان

# نـــامه

## شیعری: سه‌ید عه‌لی سالْحی

## و: مه‌ریوان هه‌ڵه‌بجه‌یی

سڵاو هه‌مووومان حاڵمان زۆر باشه خه‌مێک نییه.
جگه له‌ونبوونی جارجاره‌ی خه‌یاڵێکی دوور

که‌خه‌ڵک پێی ده‌ڵێن شادومانی بێ هۆ
سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش ئه‌گه‌ر ته‌مه‌ن مه‌ودا بدات
وا به‌لای ژیاندا تێئه‌په‌ڕم
نه چۆکی کارمامزی ته‌نیا بکه‌وێته له‌رزین و
نه ئه‌م دڵه کۆستکه‌وته‌و بێ ده‌رمانه.
تابیرم نه‌چووه‌ته‌وه بۆت بنووسم
هه‌رێمی خه‌ونه‌کانی ئێمه ساڵێکی پڕ باران بوو
ئه‌زانم حه‌وشه‌ی ئه‌وێ هه‌میشه پڕه له‌هه‌وای تازه‌ی نه‌گه‌ڕانه‌وه
به‌ڵام لانی که‌م تۆ ته‌نانه‌ت هه‌رجار، ساتێ ، هه‌ندێجار
بزانه ده‌نگدانه‌وه‌ی بزه‌ی خه‌ون
له‌سیمای گوڵاڵه سووره ناچێت!
به‌ڕاست با ئه‌م هه‌واڵه‌شت بده‌مێ
له‌خه‌وما ماڵێکم کڕیوه
بێ په‌رده، بێ په‌نجه‌ره، بێ ده‌رگاو دیوار ... هه‌رپێبکه‌نه!
بێ له‌ڕووداوامان پێت بڵێم

هێندەی نەماوە تەمەنم ببێتە چل ساڵ
سبەی بەڕۆژێکی قەدەم خێر دادەنێم
هەر ئێستا پۆلە کۆترێکی سپی
بەسەر کۆڵانەکەماندا دەفڕن
با، بۆنی ناوی کەس و کاری منی لێدێ
لەبیرتە ڕۆیشتبووی
هەواڵی هێمنی ئاسمان بێنی!؟
نا ... (ری ڕا)* گیان
نامەکەم ئەبێ کورت و ساکاربێ
بێ وشەیەک لەبارەی ئاڵۆزی و ئاوێنەوە
لەسەرەتاوە بۆت دەنووسم
هەمووومان حاڵمان زۆرباشە
بەڵام تۆ باوەڕمەکە!



* ری ڕا: لەئێراندا ناوێکە بۆ کچان

# هەڵبژاردە لەشیعری

# (یوسف خاڵ[٧])

**و. ئاوات حەسەن ئەمین**

## چاوەڕوانی

شەو درێژە ناکێشێ، ئەی خۆشەویستەکەم.
شەو، لەگیانەڵادایە،
منیش راکشاوم و
چاوەڕوانیی دایرژاندووم.
چاویشم لەسەر پەنجەرەکەیە، ئای لەبەدبەختیم
کێلونی دەرگاکەش ناسوڕێ.



بنمیچەکە لەسەر رووخسارمە
ئەترسم بەسەرما هەرەس بهێنێ.
بەدیوارەکەشەوە وێنەیەک هەیە
بەپیتی ئاگر نووسراوە.
ئای خۆشەویستەکەم
تۆ بڵێی ئەو دیوارە بڕوخێ؟

شەو درێژە ناکێشێ، ئەی خۆسەویستەکەم.
مادام من لەچاوەڕوانیدام.

## هیوای شاعیر

من بچكۆلە بووم و
ئەو حەبلانەش كە لەدەوری
گەردنم بوون، بچكۆلە.
چاوەكانیشم بەندەرو
هەنگاوەكانیشم.. ئاراستەكراو.
ئەوەی ئەموت.. گۆرانی بوو
گوێ بیستی بوون
ئاسمان خوازیار بوو كە گوێ بیستی بێ.

دوای ماوەیەک خۆشەویستەكەم گەورە بوو..و
كۆچی كرد..
بۆ پێڵوەكانیشم كەنار هەستا
كەنار.. چووە ناو پەراسومەوە
ئەوسا ئیتر، لەخۆما نیشتەجێم كرد.

ئەوسا.. باخچەكەم بێ پەرژین بوو
بۆیە پەرژینێكم بەرزكردەوە.
ماڵەكەشم، پێكهاتبوو
لەقامیش و ژوورێک
دواتر بووە بەردو ژورێک،
ئەوسا هەموو بەرەبەیانی شەوێک
لەخەو رادەبووم

ئەو هەڵی ئەسانم
گوێم لێی نەبوو.
خۆشەویستەکەم، عاشقم بوو.



ئەی چرپاند بەگوێی جەستەما،
دەستەکانیشی.. بەنەزاکەتەوە ئەچەمانەوە
بەبێ دەنگی وەکو گڕی مۆمێک.
پایز هات و.. وەرزەکان
هەزار دەوران.. سوڕانەوەو
شەهریار-یش مرد.
کاتێکیش مرد.. ڕێگاکەی هەژار کرد
منیش ئیتر بێ هاوەڵ مامەوە.

ڕێبوارێک دزەکان، رووتیان کردەوە
جلوبەرگەکەیان دڕاند،
لەچاڵێکیان خزاند
خواوەند لەلای نەما،
پێیان وت: خواوەندی نوێت ئەوەیە کە ئەیبینی.

ئەوەی ئەیبینم هەورێک و چیایەکە
لەگەڵ بایەکی کۆچەراو
تۆپێکی ئاسنی خەتاکار،
ئەوەی ئەبینم لێرەیا ئەمرێ
جێی ئەهێڵێ، جێی ئەهێڵێ بێدەنگی.

خواوەند کاتێ ئەمبەیتەوە بۆ لای خۆت

کاتێ گوناهەکانم ئەسڕیتەوە

بەتەنها هەر خۆشەویستەکەم بگێڕەوە بۆم

تا ئەوەی ئەمەوێت بیڵێم ببێتە گۆرانی

گۆرانییەک،

کە حەز ئەکەم ئاسمان گوێ بیستی بێت.

***

## دواین خوان

مەی و نانمان هەیەو مامۆستاشمان لەلا نییە، برینەکانمان رووبارێکن لەزیو.

لەدیوارە بەرزەکانا درزی قوڵ هەیە، لەسەر پەنجەرەکانیش -با- رێبواری شەویش لەدەرگا ئەدا.

ئێمە ئەخۆین و ئەخۆینەوە، برینەکانمان رووبارێکن لەزیو.

بنمیچەکەش خەریکە هەرەس ئەهێنێ، رەشەباکەش پەنجەرەکان دەرئەهێنێ، ئەوەی لەدەرگاکەش ئەیا.. دێتە ژوورێ.

ئەڵێین: با ئێستا بخۆین و بخۆینەوە. خواوەندەکەمان مردووە.

باخواوەندێکی تر دیاری کەین. لەوشە بێزاربووین. حەزی ناخمان بۆ گەمژەیی -مەی- جوڵاوە.

ئەڵێین: با ئەو بنمیچە بکەوێت و هەپوون بەهەپروون بێت.

رەشەباکە بەزەیی پیاماندا دێتەوە. ئەوەی لەدەرگاکەشی دا لامان دائەنیشێ.

ئەو برسیەتی نانی ئەوێ، تینویەتی بۆ قومێ -مەی-.

ئەڵێن: ئەوەی لەدەرگاکە ئەدا لەوانەیە خواوەندی نوێمان بێ. ئەم با-یەش گوڵی حەزەو لەنەزانراوا گەشاوەتەوە.

بەردەوام ئەبین لەسەر خواردن و خواردنەوەو مامۆستاشمان لەلا نییە، برینەکانیشمان رووبارێکن لەزیو.

کاتێکیش کەڵەشێر ئەخوێنێ، کەمن ئەوانەی ئاگایان لەمەلەکوتی زەوی ئەبێت.

***

## رووبار

لەتاریکستانی شاخە گەورەکەوە
هەڵئەقوڵێ و
بەرەو کۆتایی خۆی ڕێگا ئەبڕێ
بەبێدەنگی و بەهاژەی کپ
وەکو شاسواری خەون
بەنزای درێژ.
دەشتایی خۆشی ئەوێ
لەئامێزی ئەگرێ.
دەست پێئەکات کاتێ وەکو
زەمەن کۆتایی دێ.
ئەسوڕێتەوەو سەر ئەکەوێ
ئەسمەر ئەبێ
ئاڵ ئەبێ
خۆی لەڕەنگ هەڵئەکێشێ
خۆی لەپیت هەڵئەکێشێ



لەسەر بەردو
لەناو بەردا بزر ئەبێ
جارێکیش لەهەنگاوەکانیا
ئەکەوێ.
ئەسوڕێتەوەو
گومان وەکو گەڵایە عەورەتی
بەربوونەوەی دائەپۆشێ
عەورەتی رەفزکردنی:
سەدوم
یان ئۆرشەلیم
یان سێبەری ئەیبوب
لەسەر زەوی؟
ئەی ئەو کەسەی لەسەر پێدەشتەکان
وەکو زەمان
رائەکەیت و
لەو شوێنەدا دەست پێئەکەیت کە کۆتایتە
بەڵام نابڕێیتەوە.

چیرۆك

# خۆكوشتنێكی ئەڤیندارانە

## ن: یاسوونار‌ی کواباتا

## و.لەفارسیەوە: زێنەب یووسفی

ژن، نامەیەكی لەلایەن مێردەكەیەوە پێگەیشت. دووساڵ لەو كاتە تێپەڕیبوو كە پیاو ئیدی ئەمی خۆشنەدەویست و بەجێی هێشتبوو. نامەكە لەسەرزەمینێكی دوورەوە هاتبوو.

—: مەهێڵە منداڵەكە تۆپەكەی بكوتێتە زەمیندا، چونكە بەو دەنگە دڵی من رادەچەڵەكێت.

ژن، تۆپی لەدەست كچە نۆساڵانەكەی سەند.

دیسان نامە یەك لەمێردەكەیەوە هات.

—:منداڵەكە پێڵاو لەپێی، بۆ قوتابخانە مەنێرە، چونكە دەنگی تەقەتەقی پێڵاوەكانی دێتە گوێمدا، ئەم دەنگەش دڵی من رادەچەڵەكێنێت.

ژن لەجیاتی پێڵاو، سەرپاییەكی ناسكی، لەپێیەكانی كچە كرد. كچ، دای لەپرمەی گریان و ئیدی نەیوێرا بچێتەوە بۆ قوتابخانە.

جارێكیتر نامەیەك لەلایەن مێردەكەیەوە هات. مانگێك لەهاتنی نامەی پێشوو تێنەپەڕیبوو كە دیسان نامەكەی هات، بەڵام دەستنووسەكە زۆر كۆن دەهاتە پێش چاوانی ژن.

—:مەهێڵە كچەكە لەقاپی بلۆردا چێشت بخوات، ئاخر، دەنگەكەی دڵم رادەچەڵەكێنێت.

ژن بەكەوچكە دارینەكەی خۆی چێشتەكەی كرد بەدەم كچەوە، دەقاودەقی ئەوكاتانە كە سێ ساڵان بوو. پاشان كەوتە گێژاوی بیرەوەرییەكانی تایبەت بەتەمەنی سێ ساڵانی كچەكەیەوە، هاتەوە بیری كە مێردەكەی رۆژگارێكی خۆشی لەتەنیشت ئەمدا تێپەڕاندبوو.

کچە خۆی ڕۆیشت و قاپە بلۆرەکەی لەکەوەنتەری مەتبەخ هەلگرت. ژن بەپەلە قاپەکەی لێسەندو لەباخچەکە دای بەسەر بەردێکدا....: دەنگی وردبوونی دڵی پیاوەکەی.

ژن لەپڕ برۆکانی هەڵخست. قاپی چێشتخۆرییەکەی خۆیشی کوتا بەدیواری بەرانبەری...ئایا ئەمە دەنگی شکاندنی دڵی مێردەکەی نەبوو؟

ژن مێزی نانخواردنە بچووکەکەی مەتبەخی هەلگرت و لەدەلاقەی مەتبەخەوە، تووڕیدایە دەرێ و کوتایە دیواری باخچەکەوە...ئەم دەنگە چی؟

ژن خۆشی کوتا بەدیوارەکەو دەستیکردە مستکوتین. پاشان خۆی خستەسەر، دیکۆرە کاخەزییە جوانەکەی ژوورو وەکو گوللە لێی تێپەڕی و کوترایە زەمیندا...ئەم دەنگە چی؟

—:دایە، دایە، دایە

کچ بەهەراو زەنا، بەرەو دایکی دەرچوو. ژن زللەیەکی لێدا. ئاخ... گوێ لەم دەنگە بگرە.

وەکو زمزمەیەك، دیسان نامەیەکیتر لەمێردەکەیەوە گەیشت. لەپۆستەخانە نوێ و دوورەکانی ئەو سەرزەمینەوە، نامەیەکی تری پێیگەیشت.

—:قەت دەنگتان پێیەوە نەیەت، دەرگاکان، نەئاوەڵاکەن و نەدایشیخەن، هەروەها دەلاقەکانیش، هەناسە مەدەن، تەنانەت نابێ بهێڵن لەکاتژمێرەکەش دەنگێك دەربێت، هەردووکتان، هەردووکتان، هەردووکتان،.................

ژن بەدەم چپەکانیەوە، فرمێسکی لەچاوان داوەراند.

پاشان ئیدی لەهەردووکیان، قەت دەنگێك نەبیسترا. ژن و کچەکەی، تەنانەت بەبچووکترین دەنگیش، ئاکامێکی هەتا هەتاییان بەخشی. واتە، ئەو دایك و کچە، هەردووکیان مردن و سەرسووڕهێنەریش ئەمەیە کە مێردی ژنەکەش، لەتەنیشتی ئەواندا راکشاو مرد.

گۆڤاری سینەمای ئەمڕۆ ژمارەی٢٣.

# خولیۆ کورتاسار

# خانووی داگیرکراو

## و. لەسویدییەوە: عەبدوڵڵا قادر دانساز



خانووەکەمان لەبەرئەوە خۆش دەوێت، چونکە جگە لەوەی فراوان و کۆنە (لە سەردەمێکی وەکو ئێستا، کە لەهەموو جێگایەکدا خانووی کۆن تەخت دەکرێت و کەرەستەی دروستکردنیشی لەمەزاتخانە بەگۆترە دەفرۆشرێن)، گەلێك یادەوەریی باوباپیرانی باپیرمان (باوکی باوکمان)، باپیرمان، باوانمان و هەموو سەردەمی منداڵیی ئێمە دەپارێزێت.

من و ئیرێنا، راهاتبووین لەسەر ئەوەی بەتەنیا بژیین، ئەو کارەش شێتییە، چونکە بەلای کەمەوە هەشت کەس بەبێ ئەوەی یەکتری سەغڵەت بکەن دەیانتوانی لەنێو ئەو خانووەدا بژین. بەیانییان لەسەر ئەوە کاژێری حەوت لەخەو هەڵسین و ناو ماڵ پاکبکەینەوە، ئیتر ئاوەها تا کاژێری یانزە خەریك دەبووین و ئیتر منیش دوا بەشی ئەو کارەم بەسەر ئیرێناوە بەجێدەهێشت و خۆشم دەچووم بۆ ناندینە[1] کە. راهاتبووین لەسەر ئەوەی کاژێری دوانزە نانی بەیانی بخۆین، هەردەم زۆر دەربەستی ئەو کاتە بووین، پاش ئەوە هیچ شتێکی تر نەبوو تاوەکو ئێمە بیکەین، جگە لەشۆردنی دوو قاپی بەکارهێنراو. لەکاتی خواردنی نانی بەیانییاندا راهاتبووین لەسەر ئەوەی بیر لەو خانووە گەورە و بێدەنگە بکەینەوە، راستییەکەشی چەندێ کەم پێویست بەوە دەکات تا ئێمە کۆشش بکەین بۆ ئەوەی پاکی بکەینەوە و ناوماڵەکەی رێکبخەینەوە. هەندێ جار خەریك دەبوو بگەینە سەر ئەو رایەی، کە لەڕاستییدا ئەم خانووە بووەتە هۆی ئەوەی من ژن نەهێنم و ئیرێنا شوو نەکات. ئیرێنا بەبی هیچ هۆیەکی دیاریکراو دوو داواکاریی رەتکردەوە و هەرچی منیشم "ماریا ئێستەر"م لەدەست خۆم دا بەر لەوەی ئەوەندە کات

بەسەربچێت تا بگەینە ئەوەی شەکراو بخۆین. لەتەمەنی چلساڵیدا ئەندێشەیەك لەناخماندا جێگیر بوو بەبێ ئەوەی جارێك لەجاران قسەی لەسەر بکەین، کە هاوبەشییە ساکار و بێدەنگەکەمان وەکو خوشك و برا دەبێتە هۆی کۆتاییەکی بێگومان بۆ خانەوادەیەك، بەوەی هەر لەهەمان ئەم خانووەدا لەلایەن باوانی باپیرمەوە بناغەی دانراوە، بەوەی رۆژێك دێت لەم خانووەدا دەمرین، بەلاوە دەنرێین، خزمانێك، کە ئێمە نایانناسین دێن و خانووەکە بەمیراتی وەردەگرن، رێگە دەدەن خانووەکە تەخت بکرێت و بەپارەی زەوییەکەی و کەرەستەی خانووەکە دەوڵەمەند دەبن، یا ئەوەتا: رۆژێك بەر لەوەی کاتی ئەوە بەسەرچووبێت ئێمە بەخۆمان رێگا بەڕوخاندنی خانووەکە بدەین.

ئیرێنا کیژێك بوو هەرگیز کەسی جاڕس نەکردبوو. جگە لەو کاتژمێرانەی بەیانییان، کە ئەو ناوماڵی پاك دەکردەوە زۆربەی رۆژەکە کاتی بەوە دەبردە سەر، لەسەر قەنەفەی ژووری نووستنی خۆی دابنیشێت و خەریکی چنین بێت. من نازانم بۆچی ئەو ئەوەندە زۆر شتدەچنێت، من لەو باوەڕەدام، ژنان بەزۆری بۆیەکە خەریکی شتچنینن، چونکە لەو چنینەیاندا بیانویەکیان هەیە و ئەویش ئەوەیە، کە ئەوان نایانەوێت هیچ شتێك بکەن.. بەڵام لەڕاستیدا ئیرێنا کەسێکی لەو بابەتە نەبوو، ئەو هەردەم شتی وای دەچنی، کە پێویست بوون، چاکەتی چنراو بۆ وەرزی سارد، گۆرەوی بۆ من، چاکەتی بەیانییان و پۆلیڤێر بۆ خۆی. هەندێ جار ئەوە رووی دەدا، کە ئەو کاتێك لەچنینی چاکەتێکی چنراو دەبووەوە، بەیەك چاوتروکان دووبارە هەڵیدەوەشاندەوە و تەنها لەبەرئەوەی شتێك لەئەو شتەچنراوەدا هەبوو ئەو بەدڵی نەبوو. زۆر شتێکی پێکەنیناوی بوو تەماشای ئەوە بکەیت چۆن شاخێك لەڕیسی لوول لەنێو سەوەتەکەیدا نایانەوێت واز لەو فۆرمە بهێنن بۆ ماوەی دوو سەعات دەبێت پێیان درابوو و دووبارە خۆیان راست بکەنەوە. رۆژانی شەممە دەچووم بۆ نێو شار بۆئەوەی رێسی زیاتر بکڕم، ئیرێنا کوێرانە بڕوای بەحەز و ئارەزووی من هەبوو، هەردەم ئەو رەنگەی من هەڵمدەبژارد، قبووڵی دەکرد و هەرگیز پێویستم بەوە نەدەبوو تاقانە گلۆڵەیەك چییە بگۆڕمەوە. لەو چوونە دەرەوەیەمدا ئەو هەلەم دەقۆستەوە سورێك بەنێو سندوقی کتێبەکان بخۆم و پرسیاری کتیبی فەرەنسی تازە بکەم، بەڵام هەموو جارێك بێ ئاکام دەبووم. ئەوەی راستبێت هەر لەساڵی ١٩٣٩ بەدواوە قەت کتێبێکی بەنرخ چییە نەهاتۆتە ئەرجەنتین.

بەڵام من دەمەوێت باس لەخانووەکە بکەم، باسی خانووەکە و ئیرێنا بکەم، بەخۆم هیچ گرنگییەکم نییە. زۆربەی جار بیر لەوە دەکەمەوە ئایا ئەگەر بێتو ئیرێنا ئەو چنینەی

نەبووایـە دەبـوو چـی بکردایـە. کتێبێـك مـرۆ دەتـوانێ چـەندین جـار، لـەدوای یـەك بیخوێنێتـەوە، بـەڵام باشـە پۆلیڤێرێـك جارێـك درووسـتکرا ئـەوا جـارێکی تـر درووسـت ناکرێتـەوە، بەداخـەوە. ڕۆژێکیـان گێرفـانی خـوارەوەی مێـزێکم دۆزیـەوە بەتـەواوەتی دارمـابوو لـەدەسماڵی چـکۆلانە _ سـپی، سـەوز، وەنەوشـە، وەکـو شـتی نێـو کۆگایـەك لەسەریەك کەڵەکە کرابوون و لەدوورەوە بۆنی کـەمفیریان لێوە دەهـات، بـەڵام مـن زاتـی ئـەوەم تێدا نـەبوو بۆئـەوەی لێـی بپرسـم باشـە ئـەو شـتانەی بـۆ چییە. پێویـستیمان بەکارکردن نـەبوو بۆئـەوەی بـژێویی خۆمـانی پـێ دابـین بکـەین، مانگانـە لەدەسـتکەوتی دارستانەکەمانەوە پارەمان بۆ دەهات و تا دەهات پارەکان زیـاتر دەبـوون. بـەڵام تاقانـە شـتێ ئیرێنـا ئـارەزووی چـووبێتە سـەر ئـەوا چـنینەکەی بـوو. نموونـەی ئێجگـار جـوانی لەکارزانییەتی نیشان دەدا، بەخۆشم تا رادەیەك کارم تەنها بەوە بەسەر دەبرد، دابنیـشم و سەرنجی بدەم، تەماشاکەم چۆن دەستەکانی وەکـو ئەسـتێرەی دەریـای رەنـگ تـوجی سپی دەفرێـت، چـۆن شیـشکی چـنینەکەی سـەمایان دەکـرد و گلۆلـەی ڕیـسەکەی لـەنێو سەوەتەی سەر زەوییەکە بەبێ وەستان لەجولەدا بوون. ئەو شتە زۆر جوان بوو.

بێگومان لەتوانامدا نەبووە ئەوەم لەبیر بچێت خانووەکـە چـۆن سـازکرا بـوو. سـاڵۆنی نانخواردن، ژوورێکی گەورە بەگوبێلینگەر[٢] رازاوە، کتێبخانەکـە و سـێ ژوورەی گـەورەی نووستن ئەو بەشەیان پێك دەهێنا، کە لەو سەری ئەو سەری نـاوەوەی خانووەکـە بـوون، ئەو لایەی دەیڕوانییە سەر "رۆدریگۆس پێنە". تـەنها کۆریـدۆرێکی تەسـك بەدەرگایـەکی ئەستووری لەداربەڕوو دروستکراو ئەو لایەی خانووەکەی لەقۆڵی بەرایی خانووەکـە جـوێ دەکردەوە، ئەو قۆڵەی لەوێدا حەمام، ناندینە، ژوورەکانی نوستنمان و ساڵۆنە گەورەکەی لێبوو، ئەو ساڵۆنەی دەرگـای ژوورەکـانی نوسـتن و کۆریدۆرەکـە دەچـوونە سـەری. مـرۆ لەداڵانێکـەوە دەهاتـە ژوورەوە دیوارەکـانی بەکاشـیی لـەقوڕ دروسـتکراو و پـەرژینێکی لەئاسن دروستکراو رازێندرابووەوە. کەواتە مرۆ دەبوایـە بـەنێو داڵانەکـەدا تێپـەڕ بووایـە، پەرژینـە ئاسـنینەکەی واز کردایـە بۆئـەوەی بـچێتە ژوورەوە بـۆ نێـو سـاڵۆنەکە، لـەملا و لەولاوە دەرگای ژوورەکانی نوستنی لێبوو و راستەوڕاستیش بەرامبـەر کۆریدۆرەکـە بـوو، کـە دەچـوو بـۆ دیـوی نـاوەوەی خانووەکـە. گـەر مـرۆ بـەردەوام بووایـە لەڕۆیـشتن بـەو کۆریدۆرەدا، ئەوا دەگەشتە ئەو دەرگا ئەسـتوورەی لـەدار بـەڕوو دروسـت کرابـوو، بـەڵام یەکسەر بەر لەوەی مرۆ بگاتە ئەو دەرگایە دەیتوانی بـەلای چـەپدا پـێچ بکاتـەوە، بـەنێو کۆریدۆرێکی بـاریکتردا تێپـەڕبێت، کـە دەچـووە سـەر ناندینـە و حەمامەکـە. کاتێـك ئـەو

دەرگایە کراوە بووایە خانووەکە بێ ئەندازە گەورە دەهاتە بەر چاو، گەر دەرگاکە داخراو بوایە مرۆ وا بۆی دەچوو، کە ئەوە ئەپارتمانێکی مۆدێرنی چکۆلانەیە بەئاستەم مرۆ دەیتوانی تیایدا سوورِ بخوات. من و ئیرێنا لەو بەشەی خانووەکەدا دەژیاین، زۆر بەدەگمەن رووی دەدا تاوەکو ئێمە لەو دەرگایەی لەدار بەڕوو دروست کرابوو زیاتر تێبپەڕین، لەو کاتانەی پاکمان دەکردەوە، ئەوە شتێکی زۆر سەیرە، کە چەندی تۆز لەمۆبیلە دەنیشێت. لەوانەیە "بۆینیس ئایریس" شارێکی پاك و خاوێن بێت، ئەویش بەهەر حالێك بێت کەوتۆتە سەر ئەو دانیشتوانەی تیایدا دەژین و پەیوەندیی بەهیچ شتێکی ترەوە نییە. تۆزێکی ئێجگار زۆر لەنێو هەوادا هەیە، لەگەڵ بچوکترین شنەبادا گێژەنگە دەخۆن و بەهەموو شتێکەوە دەنیشنەوە هەزارەی لەمەڕمەڕ دروست کراوەکان و پەردە ماکرەمیێ[٣] کانەوە. ئەم کارە کارێکی وا دژوارە بەگزکی لەپەڕ دروستکراو تۆزی لێبتەکێنیتەوە، تۆزەکە بەردەوام دەبێت لەگێژەنگ خواردن و بەرز دەبێتەوە و دەچێتە نێو ئاسمانی ژوورەکە و تاوەکو پاش ماوەیەکی کورت دووبارە دادەبەزێتە خوارەوە و بەسەر مۆبیلەکان و پیانۆکەدا دەنیشێتەوە.

من هەردەم ئەوەم بەڕێکوپەوان دێتەوە بیر، چونکە زۆر ساکار بوو و بەبێ هیچ شەڕێکی ناپێویست روویدا. ئیرێنا لەژوورەکەی دانیشتبوو و خەریکی چنین بوو، کاژێری هەشتی ئێوارە بوو، ئیتر وا هات بەخەیاڵما بچم بۆ نێو ناندینەکە و قۆرییەکی چا بنێمە سەر ئاگر. بەکۆریدۆرەکەدا دەرۆیشتم تا گەیشتمە دەرگا لەداربەڕوو دروستکراوەکە، کە نیوە ئاوەڵا بوو، دوای ئەوە بەلای چەپدا پێچم کردەوە بۆ ئەوەی بچمە ژوورەوە بۆ نێو ناندینەکە، ئەو کاتە گوێم لەکەسێك لەژووری نانخواردن یان کتێبخانەکە بوو. دەنگێکی ناڕوون تەپەیەك هات، تا رادەیەك وەك ئەوەی کەسێك ئەسکەمیلیك بەسەر فەرشێکدا بخات، یاوەکو دەنگی بڵمەبڵمی گفتوگۆیەکی نیمچەبەرز. لەهەمان چاوتروکاندا، یاوەکو چرکەیەك دوای ئەو رووداوە، لەدوورەوە گوێم لەشتێك بوو لەنێو کۆریدۆرەکەوە، ئەو کۆریدۆرەی دەرگای ژوورەکانی لەسەر بوو و تا سەر دەرگاکە درێژ دەبووەوە. بەچاوتروکانێك خۆم هەڵدا بۆ دەرگاکە، پێش ئەوەی کات بەسەر چووبێت، دووبارە دامخستەوە و بەهەموو لەشی خۆمەوە پاڵم بەدەرگاکەوە دەنا، لەخۆشبەختیی خۆم لەدیوی ئێمەوە کلیلەکەی پێوە بوو و بۆ دڵنیاییش ئەلقەڕێزەکەشم پێوەدا.

چوومە دەرەوە بۆ نێو ناندینەکە، قۆرییە چایەکەم کوڵاند و بەسینییە چایەکە بۆ لای ئیرێنا گەڕامەدواوە. وتم:

_ دەبێ دەرگای کۆریدۆرەکە دابخەم. بەشی ناوەوەی خانووەکەیان داگیر کردووە.

چنینەکەی بەرداوە داوێنی خۆی و بەچاوە ماندوو و جدییەکانیەوە تەماشای دەکردم.

_ دڵنیای لەو شتە؟

سەرم بۆی لەقاند.

ئیرێنا چنینەکانی گرد دەکردەوە و وتی:

_ ئەگەر وابێت، وا باشە لەمە بەدوا ئێمە لەم بەشەی خانووەکەدا نیشتەجێ بین.

لە سەرەخۆ قومم لەچایەکە دەدا، هەردووکمان گەلێ شت، کە پێویستیمان پێیان بوو لەبەشە داگیر کراوەکەی خانووەکە بەجێهێشتبوو. بەخۆم بۆ نموونە هەر هەموو کتێبە فەرەنسییەکانم لەکتێبخانەکە بەجیهێشتبوو. ئیرێنا بیری لەگەلێ کاغەز دەکردەوە، کە ئەو بەجێیهێشتبوو و جووتێ دەمپایش، کە ئەو بەزستانان راهاتبوو بەوەی بەزۆری بەکاریان بهێنێت، لەلای خۆمەوە بیری پایپە لەبریار[٤] دروست کراوەکەم دەکردەوە و هەروەها گومانی ئەوەشم هەبوو، کە ئیرێنا بیری لەبوتڵە دێرینەکەی، کە هێپێریدین[٥]ی تێدا بوو دەکردەوە. هەندێ جار وا رووی دەدا (بەڵام تەنیا لەرۆژەکانی سەرەتادا) هەندێ گیرفای مێزەکە یان شیفۆن[٦] یەکەمان دەکردەوە و بەخەمبارییەوە تەماشای یەکتریمان دەکرد.

_ لێرەکانێ نییە.

هەم شتێکی تریشمان لەبەشەکەی تری خانووەکە بەجێهێشتبوو.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو شتەشدا ئەم بارە گەلێك کەڵکی تری هەبوو. ماڵ پاککردنەوەکە ئەوەندە ئاسان بوو بووەوە، بەوەی ئێمە گەر بهاتبایە گەلێك درەنگیش لەخەو هەڵساینایە، بۆ نموونە سەعات نۆ و نیو لەخەو هەستاینایە، هێشتا کاتژمێر پێش یانزە بوو ئێمە لەماڵ پاك کردنەوە بووبووینەوە و دەستەوەستان دەوەستاین. ئیرێنا کردبووی بەخوو بەوەی لەگەڵمدا بچێت بۆ ناندینەکە و لەدروست کردنی نانی بەیانییدا یارمەتیم بدات. بیرمان لەهەموو لایەنێکی ئەو کاتە کردبووەوە و بڕیارمان دا کارەکان وا جێبەجێ بکەین بەوەی ئەو کاتەی من نانی بەیانی دروست دەکەم ئیرێنا دوو قاپ لەقاشی رانی لێنراوی سارد بۆ خواردنی شێوان ئامادە بکات. ئێمە زۆر لەو ئامادەکاریانە رازی بووین، چونکە هەردەم زۆر ناخۆشە پێویست بەوە بکات ژوورەکەت بەجێ بهێڵیت و بچیت بۆ ئامادە کردنی خواردن. بەو شێوەیە توانیمان لەژوورەکەی ئیرێنا بمێنینەوە و لەدیار مێزەکەدا دانیشین و قاپێك قاژی گۆشتی رانی سارد بخۆین.

هەروەها ئیرێناش رازی بوو، چونکە بەو شێوەیە کاتی زۆرتری بۆ دەمایەوە. بەڵام من هەندێك هەستم بەونبوون دەکرد، چونکە کتێبەکانم لەو جێگایەدا بەجێمابوون، بەڵام بۆ ئەوەی پێویست بەوە نەکات سەرودڵی خوشکەکەم بگرم، دەستم کرد بەرێکخستنی ئەو پولی پۆستانەی باوکم زوو کویکردبوونەوە رێکبخەم، بەو شێوەیە توانیم وا بکەم کات بەسەر بچێت. هەر یەکەمان لەلای خۆیەوە بەو شێوەیەی خۆی دەیویست خۆی خەریك بکات بەشتێکەوە و هەردەمیش پێکەوە لەژوورەکەی ئیرێنا دادەنیشتین، ئەو ژوورە زۆر رەحەت بوو بۆ ئەو شتە. هەندێك جار ئیرێنا شتێکی دەوت، بۆ نموونە:

_ تەماشای ئا ئەم نەخشەیە بکە، کە من پەیدام کردووە وەك گەڵایەکی سێ پەڕ نایەتە بەرچاو؟

ساتێك دوای ئەوە لەوانەیە من پارچە کاغەزێکی چوارگۆشەم بۆ درێ بکردایە بۆ ئەوەی مۆرێکی جوان، بۆ نموونە "ئیوپێن _ ئێت _ مالمێدی"ی نیشان بدەم. ئەوەی راستی بێت ئێمە باری ژیانمان زۆر باش دەڕۆیی بەرێوە و بەرە بەرە وازمان لەوە هێنا، کە بەهیچ شێوەیەك بیر لەو شتە بکەینەوە. مرۆ دەتوانێت بژێت بەبێ ئەوەی بیربکاتەوە.

(کاتێك ئیرێنا بەدەم خەوەوە دەستی بەقسەکردن کرد هەردەم یەکسەر خەبەرم دەبووەوە. هەرگیز نەمتوانی لەگەڵ ئەو دەنگەی هەروەك لەپەیکەرێکەوە یان توتییەکەوە، دەنگێك یەکەوڕاست لەخەونەوە دەهات، نەوەکو لەقورگێکەوە بێت. ئیرێنا پێی لەسەر ئەوە دادەگرت بەوەی من بەدەم خەوەوە بەزەبروزەنگ شەرم دەکرد _ هەندە بەزەبروزەنگ هەندێجار بەشەق لێفەکەم لەسەر خۆم لادەدا. ژووری نووستنەکانمان هەریەکە و لەبەرێکی سالۆنە گەورەکەدا بوو، بەڵام شەوان هەموو شتێك لەنێو خانووەکە دەبیسترا. لەو کاتانە نەمان دەتوانی بنووین، زۆر بەڕوونی گوێمان لەیەکتری دەبوو، چۆن هەناسە دەدەین، چۆن دەکۆکیین، هەتاوەکو ئەوەی چۆن دەستمان بۆ پلاکی گلۆپەکە درێژ دەکرد، ئەو شتە زۆر جار رووی دەدا.

گەر چاو لەو دەنگانە بپۆشین، ئەوا هەموو شتێك بێدەنگ بوو. بەڕۆژ دەنگی ئاسایی ماڵ دەبیسترا:

ترقەترقی چیلکە لەمیتاڵ دروست کراوەکانی چنین، خشە خشی لاپەڕەی ئەلبومی پولی پۆستە. من ئەوەم گێڕایەوە، کە دەرگا لەدار بەڕووەکە لەمادەیەکی زۆر پڕ پێك هاتبوو. لەناندین و حەمامەکە، کە نزیکترین جێگا بوون لەو بەشەی خانووەکە، کە داگیر کرابوو، راهاتبووین لەسەر ئەوەی بەدەنگی بەرز قسە بکەین، یاوەکو ئیرێنا گۆرانیی

منداڵانەی دەوت. بۆ ئەوەی دەنگەکانی تر ببیسترێت لەناندینەکەدا، کە هەردەم زڕەی پەرداغی شووشە و فەخفوری دێت. زۆر بەدەگمەن دەمانوێرا لەدەرەوەی ژوورەکانی خۆماندا لە ئەو شوێنەدا بێدەنگ بین، بەڵام کاتێك دوای ئەوە دەگەڕاینەوە بۆ ژوورەکانی خۆمان یاوەکو بۆ ساڵۆنەکە خانووەکە بەتەواوەتی بێدەنگ یاوەکو نیمچە گوماناوییەك دەبوو، ئیتر ئەو کارە هێندە ئارام دەبووەوە پەشێوییەك ئێمە تا رادەیەکی تەواو بەدزەکردن لەسەر پەنجەی پێ ڕێگامان دەکرد بۆ ئەوەی سەر لەخۆمان نەشێوێنین. من وا بۆی دەچم لەبەر ئەو هۆیە بوو، لەکاتێکدا ئیرێنا بەدەم خەوەوە قسەی دەکرد من یەکسەر لەخەو بێدار دەبوومەوە.)

ئەمە وەك ئەوەی لێ دێت، کە هەردەم هەمان شت دووبارە ببێتەوە، جگە لەو شتانەی بەدوای ئەو شتەوە دێن. شەوێکیان کەمێك هەستم بەتینوێتی دەکرد و بەرلەوەی بچینە نێو جێگاوە وتم دەچم بۆ ناندینەکە و گڵاسێك ئاو دەخۆمەوە. ئەو کاتە لەویا کە لەنێو دەرگاکەی ئیرێنادا وەستا بووم. (ئیرێنا دانیشتبوو و خەریکی چنین بوو) گوێم لەتەقە تەقێك بوو لەناندینەکەوە دەهات، یا ئەوەتا لەناندینەکەوە یان لەحەمامەکەوە _ پێچی کۆریدۆرەکە دەنگەکەی نزم کردبووەوە. ئیرێنا هەستی بەوە کرد من لەپڕێکدا لەجێگای خۆم وەستام. بەبێ ئەوەی وشەیەك بڵێت هاتە تەنیشتمەوە. بەبێ جوڵە وەستا بووین و گوێمان دەگرت، وەك رۆژی رووناك ئاشکرا بوو بەوەی ئەو دەنگە لەمدیوی دەرگا لەدار بەڕووە دروستکراوەکەوە دەهات، لەناندینەکەوە یان حەمامەکە، یاوەکو لەوانەیە دەنگەکە لەخودی کۆریدۆرەکەوە بێت لەو پێچەی بەردەممماندا.

بەئاستەم دەمانوێرا تەماشای یەکتری بکەین. مەچەکی ئیرێنام گرت و لەگەڵ خۆمدا کێشم کرد بۆ لای دەروازەی پەرژینە ئاسنینەکەوە. هیچ یەکێکمان بەری نەکردەوە دواوە. ئێستا تەق و هوڕەکە بەئاشکراتر، لەپشت ئێمەوە دەبیسترا، بەڵام هێشتا دەنگەکە مت و کەم دەنگبوو. دەروازەی پەرژینە ئاسنینەکەم لەدوای خۆمانەوە داخست و لەبەر هەیوانەکە خۆمان بینییەوە. لەو جێگایەدا هیچ دەنگێك نەدەبیسترا.

ئیرێنا وتی:

_ ئەم بەشەیان داگیرکرد.

چیلکەی چنینەکەی بەدەستەوە بوو بەڵام گلۆڵەی ڕیسەکەی بەژێر دەروازەی پەرژینە ئاسنینەکە بۆ ناوەوە غلەوە بووبوو. ئەو کاتەی ئەو هەستی بەوە کرد، کە گلۆڵەی

ڕێسەکەی لەودیوی دەروازە ئاسنینەکە ماوەتەوە چیلکەکانی دەستی تـوڕ دان، تەنانـەت بەبێ ئەوەی لەگەڵ فڕێدانەکە تەماشاشیان بکات.

بە خەمبارییەوە پرسیم:

_ کاتی ئەوەت بەدەستەوە مابوو شتێ لەگەڵ دەستی خۆتدا بهێنی؟

_ نەخێر، هیچ شتێك.

ئەوەی هەمان بوو ئەوەبوو، کە پێمان بوو. ئەوەم هاتەوە بـیر لـەنێو کەوەنتەرەکـەدا لەژوورەکەم پانزە هەزار پێسوم بەقەدکراوی هەیە. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە.

کاتـژمێرە دەسـتییەکەم پێبـوو، کـاژێر یـانزەی شـەو بـوو. قـۆڵم کردبـوو بەناوقـەدی ئیرێناوە (من باوەڕم وایە ئەو دەگریا) و چووینە نێو جادەکە. پێش ئەوەی ڕێگای خۆمان بگرینەبەر دەرگـای دەرەوەم داخـست و کلـیلم دا و کلیلـەکانم فڕێداوە نێـو زێرابەکـەوە. نامەوێت شەیتانێکی بەستەزمان بکەوێتە سەر کەڵکەڵەی ئەو خەیاڵەی بچێتە ژوورەوە بـۆ نێو خانووەکە بۆ ئەوەی دزی لێبکات، لەو کاتـەی ئـەو ڕۆژە دانـا، کـە هـەموو خانووەکـە داگیرکراوە...

(١)ناندین: موبەق.

(٢) گوبێلینگەر: وێنەی بچووك بچووك و بەیەکەوە بەستراو لەشێوەی شانەی هەنگ.

(٣) ماکرەمێکا: جۆرە هونەرێکە لەگرێدانی فەرەنسی.

(٤) بریار: جۆرە دارێکە لەخێزانی "خەلەنگ" و ڕەگەکەشی بۆ دروستکردنی پایب بەکاردەهێنرێت.

(٥) هێپێریدین: وڵاتی ڕۆم بۆ یۆنانی کۆن و بۆ ڕۆمەکانیش ئیسپانیا بەکاردەهێنرا.

(٦) شیفۆن: دۆڵابێکی کەمێك بەرزە و لایەکی بۆ نووسین دادەدرێتەوە و وەکو مێز بەکاردەهێنرێت.

## ١٢ وادەقی شانۆیی
## لە ١٢ وکتێبدا

*ئەوزاد عەلی ئەحمەد*





## خەسڵەتەکانی
## بەرجەستەکردنی کەسێتی
## لەهونەری پۆرترێتدا

*ستار قادر*

## دیداری لەگەڵ
## هونەرمەند علی کەریم



*شاخەوان سدیق*

*چۆمان ئەبوبەکر*

## دیدار لەگەڵ هونەرمەند
## سەردار عەبدوڵڵا

*دیداری: چنور محەمەد*





## دیداری نێوان
## کیرۆساوا و
## کیا رۆستەمی

*و: دلێر محەمەد*

# هونەر

# ١٢ دەقی شانۆیی
# لە ١٢ کتێبدا

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

**سوید**

ئەوەی من بزانم، نووسەرو شانۆکار دانا رەئوف دەمێکە کاری لەپرۆژەی دەرکردنی زنجیرەیەك شانۆیی بیانی دەکرد، ئەوە بوو لەگەڵ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس رێککەوتن، کە دەزگای ناوبراو لێپرسراوێتی چاپکردنی زنجیرەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، پرۆژەکە هەر زوو کەوتە سەرپێ و لەساڵی پارەوە تائێستا مانگانە بەردەوام کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستا ١٢ شانۆیی وەرگێڕدراوی لە ١٢ کتێبی سەربەخۆدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

١– مۆسیقای بێدەنگ، نووسینی، لاش نۆرێن، وەرگێڕانی، دانا رەئوف.

٢– کۆتایی گەمە، نووسینی، ساموئێل بێکێت، وەرگێڕانی، مستەفا قەسیم.

٣– کوێرەکان، نووسینی، مۆریس مەتەرلینگ، وەرگێڕانی، دلاوەر قەرەداغی.

٤– مارا– ساد، نووسینی، پیتەر ڤایس، وەرگێڕانی، شێرزاد حەسەن.

٥– سۆناتای تارمایی، نووسینی، ئاوگوست سترینبێری، وەرگێڕانی، عەبدوڵڵا قادر دانساز.

٦– کەڵك، نووسینی، ئاوگست سترینبێری، وەرگێڕانی، خەبات عارف.

٧– مەرگەساتی شالیر، نووسینی: شکسپیر، وەرگێڕانی، شێرزاد حەسەن

٨– مەرگی کریشنا، نووسینی، جان کلۆد کارێر و ماری هێلین ئێستیان، وەرگێڕانی، مستەفا قەسیم.

٩– شەڕ، نووسینی، لاش نۆرێن، وەرگێڕانی، دلاوەر قەرەداغی.

١٠– فریشتەیەك لەبابل دادەبەزێت، نووسینی، فریدریش دێرنمات، وەرگێڕانی، شێرزاد حەسەن.

١١- گوێبگرە عەبدولمەسیح، نووسینی، عەبدولکەریم بەرشید، وەرگێڕانی، فاروق هۆمەر.

١٢- لێگەڕێن مرۆڤ بژی، نووسینی، پێیر لاگەرکێست، وەرگێڕانی، خەبات عارف.

دوای خوێندنەوەی چەند دەقێك لە شانۆ وەرگێڕاوەکان هەم سەبارەت بەخودی پرۆژەکە، هەم سەبارەت بەناوەڕۆك و زمانی وەرگێڕاوەکان کۆمەڵێك پرسیارو سەرنجم لەلا دروستبوون، سەرەتا ویستم وەك کارێکی تازەی زمانەوانی لەبواری وەرگێڕاندا چەند شانۆیەك لەشانۆ وەرگێڕاوەکان وەربگرم و لەباری ئاستی زمانی وەرگێڕەکان بەراوردیان بکەم، بەڵام نەبوونی کات، هەر زوو بیرۆکەکەی لەلا کوشتم، پاشان بڕیارمدا هەر هیچ نەبێت وەك کارێکی تازە، تا ئەو کارەش وەك دەیان بەرهەم و چالاکیتر راگوزەرانە نەکەوێتە سەر رەففەی کتێبخانەی کوردی، لەڕێگای چەند پرسیارێك سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، کە وەك وتم دانا رەئوف-ە بێنمە قسە، هیوادارم، لەڕێگای ئەم کورتە دیدارە خوێنەران باشتر بەپرۆژەی ناوبراو ئاشنابن.

**ئینتیمابوون بۆ نەتەوەو پرۆژەیەکی لەو جۆرە کە بریتییە لەپرۆژەیەک بۆ گرنگیدان بەشانۆی بیانی تا چەند هاوتەریبن یاخود یەکتری تەواو دەکەن؟**

دەتوانین بڵێین هەردووکیان، هاوتەریبن و لەهەمانکاتیشدا یەکتر تەواو دەکەن، هەموو کارو پرۆژەیەکی باش ئینتیمابوون بۆ نەتەوەو بەوڵاتەوە، هەموو کارێکی باش بەردی بناغەی ئەو خەونەیە، ئەو وڵاتەیە، ئەو نەتەوەیەیە کە دەمانەوێت بنیاتی بنێین، پرۆژەی وەرگێڕان لەهەر بوارێکدا بێت یەکێکە لەپرۆژە هەرە پێویست و گرنگەکانە بۆ ئەمرۆی کورد، بۆ خۆرۆشنبیرکردن، بۆ نزیکبوونەوە لەجیهانی دەرەوە تا بتوانین ناوەوەی خۆمانی پێ دەوڵەمەند بکەین، پێ چاك بکەین و دەستی داهێنانمان بگرێت، هیچ نەتەوەیەك بە تەنها خۆی ناتوانێت بژی، هەموو نەتەوەیەك لەنەتەوەکانی ترەوە فێردەبێت و هەمیشە کاریگەری شارستانییەتە جیاوازەکان بەسەر یەکترەوە هەبووەو هەیە، بەڵام لەسەر بنەماکانی رێزو سەروەری، نەك زۆرەملێ، داگیرکردن و سوکایەتی پێکردن.

**میتۆدی کارکردنت بۆ هەڵبژاردنی دەقەکان چییە؟**

ئەگەر سەیرێکی خێرای کتێبخانەی کوردی بکەین لەچەند شانۆنامەیەك بەولاوە چیتر نابینین، دەقی خۆماڵیمان نەك کەمە، بەڵکو هەر نیمانەو هیچ ترادیسونێکیشمان لەبواری وەرگێڕانی شانۆنامەدا نییە.

مێژووی یەکەم شانۆنامەی نووسراویش دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لەدوو هەزارو پێنج سەد ساڵ. هەزارەها شانۆنامەی کلاسیکی، هاوچەرخ، مۆدێرن و تازە بەهەموو زمانە جیهانییەکان هەن، چۆن بتوانین ئێمە لەنێو ئەم خەرمانە گەورەیەدا پرۆگرامێك، یان میتۆدێکی تایبەتمەند بدۆزینەوە بۆ وەرگێڕان، ئەمە کارێکی گرانەو پێویستی بەچەندین پسپۆڕو وەرگێڕی بەسەلیقەو هاوکارو بواری دارایی... هتد هەیە. ئێمە بۆ ئەم زنجیرەیە هەوڵدەدەین بەپێی توانا ئەو شانۆنامانە هەڵبژێرین چ کلاسیك یان هاوچەرخ و مۆدێرن کە پێگەیەکی گرنگی هونەریی و شانۆییان هەیە، دەکرێت لەسەر شانۆکان پێشکەش بکرێن، سوودی بۆ قوتابیانی پەیمانگاو کۆلێژی هونەرە جوانەکان هەبێت، لەهەمانکاتدا دەروازەیەك بکاتەوە بەڕووی لێکۆڵینەوەو ئاشنابوون بەئەدەبی شانۆی جیهانی و بەو شێوەیەش بتوانین تەقلیدێکی شانۆیی و کتێبخانەیەکی شانۆنامە دروستبکەین.

**لەنێو ئەو ١٢ کتێبە ( دەقە شانۆ)یەی کە بڵاوتان کردۆتەوە، ئاستی زمانی وەرگێڕەکان زۆر جیاوازە، دەزانیت لەو رووەوە تۆ لێپرسراویت؟**

بەڵێ، من لێپرسراوم لەڕوویەکەوە، لەلایەکی دیکەشەوە من لێپرسراو نیم. من هەوڵدەدەم شانۆنامەی وەرگێڕدراو کۆبکەمەوە، ئەدەبی شانۆی کوردی دەوڵەمەند بکەم و دەرگایەك بەڕووی شانۆی کوردی و هونەرمەندان و قوتابیانی شانۆ بکەمەوە. لەهەمانکاتدا من ناتوانم سەرلەنوێ زمانی وەرگێڕەکان دابڕێژمەوە، یان بۆیان وەربگێڕمەوە. ئەمە کاری من نییەو هەموو وەرگێڕێك شێوازو تەکنیکی تایبەتمەندی خۆی هەیە. هەندێ وەرگێڕ زۆر سەرکەوتوون و هەندێکیتر بەهەمانشێوە سەرکەوتوو نیین. لەگەڵ ئەوەشداو بەپێی توانا تێبینییەکانی خۆمان بەهەندێك لەوەرگێڕەکانمان دەڵێین و ئاماژەش هەندێك هەڵەو شتی تر دەکەین و هەندێجار بەراوردێکی وردیش دەکەین. بەلای ئێمەوە گرنگە هونەری شانۆ، شانۆنامەی وەرگێڕدراو و تەنانەت هونەری وەرگێڕانیش پەرە پێبدەین و هێدی هێدی ئەزموونێکی بەربڵاو و گەورە لەم بوارەدا بەدەست بهێنین، ئەمەش هەندێك کاتی دەوێت. هیچ کارێکیش بێ کەم و کوڕیی نابێت، تەنها ئەو کەسانە

بێ هەڵەو کەم و کوڕین کە هیچ بەرهەمێکیان نییەو هیچ کارێك ناکەن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە چاو لەهەڵەو وەرگێڕانی ناڕێك و کاری بێ ئەزموون بپۆشین، بەڵکو هەوڵدەدەین برەو بەم پڕۆژەیە بدەین، وەرگێڕی باشترو زمانزانی بەسەلیقەتر لەخۆمان کۆبکەینەوە و لەم دوانزدە ژمارەیەی ئەم ساڵیشدا بەڕوونی گۆڕانکاریی و بەرەو پێشەوە چوون دەبینرێت.

**ئایا هێڵی سوورتان بۆ کێشراوە، بۆ نموونە وەک سێ کۆچکەی حەرام؟**

ئێمە هیچ هێڵێکی سوورمان بۆ نەکێشراوەو سەربەستین لەکارەکانماندا، بەڵام هێڵی سووری ئێمە لەپڕۆژەکەدا ئەوەیە کە شانۆنامەکان لەزمانی یەکەمەوە وەرگێڕابنە سەر زمانی کوردی. بەهیچ شێوەیەك هیچ شانۆنامەیەك بڵاوناکەینەوە ئەگەر لەزمانی یەکەمەوەو راستەوخۆ نەکرابێتە کوردی.

چۆن دڵنیایت لە ئاستی وەرگێڕانی دەقەکان، ئایا کەسێك یان لیژنەیەك هەیە بۆ بەراوردکردنی دەقە وەرگێڕدراوەکان لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکان؟

تا بتوانین رووبەڕووی کەسانێك کە زمانزانن و لەبواری وەرگێڕان و نووسیندا دەستی نووسینیان هەبێت و بەرهەمی بەپێزی بڵاوکراوەیان هەبێت. بەپێی تواناش من بەشبەحاڵی خۆم بەهەموو شانۆنامەکاندا دەچمەوەو دەقە سویدییەکانیش لەگەڵ ئەسڵییەکاندا بەراورد دەکەم. ئێستا جگە لەخۆشم هەندێك نووسەرو قەڵەمبەدەستی شارەزاو وریاشمان لێکۆبۆتەوە تابتوانین بەراوردکاری یان شانۆنامەکان بەوردی لەهەموو رووبەکەوە هەڵدەسەنگێنین.

**کەواتە بۆچی ناوی ئەو کەسانەش لەسەر کتێبە چاپکراوەکان نانووسرێن؟**

من پێمخۆشە ناوی هەموو هاوکارێك بنووسرێت، هەندێکیان نایانەوێت و لەهەمانکاتیشدا ناکرێت ناوی هەموو هاوکارێك بنووسرێت. بۆ نموونە زۆر گرنگە ناوی ئەو کەسانە بنووسرێت کە بەراوردی دەقەکان دەکات، یان راستەوخۆ رۆڵی هەبووە لەوەرگێڕانەکەدا.

**بۆچی بۆ هەر ١٢ کتێبەکە هەر تەنیا خۆت پێشەکیت بۆ نووسیون، ئایا کەسێکی تر، ئایا باشتر نەدەبوو ئەگەر خەڵکی تریش هەبن ئەو پێشەکییانە یاخود لێکۆڵینەوە سەبارەت بەدەقەکان بنووسن؟**

من زۆرم پێخۆشه ئەگەر لەئایندەدا کەسانێکی تر هەبن پێشەکی بۆ شانۆنامەکان بنووسن، هەر نەبێت وەرگێڕەکان خۆیان. بەڕاستی ئەمە مەسەلەیەکی گرنگەو من لەو بڕوایەدام کە کەسێك وانەبووە کە تائێستا بتوانێت پێشەکییەکی وا بنووسێت کە هەموو لایەنەکان بگرێتەوەو لەهەمانکاتدا خودی شانۆنامەکەش شیبکاتەوە. ئەمە مەسەلەیەکی گرنگەو بەهەموو توانایەکمانەوە ئیشی بۆ دەکەین.

ئێمە لەبواری لێکۆڵینەوەی شانۆییدا هێندە لەپێشەوەنین، ئەو کتێبانەش کە لەسەر شانۆ نووسراون بەپەنجەکانی یەك دەست دەژمێردرێن و تاکو ئێستا یەك دێڕیش شیکردنەوە، بەمانای شیکردنەوە لەسەر هیچ شانۆنامەیەکیش نەنووسراوە. ئەمە هەوڵێکی گرنگە، سەرەتایەکی پێویستەو بنەمایەکی ئاواڵەیە بۆ داهاتوو. بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کەسی تر جگە لە من ناتوانێت ئەم پێشەکییانە بنووسێت، نەخێر ئێمە هەوڵدەدەین کە بتوانین کەسانی تریش هاریکاریمان بکات لەبواری پێشەکییەکانداو بەشداری لەنووسینی پێشەکی و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی شانۆنامەکاندا بکات.

**لەم پرۆژەیەدا گرفتی هەرە سەرەکیت چییە؟**

لەهەموو پرۆژەیەکدا گرفت و تەنگژەی جۆراوجۆر سەرهەڵدەدات، ئەم پرۆژەیەی ئێمەش بێ گیروگرفت نەبووە، لەسەرو هەموو گرفتەکانیشمانەوە مەسەلەی کاتە. ئێمە ناتوانین سەد دەر سەد کار لەم پرۆژەیەدا بکەین، هەر هەمووومان کاری ترمان هەیە، پرۆژەی نووسینی ترو سەرقاڵی ژیانیش. گرفتێکی تر ئەوەیە کە ئێمە هەموومان لەیەك شوێندا کۆنەبووینەتەوەو هاوکارەکانمان بەهەموو ئەورووپادا بڵاوبوونەتەوە، ئەمە جگە لەئەمریکاو کوردستان.

# خەسڵەتەکانی بەرجەستەکردنی کەسێتی لەهونەری پۆرترێتدا

ستار قادر

**دەستپێك:**

وێنەکێشانی هونەری پۆرترێت بەیەکێك لەو هونەرانە دادەنرێت کە لەمیانی مێژووی وێنەکێشاندا زۆرترین رووبەری لەبواری شێوەکاریدا داگیرکردووە، ئەمە لەکاتێکدایە بەڕاست و دروستی دادەنرێت کە وێنەی کەسێتییەکان بەتەنها لەڕێگەی وێنەکێشان و پەیکەرسازیدا دەخرانەڕوو، بەمانایەکی تر لەقۆناغی پێش هاتنەکایەی ئامێری کامێرا بوو، بەتایبەتی کامێرای فۆتۆگراف کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەو لەساڵی ١٨١٢ یەکەمین ئامێری کامێرا بەشێوە هەرە سادەو ساکارەکەی هاتەکایەوەو سەرجەم ئەو راوبۆچوونانەی لەسەر هونەری پۆرترێت هەبوون گۆڕانێکی ریشەیی بەسەرداهات و تاڕادەیەکی ئەوتۆ جێگەی بەهونەرمەندانی پۆترێتیست لێژکرد.

سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری نیگارکێشانی پۆرترێت بەشێوە پرۆفیشناڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی هونەری میسری کۆن، کاتێ جەستەکانیان لەپاش مردنیان مۆمیا دەکردن و دەیانخستنە تابوتێکی داریی تایبەتیەوە بۆ ناسینەوەی هەریەك لەو کەسێتییانەو لەگەڵ نووسینی ناوەکانیان بۆ هەر یەکێکیان وێنەیەکی کەسێتی ناو تابوتەکەیان دەکێشا.

هەتا ئێستاش ئەم کارانەی کە لەسەر تابوتەکان کێشراون وێنەیەکی کەسێتی دەموچاوی ئەو کەسەیە بەکۆنترین مێژووی پۆرترێت دادەنرێت لەمێژووی هونەری شێوەکاریدا. دیارە مەبەستی سەرەکی ئەو کارەی کە میسرییەکان پێی هەڵساون بەپلیەك بۆ ئەوەبووە کە کەسێتییەکە لەڕووی لێکچوونەوە کتومت ئەو کەسێتییەبێت کە لەناو تابلووتەکەدابووە، ئەم خەسڵەتە کە لەدێرینترین کاری پۆرترێت بۆمانماوەتەوە بەخاڵێکی گرنگ دادەنرێت لەمرۆشدا، هەر دوابەدوای ئەم قۆناغە مێژووییە ئەمجۆرە لەوێنەکێشان و پەیکەرسازی بەگۆڕانکارییەکی ریشەیی و زۆر فۆرمگەلی جیاوازی

بەخۆیەوە بینیووە، بەتایبەتی ئەو خەسڵەتەی کە تایبەتە بەبەرجەستەکردنی کەسێتی ئاستی لێکچوون لەهەموو ئەو گۆڕانانەی کە لەڕەوتی مێژوویدا بەخۆیەوە بینیووە بەردەوام جەختی تەواوی لەسەر کراوەو ئاستی سەرکەوتوویی هەر کارێکی پۆرترێت لەئەم خاڵەدا بۆتە پێودانگی سەرکەوتوویی ئینجا حساب بۆ لایەنەکانی دی وەك چۆنیەتی تەکنیکی ئیشکردن و بەرجەستەیی مەودای سێیەم و لایەنە ئاماتۆمییەکەی ئادەمیزاد.. هتد.



تابلۆیەکی لیۆناردۆ داڤنشی

لێرە بەدواوە دێینەسەر فاکتەرەکانی ئەم هونەرەو ئەزموونە یەك لەدوایەکەکانی کە لەم بوارەدا پرۆسەکراوە، دیارە لەسەر پاشخانی ئەم ئەزموونە کە ئەم هونەرەی لەسەر بونیادنراوە لەهەریەك لەقۆناغەکان و لەلای هەر یەك لەو هونەرمەندانەی کە لەم بوارەدا باڵادەست بوون.

خستنەڕووی خەسڵەتە بەرچاوەکانی کەسێتی لەپۆترێتدا:

پێش ئەوەی هەر شتێك لەسەر خەسڵەتەکان بڵێین، دوو جۆر دەستنیشانکردن هەیە بۆ پرۆسەی وێنەکێشانی پۆرترێتی کەسێتییەکان.



تابلۆیەکی ڤانکوخ

یەکەم: دیاریکردن و دەستنیشانکردنی مۆدێلێکی کەسێکی ناسراوو هەڵبژرادە لەلایەن وێنەکێشەوە.

دووەم: ئەم جۆرەیان بەپێچەوانەوە، داواکاری کەسێکە لەهونەرمەندی پۆرترێتسیت کە پۆرترێتێکی خودی خۆی بۆ بکێشێت.

بۆ هەردوو حاڵەتەکە سەبارەت بەو هونەرمەندەی کە بەم کارە هەڵدەستێت کە کێشانی تابلۆیەکی پۆترێتی کەسێتییەکی دیاریکراوە، هونەرمەند لەم نێوەندەدا کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەم کارەدا لەهەریەك لەلایەنەکانی دیاریکردنی حاڵەتی دانیشتن پۆزیشنی گشتیی مۆدێلەکە،

دیاریکردنی ئاراستەی رووناکی بۆ سەر دەم و چاوو لەش و لاری مۆدێلەکە، دیارە ئەوەی لەهەموو ئەم فاکتەرانە گرنگتر رۆڵی سەرەکیی دەبینێت بۆ ئەنجامدانی وێنەکێشانی پۆرترێت:

توانای وێنەکێشەکەیە لەلایەن وێنەکێشانی ئەکادیمی و ریالیزمی لەهەریەك لە(فۆرم و رەنگەوە) بەو واتایەی کە هونەرمەند دەبێت توانایەکی ئەزموونی لەم بوارەدا لەوپەڕی باشیدا بێت لەڕووی لەبەرچاوگرتنی پێوانەیی و چۆنیەتی هەڵبژاردەکانی یەکێك لەداڕشتنەکە مۆزەیشەنەییەکان دیارە بەلەبەرچاوگرتنی توانای شکانی بەسەر گشت وردەکارییەکانی بەشەکانی دەم و چاوو دەست و لایەنی وێنەکێشانی جلوبەرگ و بەرجەستەکردنی مەودای سێیەم.

بەدەر لەوەی لەسەرەوە لێی دواین سەبارەت بەبەهرەو توانانستی هونەرمەند بەسەر حرفەی وێنەکێشانی دەم و چاوو ئاستی باڵای لێکچوونی مۆدێل و پۆرترێتەکە، ئەو پێداویستییانەی کە رۆڵی سەرەکی دەبینن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هونەرییە تایبەتە پرۆفیشنە **Profishind** ئەمانەن: شوێنێك کە ماوەی نێوان مۆدێل و وێنەکێش لەدوو مەتر کەمتر نەبێت بۆ وێنەکێشانی پۆرترێتی نیوەی کە تادەستی دەرکەوێت، واتە **Middl- Portrait** پۆرترێتی نیوەیی، بەڵام ئەگەر پۆرترێتی تەواو بێت واتەلەسەرییەوە تا هەموو لەشی دیار بێت، ئیتر بەدانیشتنانەوە بێت یان بەپێوە، دەبێت دووری نێوان مۆدێل و وێنەکێش (٤) مەترێك بێت بۆ ئەوەی سەرجەم لەشولاری لەئاستێك لەئاستەکانی بینیندا ببینرێت، رەچاوکردنی شوێنی وێنەکێشانی پۆرترێت بەو جۆرەی کە ئاماژەمان پێدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەچرکەساتەکانی بەرهەمهێنانی تابلۆکە، ئەویش لەبەرئەوەی خاڵی بینین و دوورکەوتنەوە بۆ وێنەکێش گرفتێکی نەبێت، بەدەر لەپێداویستییەی شوێنەکەی کە لەپێناو ئەوەی کە هیچ جۆرە شێوازێکی بینینی لەسەر دیاری نەدات، چونکە زۆرێك لەو هونەرمەندانەی کە لەبوارەکەدا سەرقاڵن لەهونەری پۆرترێتدا، ئەم خاڵەی ئاماژەمان پێدا، بەخاڵێکی گرنگ دادەنێن بۆ ئەم مەبەستە تا لەکاتی ئیشکردنیداو لەڕووی بینینی و دوورکەوتنەوە لە تابلۆکەدا شێواندن روونەدات.

پێداویستییەکانی دیکە لەلایەن هونەرمەندەوە دیاری دەکرێت ئیتر لەڕووی جۆری ئیشکردن و پێوانەی تابلۆو چۆنێتی مەلمەسی کانڤاس و جۆری ئەو رەنگەی کاری

پێدەكرێت. دیارە شێوەیەكی دیكەی پۆرترێتی بەكۆمەڵیش هەیە لەم بوارەدا كە بەواتا ئینگلیزییەكەی **Grop Portrait** یان **Farmadliy- portrait** ناوزەدكراوە، دیارە زیاتر پۆرترێتی سەرجەم كەسی خێزانێك یان چەند كەسێكی نزیك لەیەكتری وەك گروپی موزیكێك یان گروپی شانۆییەك یان گروپێكی دیاریكراو لەدەستەیەكی وێنەكێشان، ئەم جۆرە لەوێنەكێشان و بەتایبەتی پۆرترێتی بەكۆمەڵی خێزانێك لەدێرزەمانەوە ئەم عادەتە پەیڕەوكراوە لەلایەن هونەرمەندانی دەربارەوە، وەك پۆرتیرێتی دەرباری گۆیاو پۆرترێتی خێزانێكی ئیسپانی، هونەرمەند تابلۆیەكەی فیلاسكیوزو پۆترێتی بەگروپی دەرسی ئەناتۆمیای رەمبراند كە ئەویش هیچ كەمتر نییە لە تابلۆی پاسەوانانی شەو و چەندانی تر یان گروپی پاسەوانانی شەوی رامبراند كە یەكێكە لەتابلۆ بەگروپەكانی مێژووی هونەری نیگاركێشان دادەنرێت كە لەترۆپكی سەركەوتوییدایە هەتا ئێستاش هەر لێكۆڵینەوەو سوودی لێدەبینین لەڕووی پۆرترێتی بەگروپەوە.


تابلۆیەكی گۆگان

دیارە ئەم جۆرە لەپۆرترێتی بەگروپ ئەگەر پێویست بكات لەداهاتوودا وتارێكی سەربەخۆی گەرەكە، كە لێرەدا هەر ئەوەندە دەخەینەڕوو كە دەبێت هەر كەستییەو بەتەنها لەكاتێكی دیاریكراو رووبەڕووی هونەرمەند دابنیشێت، ئەمە دوای ئەوە كە هونەرمەند كەمپۆزەیشەنی گشتی دامەزراندو بەپێی مراتبی كەستییەكان شوێنی هەریەك لەو كەسێتییانەی دیاریكرا، دیارە ئەم جۆرە بەپێی گەورەتری گەرەكە بۆ ئەنجامدانی كارەكەو هەروەها بەدەر لەپانتایی تابلۆكە شوێنێكی تەواو گەورەشی گەرەكە تا سەرجەمی ئەو كەسێتییانەی لێدەبینێت بەیەكەوە، تا رەچاوی دووری و نزیكی سێبەرو رووناكی و پێرسپێكتیڤی رەنگی رەچاو بكات، خاڵێكی گرنگ لەم جۆرە هونەرەدا ئەوەیە كە بەپێی شوێنگەی كۆمەڵایەتی و خێزانی و هەتا

مەرتەبی لەلایەن زانستی سەربازیی و هتد، ڕۆڵ بەخشینی سیادە بەیەکێك لەو کەسێتیە باڵایانە وەك ئەوەی کە لەتابلۆی (دراسەی ئەناتۆمیای، Stady Antomua)ی رامبراندە کەسێتی دکتۆرەکە سیادەی پێبەخشراوە هەروەها لەتابلۆکانی دەرباریشدا کەسێتی پاشا ڕۆڵی سیادی دەبینێت، لەدەرئەنجامداو لەسەر ڕۆشنایی ئەو هونەرمەندانەی کە پرۆفیشناڵن لەم بوارەداو بەوەرگرتنی ئەو زانیارییانەو ئەو چەند ساڵەی خۆشمان کە لەم بوارەدا ئیشی تەواومان کردووە، ئەم ڕێنماییانە دەخەینە بەرچاو بۆ هەر یەکێك لەو وێنەکێشانەی کە لەڕووی چێژەوە لەگەڵ ئەو کارانەدا یەکدەگرنەوەو بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی خوێنەری کارە هونەرییەکان و بینەرانی تابلۆ پۆرترێتییەکان، ئەم چەند قۆناغەی کارکردنی پۆرترێت دەخەینەڕوو:

قۆناغی یەکەم:

پێش ئەوەی کە ڕاستەوخۆ لەسەر پانتایی سپی کانڤاسی تابلۆ ئامادەکراوەکە هیچ ئیشێك بکرێت، بەمۆدیلەکەی بەردەست دەوترێت کە بەئارەزووی خۆی و چۆن ئاسوودەیە پۆزێك وەربگرێت، واتە ئەگەر بەهەرشێوەیەك بێت حاڵەتێکی دیاریکراو وەربگرێت، بەڵام لەو کاتەی کە پۆزەکە وەردەگرێت دەبێت چۆنێتی بەشی سەرەوەی وابێت کە سەیری وێنەکێش بکات، بەڵام ئەوەی لەدوای ئەم قۆناغە پێویستە لەسەر وێنەکێش بەوردی لەوەزعیەت و چۆنیەتی سەیرکردنی مۆدیلەکە بکۆڵێنەوە کە دەبێت ئەوە فەرامۆشنەکرێت کە لەهەموو ئەو دۆخەدا ئەو وەزعیەت و تەماشایەی لەمۆدێل بچێت واتە فەزای سەرجەم ئەوانەی باسکران لەمۆدێل بچێت بەو مانایەی کە لەوەزعیەتی ئاسایی و ناموباڵاتی وەرگرتنی وەزعییەتەکە نەهێڵرێت، دەبێت سروشتی پۆز-وزعیەت وەرگرتنەکەی پێش هەر شتێکی دی ئاسوودەو مریح بێت، ئەو ژوورەی کە پۆرترێتەکەی تێدا هەڵواسراوە لەهەر لایەکییەوە تەماشای پۆرترێتەکە بکەیت (چاوانی بکەونەشوێنت) ئەمە هەستێکی بەهێز لەلای وێنەکێش دەخولقێنێت، هەروەها لەسەر بینەری تابلۆکەش بەهەمان شێوەیە، کە کەسێکی ڕاستەقینە لەوێدایە کاتێك چاوەکان ڕێکو ڕاستەوخۆ سەیری بینەرانی دەکات، هەروەها بەنیسبەت تۆشەوە هەروا ڕوودەدا.

سەبارەت بەپشکنینەکانت بۆ دۆزینەوەی کارەکتەری -کەسێتی- مۆدیلەکە بەتەنها نابێت وێنەکێش جەخت لەسەر دەموچاو سیمای هەڵکەوتنی بکات و بەس بۆ ئەو

کەسێتییەی کە وێنەی پۆرترێتی دەکێشرێت، بەڵکو دەبێت سەبارەت بەلەش و لاریشی و بەتایبەتی سەرشانەکانی و بەشی سەرەوەی جەستەی مۆدێلەکە بەتایبەت سەبارەت بەپۆرترێتی نیوەیی **Middl Portrait** یان فیگەرەکە هەمووی وەك لەپۆرترێتی تەواودا –سەرتاپای– پێویستە جەخت لەسەر بەشەکانی دیکەی جەستەی بکرێتەوە، بەواتایەکی دی دەبێت تەماشاو سەرنجەکانت گشتگیرانە بێت لەسەر سەرجەمی جەستەی مۆدێلەکە ئەم نیگایانەت بەشێك بێت لەسەرنجدانە تەواوەکەت و سەرنجدانی گشتی لەبەرچاوبگیرێت وەك بەهەند وەرگرتنی ئەو شتانەی دەکەونە ئەم لاولای مۆدێلەکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ. کاتێك کە مۆدێل لەبەرامبەر وێنەکێش دادەنیشێت و لەشوێنی راستەقینەی خۆی و حاڵەتی سروشتی دانیشتن یان وەستان تایبەتەکەی بەخۆی جێگیردەبێت. دەبێت وێنەکێش ئەو شتومەکانەی کە راستەوخۆ لەو حاڵەتەداو راستەوخۆ لەتەك تەماشاکردنی وێنەکێش بۆ مۆدێلەکە ئەو شتانەش ببینێت، دەبێت گرنگی تەواویش بەو شتانە بدات لەپێناو زیاتر بەرجەستەکردنی کەسێتی مۆدێلەکەو هەستێکی وا دەداتە بینەر کە کەسێکەو بەواقیعی لەناویاندایەو بەنموونە ئەگەر مۆدێلەکە کتێبێك یان چەترێك یان عەسایەك بەدەستەوە بگرێت، یان ئەگەر مۆدیلەکە ئافرەت بێت شتێك بچنێت یان کوپێك قاوەی بەدەستەوە بێت، بێتە بەرچاو ئیتر بەپێوەبێت یاخود دانیشتووبێت بۆ ئەوەی کە حاڵەتێکی سروشتی تایبەتی دەروونی کەسایەتی مۆدیلەکە لەگشت روویەکەوە خۆی بێت، لەم دۆخەداو بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتی وەزعیەتە بدۆزرێتەوە وا باشە وێنەکێش بۆ ماوەیەك واز لەچاودێریکردنی مۆدێلەکە بهێنێت بەتایبەتی لەماوەی دانیشتنی یەکەم و سەرەتای کە بەجەلسەی هێڵکاری ناوزەدکراوە، دیارە ئەم پۆزو وەزعییەتانەی کە مۆدیلەکە وەریان دەگرێت و چەند هێڵکارییەکی بۆ ئەنجام دەدرێت، تا دواجار دەگاتە ئەو سەرئەنجامەی کە بەلای وێنەکێشەوە سەیرو نموونەییە لەرووی ئەوەی کە تا ئەو پەڕی لەمۆدێل بچێت، ئەم بڕیاردانەش دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەسەلیقەیی و ئاستی ئەزموون زۆری و موتابەعەکردنی بینینێکی زۆری کارە پۆرترێتییەکان لەلایەن هونەرمەندی پۆرترێتیسەوە، تا ئەو دوا پۆزی لەمۆدێلچوو بدۆزێتەوە.

لەلایەکی دی ئەگەر مۆدێلەکە پێشتر بەبەردەوامی لەبەردەم وێنەکێشدا بێت یان لەبەردەم ئەو گروپەی کە وێنەی دەکێشن ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر چەند وێنەکێشێك وێنەی

بکێشن وەك لەپەیمانگەو کۆلێژە هونەرییەکاندا ئەمە روودەدات، لەوانەیە چەند پۆزێك هەبێت کە بەشێوەیەکی تایبەت بەدڵی وێنەکێش بوو‌بێت، بەتایبەتی لەدانیشتنەکانی پێشووتریدا، کە پێدەچێت وێنەکێش لەو کاتانەدا بێت بەخەیاڵیدا سەرجەم ئەو پۆزانە بەهێڵکاری خێراو بەتەکنیکی جیاواز واتە بەقەڵەم رەساس یان مەرەکب یان گواش و رەنگی ئاوی ئەو پۆزانە وێنەبکێشێت تا نموونەیەکی ئایدیالی ئەو جۆرەی وێنەکێش دەیدۆزێتەوە تا پۆرترێتەکەی ئەنجامبدات.

زیاتر لەهەر شوێنێکی تر مۆدێلەکە وا پێویستە وێنەکێش بۆ گواستنەوەو وەرگرتنی کەسایەتی مۆدێلەکەی لەم رووەوە نیگای دەموچاوی مۆدێلەکە بکرێت و شوێنە سەرەکییەکانی سیمای بەوردی لەبەرچاو بگیرێت دیارە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم لایەنە وا پێویستە لەسەر وێنەکێش هەموو توانا زهنی و ترکیزی بخاتەسەر ئەو لایەنانەی پەیوەستە بەکەستێکی مۆدیلەکەوە، لەم رووەوە نیگاکردنەکانی مۆدیلەکە دەبێتە یاریدەدەرێکی باش بۆ بەرجەستەکردنی ئەم لایەنە هەر لەم چرکەساتی پرۆسەی نیگارکێشانەکەدا پێویستوایە پەیوەستییەکی بەتواناو بەهێز دروستبکرێت لەنێوان هەریەك لەسەیرکردنەکانی مۆدیلەکەو سەیرکردنەکانی نێو تابلۆکە کە دەبێت هەردووکیان راستەوخۆ چاویان بکەوێتە سەر یەکتری ئەوە ئەو حاڵەتەیە کە پێی دەڵێن چاوانی پۆرترێتەکە بەچواردەوری ژوورەکە بەدووت دەکەوێت، واتە لەشوێنێك یان خەریکی کارێك بێت کە پەیوەستبێت بەژیانییەوە ئەوا دەتوانرێت وێنەکێش بەکاری بەرێت بۆ زیاتر سەقامگیری و سروشتی پۆزەکە لەلایەك دەرخستنی دیوێکی دیکەی ژیانی مۆدێلەکە کە کەسێتی زیاتر بەرجەستەدەکات.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا کە لەکاتی هێڵکاریکردنە سەرەتاییەکان بۆ پشکنین و دۆزینەوەی باری کەسێتی و بریاردان لەسەر پۆزی گونجاو و پێویست واتە لەو هێڵکارییانەوە رەچاوی هاورێژەیی بکرێت لەسەر کۆی بەشە جیاجیاکانی دەموچاو لەگەڵ یەکتریدا هەروەها هاورێژەی نێوان دەموچاوو جەستە کاملەکە ئینجا رەچاوکردنی هاورێژەیی کۆی مۆدیلەکە لەتەك ئەو شتومەکانەی کە لەدەورووبەریدان یان بەدەست مۆدێلەکەوەن یان وەك عەینەك و کڵاو کە تێکەڵ بەکەسێتی مۆدیلەکە دەبن.

بەڵام زیاتر لێوردبوونەوەو تەرکیزو تێڕامان لەسەر ئەو شتەی کە وادەکات لەو کەسە دیاریکراوە جیاواز ببینرێت بەبەراورد لەتەك خەڵکانی دی، ئەوا زیاتر یارمەتیدەردەبێت بۆ بەرجەستەکردن و خستنەڕووی کەسێتی ئەو مۆدێلە لەتابلۆکەدا، لەکاتی ئەو هێڵکارییە خێراییانە **Skeohes** واتە سکێچە پێشوەختییەیەی کە پێشتر لێی دوایین دەکرێت تەنها گۆڕانێکی کەم و سوك لەبارەی تەئکیدکردندا، واتا لەو کاتانەدا کە پێدەچێت چەند گۆڕانێکی کەم لەجەستەو لەشولاری مۆدێلەکەتدا رووبدات و ئیتر لەدەست و قۆڵدا بێت یان لەهەر بەشێکی تری جەستەی مۆدێلەکە دەبێت بەسەرنجەوە نیگای بکرێت و لەتابلۆکەدا واتە تابلۆی پۆرترێتی مۆدیلەکە دیاریکراوەکە– بەرجەستەبکرێت، چونکە ئەوە بەس نییە لەوێنەکێشاندا قۆڵێکی باش هێڵکاری بکرێت یان گرژی و نەرمی و خاوبوونەوەو وردەکاری دەستێك بکێشرێت، بەڵکو دەبێت لەو قۆڵ و دەست و گرژی و نەرم و نیانییدا بەنیسبەت کۆی تابلۆکەوە هەمان وردەکاری بەهەمان توانا لەسەرجەم پۆرترێتەکەدا پرۆسەی وێنەکێشان ئەنجام بدرێت و لەو مۆدیلەش بچێت کە لەبەردەم وێنەکێشدایە لەهەموو ئەو رروانەوە کە لێی دوایین بەبێ کەم و زیاد، دیارە ئەمەش بەپرۆسەی نیگارکێشان لەسەرجەم تابلۆکە ئەنجام دەدرێت تا دواجار پۆرترێتەکە لەو مۆدیلە بچێت کە بەرامبەر وێنەکێشە و لەتابلۆکەدا فۆرمۆلە بێت بەهەموو بوونییەوە.

### هونەرمەند علی کەریم:

# لەدنیادا ئێستا کاری ئەکادیمی چۆتە مۆزەخانەکانەوەو بووە بە بەشێک لەمێژوو

دیداری: شاخەوان سدیق

چۆمان ئەبوبەکر



هونەرمەند علی کەریم لە ساڵی(١٩٤٨) لە شاری سلەیمانی لە دایك بووەو ساڵ(١٩٧٢) ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە، خاوەنی چەندین پێشەنگای تایبەتو هاوبەشە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستانو یەکێکە لە کۆنترین ئەو مامۆستایانەی کە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلیمانی وانەی ڕەنکارییان وتۆتەوە. لەم دیدارەدا هونەرمەند تیشك دەخاتە سەر چۆنیەتی کارکردنی هونەری لە ساڵانی هەشتاکانو کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلیمانیو دواتر ڕۆڵو گرنگی ئەکادیمیا بۆ هونەردمەندان ڕووندەکاتەوە.

**دەکرێت بزانین کاری هونەریتان لە ساڵی هەشتاکاندا لە سلیمانی چۆن بوو؟**

سەرەتای ساڵەکانی هەشتاکان منو کۆمەڵێك لە هاوڕێیانم کاری تیجاریمان دەکرد کەزیاتر کاری پۆرترێتی شەخسی بوو، دواتر دەمانفرۆشت. هەتا ئەو کاتەی چوومە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا. پێش ئەوەش لە شاری سلیمانی چەند پێشەنگایەك

دەكرايەوە بەشداریم تیادەكرد. لەقۆناخی یەكەمی ناوەندی بووم مامۆستا ئازاد شەوقی و قادر كوردی حەمە كاكە وانەیان پێوتوومو سوودم لێوەرگرتـوون. بـەڵام كەچـووم ە كۆلێـژ بەشـێوەیەكی زانـستی فێـری هونـەری شـێوەكاری بـووم وەلـە پشوەكانیـشدا، لەگـەڵ كۆمەڵێك هاوڕێمدا، دەهاتینەوەو كارمان دەكرد لەوانـە (كـاك سمكۆو لالـە عەبـدەو عـصا قەزان) كەزۆرجار لەدوكانەكەی (دڵشاد ساحیبقران)دا لە شەقامی ئـۆرزی كۆدەبووینـەوە. دواتر (ئیسماعیل خەیات، قادر میرخان) و چەند هاوڕێیەكی تـر دەهاتنـە ئـەوێ. ئـەوكات پێشەنگایەكمان كردەوە كەخۆمان هۆڵەكەمان بـۆ گـرتو ودەلیلمـان بـۆ دروسـتكرد. لـەو ساڵانەدا كۆمەڵێك پێشەنگا كرانەوە، لە ناوەندی گۆیژەو قوتابخانـەی سـوركێوو ناوەنـدی فریشتەو هەروەها لە یەكێتی ئەدیبانیش كەباخچەیەكی بچوكیان هەبوو. دوای دامەزاندنی پـەیمانگای هونـەرە جوانـەكان لـە سـلێمانی لەسـاڵی (١٩٨٠)دا جموجـوڵی هونـەری لـەم ناوچەیەدا زیاتربوو. لـە ناوەڕاسـتی هەشـتاكاندا لەسـلێمانی گەلـەری دەبۆكـە كرایـەوە و چـەندجارێك نمایـشی تیـاكرا، كـە هەنـدێك جـار ڕێـژەی بەشـداربووان دەگەیـشتە (٥٠) هونەرمەندو لە ناو ئەمانەشدا شێوازی جیاوازو بیركردنـەوەی جیـاوازو مـادەی جیـاوازیش لەكاركردندا هەبوو. لە دوای دەرچونی یەكـەمین كۆمەڵـە خوێنـدكاری پـەیمانگای هونـەرە جوانەكانەوە لە سلێمانی جموجوڵەكان زۆر زیاتربوون. ئەو ساڵانە هونەر دەورێكی گرنگی هەبوو، بە هونەری (مەقاومە) دەناسرا. هونەرمەند لەناوخەڵكیدا بەچـاوی ڕێـزەوە سـەیر دەكرا، چونكە پیشاندەری بیروبۆچونی خەڵكی بوو كە لەو سەردەمەدا دەچەوسێنرانەوە. زۆربەی هونەرمەندان لەسەنگەری خەڵیكدابوون. هەر لەساڵی (٨٣)وە بەشێوەیەكی نهێنی یەكێتی هونەرمەندان دامەزرا كە من لەیەكـەم ڕۆژەوە ئەنـدام بـووم تیایـدا. خوێندنـەوەی خەڵكی بۆكارە هونەرییەكان خوێندنەوەیەكی سیاسی بوو، جیاواز لـەوەی هونەرمەندەكـە بـیری لێـدەكردەوە تاسـاڵی نـەوەدەكان كەئەوسانـسۆرە لەسـەر هونەرمەنـد نـەماو هونەرمەندان بەچەندین شێواز كاریان كرد. بۆ كارەسـاتەكانی هەڵەبجـەو ئـەنفال چـەندین تابلۆ دروستكران، بەداخەوە پاش شەڕی ناخۆ ئەم گەرمیو گوڕییە نەما. بەڵام لەم چـەند ساڵەی دواییـدا چـەند هونەرمەنـدێك دروسـتبوون كـە بەكەرەسـتەی نـوێ كاردەكـەنو هەنـدێكیان هـەر لەمەسـەلەی فۆرمـا مانەتـەوەو لەكارەكانیانـدا هێـشتا هـەر فـۆرم هەیـە

هەندێکجار لەبواری سیاسیدا کاردەکەن ،هەندێکشیان بەدوای جوانکاریدا دەگەڕێن و بڕوایان بەو شێوازە نەماوە.



**تا چەند ئەکادیمیەت زەرورو پێویستە بۆ هونەرمەند ؟؟**

هەمووئەوانەی کە دەیانەوێت بەشێوەیەکی زانستی لەهونەر تێبگەن دەبێت کاری ئەکادیمی بزانن، بەڵام مەرج نیە ئەوانەی کاری ئەکادیمی باش دەزانن هونەرمەندی باش بن‌و بەپێچەوانەشەوە، بەڵام زانینی شتێکی زۆرباش‌و پێویستە، چونکە ئەکادیمیەت واتە فێربونی شتەکان بەشێوەیەکی قوتابخانەیی.

**تا چەند ئەو وانانەی لەپەیمانگا هونەرییەکانی ئێمەدا دەخوێنرێن دە چنەخانەی ئەکادمیەتەوە؟؟**

ئەگەر وەکو یاسای ئەکادمیەت سەیری بکەین ئەوکارانەی ئێستا دەکرێن لەپەیمانگاو کۆلێژەکانی عێراق‌و کوردستاندا، بەتەواوەتی ئەکادیمیەت نییە، چونکە تێکەڵەیەکە لە (واقعی، ڕۆمانتیکی، ئینتباعی) هەر تابلۆیەك بریتییە لە کۆمەڵێك شت ئەگەر تابلۆیەك ببێنیت‌و لێی بڕوانیت دەقاودەق ئەکادیمی نییە، یان واقیعی یان ڕۆمانتیکی، بەڵکو تێکەڵەیەکە لە هەموو ڕێبازەکان، ئێستاش لەدنیادا هەر بەو جۆرەیە. ئێستا لە دنیادا ئەکادیمیەت ئەوباق و بریقەی جارانی نەماوە، بەڵکو زۆربەی چۆتە گەلەریەکانەوە. زۆربەی بووە بەمێژوو ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کەسانێك نەبن ئیشی ئەکادیمی نەکەن، بەڵکو ئێستاش کەسانێك هەن کە بەوشێوازە کاردەکەن.

**بیرۆکەی دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە چییەوە بوو؟**

ئەوەی کەمن لەخوالێخۆشبوو (عوسمانی خاڵەوە) بیستومە ئەو دەیوت من پێشنیازێکم داوەتە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراق کە پەیمانگایەك لەسلیمانی بکرێتەوە، بەسیفەتی ئەوەی کە ئەو موشریف بوو، خۆشی دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو، یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لەو بوارەدا ئیشی دەکردو لەو ڕاپۆرتەی ئەوەوە بڕیاری کردنەوەی ئەو پەیمانگایە دراوە. لە سەرەتاشدا تەنها بەشی شێوەکاریو شانۆ هەبووەو دواتر لە ساڵی (١٩٨٤)دا بەشی مۆسیقاش کرایەوە.

**بیروڕای تۆ لە سەرکردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە هەمووشارەکاندا، چیە؟**

تاسەرەتای هەشتاکان لە هەموو عێراقدا سێ پەیمانگای هونەری هەبوو، لە پەنجاکاندا تەنهاپەیمانگایەك لەبەغدا هەبوو، کە دواتر پەیمانگای بەصرەو موسڵیش کرایەوەو دواتر پەیمانگای سلێمانی بەدواداهات. لەدوای ڕاپەڕینەوە پەیمانگای هەولێرو دهۆكو دواتر کۆیەو ڕانیەو کفریو هەڵەبجەی شەهید کرانەوە. ئێستاش چەند پەیمانگایەکی کە بەڕێوەن، بەڵام هەتا ئێستا ئامانجی ئەم پەمانگایانە روون نین. لەوەی کەئامانجیان دروستکردنی مامۆستای هونەرە بۆ قوتابخانە سەرەتایەکان، یان مەبەستیان دروستکردنی هونەرمەندە، یان ئامانجێکی تری لە پشتەوەیەوە. ئەگەر وابڕوات پەیمانگاکان ئێجگار زۆردەبن ئینجامن نازانم چۆن کادری بۆ پەیدا دەکەن. کە ئەمەیان کاری وەزارەتی پەروەردەیە، بەڵام بەبڕوای من وا باشتربوو ئەم پەیماگایانە ئەوەندە زۆر نەبوونایە، دەکرا لەبری ئەوە بیر لەناردنەدەرەوەی کادری هونەری بکرایەتەوە، تاسودیان لێوەرگیرایە لە ئایندەداو ئاگاداری هونەری دەرەوە بوونایە، چونکە ئێستا هەموو پێداویستی پەیمانگاکان ناتەواوە.

# دیدار لەگەڵ هونەرمەند سەردار عەبدوڵڵا

**دیداری: چنور محەمەد**



**هۆکاری سەرەکی بەکارهێنانی خوری لەتابلۆکانتدا دەگەڕێتەوە بۆ چی؟**

سەرەتای ئەم فکرەیە، دیارە دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری کوردی واتە مەبەستم لەهونەری کەلتوری کوردییە، ئێمە هەر لەمنداڵییەوە لەناو راخەرە جۆراوجۆرەکانی وەك بەڕەو لبادا بەخێوکراوین، منیش توانیومە خوری بۆ جارێکی تر لەتابلۆی هونەریدا بەکاربهێنمەوە وەك رەمزێك بۆ گەڕانەوەی ئەو هونەرە، لەلایەکی تریشەوە دەمەوێت بڵێم پێویستە ئێمە هەمیشە خۆمان لەیادبێت و یادەوەری خۆمان وننەکەین، من خۆم لەئەوروپا دەژیم لەوێ شێوازو تەکنیك گەلێ زۆرە، کەرەستە زۆرە بۆ ئەوەی هونەرمەند بتوانێت پەیام و مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێت، مەرج نییە هونەرمەند ئەو کەرەستانە زیاتر لەبەردەستی خەڵکدا هەن و ناسراوترن بۆ بەکارهێنانی کاری هونەری، ئەگەرچی لەوێش خوری زۆر بەکاردەهێنرێت، بەڵام لەوێ من ئەوەیان نیشان دەدەم کە ئەمە کەلتووری هونەری ئێمەیە، ئەوانیش لەوە دەگەن و ئیشەکان

قبووڵدەکەن، لەویٚ هەمیشە کەرەستەو تەکنیکی نویٚ دێتە ناو هونەرەوە، بینەریش هەمیشە دەگەڕێت بەدوای ئەو تەکنیکەی کە نەیبینیوەو تازەیە بۆی، لەبەرئەوە ئەوە بینەرە داوای بەکارهێنانی نویٚ و تازە دەکەن لەبوارەکانی هونەردا.

**تۆ خۆت چۆن ئەم ئیشانە دەکەیت؟**

سەرەتا دەمەوێت بڵێم ئەگەر هونەرمەند خەیاڵی نەبێت ناتوانێت هیچ بکات نەك هەر هونەرمەند، بەڵکو هەموو مرۆڤەکانی تریش گەر خەیاڵیان نەبێت ناتوانن بژین، بۆ ئەم ئیشانە دەبێت خەیاڵێکی باشت هەبێت هێڵکاری بۆ بکێشین دوای خۆ ئامادەکردنێکی تەواو ئینجا تۆ دەستدەکەیت بەجێبەجێکردنی ئیشەکە واتە خۆ ئامادەکردنی پێشوەختی دەوێت.

بوونی خەیاڵ مەبەستم لەوەیە تۆ ناتوانیت تابلۆیەك بکێشیت گەر شتێك لەخەیاڵتابوونی نەبێت بوونی کەرەستەکان و چۆنیەتی دانان و ئیشکردن، هەر لەخەیاڵدا هەموو ئەم کەرەستە بەرشوبڵاوانە کۆدەکەیتەوەو پێکیانەوە دەبەستیت، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە فورمی ماسی و دەموچاوێکمان هەبێت لەناو تابلۆیەکدا دەبێت بزانیت چۆن ئەم دوانە پێکەوە دادەنێت و دواتریش چۆن جێبەجێیان دەکەیت.

**پێش ئەم ئیشانەت تۆ دوو کەرەستەی جیاوازت بەکارهێنابوو بۆ دوومەبەستی جیاواز، ئەوانیش قۆپچەو هەڵمات بوو، دەتوانیت باسی ئەوەمان بۆ بکەیت؟**

ئەو پێشانگایەم لەبەریتانیا کردەوە، وەك وتم مەرج نییە هونەرمەند بەکەرەستە دیارو بەردەستەکانی خەڵك ئیشبکات، واتە هونەرمەند دەتوانیت کەرەستە پەراوێزخراوەکانی ژیان بۆ جارێك بهێنێتەوە ناو ژیان و ئیشیان پێبکات و ئەرکێکی تریان پێببەخشێت وەك بەکارهێنانی قۆپچە بۆ ئەنفالەکان یان هەڵمات، ئەگەر بینەرێك بێتە ژوورەوەو سەیری پێشەنگای هەڵماتەکان بکات شتێکی تایبەتی خۆی لا دروست دەبێت یەك ببینین بۆ هەموو بینەران نییە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك یادەوەرییەکی لەگەڵ هەڵماتدا هەبوبێت، کاتێك هەڵمات دەبینیٚ بیری منداڵی دەکەوێتەوە یان لێدان و دۆڕان... هتد، بەمانایەکی تر ئەمەش گەڕانەوەیەکی ترە بۆ یادەوەری مرۆڤەکان هەم هەڵمات گەمەیەکی کلتووری کوردییەو لەلادێکاندا زۆر بەکارهاتوون.

هونەرمەند بۆ بەکارهێنانی کەرەستەی جۆراوجۆر سەرەتا دەبێت خوێندنەوەی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ ئەو کەرەستەیەی هەڵیدەبژێرێت، ئەو خوێندنەوە نەبێت هیچ ئیشێك بەهیچ کەرەستەیەك ناکرێت، خوێندنەوە خاڵی یەکەمی ئەم ئیشانەیە دوای ئەوە دەتوانیت لەئیشی هونەری جۆراوجۆر بەکاری بهێنێت، ئەوەیان دەکەوێتەسەر سەلیقەی هونەرمەندەکە خۆی.

**لەکۆی ئەو پیشانگەیانەی دەیکەیتەوە بۆ هەموویان یەک پەیامت هەیە یان هەر پێشانگەیەو پەیامی خۆی جیاوازە؟**

هەم پێکەوە هەم بەتەنیاش پەیامم هەیە، خاڵی سەرەکی لای من خۆشەویستییە، ئەو خەیاڵەی لای هونەرمەند هەیە بۆ خۆشەویستی دواتر ئەو حاڵەتە چۆن دەگوازێتەوە ناو ئیشەکانی، من خۆشەویستیم هەیە بۆ خوری، هەڵمات، قۆپچە.. هتد، هەموو ئەوانە خۆشەویستییەکیان لای من بەجێیهێشتووە، لەوێشەوە دەمەوێت بڵێم چۆن لەخۆشەویستی لبادێکەوە دەگەڕێتەوە سەر هونەری کەلتووری کوردی و یادەوەری، هەموو کەرەستەکان لەخزمەتی یەکدان، جگە لەوەش تۆ وەك هونەرمەندێك بەخەڵك دەڵێیت شێوەو تەکنیکی جیاواز هەیە بۆ کەرەستە جیاوازەکان.

سەرەڕای ئەوەش هەر ئیشەو پەیامی خۆی هەیە، ئەوەش بزانە کە رەستەیەك نییە لەوی تر باشترو چاکتر بەڵکو هەموویان باش و جوانن لەخزمەتی پەیامی هونەرمەندەکەدان.

**بەپێی ئەو قسانەبێت هونەر بۆتە تەکنیکی تەواو؟**

هەموو هونەرەکان تەکنیکن، ئەگەر هونەر تەکنیك نەبێت رادەوەستێت، تەکنیك بەکارنەهێنێت خەیاڵاتی هونەرمەند ئیشناکات.

گەر مەبەستت لەبەرکارهێنانی کەرەستە جۆراوجۆرەکانە لەهونەردا، ئەو کەرەستانەش نەبێت هونەر هەیە، ئەو کات کەرەستەی تر بەکاردەهێنێت، ژیان خۆشی جگە لەتەکنیك هیچی تر نییە، بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانیت، ئەوە نییە بڵێین کە تەکنیك نەما هونەریش نامێنێت مەبەستم لەوە نییە هونەر هەمیشە هەیە.

هونەر ئیشێکی خەڵقکردن و داهێنانە، رۆژانە ئەم دووانەش تازە دەبنەوەو شێوەی فۆرمی تر دەدەن بەخۆیان، ئەم شتێکە سبەینێ شتێکی ترە.

**بەڕای تۆ ئیشی هونەری چەند کاریگەرە لەسەر ئەخلاقییاتی هونەرمەند خۆی؟**

هونەر بەگشتی خۆی ئەخلاقیاتێکی جوانە، بۆ نموونە هەتا هونەرمەند زیاتر رەنگی رۆنیی و ئاو بەکاربهێنێت، رۆژانە هەستەکانی دەگۆڕێت نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو شێوەی رەفتارو هەڵسوکەوتی رۆژانەی ئارامترو نەرمونیانتر دەبێتەوە، یا ئەگەر چەقۆ بەکاربهێنێت توندترو تووڕەتر دەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو هونەر ئەدەبیاتێکی جوانی تێدایە، هونەرمەند هەتا ئیشی جوان و ناسك بکات لەژیاندا جوانترو ناسکتر دەبێتەوە، هەندێك هەیە لەو رێبازە

لادەدەن ئەوانیش زۆر کەمن لەپەنجەی دەست تێناپەڕن، ئەگەر هەر وانەبوو بەڕای من ئـەوا ئـەو کەسە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێت و واز لەو ئیشە بهێنێت باشترە.

*سەردار عەبدوڵلا لەساڵی ١٩٧٠ لەسلێمانی لـەدایك بـووە، سـاڵی ١٩٩١ پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، ساڵانە بەشداری فێستیڤاڵەکانی پەیمانگەی کـردووە، لەسـاڵی ٢٠٠٠ەوە لەبـەریتانیا دەژی، بەشـداری زیـاتر لـە(١٥) پێـشەنگەی هاوبەشـی کردووەلـەدەرەوەو ناوەوەی وڵات.

ساڵی ٢٠٠٢ ئەنـدامی گروپـی (کۆمـەنتی نـۆرس ئـارت)ە لەمانچستەر، سـاڵی ٢٠٠٦ ئەنـدامی دامەزرێنــەری گروپــی (هونــەر کــەلتووری کــوردی)یــە لەشــاری مانچستەرو لێپرســراوی بەشــی شێوەکارییە، لەساڵی ٢٠٠٨ ئەندامی شێوەکارانی شاری (هیروج)ە لەبەریتانیا.



# دیداری نێوان



# کیرۆساوا

# و

# کیا رۆستەمی



**و. لەعەرەبییەوە: دلێر محەمەد**

بەرایی: لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٣دا، دەرهێنەری ئێرانی (عەباسی کیا رۆستەمی)، لەشاری تۆکیۆ بۆ ماوەی دوو کاتژمێرو نیو چاوی بەمەزنە دەرهێنەری ژاپۆنی (ئەکیرا کیرۆساوا) دەکەوێت و لەو دیدارو چاوپێکەوتنەدا هەردوو دەرهێنەری ناوبراو کۆمەڵێك تێروانین و بیروبۆچوونی ناوازە لەسەر بەرهەمەکانی خۆیان و مەسەلەی داوەریکردن لەفێستیڤاڵە سینەماییەکاندا دەگۆڕنەوە، هەروەها کیا رۆستەمی ئاماژە بەوە دەدات کە فیلمەکانی کیرۆساوا لەلای بینەری رووناکبیرو سادەی ئێرانی پێگەیەکی بەرزیان هەیەو بایەخێکی گرنگ بەبەرهەمەکانی دەدەن، شایەنی باسە، بەر لەم دیدارە (کیرۆساوا)ی

دەرهێنەر لەسەروبەندی نمایشکردنی هەردوو فیلمی (ماڵی هاوڕێکەم لەکوێیە؟)و (ژیان بەردەوامە)ی کیا ڕۆستەمیدا لەشاری تۆکیۆ، لەلێدوانێکی یەکجار ستایش ئامێزدا سەبارەت بەبەرهەمەکانی ئەم دەرهێنەرە ئێرانییە دەڵێت (لەو باوەڕەدام فیلمەکانی کیا ڕۆستەمی، دەرهێنەر فیلمی ئاسایی نین، وشەکان لەمبارەیەوە ناتوانن گوزارشت لەهەستەکانم بکەن و بەشێوەیەکی سادە ئامۆژگاریتان دەکەم تەماشای فیلمەکانی بکەن، ئەو کاتە درك بەوە دەکەن، کە من دەمەوێت دەربارەی چی بدوێنم.. کاتێك (ساتیاجیت رای) دەرهێنەر کۆچی دوایی کرد، من لەو کاتەدا زۆر خەمبار بووم، بەڵام پاش ئەوەی کە فیلمەکانی (کیا ڕۆستەمی)م بینی، سوپاسی یەزدانم کرد، چونکە ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاوی ئەوی پێبەخشین.. .

بێگومان (کیرۆساوا ١٩١٠–١٩٨٨) بەدرێژایی ٤٣ ساڵەی تەمەنی هونەری خۆی وەك دەرهێنەرێکی ناوازە، تەنیا دەربارەی فیلم و بەرهەمی سینەمایی چەند دەرهێنەرێکی کەمی وەك (تارکۆفسکی)و (ستیاجیت رای)و (جۆن کاسافیتس)و (کیا ڕۆستەمی) بۆچوون و تێڕوانینی خۆی دەربڕیووە.. هەڵبەت دواجار دەکرێ بڵێین دەقی ئەم چاوپێکەوتنەی بەردەستمان، بەخامەی ژنە ڕەخنەگری سینەمایی ئێرانی خاتوو (شوهرە جواباریان) نووسراوەتەوە، کە ئامادەی دیدارو گفتوگۆکەی هەردوو دەرهێنەرکە بووە..

**کیرۆساوا**: ئەو کاتەی کە لەفێستیڤاڵی کان بوو، هاوکات منیش لەوێ بووم و بەدڵنیایی ئەوە یەکەمجارم بوو کە یەکێك لەفیلمەکانت ببینم..

کیا ڕۆستەمی: چانسی تەماشاکردنی دوا فیلمی تۆم لەفێستیڤاڵی (کان) بەنسیب بوو، تۆ لەبەردەمی مندا دانیشتبوویت و ئەوەش هەلێکی جوانبوو بۆ کەسێکی وەك من، تاکو دواجار لەهەمان ساتدا بتبینم، کە تەمشای فیلمەکەتم دەکرد، لەوانەیە نەزانی ناوبانگی میللی تۆ لەوڵاتەکەی من لە چ ئاستێکدایە، ڕووناکبیران و کەسانی ئاسای وڵاتەکەم بەهەمانشێوە بایەخ و گرنگی بەبەرهەمەکانت دەدەن، لەڕاستیدا تۆو (ئەلفرێد هیچکان) ئەو دوو دەرهێنەرە بیانیەن، کە خاوەنی زۆرترین ناوبانگی میللین لەئێراندا، ڕۆژێك بەرپرسێکی ڕەسمی ئێران، سەبارەت بەدروستبوونی سینەمای ئێرانی، ڕایگەیاند کە تۆو تارکۆفسکی، ئەو دوو دەرهێنەرە بیانیەن کە بەرهەمەکانتان ڕێزیان لەبەهای ئاشتی

هونەر ئێرانییەکان گرتووە، چەندە بەختەوەر دەبووم، گەر ئێرانییەکانیش ئەو بەختەوەرییەیان لەگەڵدا بەشبکردمایە، کە پاش ناسینی تۆ هەستیپێدەکەم.

**کیرۆساوا**: من هاوڕێی تارکۆفسکی بووم، هاوڕێیەتی من و ئەو لەسەفەری منەوە بۆ مۆسکۆ دەستیپێکرد، هەرچی ئێرانە، گەرچی لەماوەی دەساڵی رابردوودا، دووجار بانگهێشتنی کردووم، تاکو بەشداری لیژنەی هەڵسەنگاندنی فێستیڤاڵی تارانی سینەمایی نێودەوڵەتی بکەم، بەڵام لەبەرئەوەی من حەزم لەبڕیارو هەڵسەنگاندنی فیلم نەبوو، نەهاتمە ئێران، هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر فیلمەکان بەلای منەوە کارێکی ئەستەم و ناڕەحەتە، وابزانم تۆ ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی فیلمەکانی فێستیڤاڵی (یاما جاتا) بووی.. ئایا ئەو کارە ئەستەم نەبوو؟

**کیا رۆستەمی**: بەڵێ: هەمیشە داوەریکردن کارێکی ئەستەمە.. بەتایبەتی کاتێك هیچ پێوەرگەلێکی پێشوەخت دیاریکراو لەئارادا نەبێت.. بەتەنیا لەگەڵ بانگهێشتکردنمدا بۆ بەشداریکردن لەهەر لیژنەیەکی هەڵسەنگاندندا، بەخۆم دەڵێم ئەمە دواجار دەبێت، کەچی هەموو بانگهێشتکردنێکی تازە هەروەك فریودانێکی تازە وایەو ئیدی مەحاڵ و ئەستەمە بەردەوام بەرگری لەئەفسونی سەفەر بکەم. وەکچۆن هەمیشە کارێکی چێژبەخشە، کە پێچەوانەی ئەو کارە بکەیت کە لەسەری راهاتوویت، هەر بۆیە گەر هەلی لەو جۆرەم بۆ هەڵکەوێت لەدەستی نادەم.

**کیرۆساوا**: بەتەواوەتی لەگەڵتدا هاوڕام، گەرچی هەنووکە سەفەر بۆ من بووەتە کارێکی ئەستەم، قاچەکانم زۆر ئازار دەدەن و گەشت و سەفەرە رەسمییەکانیش پابەندبوونێکی ناڕەحەت بەسەر مرۆڤدا فەرزدەکەن، لەسەفەردا پێویستە رازی بیت بەو پلان و نەخشەیەی کە بۆ تۆ داڕێژراوە، دواجاریش دەبینیت کە خۆت لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە پەلکێش دەکەیت.

**کیا رۆستەمی**: بەڵێنت پێدەدەم، کە کاری سەردانت بۆ ئێران بەو جۆرە رێکبخەم کە بەبێ ویستی خۆت هیچ شتێك نەکەیت، ئەمە لەکاتێکدا گەر حەزت لەسەفەر بێت بۆ ئێران.

**کیرۆ ساوا**: لەبەرامبەر ئێراندا فزولیەتم هەیە، چونکە دڵنیام کە لەوێ چەندین سینەماکاری ناوازە بوونیان هەیە، بەڵام بەدیاریکراوی لایەنە سادەو ئاساییەکەی

فیلمەکانی تۆم خۆشدەوێ، گەرچی وەسفکردنیان، پێویستی بەتەماشاکردنیانە، شێوازی مامەڵەکردنت لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەدا کە پرۆفیشناڵ نین سەرسامکەرە، چۆن ئەم کارە رێکدەخەیت بەتایبەتی لەگەڵ منداڵاندا؟

**کیا رۆستەمی**: وەڵامی نموونەیی پرسیارەکەت ئەوەیە کە بڵێم منیش نازانم. ئەوە وانەیەك بوو کە لەتۆوە فێری بووم و بەشێوەیەکی ئاسانتریش لەدوای بیستنی مانشێتەکەی تۆوە لەفێستیڤاڵی تۆکیۆدا، پراکتیکیانە مومارەسەی دەکەم. هەندێجاریش حەز لە (گەمەی) ئەکتەرە نا پرۆفیشناڵەکان دەکەم، بەدڵنیایی بۆ هەموو شتێکیش بنەمایەك بوونی هەیە، بەڵام ئەمەی کە بەدەستی دەهێنم، پێویستناکات بەناچاری بگونجێت لەگەڵ ئەو دەرئەنجامانەدا کە پێشبینیان دەکەم.

**کیرۆساوا**: ئەوە شتێکی زۆر کاریگەرو ئەستەمە، هەروەها مومکینە کە کارکردن لەگەڵ ئەکتەرە پرۆفیشناڵ–ەکانیشدا، دەکرێت هەڵگری هەمان ئەندازە لەناڕەحەتی بێت. لەبەرئەوەی دەبێت ئەکتەرە پرۆفیشناڵەکان لەهەموو فیلمێکدا (تێکبشکێنێ) تاکو سەرلەنوێ لەدایکببنەوە.

**کیا رۆستەمی**: هەندێك شتم دەربارەی ئەو شێوازو مامەڵەکردنە ئەستەمەی تۆ بیستووە، کەلەگەڵ ئەو ئەکتەرە پیرانەدا بەکارتهێناوە، کە لەدوافیلمتدا بەشداریکردووە.

**کیرۆ ساوا**: هیچ چارەسەرێکی ترم نەبوو (پێدەکەنێ)، بەتەواوەتی پێویستبوو کە (من: Ego) لەلای ئەو ئەکتەرە لەت کەم بۆ ئەوەی بگەمە دەرئەنجامی خوازراو، بەڵێ.. شێوازێك لەتوندڕەویم لەگەڵ ئەو ئەکتەرە بەسەزمانانەدا بەکارهێناو جۆرێك لەفشارم خستنەسەر، بۆ ئەوەی ئەو شتەم دەستبکەوێت کە دەمویست، ئایا تۆ پێشتر لەگەڵ ئەکتەری پرۆفیشناڵدا کارتکردووە؟

**کیا رۆستەمی**: بەڵێ: دوا فیلمەکەشم نموونەیەکی تازەیە لەهزرمدا، چونکە وەك دەڵێی رزگارکردنی کاراکتەرەکان لەو رۆڵەی کە هەریەکەیان لەفیلمی پێشووتردا بەرجەستەیانکردووە، رەنگە کارێکی ئەستەمبێت، هەروەها ئەم حاڵەتەش مەترسییەکە کە هەڕەشە لەئێمەش دەکات، چونکە ئێمەش حەزمان لەبەکارهێنانی بیرۆکەیەکە کە لەفیلمەکانی پێشتووتردا بەسەرماندا تێپەڕیوە، بەبێ ئەوەی توانیبێتمان جێبەجێیبکەین، پاشان وەك کەسێك دەڵێت ئێمە ئەگەر ئەزموونەکانی ژیانی رابردوومان لەیادبکەین

پێناگەین و کامڵ نابین، هەروەها ئەگەر ئەوەش شیمانە بوبێت، ئەوا فیلمەکانمان خاڵی نییە لەکەموکوڕی، بەڵام بەبێ هیچ گومانێك تازەگەرییەکی زیاتریان دەستەبەرکردووە، ئەکتەرە بەتەمەنەکان ئەزموونێکی گەورەیان هەیە، بەڵام بەداخەوە لەڕووی هەرەمەکییەوە کەموکوڕیان هەیەو کارێکی ئەستەمیشە بەرەو گوزارشتکردن لەسادەترین هەستە مرۆڤایەتییەکان ئاراستە بکرێن.

**کیرۆساوا**: منیش بەهەمانشێوە رووبەڕووی ئەو جۆرە گرفتانە بوومەتەوە.. بەڵام بۆ ئەوەی باشتر ئەو هەستکردنە بەکەماڵ و پێگەیشتن دەستگیرکەم، پەنا دەبەمە بەر گرتەی دیمەنە درێژەکان و بەکارهێنانی تاکتیکێکی یەکجار شانۆئامێز، هەتا کاتێکیش کە دەکرێت ئامانجەکەم بەتەنیا دەستەبەرکردنی دیمەنی جوولەیەکی کورت بێت، هەموو ناڕەحەتی فیلمەکەش پاش ئەمە دەکەوێتە ناو مۆنتاژەوە، گرفتەکەش هەندێجار لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دوان لەکاراکتەرەکان پێکەوە، توانایان بەسەر کارەکەدا ناشکێت، چونکە کاتێك یەکێکیان زۆر بەچاکی رۆڵەکەی بەرجەستە بکات، ئەوا ئەم حاڵەتە بەشێوەیەکی نێگەتیڤ کاریگەری دەبێت لەسەر رۆڵی کاراکتەرەکەی تریان، کاتێکیش کاراکتەرەکەی تریان دواجار بگاتە هارمۆنییەیەکی تەندروست، ئەوا دەکرێت ماندووبوون زاڵبێت بەسەر ئەویدیکەیاندا، ترسناکترین کێشە کە بکرێت کاراکتەرێك هۆکارەکەیبێت، لەوەدایە کە گوێ لەهاوڕێ کاراکتەرەکەی نەگرێت کە لەبەردەمیدا رۆڵ دەبینێت، چونکە ئەو کاراکتەرە زۆربەی کات ئامادەیە بۆ رەتکردنەوەی رستەکەی دواتری: کارێکی مەحاڵیشە دەمووچاوی کاراکتەر ئەوە دەربخات کە دەیبینێت یاخود گوێبیستی دەبێت، هەر لەبەرئەمەش زۆرجار بەچەند کامێرایەکی وێنەیی گرتەکانی دیمەنە درێژەکان دەگرم، تاکو کاراکتەرەکان نەزانن کام کامێرا وێنەیان دەگرێت، بەمشێوەیە کاراکتەرەکان –بەرەبەرە– هەموو هەستێکی خۆیان لەبەرامبەر کامێرادا لەدەستدەدەن و ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە رۆڵەکەیان زیاتر سروشتیبێت.

**کیا رۆستەمی**: من –بەپێچەوانەوە– لەبەر سروشتی فیلمەکانم رەخنەم لێگیراوە. رەخنەگرەکان باوەڕیان وایە کە دیمەن و شاشە تا ئەو ئەندازەیە دوو شتی پیرۆزن کە کەس مافی ئەوەی نییە بەکاریان بهێنێت بۆ پیشاندانی شتێکی ئاسایی، بەلای ئەوانەوە سروشت هیچ نییە جگە لەبەخشین نەبێت، هەر بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە

پێویستە هەموو شتێك زیادەڕەوی تێدابکرێت، وەك فیلمەکانی تۆ کە ڕەخنەگرەکان لەگۆشەنیگای خۆیانەوە باوەڕیان وایە بەو شێوەیەن.

**کیرۆساوا**: (بەسەر سامییەوە پێدەکەنێ) شیمانەیە –لەوڵاتەکەی تۆ– وا دیاربێت کە ڕۆڵی هەندێ لەکاراکتەرەکانی ناو فیلمەکانم زیادەڕەوی تێدابێت، بەڵام –بڕاوام پێ بکە– لێرە ڕۆڵی کاراکتەرەکانم تەواو سروشتییە. جیاوازییەکانی کەلتوورو خوونەریت پێویستناکات بەزیادەڕەویکردن دابنرێت، پێویستە بەشێوەیەکی تەواو ڕاشکاو بڵێم من بەهۆی بینینی فیلمەکانی تۆوە، بڕێکی زۆر گەورە چێژم وەرگرتووە، بەشێوەیەکی دیاریکراو، چۆن لەگەڵ منداڵاندا کاردەکەیت؟ لەفیلمەکانی مندا، منداڵان هەست بەئارامی ناکەن، تەنیا بەوە ڕازی نابن کە بەوریایی چاودێریم بکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی جێگیرو بەردەوامیش چاودێریم دەکەن.

**کیا ڕۆستەمی**: بێگومان، ئەوە لەبەرئەوەیە کە تۆ کیرۆساوا–ی ئەو منداڵانەی کە کارت لەگەڵدا کردوون، منداڵان پێشتر هەرگیز –بەشێوەیەکی پراکتیکی– هیچ لەمن نابیستن، لەکاتی وێنەگرتندا، خۆم وەك کەسێك پیشاندەدەم کە توانام نییەو زاڵ نابم بەسەر هیچ شتێکدا، وەکچۆن هاوکات من خووم بەوەوە گرتووە کە گوێ لەڕاوبۆچوونی ئەو گروپە بگرم کە کارم لەگەڵدا دەکەن.. لەنواندندا.. بەدڵنیایی هەموو منداڵێك دەبێت خاوەنی فیلمێك بێت و هەندێجاریش کارەکە دەگاتە چیرۆکێکی دیکە..

*ئەمە ئەو سینەمایەیە کە پێویستە هاوکاری بکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، منداڵەکانم و نەوەکانم هەرگیز تەماشای فیلمە ئەمریکییەکان ناکەن، ئەوان جۆرە سیستمێکی پاساغکردنی تایبەت بەخۆیان پراکتیك دەکەن و ئاماژە بەفیلمە توندڕەوەکان دەکەن، هیوادارم ئەم سینەما ئینسانییە بتوانێت بەرگری لەو هەموو بەربەریزمە بکات، لەمە زیاتریش من دڵنیام کە مرۆڤەکان لەهەموو شوێنێکی سەر ڕووی زەوی، فیلمگەلێکی باش دروستدەکەن، بەڵام هونەری سینەما لەئەمریکاو ئەوروپا لەپاشەکشێدایە، لەکاتێکدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەکیشوەری ئاسیا کۆمەڵێ فیلمی چاك دەردەکەون کە دواجار خۆیان لەسەر فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا دەسەپێنن، شاشەی سینەمای جیهانی لەلایەن فیلمەکانی تاکە وڵاتێکەوە قۆرغنەکراوە، فیلمەکان ئاشنایەتییەکیان دروستکردووە لەنێوان بینەرانی جیهان و ئەو وڵاتەدا کە فیلمەکەی لێوەبەرهەمهاتووە، هەر بۆیە ئەگەر

فیلمەکە بەو جۆرە دروستکرابێت کە گونجان بێت لەگەڵ کەلتورە نیشتمانییەکەیدا، ئەوا من دڵنیام ئەو فیلمە لەدەرەوە پێشوازییەکی باشی لێدەکرێت، لەلای –من و نەوەکانم– بەهۆی فیلمەکانی تۆوە جۆرێك لەئاشنایەتی لەگەڵ ئێران و گەلەکەیدا لەدایکبووە.

**کیا رۆستەمی:** تۆ وتوتە پێویستە فیلمەکان بەدڵ دروستبکرێن و هەر بەدڵیش تەماشابکرێن.

**کیرۆساوا:** ئەوە راستە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ژاپۆنییەکان بەئەقڵیان تەماشای فیلمەکان دەکەن و هەوڵی دۆزینەوەی کەموکورییەکانیان دەدەن، رەخنەگرەکان چەندین پرسیاریان ئاراستەکردووم، کە وەڵامیان شك نابەم، چونکە لەکاتی کارکردنمدا لەهەر فیلمێکدا بیرم لەو پرسیارانە نەکردووەتەوە، ئامانجی فیلمەکان کاریگەرییە، بەڵام لەفیلمی ئەم رۆژگارەدا هیچ سۆزو عاتیفەیەك بەدیناکرێت.

**کیا رۆستەمی:** لەوانەیە بەرپرسیاریەتی چێژی خراپی باوی نێو دەماوەر، لەئەستۆی سینەماکاندا بێت.

**کیرۆساوا:** دەکرێت هەندێك ئومێد لەنێو ئەو فیلمە کۆنانەدا بێت –کە لەسەر کاسێتی ڤیدیۆ تۆمارکراون– تاکو جەماوەر بۆ ئەو شێوازە بگێڕنەوە، کە بەرەو جۆرێك لەسینەمای باڵایان دەبات، پاشان –کیرۆساوا– دەربارەی ئەو لێکچوونە دەدوێت کە لەنێو دیمەنی سەرەتای فیلمی (مادا دۆی)ی خۆی و فیلمی (ماڵی هاوڕێکەم لەکوێیە؟)ی کیارۆستەمیدا بەدیدەکرێت و دەڵێت (وادیارە زۆر شتی هاوبەشمان لەنێواندایە) دواتر کیا رۆستەمی لەوەڵامدا دەڵێت بەدڵنیایی وایە، هەروەها (کیرۆساوا) بەوپەڕی تەوازوعەوە دەڵێت (ئەو شێوازەی کە سێبەری شتەکانی پێ دروستکراوە لەفیلمی (دودسکادن)دا لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی سەبرو پشوو لەلای من، تاکاتێك کە بودجەی گونجاو دەگاتە دەستم..) هەروەها دەڵێت (هەردووکمان حەزمان لەپابەندبوونە بەدیکۆرەوە، هەتا دوای تەواوبوونی فیلمەکەش.. کارێکی خەمهەژێنە هەموو جارێك ماڵئاوایی لەپاڵەوانی فیلمێك بکەین، هەتا ئەگەر کاریشمان پێی نەمابێت). دواجار هەردوو دەرهێنەر هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەوانەی راوی کەموکوڕی و هەڵەی فیلمەکان دەکەن، خۆیان لەچێژە ئاساییەکەی فیلم بێبەش دەکەن، کە خۆی لەتەماشاکردندا دەبینێتەوە.

پاشان –کیرۆساوا– دەڵێت: مامۆستای وێنە فێری کردم کە جیهان بەچاوێکی نیمچە داخراوەوە ببینم، پێویستە لەهەمانکاتدا تەماشای هەموو شتێك بکەین و ببینین، چونکە تەنیا لەو چرکە ساتانەدا توانای تێڕامان لەحەقیقەت دەستەبەر دەکەین.. پاشان ئەم گفتوگۆیە، کیا رۆستەمی کە نیگەرانی باری تەندروستی (کیرۆ ساوا)ی دەرهێنەر، رووداوەکاتە دەرهێنەرە ژاپۆنییەکەو دەڵێت ماڵئاوا پێویستە لەیەکتری جیاببینەوە.

سەرچاوە: السینما الیابانیە، فی النقد السینمائی العربی، کتابات مختارە، إعداد وتقدیم: سمیر فرید، سلسلە الفن السابع، سوریا دمشق ٢٠٠١، ص١٠٠–١٠٥.





## دیدار لەگەڵ:

# موزیکژەن روز بێ موصلح

# موزیکی کوردی پێویستی بەگۆڕان هەیە

**دیداری: موحسین یاسین**

گەنجێکی بەتوانایە، جگە لەکارکردن بۆ هونەرمەندانی کوردستان گەلێك کاریشی بۆ فارسەکان ئەنجامداوە، هونەرمەندی موزیکژەنی لاو روز بێ موصلح لەساڵی ١٩٨٧ لەشاری سنەی رۆژ هەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، یەکێکە لەموزیکژەنە لێهاتووەکانی ئەو شارەو ماوەی (١٠) ساڵە کاری موزیك دەکات و خاوەنی دیبلۆمی هونەرییەو ئێستاش خوێندکاری بەشی مۆزیکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تارانە.

لەلای هونەرمەندان ئەرسەلان کامکارو هۆشەنگ کامکار وانەی موزیکی خوێندنەوەو فێری ژەنینی ئامێری کەمان بووە، لەم ماوەیەی پێشوویدا پێنج ئاوازی بۆ خاتوونی گۆرانیبێژ ژاڵە داناوە جگە لەوەش کاری دابەشکردنی ئەلبومەکەی گرتووەتە ئەستۆ، لەتاران کارە موزیکییەکانی بۆ ئەنجامداوە، هەروەها کاری دابەشکردنی مۆزیکی بۆ ئەلبومە نوێکەی عەتا قەرەداغی ئەنجامداوە.

لەدیمانەیەکی تایبەت بەگۆڤاری هەناردا بەمشێوەیە دواندمان:

**چۆن ئاشنایەتیت لەگەڵ ئامێری کەمان پەیداکرد؟**

پێشئەوەی کەمان لێ بدەم، سەنتورم دەژەنی، بەڵام ئەو کاتەی کەمن دەستمپێکرد تەنها ئامانجم موزیك بوو، دوای ئەوەی کە بەئامێری سەنتور دەچووم بۆ بەرنامەو کۆنسێرت، هەستمدەکرد دەبێت موزیك بۆ ژیانی خۆم هەڵبژێرم و ئەو ئامێرە بژەنم کە پێمخۆشە، هەر لەزووەوە بەدەنگی کەمان دڵخۆشبووم و پاشان لای ئەرسەلانی کامکار وانەم خوێند.

**هەروەکو دەزانین تۆ هەر لەسەرەتای تەمەنتەوە ناوبانگت پەیداکردووە، ئایا چۆن دەتوانیت پارێزگاری لەو ناوبانگەت بکەیت؟**

خۆی دیارە دەرکردنی ناوبانگ زۆر ئاسانە، بەڵام ئەوە گرنگە کە چۆن پارێزگاری لێ بکەیت، پارێزگارییەکەش بەوە دەکرێت کە بەردەوام بیت لەسەر کارەکەو لەدوای ئیشەجوانەکان، ئیشی خراپ نەکەیت و دەبێت هەمیشە ئیشی جوان و نوێت هەبێت، جگە لەوەش رۆژ پەرە بەخۆی بدات.

**تا چەند لەموزیکژەنەکانی هاوتەمەنی خۆت رازیت؟**

پێویستە ئێمە لەم تەمەنەدا درێژە بەخوێندن بدەین، چونکە هێشتا زۆرمان ماوە، بگەینە ئەو ئاستەی کە شانازی بەخۆمانەوە بکەین.

**بەڕای تۆ موزیکی کوردی پێویستی بەگۆڕانە؟**

بەباوەڕی من ئەمڕۆ موزیکی کوردی پێویستی بەگۆڕان هەیە، خەڵك ئەمڕۆ گوێ لەموزیکی پاپ و ستایلەکانی تر دەگرێت کە جیاوازیی خۆیان هەیە، بەڵام بۆ شتێك کە کوردی بێت خراپ نییە، کە هەموو موزیکەکانی تر لەناو موزیکی کوردیدا بوونی هەبێت، بەڵام ئەگەر بێت و خۆی لەبەین نەچێت.

**ئاییندەی خۆت چۆن دەبینیت؟**

بەڕاستی ناتوانم لەئاییندەی خۆم بدوێم، چونکە ئاییندە هەموو شتێکی بەستۆتەوە بەو شتانەی ئێستا دەیکەین، هەر کارێك بمەوێت بیکەم، لەئاییندەدا دێتە دی.

گۆڤاری هەنار لەم کتێبخانانە دەستدەکەوێت:

- خانەی بڵاوکردنەوەی بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی
شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

- کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

- کتێبخانەی سلێمانی، تەنیشت چاپخانەی شەعب

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:
www.dengekan.com
www.chrakan.com

**نرخی ١٠٠٠ دینارە**